# گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع

# گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع

**( خوێندنەوەی هەڵبژاردەیەك لە چیرۆکی کوردی )**

**عەتا قەرەداخی**

سلێمانی 2004

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم**

**کتێبی سەردەم ژمارە ( 249 )**

**سەرپەرشتیاری گشتیی زنجیرە**

**ئازاد بەرزنجی**

## گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع

بابەت: لێکۆڵینەوە

نوسینی: عەتا قەرەداخی

بەڕێوەبەری هونەری: شیروان تۆفیق

مۆنتاژی کۆمپیوتەر: سەیران عەبدولڕەحمان

هەڵەچنی: خودی نووسەر

تیراژ: 600 دانە

ژمارەی سپاردن: 221 ی 2003

**مافی لە چاپدانەوەی ئەم کتێبە بۆ دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم پارێزراوە**

www.sardam.net

www.sardam.info

# ناوەرۆك

پێشەکی 7
خازێ بەشێك لە تراژیدیای ژیانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان (ئیبراهیم ئەحمەد) 11
سەفەرێکی ئەفسووناوی (حسێن عارف) 24
خوێندنەوەی چیرۆکی (ملوانکەی ستیل) (محەمەد فەریق حەسەن) 50
ونبوونی دەسەڵات و هەرەسی دڵنیایی لە چیرۆکی (شار)دا (ڕەئووف بێگەرد) 72
ناکردەیی بکەر و وەسفی مێژوو لە چیرۆکی (باوکم دزرا)دا (حەکیم کاکەوەیس) 83
تێکەڵاوبوونی ناسنامەکان لە چیرۆکی (هەڵۆکانی ژێر خاکدا) (محەمەد ڕەشید فەتاح) 103
گەڕانەوە بۆ سروشت و دفن بوون لە چیرۆکی (تێك ئاڵان)دا (شێرزاد حەسەن) 112
نامۆبوونی مێژوویی لە چیرۆکی (گورگ)ی بریا کاکە سووردا 122
هاوشێوەبوونی ناسنامە جیاوازەکان لە چیرۆکی (شانۆ)ی بریا کاکە سووردا 135
دەسەڵاتی مەرگ و هەرەسی مۆتیڤی زیندەگانی لە چیرۆکی (ئاپۆر)ی بریا کاکەسوور 150
شکستی پرۆژەی کوشتنی باوك لە چیرۆکی (باوکم)دا (فاروق هۆمەر) 168
ڕۆمانی هێلانە لە نێوان نووسینەوەی واقیع و بە ئەدەب کردندا (حسێن عارف) 184
ئەژدیها: ڕوانینی ڕۆمانسیانە بۆ مێژوو (محەمەد موکری) 218
گەڕانەوە بۆ ڕەمزەکانی ڕابردوو لە (سۆناتای ڕۆح)دا (عەبدوڵڵا سەراج) 227
پرسیارەکانی ئێستا یان وێنەکانی ڕابردوو لە(پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)دا (شێرزاد حەسەن). 245

# پێشەکی

خوێنەری خۆشەویست ئەم چەند شیکردنەوەی کە لە دووتوێی ئەم بەرگەدا کۆکراونەتەوە بەشێکن لەو کارانەی کە لەم بوارەدا ئەنجامم داون، کە بەشێك لە ناوە دیارەکانی ئەو بوارەی ئەدەبی کوردی لە خۆگرتووە، دیارە ئەوانیش سەرجەم دەنگە دیارەکانی ئەو بوارە نین بەڵکو کۆمەڵی دەنگی دیار چ لە نەوەی پیشتر و چ لەو نەوەیەشی کە هێشتا بەردەوامن و جێگای دیاریان هەیە لە نەخشەی چیرۆکی کوردیدا، لەم کۆمەڵەیەدا ناویان نەهاتووە کە هیوادارم بەشی دووەمی ئەم لێکۆڵینەوانە بتوانێت ئاخاوتنی ئەو ناوانەی تر بکات و لەسەر ئاستی ئامادەبوونیان لە بەرهەمهێنانی چیرۆکی کوردیدا بدوێت.

دیارە ئەگەر سەرنجی ئەم چەند لێکۆڵینەوە و شیکردنەوانە بدەین دەبینین سێ نەوەی دیاری لەخۆگرتووە، نەوەی چیرۆکنووسانی گۆڤاری گەلاوێژ کە لەو قۆناغەشدا ئاخاوتنی یەکێك لە چیرۆکە دیارەکانی مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد کراوە، کە ئەو قۆناغە لە مێژووی چیرۆکی کوردیدا وەکو سەرەتای سەرهەڵدانی چیرۆکی هونەری کوردی سەیردەکرێت، ئەگەرچی هێشتا لەو قۆناغەدا بنەماکانی هونەری چیرۆکنووسین لە ئاستێکی سەرەتاییدا بووە بەلام بۆ ئەو قۆناغە بایەخێکی دیاری هەیە و هەر لەو سەرەتایەشەوە هەنگاوەکانی تر دەستپێدەکەن.

نەوەی دووەم لە بەرهەمەکانی حسێن عارف و ڕەئووف بێگەرد و محەمەد ڕەشید فەتاح و محەمەد فەریق حەسەن و تا دەگاتە شێرزاد حەسەندا خۆی دەبینێتەوە هەروەك لە پاڵ چیرۆکی ئەم قۆناغەدا لە بەرهەمی چوار لەو ناوانەش دواوین کە توانیویانە لە پاڵ چیرۆکنووسیندا چەند بەرهەمێکی ڕۆمان پێشکەش بکەن کە ئەوانیش جگە لە حسێن عارف و شێرزاد حەسەن بریتین لە محەمەد موکری و عەبدوڵلا سەراج. دیارە چیرۆکی کوردی لەم قۆناغەدا و لەسەر دەستی ناوە دیارەکانیدا گەیشتە ئاستێکی لەبەرچاو چ لە ڕووی هونەری نووسینەوە چ لە

ڕووی جیهانبینییەوە بە تایبەتی چیرۆکی ئەم نەوەیە ڕۆڵێکی باشی هەبووە لە زیاتر پەرەپێدانی زمان و نووسینی کوردیدا و بەشێکی هەرە زۆری چیرۆکە باشەکانی ئەم نەوەیە واتە دەقە زیندووەکانیان بە شێوەیەکی باش بوونەتە شاهید بەسەر ئەو قۆناغە مێژووییەوە کە تیایدا بەرهەم هاتوون.

نەوەی سێیەم کە دەشێ بەو نەوە بڵێین کە لە دوای شێرزاد حەسەنەوە دەردەکەون ئەویش زیاتر لە ڕووی کاتەوە نەك لە ڕووی گۆڕانکاری بنەڕەتییەوە لە شێواز و جیهانبینی چیرۆکدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم نەوەیەی دوایی زیاتر کاریگەری نەوەی حسێن عارف تا شێرزاد حەسەنیان پێوە دیارە. ئەگەرچی هەوڵی دیار و ئاراستە جیاوازانەش گۆران بابەعەلی و عەتای نەهایی و بریا کاکە سووری و حەکیمی کاکە وەیس و لە بواری ڕۆمانیشدا دیارە ناوی بەختیار عەلی ئەو ناوە دیارەیە کە دنیایەکی تایبەت و تەواو جیاوازە لە شێوازی نووسینی پێش خۆی لەو چەند ڕۆمانەی کە نووسیویەتی. ئێمە لەم قۆناغەدا ئاخاوتنی چیرۆکی حەکیم کاکەوەیس و بریا کاکە سووری و فاروق هۆمەرمان کردووە و لە ئەنجامی توێژینەوەی چیرۆکەکانیاندا دەردەکەوێت کە هەوڵمان داوە تایبەتمەندی و جیاوازی شێواز و جیهانبینی چیرۆکی ئەم دەنگانە هەم لەنێو خۆیاندا و هەم لەگەڵ چیرۆکی قۆناغی پێشتردا دەربخەین.

ئەوەی دەردەکەوێت ئەوەیە کە سەرباری جیاوازی شێواز و ئاستی هونەری بەڵام لە ڕووی پرسیار و جیهانبینییەوە جۆرێك لە نزیکی یان هاوشێوەیی هەیە لە چیرۆکی کوردیدا، ئەمەش زیاتر پەیوەستی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و مێژووی کۆمەڵگای ئێمەیە، واتە بەشێکی زۆر لە چیرۆکی کوردی لە ڕوانگەی ئەو گوتارەوە کە بەرهەمی دێنێت دەردەکەوێت کە تا چ ئاستێك ئەم ڕەگەزە ئەدەبییەی ئێمە واتە دەقە زیندووەکانی پەیوەستن بە مێژوو، بە باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەخلاقی ئێمەوە شان بە شانی نەبوونی ئازادی و سەرکوتکردن لە ئاستێکی فراواندا و هەروەها لە بارێکی تریشدا ئەم ڕەگەزە ئەدەبییە هەوڵدەدات گوزارشت لە ئازار و گرفت و حەز و ویستەکانی ئینسانی کورد بکات لە بوارە

جۆراوجۆرەکانـدا.. بـەڵی هەرچـەندە چـیرۆکی کـوردی هـەوڵی داوە گوزارشـت لـە مرۆڤـی کـورد و گرفتـە هەمـەجۆرەکانی بکـات، بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا ئاسـتی فـرە دەنگی و فرە ئاراستەیی لـە بیـنین و لـە تەکنیکدا لـە ئاستێکی دەوڵەمەنددا نییـە، دیـارە ئـەوەش زۆر هۆکـاری هەیـە کـە بەشـێکی ئـەو هۆکارانـە لـە خوێندنـەوە و شیکردنەوەکانی ئێمەدا بەرچاو دەکەون.

وەك گوتم ئەمە قسەکردنە لەسەر بەشێکی زۆر کەم لە چیرۆك و بەرهەمی چەند دەنگێکـی دیـاری ئـەو بـوارە لـە ئـەدەبی کوردیـدا، دیـارە لێرەشـدا ئـەوە دووبـارە دەکەمەوە کە لە کۆی شیکردنەوەکاندا هەوڵم داوە لەنێو دەقەکانـدا کـار بکـەم و لـە ئـەنجامی شـیکردنەوەی ئـەو دەقانـەدا لـە دوای ئاسـتی هونـەری و لـە پرسـیار و جیهانبینی دەقەکان بگەڕێم و ئاراستەی ئیشکردنەکەم لەنێو سنووری دەقەکانـەوە بـە ئاراسـتەی دەرەوە بێـت و ئەوەشـی هاوشـێوە دەکرێـت لەگـەڵ دەرەوەدا لـە شیکردنەوەی دەقەکانەوە ئەنجام بهێنرێت. دیارە کارەکان بێ کـەم و کـورتی نین و هەوڵێکی تری متوازیعانەن لە زنجیرەی ئەو هەوڵانەی لە بـواری ڕەخنـەی کوردیـدا لـە مـاوەی پـانزە سـاڵی ڕابردوودا پێیانـەوە خـەریك بـووم. دیـارە ئـەو پرسـیارەش بەردەوام لای من دووبارە دەبێتەوە کە ئایا بۆچی لە بواری ڕۆشـنبیری کوردیـدا بـە دەگمەن کەسێك دەبینین کە خۆی بەکاری ڕەخنەی ئەدەبییەوە خـەریك بکـات؟ ئایـا ئەوانـەی کـە لـە حەفتاکانـەوە هەریەکـە هەنـدێ کاریـان لـەو بـوارەدا کـردووە بۆچـی نەیانتوانیووە بەردەوام بن؟ بەهەرحاڵ هیوادارم ئەم بوارەی ڕۆشنبیری لە نێوەندی ڕۆشـنبیری ئێمـەدا جێگـای خـۆی بگرێـت، کـە پـێم وایـە ئەوسـا چـیرۆك و ڕۆمـان و شیعر، لەو نووسینانە جیادەکرانەوە کە بەو ناوانەوە دەنووسرێت.

# بەشی یەکەم

## خازێ

## بەشێك لە تراژیدیای ژیانی کۆمەڵگا دواکەوتووەکان

ئەو شێوازەی چیرۆکی کوردی پێنووسراوە هەتاکو سەردەمی مامۆستایان ئیبراهیم ئەحمەد و شاکیر فەتاح و عەلادین سەجادی تەنیا شێوازی گێڕانەوەی سادە بووە و ڕەگەزەکانی تەکنیکی چیرۆکی زۆر بە لاوازی تێدا بەرجەستە کراوە. ئەگەرچی ئەو ڕووبەرەی کە چیرۆکی کوردی لەو قۆناغەدا داگیری کردووە ڕووبەرێکی زۆر تەسك بووە. دیارە مەبەست لەم قسەیەش کەمکردنەوەی بەهای ئەو هەوڵ کۆششانە نییە کە لە قۆناغی سەرەتای دەرکەوتنی چیرۆکی کوردیدا دراوە، چونکە گومانی تێدا نییە کە ئەزموونی چیرۆکنووسینی نەتەوەکانی تریش لە سەرەتاوە سادە و ساکارانە بووە و لە سەرەتایەکی لاوازەوە دەستیان پێکردووە و پاشان لەگەڵ ڕەوتی بەرەوپێشەوەچوون و پەرەسەندنی باری کۆمەڵایەتی و کەلتورییاندا چیرۆکیش وەکو ڕەگەزێکی ئەدەبی کە بەرهەمی کۆمەڵگای پێشکەوتووە پەرەی سەندووە.

بەشی زۆری چیرۆکە دیارەکانی مامۆستا برایم ئەحمەد لە نیوەی یەکەمی ساڵانی چلەکاندا نووسراون، دیارە مێژووی لەدایکبوونی هەر دەقێك لە شیکردنەوەی ئەو دەقەدا و لە قسەکردن لەسەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی بینای ئەو دەقەدا بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. هەر لەم ڕوانگەیەوە ئەگەر سەرنج بدەین ئەوا دەبینین کە مێژووی نووسینی ئەم چەند چیرۆکەی برایم ئەحمەد لەگەڵ چیرۆکی لە خەومای جەمیل سائیب و مەسەلەی ویژدانی ئەحمەد موختار جافدا لە نێوان پانزە بۆ بیست ساڵ جیاوازییان هەیە، کەچی ئەگەر سەیری بنەما و تەکنیکەکانی چیرۆك و زمانی چیرۆك بکەین ئەوا هەست دەکەین سنوورێکی ئاشکرا هەیە لە نێوانیاندا و بەرهەمی دوو قۆناغی تا ڕادەیەك جیاوازی ژیانی

کۆمەڵایەتی و کەلتوری کوردن، کە لە ڕاستیدا وا نییە و قۆناغی بەرهەمهێنانی دوو دەقی یەکەم و بەرهەمەکانی برایم ئەحمەدیش لە ڕووی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کەلتورییەوە کۆمەڵگای کوردی گۆڕانێکی ئەوتۆی بەخۆیەوە نەدیوە.

وەك لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد لە بەرهەمەکانی برایم ئەحمەددا قۆناغێکی نوێ لە چیرۆکی کوردیدا دەستپێدەکات و ئەو شێوازە سادەیەی گێڕانەوە کە پێشتر بەکاردەهات ئەم گۆڕانکاری بەسەردا کرد و لە ڕووی تەکنیکی نووسینەوە قۆناغێکی نوێی دەستپێکرد، چ لە بەکارهێنانی شێوازەکانی گێڕانەوەدا، چ لە بەکارهێنانی دایەلۆگ و مۆنۆلۆك و جۆرێك لە گەڕانەوە بۆ سنوورەکانی یادەوەری و بەرەلاکردنی خەیاڵ و چ لە بەرجەستەکردنی حاڵەتی تێڕامان و جۆرێك لە گەڕانەوە بۆ دنیای ناوەوە کە ئەوەش بنەمایەی سادەی بۆ شەپۆلی هۆش داناوە ئەگەرچی لای ئەم چیرۆکنووسە بە ئاشکرا ئەم تەکنیکە بەکارنەهاتووە. بەڵکو لە قۆناغی دواتر و لەسەر دەستی ئەوەی دوای ئەودا تەکنیکە نوێیەکانی چیرۆکنووسین بە ئاشکراو تا ئەندازەیەکی باشیش بە هوشیارییەوە بەکارهێنراوە.

ئەوەی لە هەموو بنەماکانی تری نووسین بە زمانی کوردی زیاتر پەرەی سەندووە، لای برایم ئەحمەد خودی زمانی نووسینە چ زمانی چیرۆکەکانی و چ زمانی وتارەکانی گۆڤاری گەلاوێژی سەلمێنەری کوردی زانین و شارەزایی تەواوی ئەم چیرۆکنووسەن لە زمانی ڕەسەنی باوباپیرانیدا چ لە ڕووی زاراوەوە و چ لە ڕووی ڕێزمانەوە و چ لە ڕووی بیرکردنەوەیدا بە کوردی لە کاتی نووسیندا کە ئەوەش وایکردووە بنیادی ڕستە لای ئەم نووسەرە بنیادێکی کوردیانە بێت. زمانی چیرۆکەکانی ئەم چیرۆکنووسە نەك هەر هێجگار جیاوازن لە زمانی چیرۆکی پێش خۆی بەڵکو لە هاوچەرخەکانی خۆیشی جیاوازە کە هاوچەرخە هەرە دیارەکانی ئەو بریتی بوون لە مامۆستایان شاکیر فەتاح و عەلادین سەجادی کە

ئەوانیش هەریەکە جێگا و پایەی دیاری خۆیان هەیە لە ڕۆشنبیری ئەو یۆناغەی مێژووی ئێمەدا.

یەکێکی دی لە خاسێتە دیارەکانی چیرۆکە دیارەکانی مامۆستا برایم ئەحمەد مامەڵەی ڕاستەوخۆیە لەگەڵ گرێچنی چیرۆکدا و بە شێوەیەکی سەرکەتووانە گرێچنی ئەرستۆیی لە چیرۆکەکانیدا کردۆتە هێڵی سەرەکی جوڵە و کردار، بە شێوەیەکی ڕێکخراو سەرەتا و بەزربوونەوەی ئاستی جوڵە و گەیشتن بە لوتکە و دابەزین و کۆتایی لە شوێنی خۆیاندا دەدۆزرێنەوە و ئاست و ئاراستەی جوڵە و ڕوودا و لەسەر بنەمای مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو گرێچنەدا بنیاد نراون.

هەروەها لە ڕووی بنیادنانی کەسێتی کارەکتەرەکانیاوە زۆر بە شارەزایانە کاری کردووە و بە ئاشکرا کەسێتی پاڵەوانی لە کەسێتی دووەمی جیاکردۆتەوە و کەسێتی دووەمیش لە کەسێتە لاوەکییەکان جیاوازن. دیسان زۆر بە وریایی حسابی ئاستی چینایەتی و ڕۆشنبیری و شوێنی ژیانی کەسێتەکانی کردووە، بنەما و پایەی کۆمەڵایەتیانی بە وردی ڕەچاو کردووە و لە ڕووی شێوازی قسەکردن و باری دەروونی و فیکری و ڕۆشنبیرییەوە بە جۆرێك مامەڵەی کردووە کە هەر کەسێتێك بە پێی شوێن و چین و پایەی کۆمەڵایەتی خۆی دەدوێ و ڕەفتار دەکات.

خاڵێکی تری گرنگ لە ئەزموونی چیرۆکنووسینی ئەم نووسەرەدا کە شایانی ئەوە بێت ئاماژەی بۆ بکرێت شارەزایی بوونی تەواوێتی لە بارەی ژیان و کێشەکانی خەڵکەوە. دیارە وەکو پارێزەر و دادوەریش کاری ڕۆژانەی خۆی زیاتر ڕێگای بۆ ئاگاداربوونی لە کێشە جۆراوجۆرە کۆمەڵایەتیەکان خۆش کردووە. هەروەك لەوەش بە ئاگابووە کە چۆن لەو قۆناغەدا زۆرینەی خەڵك بە کوێرەوەری و دەردەسەری دەژین و چینی مشەخۆری دەرەبەگ و خاوەن موڵکیش چۆن دەستیان ناوەتە بینی جەماوەر و چۆنیش لەگەڵ ڕژێمی فەرمانڕەوادا دەستیان تێکەڵاو کردووە و چۆنیش ئەو ڕژێمە بەردەوام پاڵپشتی خاوەن موڵك و ئاغا و بەگ و شێخ بووە و دژی جوتیاری هەژاری بێ موڵك و سامان ڕاوەستاوە. کاتێ

ئـەم دیمەنانـە لـە چـیرۆکەکانی بـرایم ئەحمـەددا دەبیـنین وا هەسـت دەکـەین ئـەو لێکدانەوەیـەی لـە ڕوانگـەی چـەمکی مارکسـیزمەوە بـۆ ململانـێ کۆمەڵایەتییـەکان دەکرێت لەم چیرۆکانەدا لە شێوازێکی بەرجەستەکراوی هونەریدا دەیانبینین.

دیارە کاروباری هاوڵاتیان لەناو دادگا و لـە هۆڵـەکانی دادگادا و ناڕەزایی زۆر لێکـراوان و مـاف خـوراوان جێگایـەکی فراوانـی لـە نەسـتی بـرایم ئەحمـەددا داگیردرووە بـە جۆرێـك نووسین بووەتـە پانتاییـەك بـۆ ئـەوەی ئـەو ڕاسـتیانەی بـە شێوەیەکی هونەری تێدا بەرجەستە بکاتەوە. ئیلهامی چیرۆکەکانی برایم ئەحمەد لـەم واقیعـە تاڵـەوە وەرگـیراون. هـەر بۆیـە بـە ئاشـکرا دەتـوانین بڵـێین سـەرجەم چیرۆکەکانی و ڕۆمانەکانیشی ڕەخنەیەکی ئاشکران لەو واقیعە تاڵە، کە ئەویش لـە نێـوان دوو ئاراسـتەدا دابـەش دەبێـت یـان تـەنیا ڕووداوەکـان بـە عـەقڵێکی ڕەخنەگرانەوە دەخاتە ڕوو، بە بێ چارەسەرکردن و بە کراوەیی بەجێیان دەهێڵێت وەکو لە چیرۆکی (خـازێ)دا، یـان جۆرێك چارەسـەریان بـۆ دەدۆزێتـەوە وەکو لـە چـیرۆکی (کـەرەلۆتی مەنۆچـەر)دا. دیـارە شـێواز و ڕێبـازی چیرۆکنووسـینی ئـەم چیرۆکنووسـە لـە ڕوانگـەی شـێوازی تەقلیدیانـەی دابەشـکردنی قوتابخانـە ئەدەبیەکانەوە بە قۆناغی واقیعی و واقیعی ڕەخنەگرانە ناودەبرێت، ئەگەرچی ئـەم دابەشـکردن و پـۆلێن کردنـە هـیچ گرنگییـەکی ئـەوتۆی نییـەو لـە ڕەخنـەی نـوێی ئەدەبیشدا داهێنـان بە پێـی جیهانبینی دەپێورێت، بە پێـی ئـەو پرسیارانەی کـە هەر دەقێك بەرزی دەکاتەوە ئاستی زیندوێتی ئەو دەقە دیاری دەکرێت، نـەك بـە پێی ئەوەی سەر بە چ قوتابخانە و ڕێبازێکە.

دوای ئـەم پێشـەکییە کورتـە لـە بـارەی ئـەزموونی ئـەم پیرۆکنووسـەوە هـەوڵ دەدەیـن خوێندنەوەیـەکی چـیرۆکی (خـازێ) بکـەین کـە یەکێکـە لـە چـیرۆکە زینـدووەکانی بـرایم ئەحمـەد کـە لـە سـاڵی 1943 لـە شارۆچـکەی هەڵەبجـە نووسیویەتی، سەرەتا پێم باشە بە چەند ڕستەیەك کورتەی بەسەرهاتی چیرۆکەکە بگێڕمەوە.

"خازێ کچێکی گەنجی چواردە ساڵانە، باوکی دەیدات بە پیرەمێردێکی بە ساڵاچوو، بە بڕی "30" لیرە شیربایی، کچە لای ئەو پیرەمێردە ژیانێکی هێجگار سەخت و دژواری دەبێت، بیر لە تروسکەیەك دەکاتەوە کە ڕووی تێبکات و لەو دۆزەخە ڕزگاری بێت. دیارە ناوێرێت بگەڕێتەوە ماڵی باوانی بۆیە ڕێگایەکی تر لەبەر دەگرێت و بڕیار دەدات هەڵبێت بۆ ماڵی بایز ئاغا، ئاغا ژن دەیکات بە کەنیزەکی خۆی، پاشان کەسێك بە ناوی (ن) بەی کاربەدەست لە ماڵی ئاغا چاوی بە خازێ دەکەوێت و حەزی لێدەکات، ئەگەر چی ئەو کاربەدەستەش پیاوێکی بەتەمەن دەبێت، بەڵام ئاغاژن بە زۆرەملێ خازێی خاوەن مێرد جارێکی تر دەدات بە زرتە بۆزێکی تر، پاش ماوەیەك (ن) بەگ بۆ کارێك دەڕوات و خازێ بەجێدێڵێت، کە براکانی خازێ بەوە دەزانن دێن و خازێ دەبەن بیکوژن، بەڵام نامرێ و زیندوو دەبێتەوە، پاشان دەگاتە شار و دەستدەکات بە سواڵکردن و لە ئافرەتێکی شۆخ و شەنگەوە دەگۆڕێت بۆ خێوێك، بەردەوام لەو کەلاوەی نزیك ماڵی گێڕەرەوەی چیرۆکەکەدا هەندێ بەتانیە شڕ و کۆن لە خۆیەوە دەئاڵێنێت. ئێستا کەلاوەکە دەڕوخێنرێت و ئیتر ئەمیش لانەوێران دەبێت و دەکەوێتە دەرەوە..)

چیرۆکنووس لە دەسپێکی چیرۆکەکەدا بەشێك لە شوێنی ڕووداوەکانی نێو چیرۆکەکە وەسف دەکات کە ئەویش ئەو کەلاوەیەیە کە دواجار پاڵەوانی چیرۆکەکە واتە خازێی تێدا سەقامگیر دەبێت و هەر لە کاتی بوونی ئەویشدا لەو شوێنەدا لە ڕێگای گەڕانەوەوە بۆ ڕابردووی خازێ زنجیرەی ڕووداوەکانی ناو چیرۆکەکە دەگێڕدرێتەوە. هەر لەم شوێنەدا چیرۆکنووس کە خۆیشی دەوری گێڕەرەوە دەبینێت کات دیاری دەکات کە ڕابردوویەکی نزیکە و گێڕەرەوە دەڵێت: بەیانیەك لە ماڵ هاتمە دەرێ، دیم کرێکار لەسەر کەلاوەکەیە خەریکن تێکی ئەدەن.. یەکدوو ڕۆژ دوای ئەوە دیم هەروا لە جێی ژوورە تەخت کراوەکەدا..) کەواتە ئێستا بە ئاشکرا چیرۆنووس خۆی لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا شوێن و کات کە دوو ڕەگەزی سەرەکین بۆ نیادنانی چیرۆك و چۆنێتی جوڵەی پاڵەوان و

کەسـێتەکانی تـر تیایـدا دیـاری دەکـات. لەبەرئـەوەی مامۆسـتا بـرایم وەك چیرۆکنووسێکی وریا شاهیدی ئەو قۆناغە مێژووییەیە کە خۆی تیایدا ژیاوە و هـەموو کـەموکورتی و ناهەمواریـیـەکانی ژیـانی خـەڵکی و ئـێش و ژانـەکانیانی بینیوە، وێنەی هەمان ئەو واقیعە و لـە هـەمان مێژوودا دەکێشێت، هـەر بۆیـە کات لە ساتەوەختی بەرهەمهێنانی دەقەکەوە نزیکە، شوێنیش هەمان ئەو شوێنەیە کە چیرۆکنووس خۆی تێیدا ژیاوە و ئێستا دەیەوێت وێنـەی بەشێکی تایبەتی لەو ڕووداوانەی لەو شوێن و کاتەدا ڕوویانداوە لە ئاستێکی هونەریدا و لە دەقێکی هونەریـدا بکێشـێت واتـە دەقێکـی زینـدووی ئـەدەبی بەرهـەم بهێنیـت، بێگومـان ئـەدەبی زینـدووش ئەوەیـە کـە بـە ئـامرازێکی هونـەری دەربڕینـەوە بتوانێت هـەم شـاهید بێـت بەسـەر ئـەو قۆناغـە مێژوویـیـەی کـە تیایـدا لـە دایـك بـووە، هـەم پرسیارەکانی ئەو قۆناغە بەرز بکاتەوە.

چیرۆکنووس جگـە لـەوەی کـە شـوێن و کـاتی ڕوودا و لـە چیرۆکەکەدا دیـاری دەکـات و خـۆی دەوری گێـڕەرەوە دەبینێـت، دیسـان هـەر لـە ڕێگـای گێڕانـەوەوە زەمینـە بـۆ ئاخـاوتن لەسـەر گەڕانـەوە بـۆ ڕابـردووی پاڵـەوانی چیرۆکەکەی ئامادە دەکات، ئەویش لە ئاخاوتن لەسەر ئەو لێفە شـڕ و سـەتڵە شـکاو و گۆزەڵـە لێوکـەل و جامە قوپاوەوە کە لە تەنیشت لێفە شڕە گرمۆڵە کراوەکەدا بوون لەگـەڵ تێبینـی کردنـی دوو سـێ زەلام لـە دەوری ئـەو دیمەنەیـە. بێگومـان کـە سـەیری وەسـفی شـتەکان دەکـەین دەبیـنین گێـڕەرەوەی چیرۆکەکە کـە چیرۆکنووس خۆیـەتی بـە جۆرێـك وەسـفیان دەکـات، کـە ڕاسـتەوخۆ وێنـەی دنیایـەکی ناشـیرین و پـڕ لـە ناتەواویمان بۆ دەگرێت و لـەوێوە سـەرنجمان بـۆ واقیعێك ڕادەکێشێت کە هـەموو شتەکان تێیدا کەموکورت و ناتـەواون یان ناتـەواوکراون. (سـەتڵی شـکاو، گـۆزەی لێوکـەل و جـامی قوپـاو، بـەتانی شـڕ و کـۆن..). ڕاسـتەوخۆ پێشکەشـکردنی ئـەم ئامرازە سادانە بەم کەموکورتیانەوە ڕەخنەگرتنە لەو واقیعەی کە چیرۆکی خازێی تێدا ڕوودەدات یان دەقەکەی تێدا بەرهەم دێت کە چەند واقیعێکی تفت و تاڵـە بـۆ خـازێ و هـەموو ئـەو بەشـەی کۆمـەڵ کـە لـە ڕووی چینایەتییەوە لەگـەڵ خازێـدا

یەکدەگرنەوە، یان نیوەی کۆمەڵ واتە ئافرەت کە خازێ نموونەی ئەو نیوەیەیە کە چۆن نەبوونی عەدالەت و ماف ئەو نیوەیە لە کۆمەڵگایەکی ماف خوراودا زیاتر لە هەموو بنەما مرۆییە سەرەتاییەکانیش ڕووت دەکاتەوە.

ئاشکرابوونی سیمای ناشیرین کراو و جەستەی تێکشکاوی خازێ ڕەنگە بۆ گێڕەرەوەی چیرۆکەکە هەم مایەی پرسیار و هەم مایەی گومانیش بێت. پرسیار لە هۆیەکانی ئەو ڕووداوەی کە ئافرەتێکیان گەیاندووە بەو ئاستەی کە تەنانەت ڕوخساری مرۆڤانەشی تێك بچێت ئەویش لە ئەنجامی شێواندنیدا. هەروەها گومانیش بەرامبەر بە ڕووداوێکی ئاشکرا کە دەشێ لە کۆمەڵگایەکی نەك وەك کۆمەڵگەی کوردی ئەو سەردەمەدا بەڵکو لە ئێستاشیدا جێگای نابێتەوە ئەویش ئەوەیە کە ئافرەتێك بەو شێوەیەی خازێی بەسەربهێنرێت و مەسەلەی "شەرەف" کە چەمکێکە بەهای کۆمەڵایەتی گەورەی هەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بکرێتە بیانوو بۆ سزادان. دیارە هەر ئەم چەمکە واتە شەرەف ئەو قەدەغەکراوەیە کە ناشێت پێی لێبنرێت.

ڕاستەوخۆ بینینی ئافرەتێك بەو جۆرەی خازێ گومانی ئەوەمان لا دروست دەکات کە لە ئەنجامی سزای شەرەفدا بەو جۆرەی لێهاتبێت.. زۆربەی کاتیش ئێمە هەر لە یەکەم دیمەنەوە دادوەری خۆمان دەکەین بە بێ ئەوەی لە پێشینە و هۆیە پێشینەکانی ئەو بەسەرهاتە بپرسین.

لە قۆناغی دوای دەستپێکی چیرۆکەکەدا چیرۆکنووس زەمینە بۆ جۆرێك لە دایەلۆگی کورت خۆش دەکات لە نێوان خۆی و یەکێك لەو کەسانەی کە کەمێك پێش ئەو گەیشتنە لای خازێ، لێرە بەدواوە گێڕەرەوە دەبێتە گوێگر و گێڕەرەوەیەکی تر جێگای دەگرێتەوە. چیرۆکنووس لە شێوازێکی هونەریدا ئەو جێگۆڕکێیە ئەنجام دەدات کە ئەویش بە هۆی بێئاگاکردنی گێڕەرەوەوە دەبێت لە ڕابردووی خازێ. هەر بۆیە بێئاگایی وا لە گێڕەرەوە دەکات کە ببێتە گوێگر، دیارە ئەوەش دەلالەتێکی قوڵی هەیە لە بواری ڕۆشنبیری و لە کردەی نووسینیشدا واتە ئەوەی هەڵگری ڕۆوشنبیری یان زانیاری نەبێت لەهەر بوارێکدا

لەو بوارەدا نابێتە بکەر بەڵکو دەبێتە بەرکار واتە گوێگر، بە واتایەکی تر لێرەدا سەرنجمان بۆ لای زانین و مەعریفە ڕادەکێشرێت کە چۆن دەسەڵات بەرهەم دەهێنن و دەبنە بەرهەمهێنی بکەر و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی دەرەوەی خۆیان دەدەن. گێڕەرەوەی یەکەم لە چیرۆکی خازێدا نەبوونی جۆرێك لە زانیاری لەسەر ڕابردووی خازێ ئەو دەسەڵاتەی لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا هەیبوو ئێمەی کردبوو بە گوێگری خۆی ئێستا لێی دەسەنێتەوە و کەسێکی تر کە ئەو زانیارییەی هەیە دەبێتە گێڕەرەوە و نەك هەر ئێمە لە دەرەوەی دەقەکەدا بەڵکو گێڕەرەوەی یەکەمیشن کە لە سنووری دەقەکەدایە لەگەڵ ئێمەدا دەکات بە گوێگر. لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە مامۆستا برایم ئەحمەد وا پێدەچێت ئاگاداری هونەری چیرۆکنووسی ڕۆژئاوا بووبێت و کەڵکی لەو هونەرە وەرگرتبێت، بە تایبەتیش کاتێ بەشی زۆری چیرۆکەکانی و تەنانەت ڕۆمانی (ژانی گەل)یش لە کۆتاییەوە دەمانگێڕێتەوە بۆ سەرەتا و لە شێوەی فلاشباکدا زنجیرەی ڕووداوەکانمان پێشکەش دەکات چونکە ئەم سیمایەی چیرۆکنووسین سیمای ئاشکرای چیرۆکی ئینگلیزی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی بوو.

ئێستا گێڕەرەوەی دووەم کە جێگای یەکەمی گرتۆتەوە و ئەوی کردووە بە گوێگر بە درێژی چیرۆکی ژیانی (خازێ)ی پاڵەوانی چیرۆکەکەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە سەرتاپا جۆرێکە لە تراژیدیای بە زۆر بە شوودانی کچێکی چواردەساڵ بە پیرەمێردێك لە بەرامبەر سی لیرە شیربابییدا کە ئەوەش ڕێگا بۆ هەڵچوون یان بەرزبوونەوەی جوڵە و کردار لە چیرۆکەکەدا خۆش دەکات، خازێ بە ناچاری دەگاتە ماڵی بایز ئاغا و لەوێش بە زۆرەملێ و بێ ئەوەی لە مێردەکەی یەکەمی جیابووبێتەوە دیسان دەیدەنەوە بە پیرەمێردێکی تر.

بێگومان لەو قۆناغەی کە چیرۆکەکەی تێدا نووسراوە کە نزیکی شەست ساڵ پێش ئێستا دەکات دەیان ڕووداوی لەم جۆرە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا ڕووی داوە کە چۆن کچ بەبێ ڕەزامەندی خۆی و بە زۆر نەك بە هاوتەمەنی خۆیشی بەڵکو دراوە بە هاوتەمەنی باوکی. چیرۆکی (خازێ) وێنەیەکی بەرجەستەکراوی

ئەو تراژیدیا کۆمەڵایەتیەیە کە لە لایەك ناعەدالەتی کۆمەڵایەتی نیشان دەدات، لە لایەکی تـرەوە یەکـەم سـەیرکردنی ئـافرەت لـەو قۆناغـەدا نیشـان دەدات کـە بـە تەواوی مامەڵەی هـەر جۆرە کاڵا و شـتومەکێکی تـری لەگـەڵ کـراوە نـەك مامەڵـەی مرۆڤ.

چیرۆکنووس ڕەخنـە لـەو واقیعـە تاڵـە دەگرێـت کـە تـا سەرئێسـقان مافـەکانی ئـافرەتی تێدا پێشـێل کـراوە و بـەپێی هـیچ پرنسـیپێکی زەمینـی و ئاسمـانی ڕەوا نییە دەست بخرێتە بڕیاری تاکە کەسەوە بۆ دیاریکردنی چارەنووس نەخوازەڵا بە زۆر بدرێت بە پیرەمێردێ و هەم دیسان بە زۆر بە مێردەوە بدرێتـەوە بەشـوو. ئەمـە ئەو واقیعە کۆمەڵایەتیەیە کە تیایدا هەموو بەها مرۆییەکان پێشێل دەکرێن.

چیرۆکنووس بە هۆی ئاگاداری بەربڵاوییەوە لـە واقیعـی کۆمەڵایـەتی کـوردی و پـەیبردن بـە سـایکۆلۆژیای کۆمەڵایـەتی کۆمـەڵگای کـوردی ڕووداوە ترسـناك و ئاشکرا و تراژیدییەکانی واقیعی ژیانی کوردەواری دەخاتە ژێر ڕەخنەوە و لـە پاڵ ئەوەشدا ئەو هۆکارانەش دیاری دەکات کە بزوێنـەری ئـەو ڕووداوانـەن و ناتوانێـت لـە سیسـتەمی کۆمەڵایـەتی و بـەڕێوەبردنیان جیابکاتـەوە کـە چـۆن چـینەکانی خوارەوە ناچاری ئەوە دەکەن تەنانەت کچەکانیشیان بفرۆشن بەبێ ئەوەی گوێ بە ئـازار و ئارەزوویـان بـدەن چـونکە ئاشـکرایە هەرچـۆن پێویسـتی دەبێتـە هـۆی داهێنـان. بـە ئاراسـتەیەکی پێچـەوانە پێویسـتی دەبێتـە هـۆی وێرانکـاری و سڕینەوەی بـەها مرۆییـەکانیش ئـەوەتا بـوونی مرۆڤێکـی شـۆخ و شـەنگ بـۆ بڕێ پارە تێکوپێك دەدرێت، خازێ باشترین نموونەیە.

هەر لەم چیرۆکەدا چیرۆکنووس ڕەخنەیەکی توند لە چینی سەرەوەی کۆمـەڵ و لـە دەسـەڵات دەگرێـت و وایـان نیشـان دەدات کـە هـەموو بـەها مرۆییـەکانیان ون کردووە، چ ئەو چینە کۆمەڵایەتییـەی کە بایز ئاغای بۆ دەگەڕێتەوە چ ئەو چینە ئاسـت کۆمەڵایەتییـە مامناوەنـدەی کـە (ن) بـەگ ئەندامـە لێـی، یەکـەمیان واتـە چینەکەی بایز ئاغا وەکو پێکهاتەیەك پێشکەش دەکات کە هیچ پێوانەیەکیان نییـە بۆ پاراستنی شەرەفی کۆمەڵایـەتی تەنانـەت ئەوانەشـی کـە بـە ناچاری پـەنایان بـۆ

دەبەن ناپارێزرێن، ئەوەتا بێ لەبەرچاوگرتنی هیچ نەریتێکی کۆمەڵایەتی و ئاینی و ئەخلاقی ژنێکی خاوەن مێرد بە زۆر دەدەن بە شوو کە ئەوەش لە نەریتی کۆمەڵایەتی کوردیدا کارێکی نادروست و بە نەفرەت کراوە. دووەمیان واتە (ن) بەگ کە کاربەدەستێکە ڕاسەوخۆ بێ ئەوەی لە ڕابردوو لە ژیان و لە ناسنامەی (خازێ) بپرسێت و بزانێت کێیە و لە کوێوە هاتووە و ئایا مێردی هەیە یان نا، داوا لە ئاغاژن دەکات بۆی بهێنێت، ئەمەش لە لایەك تێڕوانینی ئەو چینە نیشان دەدات کە چۆن هەمان شێوەی کاڵا لە ئافرەت دەڕوانێ و تەنیا بە ئامرازی ڕابواردنی دەزانێت و بەس، لە هەمان کاتدا ئاستی تێڕوانینی ئەو چینە کۆمەڵایەتیە نیشان دەدات کە لەو کاتەدا توانای نییە بە دوای ڕەگ و ڕیشەی هیچ شتێکدا بڕوات تەنیا ڕووکەشی شتەکان دەبینێت و ڕووکەشی لا مەبەستە، لەوەشدا گەوهەر و تەنانەت بنەما ئەخلاقییەکانیش بە هێند ناگرێت. چیرۆکی (خازێ) لەم ڕوانگەیەوە ڕەخنە لە چینی ناوەند دەگرێت کە چۆن لەگەڵ چینی سەرەوە و لەگەڵ دەسەڵاتدا هاوکار و هاوپەیمان دەبێت کەچی هاوشێوەی چینی سەرەوە ڕەفتار دەکات ئەمەش خاسێتێکی دیاری چینی ناوەندە بە تایبەتی لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکاندا کە وەکو پاشکۆی چینی سەرەوە دەردەکەوێت چونکە خاوەنی ماهیەتی سروشتی چینایەتی خۆی نییە و لەبەر ئەو هۆیەش ڕەفتارکردن و هەڵوێست وەرگرتنیشی بنەمایەکی جێگری نییە.

لوتکەی ڕووداو لە چیرۆکی (خازێ)دا ئەو کاتەیە کە دوو براکەی خازێ هەوڵی کوشتنی خوشکەکەیان دەدەن لە پای ئەو تاوانەی کە بە پێی دابونەریتی کۆمەڵایەتی ئەنجامی داوە، ئەویش بەجێهێشتنی مێردەکەیەتی بێ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵی باوکی، بەڵکو لە بری ئەوەی کە بگەڕێتەوە بۆ ماڵی باوکی دەچێت بۆ ماڵی بایز ئاغا و لەوێش دەدرێت بە (ن) بەگ بێ ئەوەی لە مێردی یەکەمی جیابووبێتەوە، بێگومان جگە لەوەی کە کەسوکاری خازێ ئەو ڕەفتارەی خازێ بە شەرەف تکاندن دادەنێن و دەیانەوێت خازێ بکوژن بۆئەوەی شەرەفی تکاوی خێزانەکەیان بگێڕنەوە، هەروەها دەیانەوێت ئەو کارەی کە بنەما

ئاینیەکانی کۆمەڵگای کوردی ڕەتی دەکاتەوە ئەمانیش بە جدی نەفرەتی لیٚ بکەن و خۆیانی لیٚ بێبەری بکەن و کوشتنی خوشکەکەشیان لەو ڕوانگەیەوە وەکو جۆرێك لە جیهاد سەیر بکەن و بە جۆرێك لە هەوڵدان بۆ بەربەستکردنی خراپەکاری و لە ئایین دەرچوونی دابنێن و بەو کارەش گەردن ئازادی خۆیان مسۆگەر بکەن و خۆیان لەو گوناهە بێبەری بکەن. بەهەرحاڵ ئەوەی کە کۆمەڵ دەیبنێت ئەو کارەیە کە خازیٚ دەیکات و پێشی کارێکی نابەجێیە، ئیتر لەوە ناپرسێت کە ئەم کچەیە بە شێوەیەکی نابەجیٚ و ناڕەوا دراوەتە پیرەمێردێك، بەڵکو ئەوەی گرنگە کۆمەڵ بەو چاوە سەیری خازیٚ دەکات کە پێی لە دابونەریتی کۆمەڵایەتی ناوە و دیارە لە پای ئەوەش دەبیٚ سزای خۆی وەربگرێت. بێگومان جووت برای خازیٚ بە پێی واقیعی کۆمەڵایەتی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی جێبەجیٚ دەکەن و لەو ڕوانگەیەشەوە وەك تاوانبار سەیر ناکرێن، لێرەشەوە ڕۆڵی دەسەڵاتی نەریت و ترادسیۆنی کۆمەڵایەتی ئاشکرا دەبێت کە چۆن هەمیشە ڕەوایەتی بە خۆی دەدات بۆ کارکردن بە پێی بنەماکانی ئەخلاقی کۆمەڵایەتی کە تەنانەت ئەو ماف بەخۆدانە زۆربەی کات دەکەوێتە پێش لێکدانەوە و ڕاڤەکردنەکانی شەریعەتی ئیسلامەوە بۆ دیاریکردنی جۆری سزا بۆ ئەو دیاردە و ڕەفتارانەی کە بە پێی دابونەریتی کۆمەڵایەتی بە تاوان دادەنرێن.

جووت برا هەوڵی کوشتنی خازیٚ دەدەن و پێیان وایە کوشتوویانە بەڵام خازیٚ بە زیندوویی دەمێنێتەوە. دیارە بۆ خازیٚ مردن ڕزگاربوونە، بەڵام دوای هەوڵدان بۆ کوشتنیشی خەڵاتی مەرگی پیٚ نابڕێت بەڵکو لە نێوان مەرگ و ژیاندا دەمێنێتەوە بۆ ئازارچەشتنی زیاتر. ئەگەر ئازاری پێشتری خازیٚ ئازاری ڕۆحی بووبێت ئەوا دوای بریندارکردنی ئازاری سەختی جەستەیشی دێتە سەر و ئەنجام بەو زەلیلییەوە دەمێنێتەوە و لە شوێن کەلاوەکەدا فڕیٚ دەدرێت. دیارە شوێنەکەش وێرانەیەکە هیچ بنەمایەکی ژینای تێدا نییە، نەخوازەڵا بۆ ئافرەتێکی بریندارکراوی تێکشکاو لە ڕووی ڕۆحی و جەستەدییەوە هەڵبەت ئێستا هاوشێوەیەك لە نێوان شوێن و کەسێتی خازێدا هەیە ئەویش ئەوەیە کە

هەردووكیان وەكو یەك ویرانەن، بێگوکان ئەوەش بەشێكە لەو بنەمایەی كە چیرۆكنووس وەكو زەمینەیەك یان فەزایەك ئامادەی كردووە تا جۆرێك لە گونجان یان ڕێكەوتن لە سنووری جوڵە و ڕەگەز و ڕووداو و شوێنی چیرۆكەكەیدا بەرهەم بهێنێت.

ئێستا ئافرەتێك بە نیوەمردوویی لە كەلاوەیەكدا فڕێدراوە، بەڵام ئەو پرسیارە دروست نابێت كە بپرسێت ئایا بۆچی ئەم ئافرەتە ئەوەهای لێكراوە ئایا شایانی ئەوەبوو كە بەو جۆرەی بەسەر بهێنرێت و ئەو كارە ناڕەوایانەی بەرامبەر بكرێت. چیرۆكی (خازێ) ڕەخنە لەو واقیعە كۆمەڵایەتییە دەكرێت كە هیچ عەدالەتێكی بەرامبەر بەوی ئافرەت تێدا نییە و نەك تەنانەت وەكو كەسی دووەمیش سەیری ناكات بەڵكو بەو چاوە لێی ناڕوانێت كە بوونیشی هەبێت. هەر لەبەرئەوەیە هەرچی ناوی مافە بە گوێرەی پاڵەوانی چیرۆكەكە كە ئەوی ئافرەتە بوونی نییە و بگرە هەموو مافێكی ئەو لەو واقیعەدا پێشێل دەكرێت و تەنانەت لە پای ئەو تاوانانەی كە كۆمەڵ بەسەریدا سەپاندووە دەكوژرێت كەچی نە ویژدانی كۆمەڵایەتی و نە عەدالەتی كۆمەڵایەتیش لێی ناپرسنەوە و كۆمەڵیش وەكو شۆڕشگێڕێكی كۆمەڵایەتیش سەیر بكوژانی خازێ و هاوشێوەكانیشیان دەكات، بێ ئەوەی لە تاوانباری یەكەم بپرسێتەوە كە باوكی خازێیە، هەروەها تاوانباری دووەمیش كە سیستەمەكەی ماڵێ بایز ئاغا و (ن) بەگە، ئەوانیش بەر هیچ لێپرسینەوەیەك ناكەون. هۆكەشی ئەوەیە كە بڕیاری كۆمەڵایەتی لە كۆمەڵگایەكی وەكو ئەوساتەی كۆمەڵگای كوردیدا نەك لایەنگری تاكەكەس ناكات و پشتگیری لە ویست و ئازادییەكانیان ناكات بەڵكو بڕیاری كۆمەڵایەتی لە نەریتی كۆمەڵایەتی و لە دەسەڵاتی چینی سەرەوەوە هێزی خۆی وەردەگرێت تا خۆی بەسەر تاك و چینی خوارەوە بسەپێنێت، بۆ نموونە ئەو تاوانەی خازێی لەسەر دەكوژرێت لە ئاستی سەرەوەی كۆمەڵدا ئاسایی سەیر دەكرێت و بە گوێرەی خۆیان و پێڕەوی بەها ئەخلاقییەكانیش ناكرێت و بەڵام ئەندامانی دەسەڵات و چینی سەرەوە هیچ باجێكیان لەسەر نییە. ئەوەش ڕووی ئاشكرای جیاوازی و

نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتیە کە کەلتوری ئێمە وەکو کەلتوری کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو بەو ناعەدالەتییە بارگەکراوە.

چیرۆکی خازێ بەرجەستەی ئەو واقیعە تاڵە و نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتی دەکات، هەرچەند لە ئاستی نەگوتراودا پێشنیاری جۆرێك لە گۆڕانکاری دەکات، بەڵام ئەو هێزەی کە دەشێ گۆڕانکاری دروست بکات ئامادەبوونی نییە، هەرئەوەش وایکردووە کە کۆتایی چیرۆکەکە بە کراوەیی بەجێ بهێڵێت.

یەکێك لە سیما دیارەکانی چیرۆکی برایم ئەحمەد ئەوەیە کە پاڵەوانەکانی تا ئەندازەیەك لەسەر هێڵێکی دیاریکراو بنیاتنراون و کەسێتییەکانیان بۆ دەرخستنی تراژیدیاکانی واقیعی کۆمەڵایەتی کوردی بیناکراون کە زۆربەیان سەر بە چینی خوارەوەن کە مافیان پێشێل کراوە و بە جۆرێك مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات کە هیچ تروسکەیەکی دیار لە ژیانیاندا بۆ ئاسوودەیی نەمێنێتەوە. کەسێی خازێ و کەسێتی جوامێر لە ژانی گەلدا و کەسێتی پاڵەوانی کەرەلۆتی مەنوچەر سەرجەم بە جۆرێك بنیادنراون کە تا سەرئێسقان لە ئازار و لە کێشەدا دەسووتێن و بوون بە وێنەیەکی ڕیالیستیانەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئەندامانی چینی خوارەوەی کۆمەڵ، کە هۆی ئازار و کێشەکانیشیان نەبوونی ماف و نەبوونی عەدالەتی کۆمەڵایەتییە.

# بەشی دووەم

## گەڕانەوە لە خەیاڵەوە بۆ واقیع

## لە چیرۆکی "سەفەرێکی ئەفسووناوی" حسێن عارفدا

چیرۆکی "سەفەرێکی ئەفسووناوی" یەکێکە لە چیرۆکەکانی چیرۆکنووسی ناسراو حسێن عارف کە لە ساڵی 1980دا نووسیویەتی. دەشێ وای لێکبدەینەوە کە ئەم چیرۆکە بەرهەمی قۆناغێکی نووسینی چیرۆکنووسە کە بە قۆناغی پێگەیشتن ناوی ببەین چونکە ئەم چیرۆکە پاش نووسینی چەندین چیرۆکی دیاری حسێن عارف دێت کە تیایاندا زۆرێك لە هونەرەکانی چیرۆکی نوێی بەکارهێناوە. دیارە ئاگاداری ئەوەین کە ئەم چیرۆکنووسەمان لە کۆتایی شەستەکان و لە حەفتاکاندا بە چالاکییەکی زۆرەوە شوێنی خۆی لە جوگرافیای چیرۆکی کوردیدا دیاری کرد بە تایبەتی لە ڕووی هونەری و لایەنە وردەکانی هونەری چیرۆکنووسینەوە کە ئەویش سەرجەم گرێچن و بنیادنانی کەسێتی و شوێن و کات و جوڵە و بەرزبوونەوە و دابەزینی کردار و سروشتی ڕووداو و هونەرەکانی گێڕانەوە و مۆنۆلۆگ و دایەلۆگ و چۆنێتی بەکارهێنانی ڕاناوەکان و گەڕانەوە و زمانی کەسێتەکانیش دەگرێتەوە.

چیرۆکی سەفەرێکی ئەفسوناوی دوای ئەزموونی چەند ساڵێکی چیرۆکنووسی لەو بوارانەدا نووسراوە بۆیە جێگای خۆیەتی وەکو چیرۆکی قۆناغی بە ئەزموونی و شارەزایی ئەم چیرۆکنووسە لە بواری چیرۆکنووسیندا حسابی بکەین.

بەسەرهاتی ئەم چیرۆکە سەبارەت بە "کەسێکە کە لە یەکێك لە گەڕەکە کۆنەکانی "شار"دا ژیاوە، پاشان لەبەر هەرهۆیەك بێت "شار"ی بەجێهێشتووە و بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ نەگەڕاوەتەوە، تەنانەت مەگەر بە دەگمەن ئەگینا هەواڵی شاریشی بە تەواوەتی نەبیستووە. چەند جارێك خولیای سەردانەوە لە شار مێشکی دەگرێتەوە، بەڵام هەلی ئەو گەڕانەوەیەی بۆ فەراهەم نابێت. تا ئەنجام

هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسێت کە سەردانی شاربکاتەوە، لەگەڵ گەیشتنەوەی بەشار ڕێگای ئەو گەڕەك و کۆڵانە دەگرێتە بەر کە یەکەم شوێنی چاوتیا هەڵهێنانی بووە، واتە دەگەڕێتەوە بۆ زێدی ڕاستەقینەی خۆی، بۆ ئەو گەڕەکەی کە منداڵی لە کوچە و کۆڵانەکانیدا بەسەربردووە. لە گەڕانەوەدا بۆی دەردەکەوێت کە زۆربەی شتەکان نەگۆڕاون و لە گەوهەردا هەروەکو خۆیانن، خۆ ئەگەر گۆڕانکاری سادەش ڕوویدابێت ئەوا تەنیا ڕووەکەشی گرتۆتەوە. ڕووکەشی خانووە کۆنەکان، ڕووکەشی کۆڵان و درەخت و تەنانەت خەڵکەکەشی، بەڵام لە ناوەڕۆکدا هەموویان وەکو خۆیان ماونەتەوە.

پاڵەوانی چیرۆکەکە کە دەگاتەوە ناو کۆڵان و بە یادەوەرییەکانی ڕابردووی ئاشنا دەبێتەوە، ئەوا وێنە و دیمەنی گەڕەك و سیمای کەسەکان و دەنگ و قسە و ئاخاوتنەکانیان سەرجەم لەسەر شاشەی زەینیدا ئامادە دەبنەوە و لە ڕێگای خەیاڵ و یادوەرییەوە دەگاتەوە بەو ڕابردووە و چەند ڕووداو و جوڵە و شتی ئەو سەردەمە دەگێڕێتەوە کە هەریەکەیان بەشێك لە مێژووی پاڵەوان و ژینگە و دەوروبەرەکەی دەخەنەڕوو، لەوێشدا بە پێکەوەبەستنەوەی ئەم بەشانەی یادەوەرییەکانی پاڵەوان دەتوانین مێژووی پاڵەوان و ئەو قۆناغە مێژووییەی کە چیرۆکەکە لێی دەدوێت تێبگەین و تەنانەت چۆنێتی ژیان و ئاستی پەرەسەند و گەشەی کۆمەڵایەتی و چۆنێتی ژیان لە "شار"دا دەستنیشان بکەین و هەر لەوێشەوە ناسنامەی شار بخەینە ژێر پرسیارەوە، بەوەی کە بپرسین ئایا ئەوەی پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆی دەگەڕێتەوە شارە؟ ئایا خاسێتی شاری هەیە؟

ئایا ئەو پێکهاتە کۆمەڵایەتییەی ئەو گەڕەکەی کە پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆی دەگەڕێتەوە پێکهاتەیەکی شارییە یان ڕاستەوخۆ پێکهاتە و بنیادی لادێیە و وەکو خۆی بەبێ گۆڕانکاری گواستراوەتەوە بۆ زەمینەیەکی تر کە پێی دەڵێن شار؟ دیسان سروشتی "شار" لەم چیرکۆەدا بە ئاراستەی ئاخاوتن لەسەر کۆمەڵگای کوردی و کۆمەڵگا هاوشێوەکانی کوردیش ڕامان دەکێشێت کە چۆن شاریان تیا دروست بووە و چۆنیش شار لەگەڵ دروستبوونیدا سیفات و خاسێت و

بنەماكانی ژیانی شاری نەهێناوە. ئەمەش لە خۆیدا دەبێـە بەڵگە بۆ ئاخاوتن كردنی باری ناسروشتی لە پەرەسەندنی كۆمەڵگای كوردیدا كە چۆن نەیتوانیوە بە پێی قۆناغی ژیانی كۆمەڵایەتی خۆی خاسیێتەكانی ئەو قۆناغەش بەرهەم بهێنێت.

ناونیشانی چیرۆكەكە "سەفەرێكی ئەفسووناوی"یە. ئێمە لە سەرەتاوە هەوڵدەدەین پەیوەندی نێوان ئەم ناونیشانە و دەقەكە بدۆزینەوە. دیارە ئەوە ئاشكرایە لە دەقی زیندوودا ناونیشان دەوری كلیل دەبینێت بۆ كردنەوەی دەقەكە و شۆڕبوونەوە بۆ ئاستە نادیارەكانی. تەنانەت بۆچوونی لەو جۆرەش هەیە كە پێی وایە ناونیشان مانا و پرسیار و جیهانبینی دەقەكە لە خۆیدا چڕ و كۆدەكاتەوە. بەشی یەكەم لە ناونیشانەكە وشەی (سەفەر)ە ئەگەر ئەم وشەیە وەكو دالێك سەیر بكەین، ئەوا دەشێ لە پشتی ئەم دالەوە، مەدلولێك هەبێت، یان ئەم دالە هەڵگری مەلولێك هەبێت. سەفەر لە ئاستە ئاشكراكەیدا ڕۆیشتنە بۆ جێگایەك. پەیوەست بەم چیرۆكەش (سەفەر) هەمان مانای هەیە، بەڵام لەگەڵ خۆیدا چەند پرسیارێك دێنێتە ئاراوە كە بریتین لە: پاڵەوان بۆ كوێ سەفەر دەكات؟ بۆچی سەفەر دەكات؟ ئایا سەفەرێكی لەخۆوەییە یان بەرنامە بۆ داڕێژراوە؟ ئایا سەفەرە بۆ بەسەربردنی كات یان سەفەرێكی پێویستە و واقیعێك دەیسەپێنێت؟ ئایا سەفەرە بە دوای دۆزینەوە و ئاشكراكرندا یان سەفەرە بە مەبەستی خۆحەشاردان و خۆشاردنەوە و تەنانەت خۆ دفن كردن؟ ئایا سەفەری ژیانە یان سەفەری مردن؟ لە سەرووی هەموو ئەم پرسیارانەوە پرسیارێكی تر سەرهەڵدەدات ئەویش ئەوەیە ئایا ئەم سەفەرە سەفەرێكی واقیعییە و لە ڕاستیدا ڕوودەدات یان سەفەرێكی خەیاڵییە و پاڵەوان لە ڕووی یادەوەرییەوە، یادەوەرییەكانی ڕابردووی زیندوو دەكاتەوە و لە ساتەوەختی ئێستادا دەیانهێنێتەوە بەر زەینی خۆی و گەشتی چڕوپڕ و هەمەلایەنەی دەكات بەناویاندا؟

کەواتــە لێــرەدا لــە بــەردەم دواپرســیاردا ڕادەوەســتین، چــونکە وشــەی ئەفســووناوی کــە لــە ڕووی زمانــەوە ئاوەڵنــاوە وەســفی ســەفەرەکە دەکــات کــە سەفەرێکی ئەفسووناوییە، ئەوەش پێمان دەڵێت کە پێویست ناکات لە واقیعدا بۆ بـوون یـان ئەنجامـدانی ئـەو سـەفەرە بگـەڕێین، بـەڵکو ئـەو سـەفەرە لـە سـنووری خەیاڵدا ڕوویداوە و وشەی ئەفسوون دەشێ ئەو مانایەمان پێببەخشێت، هـەروەك دەشێت پێچەوانەی ئەم بۆچوونەش ڕاست بێت و سەفەرەکە لە واقیعدا کرابێـت و بووبێتــە کــردار، بــەڵام ئــەو شــوێنەی کــە ســەفەرەکەی بــۆ کرابێــت شــوێنێکی ئەفسووناوی بووبێت، دیارە ئەو شوێنەش یەکێکە لە گەڕەکەکانی شار کە زێدی پاڵـەوانی چیرۆکەکە و دەشێ لە ڕوانینـی پاڵـەوان خۆیـەوە ئـەو شـوێنە بـەرزترین دیمەنی ئەفسووناوی بێت، کە دیارە بۆ ئەو لەو ڕووەوە کە دەشێ دەیان نهێنـی ژیــانی منــداڵیّ و دەیــان ڕووداوی سەرنجڕاکێشــی تیــا تۆمــار کــردبن مانــای ئەفسووناویترین شوێنی دنیای هەبێت بەلایەوە.

هـەروەك پەلهاوێشتنی خـەیاڵی پاڵـەوان لـە سنووری گەڕانەوەیدا بۆ گـەڕەك و کـۆڵانی سـەردەمی منـداڵی چـەندین ڕووداو و دیمـەن و یـادەوەری تـاڵ و خۆشـی ئەوکاتانە دێنێتەوە یاد و سیمای ئەفسانە و جۆرێك لە فانتازیایان پێدەبەخشێت.

لـە سـەرەتای چـیرۆکەکەدا گێـڕەرەوەی سـەرەتای سـەفەرە ئەفسـووناوییەکە پێشـکەش دەکـات بـەڵام دیـارە بـە پێـی ڕۆیشـتنی کـاتی ئاسـایی ئـەو دەسـتپێکە سەرەتای کات نییـە بەڵکو سـەرەتای کـاتی ئاسـایی لەوکاتـەوە دەسـتپێدەکات کە پاڵـەوانی چیرۆکەکە بـۆ یەکـەمجار دەکەوێتـە دوانـدن و لـە ڕێگـای ئـەو دواندنـەوە مەسـەلەی سـەفەرەکە سـەرهەڵدەدات و پاشـان بـە واقیعـیش سـەفەرەکە دەسـت پێدەکات. سەرەتای چیرۆکەکە کە گێڕەرەوە دەیکاتەوە گەڕانەوەیە لە ئێستاوە بۆ ڕابردوو، بۆ ئەو کاتەی سەفەرەکەی بە فیعلی تێدا دەکرێت کە دەشێ لە ڕاستیدا ئەو سەفەرە تەنیا لە سنووری خەیاڵدا بوونی هـەبێت و لـە چوارچێوەی یادوەریـدا جێبەجێ بکرێت واتە سەفەرێك بێت لە خەیاڵدا، یان سەفەرێك لـەودیوی واقیعـەوە

ئەو هەمان شێوەی گەڕانەوەی پاڵەوانێکی ڕۆمانسی بۆ ڕابردووی خۆی ئەو ڕابردووەی کە بەلایەوە مێژوویەکی زێڕین بووە.

گێڕەرەوە ئەوە ئاشکرا دەکات کە پاڵەوان لەو سەفەرەدا تەنیا نییە بەڵکو کەسێکی تری لەگەڵدایە. دەبێ بوونی کەسی دووەم لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆکەکەدا چ پێداویستییەك هێنابیەتیە ناو دەقەکە و سنووری سەفەرەکەوە؟ بەڵام جارێ با واز لە وەڵامی ئەم پرسیارە بهێنین و بە دوای ئەو دەلالەتەدا بگەڕێین کە بوونی کەسی دووەم لەگەڵ پاڵەوان هەڵیدەگرێت. بێگومان بوونی کەسی دووەم لەگەڵ پاڵەواندا و ڕێنومایی کردنی و گوێڕایەڵی پاڵەوانیش بۆ قسە و ڕێنوماییەکانی کەسی دووەم ئەوە دەگەیەنێت کە پاڵەوانی چیرۆکەکە کەسێکە خۆی بەویتر دەسپێرێت و چاوەڕوانی ئەوەش دەکات کە ئەویتر بڕیاری بۆ بدات. دیارە ئەمە دەلالەتی ئەم حاڵەتەیە کە پاڵەوانی چیرۆکەکەی تیا دەردەکەوێت، بێگومان لێرەوە کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکەکە و بنەمای کۆمەڵایەتیشی تا ئاستێکی دیاریکراو ئاشکرا دەبێت کە کەسێتێکە دەیەوێت پشت بەویتر ببەستێت و خۆی لە بڕیاردان بە دوور بگرێت و دیسان لە بری ئەوەی پێشەنگ بێت دەیەوێت دوای ئەویتر بکەوێت واتە بە جۆرێك لە جۆرەکان وەکو پاشکۆ دەردەکەوێت کە ئەوەش لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە دەشێ وەکو کەسێتیك سەیربکرێت کە جۆرێك لە هەست بە کەمیکردنی هەیە، لە ئاستی کۆمەڵایەتیشدا کەسێتی پاڵەوان کەسێتییەکی ناجێگیرە کە بە چەمکی مارکسیانە بە بۆرژوای بچووك ناودەبرێت و ئەندامانی سەر بەم توێژە کۆمەڵایەتییەش لە ڕووی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە لە بارێکی ناجێگیردان و زیاتریش بە دوای ڕووداوەکاندا کێش دەبن ئەگەرچی هەندێ جار لەو بارە شڵۆقەیاندا بە باری شۆڕشگێڕێتیدا دەشکێنەوە و دەتوانن دەوری کاریگەر و پێشەنگێتی ببینن.. بۆیە باشتر وایە لێرەدا بڕیاردان لەسەر کەسێتی کۆمەڵایەتی پاڵەوانی چیرۆکەکە بە کراوەیی بەجێبهێڵین تا بزانین بە چ ئاراستەیەك دەڕوات و دەجوڵێت.

پاڵەوان دوای ئەوەی دەگاتەوە گەڕەکی خۆیان دەکەوێتە مۆنۆلۆگ کردن و لەوێشەوە ڕاستەوخۆ لە شێوەی فلاشباکدا دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو، ڕابردووی ئەوسای خۆی لە کۆڵانەکەدا کە چۆن دەچێتە ماڵی ئامە و لە نێوان خۆی و ئامەدا چی ڕوودەدات. بەڵام هەر زوو کەسی دووەم ڕایەڵی خەیاڵەکەی دەبڕێت و لەوساوە دەیگێڕێتەوە بۆ ئێستا واتە بۆ کاتی ئاسایی گەڕانەوە بۆ کۆڵانی خۆیان. جارێکی تر دیمەنی کۆڵانەکە خەیاڵی بۆ ڕابردوو کێش دەکاتەوە، ڕابردووی هەندێ لەو کەس و ماڵانەی کە لە گەڕەکدا پێکەوە ژیاون. هەر لەوێشەوە خەیاڵ دەیباتەوە بۆ چەند ساڵێك لەوەوبەر کە حەمەومینی کوڕی ساڵە سنەیی لە بەغدا بینیووە و بەڵام بە ئاسانی نەیتوانیووە بیناسێتەوە. بەڵام کاتێ حەمەومین خۆیی بۆ ئاشکرا دەکات، ئەم یادی دەکەوێتەوە و دیسان دەگەڕێتەوە بۆ یادوەری خۆی و لەوێڕا لە پەیوەندی ڕابردووی نێوان خۆیان و خێزانی ساڵە سنەیی دەدوێت و لەو دواندنەشدا باری کۆمەڵایەتی خۆیان زیاتر ئاشکرا دەکات کاتێ لەوە دەدوێت کە ماڵی ساڵە سنەیی ئامادە نەبوون کچەکەیان بدەن بە برا گەورەکەی ئەم چونکە بە ڕای ژنەکەی ساڵە سنەیی ئەمان خێزانێکی لە برسا مردوون و ئەوان ئامادەنین کچەکەیان بدەن بە لەبرساامردوویەك. لەم بەشەی گەڕانەوەی پاڵەواندا بۆ ڕابردووی خۆی تیشك دەخاتە سەر پێکهاتە و بنەمای چینایەتیان، کەواتە لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە پاڵەوانی چیرۆکی "سەفەرێکی ئەفسووناوی" کەسێکە سەر بە چینی خوارەوەی کۆمەڵ، ئەگەرچی بە تەواوەتی نازانرێت چ کارەیە و بە چیەوە خەریکە، بەڵام لە هەڵسوکەوت و جوڵانی بەردەوامیدا وەکو وردەبۆرژوای نێو کۆمەڵگایەکی دواکەوتوو دەردەکەوێت، کۆمەڵگایەك کە تەنانەت چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکانیش تیایدا بە تەواوی نەبوونەتە خاوەنی خاسێتی دیاریکراوی خۆیان و تەنانەت سنووری ئاشکراش نییە لە نێوان چین و توێژە جیاوازەکاندا چونکە کۆمەڵگاکەیان بەو جۆرە پەرەی نەسەندووە کە هەموو چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان بووبنە خاوەنی ناسنامەی دیاریکراو و تایبەتی خۆیان.

ئەم لەگەڵ كەسی دووەمدا بەردەوامە لە گەشتەكەیدا بۆ گەڕەك و كۆڵانەكەی سەردەمی منداڵی هەنگاو بە هەنگاو هەر دیمەن و دیاردەیەك یادوەرییەكی ئەوسا و سەردەمی منداڵی دێنێتەوە یاد و هەرجارەی كەسێتێك و ڕووداوێك یان شوێن و یادوەرییەكانی خۆیی و هاوڕێكانی لەو شوێنەدا دێتەوە یاد. شوێنەكان لە كۆڵان و بینا و دەرگاكان لە گەوهەردا وەكو خۆیانن ئەوەی كە گۆڕانی بەسەردا هاتبێت ڕووكەشەكانیانە، كەسەكانیش لە دیمەن و ڕووخساردا گۆڕاون.. دیارە لە پشتی ئەم وەسفكردنەی شوێن و بینا و دیمەن و خەڵكی كۆڵانەوە بەوەی كە وەكو خۆیان ماونەتەوە ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەبێت كە ئاستی گۆڕانكاری لەو واقیعە كۆمەڵایەتییەی كە پاڵەوان بۆی دەگەڕێتەوە هێجگار خاوە، بە جۆرێك كە پاشی حەڤدە ساڵ تەنیا ڕووكەشی شتەكان هەندێ گۆڕانی بەسەردا هاتووە. ئەگەر ئەم دیمەنە هاوشان بكەین لەگەڵ باری كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای كوردیدا ئەوا هاوشێوەییەكی تەواو دەبینین، دیارە مەبەستمان ئەوە نییە كە چیرۆكەكە واقیعی دەرەوەی دەقەكەمان بۆ وەسف دەكات واتە وێنەیەكی فۆتۆگرافی ئەو واقیعە پیشكەش دەكات، نەخێر، بەڵكو بە ئاشكرا دەبینین ئەو نەگۆڕی و سەقامگیرییەی لە گەوهەری شتەكاندا هەیە خاسێتی كۆمەڵگای كوردییە. ئەو كۆمەڵگایەی ڕووكەشی دەگۆڕێت بەڵام لە گەوهەردا هەمان شێوەی خۆی دەمێنێتەوە یان ئەگەر گۆڕانكاریشی بەسەردا بێت ئەوا گۆڕانكارییەكی زۆر خاوە بە تایبەتی لە ڕووی عەقڵی و سروشتی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكانەوە، دەتوانین بە ئاشكرا ئەوە بسەلمێنین كە شێوازی پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لە ڕووی پەیوەندی خێزان و ژن و ژنخوازی و پەیوەندییەكانی خێڵ و عەشیرەت و ستراتیژ و عەقڵی ئەو پێكهاتانەوە لەگەڵ سەردەمی میرنشینەكاندا جیاوازییەكی ئەوتۆی نیە لە كاتێكدا بنەمای پەیوەندییەكان هێشتا فاكتەر یان هۆكاری خوێن و خزمایەتی بەرێوەی دەبەن.. ئیتر گرنگ نییە لە ڕووكەشدا و بە قسە چەندێ باسی دیموكراسی و كۆمەڵگای مەدەنی دەكرێت. نەخێر بەڵكو ئەوەی دەكرێت بە بنەمای پێوانەكردن بۆ بوونی گۆڕانكاری دەبێ بە فیعلی بوونی هەبێت. بەڵام لە سەردەمی

دروستبوونی میرنشینەکانەوە کۆمەڵگای کوردی دابەش بووە بەسەر دوو جەمسەر یان دوو ئاستدا ئاستی دەسەڵاتدار و ئاستی ڕەنجدەر، ئاستی دەسەڵاتدار بریتی بووە لە بنەماڵەی میر بە خۆی و خێڵ یان عەشیرەتەکەیە واتە کەسانی نزیك و ئەندامانی هەمان بنەماڵە لەگەڵ زۆرینەی ڕەنجدەری بێ ماف، لە ئێستاشدا هەمان دابەشبوون بەردەوامە کەمینەی دەسەڵاتدار کە لە ئەندامانی سەرەوەی حیزب و کەسوکاری نزیکیان پێکهاتووە و هەموو پنتەکانی دەسەڵات و کارگێڕی و ڕێبەریێتی بەسەر ئەواندا و لەنێو ئەواندا دابەشکراوە و جەماوەریش مافی هاولاتیبوونی هەیە بۆ کارکردن و بۆ ڕازیبوون بە بڕیار و کارەکانی ئەوی سەروە، عەقڵیەتی ئەوی سەرەوە و ستراتیژی کارکردنی هیچ جیاواز نییە لە عەقڵییەتی ئیشکردن و ستراتیژی کارکردنی ئەوی سەرخێڵ و سەرۆك عەشیرەت. بەڵی ئەو واقیعەی کە پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆی دەگەڕێتەوە ئەو واقیعەیە کە گۆڕانکاری دیاری تیا بەدی نایەت. ئەمەش یەکێکە لە کێشەکانی ئەو واقیعە کۆمەلایەتییەی کە چیرۆکی "سەفەرێکی ئەفسووناوی" تیادا بەرهەم هاتووە، دەشێ بەشێك لە ئەفسووناوی بوونی ئەم چیرۆکە ئەوە بێت کە مێژوو تیایدا وەستاوە لە ماوەی حەڤدە ساڵێ دووری پاڵەوان لە کوچە و کۆلانەکەی خۆیانەوە گۆڕانکاری ڕوونادات. ئەمەش وامان لێدەکات ئەو واقیعە کۆمەلایەتییە بخەینە ژێر پرسیار و بەو چاوە لێێ بڕوانین ئایا بۆچی گۆڕانکاری تیایدا ڕوونادات یان لە ڕووی پەرەسەندنەوە بەو جۆرە خاوە؟

دیسان ئەو پرسیارەش خۆی دەسەپێنێت ئایا ئەوەی پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆی دەگەڕێتەوە تا چەندێ خاسێتی شاری هەیە و داخۆ چینی بالادەست لە شاردا کێیە؟ بێگومان ئەو زەمینەی کە پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆی دەگەڕێتەوە سیمای شارەکانی کوردستان بووە لە ڕابردوودا، ڕاستە ئێستا لە ڕووی بیناسازییەوە ئەو دیمەنە گۆڕاوە بەلام ئەوەی جێگای سەرنجە لەگەڵ گۆڕینی ڕووکەشی شارەکاندا ئاستی پەرەسەندنی کۆمەلایەتی و بنیادی کۆمەلایەتیش وەکو پێویست گۆڕنکاری بەسەردا نەهاتووە. بۆیە ئەگەر وای دابنێین کە "سەفەرێکی

ئەفسووناوی" سەفەری گۆڕانکارییە لە باری دواکەوتەوویی کۆمەڵگای کوردییەوە بۆ بار و قۆناغێکی پەرەسەندوتر و پێشکەوتوو، ئەوە لەو سەفەرەدا گۆڕانکاری بەو مانایەی ماهیەت و جەوهەری شتەکانی گرتبێەوە ڕووی نەداوە، دەشێ ئاوەڵناوی ئەفسووناوی ببێتە دەربڕی خاسێتی ئەو سەفەرە کە مانەوەیە لە شوێنی خۆدا، ئەمەش سەفەرەکە دەکاتە سەفەرێکی خەیاڵی، واتە ئەگەر مەبەست لە (سەفەر) گۆڕانکاری بێت، ئەوا ئەو گۆڕانکارییە ڕووی نەداوە، واتە لەسەر زەمینەی واقیع سەفەرەکە نەکراوە، بەڵکو سەفەرێکە لە سنووری خەیاڵ و وەهمدا نەخشەی کێشراوە. گەڕانەوەی بەردەوامی پاڵەوانیش بۆ ڕابردوو، بۆ یادەوەرییەکانی ئەوسای تەنیا لە ڕێگای خەیاڵەوە دەگاتە ئەنجام. بە واتا سەفەرەکە لە دەرەوەی واقیعدا دەکرێت و هەرچۆن پاڵەوان لە بینینی هەر دیمەن و دیاردەیەکی نێو کۆڵانەکان و لە یادکەوتنەوەی هەرکەسێکدا بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ دوواتر و یادەوەرییەکی کۆنتر دەگێڕێتەوە و سەفەر کە دەبێتە سەفەرکردن بەنێو کۆمەڵێ یادەوەری پێشتردا و پاڵەوان بە چێژ و خۆشییەوە سەیری ئەو ڕووداوانەی ڕابردوو سەرجەم ئەو دیمەنانەش دەکات کە ئامادەیان دەکاتەوە، بە هەمان شێوە سەفەرەکەش بە گشتی سەفەری خەیاڵە و ئەم جۆرە پەیوەستبوونەی پاڵەوانیش بەو جۆرە بە ڕابردووەوە تەنیا تێڕوانین و هەڵوێستی پاڵەوان بەرامبەر بە ڕابردوو دەستنیشان ناکات یان دەرناخات بەڵکو باری کەسێتی دەرەوەی دەقەکەش دەردەخات کە ئەو کەسێتییەش کەسێتی کوردە و بە شێوەیەکی گشتی کەسێتییەکی خەیاڵاویە و لەسەر یادەوەرییەکانی دەژی و هەمیشە ئێستا ڕەتدەکاتەوە، بەڵام لە هەڵوێستی ڕەتکردنەوەکەیدا کە دەبووا لە بەردەم گومانێکدا ڕابووەستایە ئایا بەرەو ئاینده هەنگاوی بنایە یان بەرەو ڕابروو بگەڕایەتەوە کە گەڕانەوەش بەرەو ڕابردوو هەڵوێستێکی خۆپارێزانەیە و کاتێ ڕوودەدات کە ئومێدی ڕۆیشتن بەرەو ئاینده لاواز بێت و چاوەڕوانی گۆڕانکاری نەکرێت لەم کاتەدا ئەو کەسێتە بەرەو ڕابردوو دەگەڕێتەوە، لە لایەك بە هۆی نەبوونی گیانی سەرکێشی و شۆڕشگێڕانەوە، لە لایەکی تر بە هۆی ترسان لە

گۆڕانکاری چونکە نازانێت ئاینده چی لەگەڵ خۆیدا دەهێنێت، بەڵام ڕابردوو بووەتە شتێکی مەئلووف و زانراو لەلای و مایەی ترس نییە. ئەم حاڵەتەی کە پاڵەوانی چیرۆکەکەی تێدایە و بەردەوام دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو لە لایەك شیکاری باری کەسێتی کورد دەکات کە زیاتر کەسێتییەکە بە خەیاڵی ڕابردوو، بە پیرۆز ڕاگرتنی ڕابردوو دەژییێت، هەروەها ئاستی چینایەتی پاڵەوانیش نیشان دەدات کە کەسێتییەکی بۆرژوای بچووکی هەیە و زیاتر خۆپارێزە و لە گۆڕانکاری دەترسێت، هەر لەبەر ئەوەیە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە بەردەوام لە ساتەوەختی ئێستادا لەبری ئەوەی کە بەرەو ئاینده بچێت یان هەنگاوی بەرەو ئاینده بنێت، بەرەو ڕابردوو یان بە ئاراستەی ڕابردوو دەگەڕێتەوە، بە واتا پاڵەوان کەسێتێکە نایەوێت ڕووبەڕووی هیچ شتێك بێتەوە بەڵکو دەیەوێت لە بری ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعیانە لە ڕێگای خەیاڵەوە بگەڕێتەوە بۆ ئامادەکردنەوەی ڕابردوو، دیارترین خاسێتی ئەو ڕابردووەشی کە ئەم دەیهێنێتەوە یاد بە خەیاڵ پێی دەگاتەوە، ئەوەیە کە کەمترین ڕووداوی تێدایە، بەڵکو زیاتر خاسێتی شتە جێگیرەکانی تێدایە واتە واقیعێکی وەسفییە نەك واقیعێکی کرداری و پڕ لە چالاکی. ئەم شێوە کەسێتییەی پاڵەوانی چیرۆکی "سەفەرێکی ئەفسووناوی" شێوەی بەشێکی دیاری پاڵەوان و کەسێتە دیارەکانی چیرۆکەکان و تەنانەت ڕۆمانەکانی (حسێن عارف)ن، واتە دەتوانین بڵێین زۆرێك لە پاڵەوان و کەسێتە دیارەکانی چیرۆك و ڕۆمانەکانی حسێن عارف سەر بە ڕۆشنبیران و بۆرژوای بچووکن، دیارە ئەوەش پەیوەندی بە شارەزایی و سەردەرکردنی حسێن عارفەوە هەیە لە باری کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژی ئەم توێژە کۆمەڵایە تییە و هەر ئەوەش وایکردووە کە لە بیناکردنی کەسێتەکانیدا سەرکەوتوو بێت و بە ئاگاییەوە مامەڵەی لایەنە پڕ وردەکارییە دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی کەسێتەکانی بکات کە ئەوەش لە پلەی یەکەمدا بە یەکێك لە پێویستیە سەرەکییەکانی نووسین دادەنرێت.

لە درێژەی گەڕانەوەدا پاڵەوانی چیرۆکەکە بە هۆی بینینی هەندێ دیمەنەوە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵێ و لەوێڕا هەندێ بەسەرهاتی تفت و تاڵی ئەو سەردەمەی خۆی و ژیانی نێو ماڵ و کۆلان و قوتابخانەمان دەخاتەوە یاد. ئێمە دەزانین لە ڕوانگەی ڕۆمانسیانەوە گەڕانەوە بۆ ساتی ڕابردووی منداڵی بە مەبەستی ڕاکردنە لە باری ناجۆر و پڕ لە فشار و نائاسوودەیی ئێستا و منداڵیش سەردەمی خۆشی و ئاسوودەیی و دوورییە لە لێپرسینەوە و بەرپرسیارێتی ئەگەر منداڵێتییەکی ئاسایی و سروشتی بێت، بەڵام دیارە ئەو یادەوەرییانەی کە پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆیان دەگەڕێتەوە و لە ڕووی یادوەرییەوە لە ئیستای سەفەرەکەیدا ئامادەیان دەکاتەوە بە گشتی یادەوەری تفت و تاڵن، کەواتە گەڕانەوەی پاڵەوان بۆ ساتەوەختی منداڵی گەڕانەوە نییە بۆ ڕابردووی زێڕین یان بۆ بەهەشتی ڕابردوو بەڵکو گەڕانەوەیە بۆ بەهەشتی دۆڕاو یان بەهەشتی ون، ئەگەر لەم ڕوانگەیەوە سەیر بکەین ئەوا تێدەگەین پاڵەوانی چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە بۆ دەرخستنی لایەنە تفت و تاڵ و ناجۆرەکانی ژیانی ڕابردووی خۆی و لە ئێستادا ئامادەی دەکاتەوە، هۆی ئەمەش پەیوەست بە باری دەروونی و کۆمەڵایەتی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە کە کەسێتییەکی ناجێگیرە لە ڕووی چینایەتییەوە و وەکو حاڵەتی شلۆق لە نێوان چینی هەرەخوارەوە و چینی سەرەوەدا ماوەتەوە بە هەڵوێستیش خۆپارێزە، بەڵام لە ڕووی دەروونییەوە دەیەوێت بۆئەوەی وای نیشان بدات کە ئەم لایەنگری چینی خوارەوەیە بۆ هاوهەڵوێستی ئەوانە دێت ڕابردووی ژیانی خێزانی و ئاستی کۆمەڵایەتی خێزانەکەیمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەوەشدا وای نیشان دەدات ئەم لە ڕووی پێکهاتەی چینایەتییەوە لە بنەڕەتدا سەر بە چینی خوارەوەیە. دیارە ئەو گەڕانەوەیە جۆرێك لە واقیعیەت لە ژیانی پاڵەواندا نیشان دەدات کە بێ پەروا بێ ترس و دوودڵی لەسەر مێژووی ڕابردووی خۆی و خێزانەکەی دەدوێت و لەو دواندنەشدا نایەوێت هیچ شتێك حەشار بدات. لەم هەڵوێستەشدا دەیەوێت بڵێت کە ئەو هیچ نهێنییەك لە ڕووی چینایەتی و کۆمەڵایەتیەوە لە ڕابردوویدا

نادۆزرێتــەوە هــەتا خــۆی لــە ئاشــکرادنیان بــە دوور بگرێــت، ئــەوەش لــە ڕووی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتییەوە هەڵوێستی ئەندامانی سەر بە چینی خوارەوەیە. ئەمەش هەڵوێستی بۆ ڕۆژاوای بچووك و توێژی ڕۆشنبیر لە کۆمەڵگایەکی وەکو ئێمــەدا دەردەخــات، کــە ســەرباری خۆپــارێزی و لاوازی گیــانی شۆڕشــگێڕی و گۆڕانخــوازی لای ڕۆشــنبیران و بــۆرژوای بچــووك هێشــتا ئەنــدامانی ئــەم توێــژە کۆمەڵایەتییــە هەوڵــدەدەن لــە حســابکردندا وەکــو پێشــەنگی شۆڕشــگێڕی و گۆڕانکاری لە کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتیدا دابنرێن.

پاڵــەوانی چیرۆکەکە لــە ســەفەرە ئەفســووناوییەکەیدا لــە ڕێگــای مۆنۆلــۆگ و هەندێ جاریش لە ڕێگای گێڕانەوەوە بیرەوەری جۆراوجۆری ڕابردووی خۆی و خێزانەکــەی و کــۆڵان دێنێتــەوە یــاد. گێڕانــەوەی هەنــدێ ڕووداوی تراژیــدیش لــە جۆری مردنەکەی لەیلێی خوشکی زیاتر فەزای خەم و تاریکی لە چیرۆکەکەدا دەخوڵقێنێت و زەمینەی ئەو واقیعە تاڵەی ژیانی خۆیی و خێزانەکەی و خەڵکی کــۆڵان و گــەڕەکیش زیــاتر لــە خــەیاڵی ئێمــەدا بەرجەســتە دەکــات کــە ئــەوەش لــە ئاستێکی تردا دەبێتە ڕەخنەگرتن لە دامودەزگا کۆمەڵایەتی و ئیدارییەکانی ئەو قۆناغە. هەر لێرەشەوە پرسیار لە گەوهەری شار سەرهەڵدەدات.. ئایا ئەو کۆڵان و دیمەنە کۆن و داڕزاوەی کە پاڵەوانی چیرۆکەکە دەیگێڕێتەوە دیمەنی شارە؟ ئایا ئــەو ژیــان و پەیوەندییــە کۆمەڵایەتییــەی کــە لــەو گێڕانەوانــەدا دەردەکــەوێت پەیوەندی کۆمەڵایەتی ژیانی شارە؟

دیســان پاڵــەوان لــە گێڕانــەوەی درێــژەی ســەفەرەکەیدا لــە کــاتی گــەڕان بــە کۆڵانەکاندا لەوە دەدوێت کە چۆن لەملاو ئەولاوە خەڵکی لە منداڵ و ژن و پیاو چاودێری ئەم و هاوڕێکەی دەکەن. دیارە ئەم دیاردەیەش دیسان لەگەڵ پەیوەندی کۆمەڵایــەتی شــاردا یــەك ناگرێتــەوە چــونکە لــە شــاردا دەبــێ پەیوەندییــەکان بــەو جۆرەبن کە کەس خۆی لە ژیان و لە کاروباری ئەوانی دی هەڵنەقورتێنێت ئەگەر بە ڕاستی بە شێوەیەکی سروشتی شار و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی شار دروســت بــووبن و بەرهــەم هــاتبن، چــونکە لــە پەیوەنــدی شــاردا دەبــێ بنــەماکانی

ئـازادی تاکەکـەس دروسـت ببێـت کـە ئـەو ئازادییـەش مـەرج نییـە تـەنیا ئـازادی بیرکردنـــەوە بگرێتـــەوە بـــەڵکو ئـــازادی ڕەفتـــارکردن و هەڵســـوکەوت و چـــۆنێتی هەڵبـــژاردنی شـــێوازی ژیـــان و پۆشـــینی جلوبـــەرگ.. تـــاد دەگرێتـــەوە، دەشـــێ سیستەمی دەسـەڵات لـە شـاردا سیستەمێکی نـادیموکراتی بێت و ڕێگـای ئـازادی بیرکردنەوە نەدات، بەڵام شێوازی ژیان و ڕەفتار و هەڵسوکەوت هیچ بەربەستێکی ئـەوتۆی لـە بەردەمـدا نـەبێت. بەهـەرحاڵ لێـرەوە لـە ئـەنجامی ڕوانـین بـۆ ئاسـتی پەیوەندییەکانی ئەوشارەی کە وەکو شوێن پاڵـەوانی چیرۆکەکە بۆی دەگەڕێتـەوە دەردەکـەوێت کـە بنـەماکانی ژیـانی شـار و پەیوەنـدی شـار و تەنانـەت بیناسـازی شاریشـی تێـدا نییـە، دیـارە ئـەو شـارەی کـە پاڵـەوان بـۆی دەگەڕێتـەوە شـاری (سلێمانی)یە لە وەسفکردنەکانی پاڵەواندا، کـە نـوێترین و هاوچـەرخ تـرین شـاری کوردستانە.. لە کاتێکدا کە بە گشتی باس لـەوە دەکرێت کە سلێمانی لـە ڕیـزی پێشـەوەی شـارەکانی کوردسـتانە لـە ڕووی پەرەسـەندن و شارسـتانێتی بوونـەوە، بـەڵام وەکـو دەردەکـەوێت نـە ئـەو شـێوازەی بینـا و کـۆڵان و شـەقام نـە شـێوازی پەیوەندییەکان کە دەقەکە گوزارشتی لێدەکات شێوازی شار نین، بەڵام لـە ڕاسـتیدا شارەکەی ئێمە لەو مێژووەدا کە چیرۆکەکە لێی دەدوێت بەو جۆرە بووە، دەتـوانین بڵێین بۆ ئێستاش ڕاسـتە لـە ڕووی بیناسازی و شـەقام و کۆڵان و هەنـدێ دیمـەنی ترەوە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە، بەڵام لە ڕووی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانـەوە گۆڕانکاری گەوهەری ڕووی نەداوە و تـاکو ئێسـتاش ئـەو پەیوەندییـەی باڵادەسـتە لەم شارەدا بە گشتی پەیوەندییەکانی کۆمەڵگای خێڵ و عـەقڵی خێڵ و سـتراتیژی ئیشکردنی خێڵایـەتی و لادێیـە، کەواتـە لێـرەوە بـە پشـت بەسـتن بـەو واقیعـەی کـە چـیرۆکی ســەفەرێکی ئەفســووناوی بەرجەســتەی دەکـات دەتــوانین لــە بــارەی سروشـــتی دروســـتبوونی شـــار و پەیوەندییـــە کۆمەڵایەتییـــەکانی کۆمـــەڵگای کوردییەوە بدوێین کە چۆن جۆرێك لـە ناسروشتی بوون و نائاسایی بوونی پێوە دیارە کە ئەوەش دەبێتە بەڵگە بۆ نیشاندانی ناسروشـتی شێوازی پێکهاتنی شـار و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگای کوردیدا. هەر لێرەشەوە دەتـوانین ئامـاژە

بۆئەوە بکەین کە چۆن چیرۆکی (سەفەرێکی ئەفسووناوی) لە ئاستی نادیار یان نەگوتراودا هەڵگری جیهانبینییەکی کۆمەڵایەتییە و ئەو پرسیارانەشی بەرزی دەکاتەوە ئەو پرسیارانەن کە لەنێو پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و سروشتی نائاسایی ژیان و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردییەوە سەرچاوە دەگرن. ڕەنگە ئەم حاڵەتەش خاسیێتی دیاری بەشی زۆری بەرهەمەکانی حسێن عارف بن، دیارە ئەو ڕووبەرەی کە ئەو کاری تێدا دەکات ڕووبەرێکی فراوانە و پەیوەستبوون و کارکردنی ئەم نووسەرەش لەم بوارەدا ئەوە دەگەیەنێت کە پێی وایە هەموو پرسیارە گەوهەرییەکانی مرۆڤ لەنێو کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵ و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە سەرچاوە دەگرن. هەروەك بە ئاشکرا دیارە کە سەرچاوەکانی بەرهەمهێنانی چیرۆك و ڕۆمانەکانی حسێن عارف واقیعی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردین و سەرجەم ڕەگەزە پەیوەستەکانی باری کۆمەڵایەتی و زەمینەی مێژوویی و ئاستی هوشیاری و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی چیرۆك و ڕۆمانەکانی ئەم نووسەرە هەڵهێنجراوی زەمینەی کۆمەڵایەتی و مێژوویی ئێمەن، ئەمەش وایکردووە کە ئەم نووسەرە بەرهەمەکانی وەکو ڕەگەزێکی داهێنان لە زۆر ڕووەوە بکرێن بە بنەما بۆ خوێندنەوەی واقیعی ژیانی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگای کوردی، هەریەکەش بە پێی ئەو قۆناغە مێژووییەی تیایدا بەرهەم هاتووە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە ئەم نووسەر فۆتۆکۆپی واقیع دەکات، نەخێر بەڵکو مەبەست ئەوەیە کە بەرهەمەکانی لەگەڵ ژیانی کۆمەڵدا هاوتەریبن و باشترین شاهیدی ئەو قۆناغە مێژووییەن کە تیایدا بەرهەم هاتوون. بێگومان نووسەری لەم جۆرەش وەکو کوڕی شەرعی ئەو واقیع و کەلتوورە سەیر دەکرێت کە چاوی تێدا کردۆتەوە و بوون و ئامادەبوونی خۆی لە کارپێکردنی ئەو کەلتوورە و خوێندنەوەی ڕاستگۆیانەی ئەو واقیعەوە دەسەلمێنێت.

پاڵەوانی چیرۆکەکە هەرچۆن لە سەفەرە ئەفسووناوییەکەیدا بەنێو کۆڵانەکانی گەڕەکدا بەردەروام دەبێت بە هەمان شێوە لە سەفەری گەڕانەوەشدا بۆ یادەوەرییەکانی ڕابردوو بەردەوام دەبێت و لەگەڵ هەر دیمەنێکدا یادەوەرییەکی

رابــروو لـــە ڕێگـــای مۆنۆلۆگـــەوە دەخاتـــەڕوو، لـــە درێـــژەی خســـتنەڕوووی یادەوەرییــەکانی ڕابــردوودا هەنــدێ جــار دەچــێتە شــوێنی گێــڕەرەوە و لەســەر ڕووداوەکــان قســەدەکات و لــەو کاتــەدا ئێمــەی خوێنــەری چــیرۆکە دەبینــە بــۆ گێــڕەرەوە (گــوێگر). هەڵبــەت نووســەر بــە شــارەزایی و وریاییــەکی هونەرییــەوە دیمەنــەکانی گێڕانــەوە و مۆنۆلــۆگ و دایــەلۆگ و گەڕانــەوە ڕێکــدەخات و بــە ئاگایانەشەوە لە گێڕانەوەدا مامەڵە لەگەڵ کەسێتەکان دەکات و بە پێی پێویست ڕاناوی قسەکەر و گوێگر دادەنێت و جێگۆڕکێشیان پێدەکات، بە هەمان ئەو شێوە سروشتییەی کە کەسێتییەکانی لە واقیعی دەرەوەی دەقەکەدا دەجولێن، هەر بۆیە لـە سـنووری دەقەکـەدا هەسـت بـەوە ناکرێـت کـە ئـەو جوڵـە و گۆڕانکارییانـە لـە گێڕەرەوەوە بۆ پاڵەوان و گەڕانەوەی پاڵـەوان بـۆ ڕابـردوو، نیشـاندانی مۆنۆلـۆگ و دایـەلۆگ و تەنانـەت وەرگرتنـی شـوێنی گێـڕەرەوەش لـە لایـەن پاڵەوانـەوە.. هـیچ بـارێکی ناسروشـتییان تێـدا بێـت، ئەمـەش بـە ئاگـایی نووسـەر نیشـان دەدات لـە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو لایەنە هونەرییانەدا.

پاڵـەوانی چیرۆکەکە دیسـان لـە درێژەی یادەوەرییـەکانی ڕابردوویـدا لـە ماڵی خۆیان و لە کۆڵاندا، هەرچۆن کارەساتی تراژیدی مەرگی خوشکەکەی خۆیمـان بـۆ دەگێڕێتــەوە، هــەر بــە پشــت بەســتن بــە بیرەوەرییــەکانی خــۆی لەگــەڵ لــەیلێی خوشـکیدا بـەرەو ئەڵقەیـەمی تـری ئـەو ڕابـردووە تراژیدیـە ڕامـان دەکێشـێت کـە ئـەویش مـەرگی خاڵەمـەجی و ڕابـردووی ئـەو پیاوەیـە. پاڵـەوان لـە گێڕانـەوەی بیرەوەرییەکانیـــدا ســـەبارەت بـــە خاڵەمـــەجی دوو ئاســـتی ئـــەو کەســـێتییەمان پێدەناســـێنێت. یەکـــەمیان ئاســـتی دەرەوە و ڕوخســـار و ســـیمای کەســـێتەکە دووەمیان گەوهەر و ماهیەتی کەسێتەکە. لەو پێشکەشکردنەشیدا باسـی ئـەوەمان بۆ دەکات کە چۆن ئەو دوو ئاستە لەگەڵ یەك ناکۆك یان نەگونجاوبوون ئەوەش لـە مەودایەکی قوڵدایە کە لەسەر ئاستی زمانی دەقەکە نابینرێت.

پاڵەوانی چیرۆکەکە دوای ئەوەی دەگاتە کۆڵان و لە ماڵەکۆنەکەی خۆیـان نزیـك دەبێتەوە، هاوڕێکەی ئاگاداری دەکات کە چۆن خەڵکی سـەرنجی دەدەن و شێوەی

جوڵە و چاوگێڕانی ئەمیان بەناو کۆڵان و یەکیەیەکی دەرگا و خانووەکاندا پێی نائاساییە. کاتێ ئەوی هاوڕێی لەو بارەیەوە وریای دەکاتەوە، دیسان ئەم دەگەڕێتەوە بۆ نێو سنووری یادەوەرییەکانی خۆی و ڕاستەوخۆی بە خەیاڵ خۆی دەکات بە ژووردا و دەچێت هەڵماتەکانی دەردەهێنێت و بە خێرایی لە ماڵ دەردەپەڕێتە دەرەوە و لەبەردەرگا خۆی دەکێشێت بە ژنێکدا و دەیخات".. هەر بە دوای ئەوەدا دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی منداڵی کە چۆن لە سەربان لەنێو چیغدا خەوتوون و دیمەنی پێکدائالانی کاکی و کچی هاوسێکەیان دێنێتەوە بەرچاو. دیسان لەوێوە ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە بۆ هێنانەوە یادی دیمەنێکی تر لە ماڵی خۆیاندا کە چۆن لە وەرزێکی تووشی زستاندا باوکی نەخۆشە و کاکی بێ ئیشە و نەسرینی خوشکی لە کلاو دروونـدا جێگای لەیلێی کۆچکردووی گرتۆتەوە و دایکی دووانەیەکی بە بەرەوەیە لە پاڵ ئەم دیمەنەدا ناڵین و ئازار و خەم و بێزاری دەکاتە فەزای دیمەنەکە، لە خۆی دەدوێت کە چۆن دەچێتە قوتابخانە.. لەم بەسەرهاتەوە دەگوازێتەوە بۆ یادوەری تاڵی شەڕی نێوان باوکی و کاکی و ئەنجامیش چۆن کاکی بۆی دەردەچێت، پاش ماوەیەك ئاوبەری هەڵدەکەن و لە کەرکوك سەرهەڵدەدات، ئەنجا ئەم و دایکی بە سواری پاسی تەختە دەچن بە دوایدا بۆ کەرکوك و لەگەڵ خۆیاندا دەیهێننەوە. هەر لەوێوە پرسیارێکی کاکی کە داخۆ کام جانتای بە دڵە بۆی بکرێت دەیگێڕێتەوە بۆ یادوەرییەکی تاڵی تر کە چۆن لە ڕۆژی عارفەدا باوکی لەبەر نەبوونی نەیتوانیووە پێڵاوی بۆ بکڕێت. هەر چۆن چووەتە مەیدانی یارییەکانی جەژن و لەوێش بیرەوەرییەکانی سەردەمی ئەوسا لە جەژندا دەگێڕێتەوە و وێنەی پورە خومسار و چەرخ و فەلەکەکەی دێنێتەوە یاد و وێنەی کوڕە هار و چوختیەکانیش لە یاد ناکات. دیسان دیمەنی ڕوخسار و سیمای خاڵەمەجی دەردەخات کە "دیمەنی پیاوکوژێکی دڵڕەقی جەربەزە" بوو، کەچی "بە دەنگێکی فریشتەیی بە هەست و نەست و سۆزی فریشتەیەکەوە دەکەوتە گێڕانەوەی پاشماوەی هەقایەتەکە..".

لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئایا ڕووکەش گوزارشت لە گەوهەر و ناوەڕۆك دەکات؟ یان مەرج نییە ڕووکەش دەربڕی گەوهەر و ناوەڕۆك بێت بە تایبەتیش لەو لایەنانەدا کە مرۆڤ خۆی هیچ بەرپرسیار نییە لە شێواز و سروشتی دروستبوونی یان پێکهاتن یان دەرکەوتنیان. خاڵەمەجی خۆی هیچ ڕۆڵێکی نییە لەوەی کە ڕوخسار و سیمای چۆن و بە چ شێوەیەك بێت، بەڵام بەرپرسیارە لەوەی کە چۆن ڕەفار دەکات و چۆن مامەڵە لەگەڵ شتەکان و خۆی و دەرەوەی خۆیدا دەکات. بێگومان ئەو تێڕوانینەی کە تەنیا ڕووکەش دەکات بە بنەما بۆ هەڵسەنگاندن تێڕوانینێکی مەوزوعی دەرناچێت، چونکە تێڕوانینی مەوزوعی ئەوەیە کە هەموو لایەنەکانی بابەتی مەبەست پێکەوە هەلبسەنگێنرێت و وەکو یەکەیەکی یەکگرتوو سەیر بکرێت، لەو ئاقارەشدا دیمەنی دەرەوە و ناوەڕۆك پێکەوە کۆدەکرێنەوە و بە تەنیا لەسەر لایەنێکیان بڕیار نادرێت، لە حاڵەتێکی وەهاشدا ناشێت فریو خواردن و هەڵخەتەڵەتاندن بە ڕووکەش ڕوو‌بدات.

خاڵەمەجێ با ڕوخسار و سیمای لە ڕوخسار و سیمای پیاوێکی توندوتیژ و پیاوکوژ بچێت، مەرج نییە بە ڕاستیش لە گەوهەردا وەهابێت و لە واقیعدا پیاوێکی لەو جۆرە بێت، ئەمەش دەیسەلمێنێت کە ڕووکەش هەموو کاتێ دەربڕی ڕاستەقینەی ناوەوە نییە.

دەشێ ئەم لێکدانەوەیە لەسەر ئاستی تاکەکەس بکرێت لە سنووری دەقەکەدا کە خاڵە مەجی ئەو نموونەیە، هەرچەندە وەکو پیاوکوژ دەردەکەوێت، بەڵام خاوەنی سۆزی فریشتەییە و بەو سۆزەش توانیویەتی منداڵان هۆگری خۆی بکات. دەشێ لەم لێکدانەوەیەوە کە لەسەر ئاستی تاکەکەسە بچینە دەرەوەی دەقەکە و بە هەمان پێودانگ قسە لەسەر واقیعی کۆمەڵایەتی دەرەوەی دەقەکە بکەین. واتە ناشێت هەرگیز ڕووکەش و سیمای دەرەوە بکرێتە بنەمای بڕیاردان. ئەگەر لە سنووری دەقەکەوە. بچنە واقیعی دەرەوەی دەقەکە، بە تەواوەتیش مەبەستمان ئەو واقیعەیە کە دەقەکەی تێدا بەرهەم هاتووە. ئەوا لە کاتی بەرهەمهاتنی دەقەکەدا کە ساڵی 1980یە زەمینەی دەقەکە شارە کە ئەویش

شاری سلێمانییە. ئەم زەمینەیە لە ڕووکەش و دیمەنی دەرەوەیدا بەشێکی دیار لە خاسێتەکانی شاری هەبووە لەو کاتەدا، لە کاتێکدا کە لە گەوهەردا هەمان خاسێتەکانی کۆمەڵگای خێڵ و ستراتیژ و عەقڵیەتی خێڵایەتی و کۆمەڵگای لادێ لەو مێژووەی شاردا باڵادەستە. خۆ ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو مێژووەی کە پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ڕێگای یادوەرییەوە بۆی دەگەڕێتەوە ئەوا بە ئاشکرا لەو پەیوەندییانەدا کە ئەو دەیانگێڕێتەوە دەردەکەوێت کە کە نە ئەو پەیوەندییانە پەیوەندی کۆمەڵگای شارن و نە ئەو سیما و ڕووکەشەی بینا و کۆڵان و شەقامیش کە پاڵەوان لێیان دەدوێت سیما و دیمەنی بیناسازی شارن، ئەگەرچی ئەو زەمینەیە یان ئەو شوێنە ناوی شاری لێنراوە و لە واقیعی کۆمەڵایەتی و لە مێژووی ئێمەشدا بە پەرەسەندنوترین شار ناوی دەبەین، کەواتە نە ڕووکەش و نە ناو ناشێت لە کۆمەڵگای ئێمە و لە کۆمەڵگا هاوشێوەکانیدا بکرێن بە بنەمای هەڵسەنگاندن چونکە ئەو ڕووکەش و ئەو ناوەش لەژێر کاریگەری دەرەوەی زەمینە و واقیعی کۆمەڵایەتی و مێژوویی خۆماندا دروست بوون. واتە نەك ڕووخسار و ڕووکەش لە واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا هەمیشە گوزارشت لە گەوهەر و ماهیەت ناکات بەڵکو زۆرجار ئەو ڕووکەش و سیمای دەرەوە وەك هۆکارێك بۆ شاردنەوەی ڕاستی و حەقیقەتی ناوەوەش بەکاردێن، واتە لەم حاڵەتەشدا ڕووکەش دەبێتە بەربەست لە بەردەم ئاشکرابوون و دەرخستنی گەوهەر و ناوەڕۆکدا کە ئەوەش خاسێتی کۆمەڵگا دواکەوتووەکانە ئەو کۆمەڵگایانەی کە تیایاندا تاکەکەس وەکو کەسێتی خاوەن شوناس پێنەگەیشتووە و بەوپێیەش زەمینەی داننان بە ڕاستییەکانی ناوەوەدا فەراهەم نەبووە، هەتا بێ ترس و بێ پەردە ڕووی ناوەوە و گەوهەر و ماهیەت بخرێتە ڕوو. بە مانایەکی تر لەو واقیعە کۆمەڵایەتییەی کە چیرۆکەکە گوزارشتی لێدەکات زەمینەی خۆ نمایشکردن نەڕەخساوە چونکە ڕەخساندنی زەمینەیەکی لەو جۆرە لە کۆمەڵگایەکدا دەبێت کە تاکەکەس نەترسێت لە خستنەڕووی نهێنییەکانی خۆی، ئەوەش کاتێك دەبێت کە تاکە کەس خاوەنی بوونێکی تەواو و خاوەنی شوناسی تاکەکەسی خۆی بێت

و لـە ڕووی ئەخلاقیـەوە زەمینـەی کۆمەڵایـەتی ناچاری شـاردنەوە و حەشـاردانی ڕاستییەکانی نەکات، ئەوەش لە کۆمەڵگایەکی پەرەسـەندوودا دەبێت کۆمەڵگایـەك کە بە ڕاستی پەیوەندییەکانی شار تیایدا دروست بووبێت.

دیارە خاڵە مەجی کە بە سیماو ڕووکەش لە پیـاوکوژ و خوێنڕێـژ دەچێت و لـە ناوەشدا سۆزی فریشتەیی هەیە، جۆرێك لـە نەگونجانـدن یـان نـاکۆکی لـە بوونیـدا دەردەکـەوێت کـە ئـەوەش بـارێکی نائاسـایی نیشـان دەدات و هاوشـێوەی واقیعـی (شار)ە لە دەرەوەی دەقەکەدا، کە مەبەستمان ئەو شارەیە کە دەقەکەی تیا بەرهـەم هـاتووە، بـەڵام بـە ئاراسـتەیەکی پێچـەوانە. دیمـەنی خوێنڕێـژی و پیـاوکوژی خاڵـە مەجی ناوەڕۆك و گەوهـەرێکی مرۆیانـەی لەناودایـە. بـەڵام دیمـەن و ڕوخسـاری تـا ڕادەیـــەك شـــارییانەی شـــاری زەمینـــەی بەرهـــەمهێنانی چـــیرۆکەکە لەناوخۆیـــدا گەوهـــەرێکی دواکـــەوتووی پەیوەنـــدی خێڵایـــەتی و هـــەرێمگیری فیودیـــالی حەشـاردراوە، کەواتـە لێـرەدا ئـەوەمان بـۆ دەردەکـەوێت کـە لـە ئاسـتی ئاشـکرای دەقەکـــەدا جیـــاوازی نێـــوان ســـیما و گەوهـــەری خاڵـــە مـــەجی ئـــەو ڕاســـتییە دەسەلمێنێت کە مەرج نییە هەمیشە سیما و ڕووکەش دەربڕی نـاوەڕۆك و گەوهـەر بێـت، لـە ئاسـتی قـوڵتری دەقەکـەدا پێمـان دەڵێـت نـاو و ڕووکەشـی ئـەو زەمینـەی چیرۆکەکەی تیـا بەرهـەم هـاتووە شـارە، بـەڵام لـە گەوهـەر و ناوەڕۆکـدا خاسـێت و بنـــەماکانی ژیـــان و پەیوەندییـــەکانی شـــاری تیـــا دروســـت نـــەبووە. پەیوەنـــدی چیرۆکەکە بـە زەمینـەی کۆمەڵایـەتی ئێمـەوە ئەوەیـە کـە بریتییـە لـە وێنـەگرتنێکی ڕاستەقینە یان ڕیالیستانەی ئەو زەمینە کۆمەڵایەتییە کە لـە گەوهـەردا گۆڕانکاری ئـەوتۆی بەسـەردا نـەهاتووە. پاشـان پاڵـەوانی چیرۆکەکە لـە ڕووی یادەوەرییـەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـەو کاتـەی کـە هـەوڵی براگەورەکـەی دەگـات و دەیانـەوێت سـەفەر بکـــەن بـــۆ کـــەرکوك بـــە دوای براکەیـــدا. پاڵـــەوان زنجیرەیـــەك ڕووداو لـــە ڕووی یادوەرییـــەوە ئامـــادە دەکاتـــەوە کـــە ســـەرجەم لـــە ڕووبـــەری خەیاڵـــدا وێنـــەیان دەکێشرێت.

ئـەم زنجـیرە بەســەرهاتەی کـە پاڵـەوانی چـیرۆکەکە لـە ڕێگـای گەڕانـەوەوە ئامادەیان دەکاتەوە پەیوەستی ئەوی پاڵەوان بە ڕابردووی منداڵی و بە شوێن و بە خێزان و بە دەوروبەر و بە کەسانی ترەوە نیشان دەدات و لە هەریەکەشیاندا بە جۆرێك هۆگری خۆی بەو بنەما و لایەنانەوە دەردەخات کە پەیوەستی ڕۆحی و ئەنتۆلۆژیانەی خۆی لەگەڵیاندا بە پتەوی ئاشکرا دەکات، گەڕانەوە بۆ یادەوەری منــداڵی و ڕەفتــارکردن و هەڵســوکەوتەکانی ڕابــردوو دیمــەنی پاڵــەوان یــان کەسێتێکمان نیشان دەدات کە سەرباری سەختی ژیانی سەردەمی منداڵی هێشتا خەون بەو ڕابدرووەوە دەبینێت دیارە ئەو خەونبینینەش لەبەرئەوەیە کە دەشێ ژیانی پاڵەوان ئێستا لە سەردەمی منداڵی سەختتر و ناخۆشتر بێت و ئەو ڕابردوو وەکو بەهەشتێکی لەدەستچوو سەیر بکات، یان لە ڕوانگەیەکی ترەوە دەشێ وای لێکبدەینەوە کە مرۆڤ بە سروشتی لەهەر بارودۆخ و لەهەر ئاستێکی ژیاندا بێت مەیلی گەڕانەوەی بۆ تافی منداڵی هەیە کە دەشێ ئەوەش چەند هۆکارێکی هەبێت لەوانـەش سـاکاری و سـادەیی ژیـانی سـەردەمی منـداڵی و بێگـەردی مـرۆڤ لـەو قۆناغەدا کە مرۆڤ لە قۆناغەکانی تری ژیانیدا بەردەوام پەرۆشی گەڕانەوە بێت بۆ ئـەو سـادەیی و سـاکارییە و بـۆ ئـەو خـاوێنی و بێگوناهییـەی تـافی منـداڵی کـە هاوشێوەی ژیـانی کۆمـەڵگای سـەرەتایی و ژیـانی نـاو سروشتە کە هـەم ژیـانێکی سـادەیە و هـەم دوورە لـە تاوانکـاری، دیـارە مـرۆڤیش بـە سروشـتی لایـەنگری سـادەیی و هێمنـی و بێگوناهییـە، هـەر ئـەوەش وا دەکـات مـرۆڤ لـە هـەر ئاسـت و لەهـەر قۆنـاغێکی پێگەیشـتووی تەمەنـدا خـەون بـە گەڕانـەوەوە بـۆ تـافی منـداڵی ببینێـت، بێگومـان گەڕانـەوەی پاڵـەوانی چیرۆکی "سـەفەرێکی ئەفسـووناوی" بـۆ گێڕانـەوەی یادەوەرییـەکانی تـافی منـداڵی لەبەرئـەوە نییـە کـە تـافی منـداڵی بـە خۆشی بەسەربردووە و ئێستا لە ژیانی سەخت و قورسیدا خـەون بـەو ڕابردووەوە ببینێت، نـەخێر زیاتر هـۆی گەڕانەوەی پاڵـەوان بـۆ ئـەو ڕابردووە پەیوەسـتی ئـەو حاڵەتە سروشتیەیە کە بە گشتی مـرۆڤ مەیلداری گەڕانەوەیـە بـۆ ڕابـردوو، دەشێ ئەوەش هۆکاری ترس لە ئایندە لە پشتیەوە بێت چونکە بە گشتی مـرۆڤ لـە ڕووی

سایکۆلۆژییەوە حەز لە گۆڕانکاری ناکات و زیاتر حەزی لە مانەوەیە لەو بارەی تیایدایە و پێی ئاشنا بووە، خۆ ئەگەر لە هەر چرکە ساتێکیشدا کەوتە حاڵەتێکەوە کە لە حاڵەتی پێشتری خراپتر بێت، ئەوا لە رووی دەروونییەوە دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ ئەو ڕابردووەی بەسەرچووە نەك هەوڵبدات بەرەو ئاینده هەنگاو بنێت، چونکە ئاینده لەگەڵ خۆیدا دەشێ گۆڕانکاری بهێنێت، ئەمیش بە ترسەوە لەبەردەم ئایندەدا ڕادەوەستێت.

دیارە پێشتر لە بارەی ئاستی چینایەتی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە دواین کە وەکو بۆرژوایەکی بچووك دەردەکەوێت، دیارە بۆرژوای بچووکیش زیاتر لە هەڵوێستدا خۆپارێزە، کەواتە مەیلداری مانەوەیە لە جوغزێکی داخراوداو لە گۆڕانکاری دەترسێت یان باشتر بڵێین حەزی لە گۆڕانکاری نییە، لەهەر ساتەوەختێکی شلۆقیشدا حەزی لە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو نەك هەنگاونان بەرەو ئاینده، واتە دەتوانین بڵێین گەڕانەوەی پاڵەوان لەم چیرۆکەدا زیاتر دەرئەنجامی نەتوانینە بۆ هەنگاونان بەرەو ئاینده، واتە ترس لە پێشهاتەکانیدا وا لە پاڵەوان دەکات بگەڕێتەوە بۆ سنووری خەیاڵ و لەوێوە بە فلاشباك بگاتەوە بە ڕابردوو دیارە لە ڕابردووشدا زیاتر وەسفی شتەکان دەکات کە ئەوەش گەوهەری کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەردەخات کە کەسێتێکە لە ڕووداو دەترسێت مەبەست لە ڕووداویش لێرەدا گۆڕانکارییە، ئیتر گرنگ نییە ئەو ڕووداوە بە ئاراستەی پۆزەتیڤ بێت یان نێگەتیڤ، کەواتە گەڕانەوەکانی پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆ ڕابردوو بە گشتی بە هۆی مەترسی یان گومانکردن لە پێشهاتەکانی داهاتووەوەیە.

لە لایەکی ترەوە گەڕانەوەی پاڵەوان دەشێ لە دوو ئاستدا لێکبدرێتەوە یەکەمیان گەڕانەوە بۆ شوێن کە شوێنی ژیان و بەسەربردنی قۆناغی منداڵییە، دووەمیان گەڕانەوە بۆ کات واتە لە ئێستاوە بۆ کاتی منداڵی. لە ئەنجامی پێکەوە گرێدانی ئەم دوو ڕەگەزەی چیرۆکەکەدا ئێمە لە ئیستادا لە ئێرەوە دەچینەوە بۆ ئەوسای ئێرە کە نە کاتەکە و نە شوێنەکە ئەوەی ئێستا نین. ئەم گەڕانەوەیەش لە ڕووی کۆمەڵایەتی و مێژووییەوە بایەخی خۆیی هەیە و کەسێتێکمان بۆ ئامادە

دەکات کە هەمیشە لە ساتەوەختی ئێستادا پەیوەستە بە ڕابردووەوە بەڵام دەبێ بزانین کە زۆرجار ئەو پەیوەستبوونە بە مەبەستی گەڕانەوە نییە بۆ ڕابردوو هەتا ڕابردوو، ئەزموونەکانی ڕابردوو بکرێتە بنەما بۆ بنیادنانی ئاینده، بێگومان ئەگەر ئامانجی گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانی ڕابردوو بەم ئاراستەیە بێت ئەوە بایەخێکی زۆری دەبێت، خۆ ئەگەر گەڕانەوەش بۆ ڕابردوو بە مەبەستی ڕاکردن بێت لە ئێستا و لە ترسی داهاتوو ئەوا پاڵەوان یان کەسێتێکمان بۆ ئامادە دەبێت کە پرۆژەی ئایندەیی نییە، بێگومان حسێن عارف وەکو چیرۆکنووسێکی شارەزا کۆتاییەکی کراوە لە بەردەم لێکدانەوەی ئێمەدا بۆ جوڵەی پاڵەوانەکەی بەجێدەهێڵێت کە ئەوەش لە ئاستێکی تردا ڕوانینێکی کراوە بۆ لێکدانەوەی جوڵە و ئاستی گۆڕانکاری و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی دێنێتە ئاراوە و پێمان دەڵێت مێژوو یان بە واتایەکی تر ڕابردوو نەك هەر لە ڕووی ئامادەبوونی شارستانی و بوونی بە بنەما بۆ سەلماندنی ئێستا و بنیادنانی ئاینده گرنگە، بەڵکو بە پێی تاکە کەسیش ڕابردوو ڕووبەرێکی فراوان لە نەست داگیردەکات و خاڵرێژی بنەماکانی کەسایەتی مرۆڤ دەکات بە واتایەکی تر ڕابردوو لە کەسێتی مرۆڤدا ئامادەبوونێکی بەردەوامی هەیە بە جۆرێك کە جیابوونەوە و پەرتبوون لێی هەروا ئاسان نییە، دابونەریت و تەقالیدە کۆمەڵایەتییەکان کە بە پێی نەوەکان بە ئاسانی ناگۆڕێن و لە ڕابردووەوە نەوە بە نەوە بەرەو ئێستا و داهاتوو دێن بە کاریگەری پەیوەستبوونی مرۆڤە بە ڕابردووەوە، یان بە قسەیەکی تر لەبەرئەوەیە کە ڕابردوو پانتاییەکی دیاریکراو لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی و تەنانەت نەستی تاکەکەسیش داگیردەکات.

لەو کۆمەڵگایانەدا کەلە ئێستادا خاوەنی هیچ نین و وا هەست دەکەن ڕابردوو مێژوویەکی پڕ لە ئامادەبوون و پڕ لە سەروەری بووە بۆیان، هەمیشە ئێستا بەجێدەهێڵن و دەگەڕێینەوە بۆ ئەو ڕابردووە و لەم حاڵەتەدا وەك مێژوویەکی پیرۆز سەیری دەکەن کە بێگومان ئەمەیان وایان لێدەکات نەتوانن بە ئاسانی جوڵەی بەرەو ئایندەیان هەبێت، بەڵکو هەمیشە چاویان لە پیرۆزی ڕابردووەوەیە

لــە كاتێكــدا دەبــێ بــزانین هــیچ ڕابردوویــەك پــیرۆز نییــە مــادەم مــرۆڤ تیایــدا نەگەیشتۆتە ئاستی بەدەستهێنانی هەموو ویستە مادی و ڕۆحییەكانی، مادەم جۆرێك لە ترس هەڕەشە لە مرۆڤ دەكات كە ئەویش ترسی مردنە. ڕەنگە لێرەوە بە دیوێكی تریشدا بتوانین لێكدانەوەی گەڕانەوەی پاڵەوان بۆ ڕابردوو بۆ سەردەمی منداڵی بكەین كە ئەویش لەژێر كاریگەری مەترسی پیربوون و مەترسی مردندا بێت، ڕاستە پاڵەوان لە ئێستادا نەگەیشتۆتە تەمەنێكی وا ترسناك بەڵام هەست بە هەڵچوونی تەمەنی دەكات، لەبەرئەوە دەشێ گەڕانەوە بۆ سەردەمی منداڵی و یاری نێو كۆڵان بۆ لەبیربردنەوەی تەمەنی ئێستا بێت.

دواجار پاڵەوانی چیرۆكەكە شریتی خەیاڵەكانی بە ناوهێنان یان بانگكردنی حەمە جەزا لەبەرخۆیەوە دەیچڕێت و دەگەڕێتەوە حاڵەتی ئاسایی، لێرەوە گەڕانەوە كۆتایی دێت واتە سەفەرە ئەفسووناوییەكە بەرەو كۆتایی دەچێت. هەرچەند سەفەرەكەی ئەم هەر لە سنووری كۆڵان و بیرەوەرییەكانی كۆڵانیشدا نامێنێتەوە بەڵكو كۆڵان بەجێدێڵێت و دەگاتە كەركوك ئەویش لەو سەفەرەدا كە لەگەڵ دایكیدا بە دوای برا گەورەكەیدا دەیكات، دیارە كاكی جۆرێكە لە ڕەتكردنەوەی دەسەڵاتی باوكی، بەڵام زۆری پێناچێت كە دەگەڕێتەوە واتە دێتەوە سایەی هەمان دەسەڵات، دەشی ئەمە لە واقیعی دەرەوەی دەقەكەشدا هاوشێوەی ئاشكرای هەبێت بە تایبەتی لە ڕۆژهەڵات و كۆمەڵگاكانی وەكو ئێمەدا كە توێژێك یان كۆمەڵە خەڵكێك یان تەنانەت نەتەوەیەك دەسەڵاتی بەڕێوەبردن ڕەتدەكەنەوە و بۆ ماوەیەك دەكەونە خەبات، بەڵام دواجار دێنەوە سایەی هەمان دەسەڵات هەرچەندە پاڵەوانی چیرۆكەكە تەنیا ئەو دەسەڵاتەی ڕەت كردۆتەوە و هیچ جوڵەیەكی بە دژی نەكردووە.

یان لە كاری حیزبایەتی ئێمەدا بە ئاشكرا دەبینیت دەستەیەك یان كۆمەڵە كەسانێك دەسەڵاتی ناوەندی حیزب كە وێنەی باوكە ڕەت دەكەنەوە و دەیانەوێت بانگەشەی بە باوك بوونی خۆیان بكەن بەڵام كاتێ بۆیان دەردەكەوێت كە ناتوانن ببن بە باوك بە زوویی ملكەچی دەسەڵاتی ناوەندی حیزب دەبنەوە و دێنەوە

سایەی هەمان دەسەڵاتی باوکی حیزبی، کە ئەمجارەیان لە وێنەی کوڕێکی دڵسۆزدا خۆیان نیشان دەدەن بۆئەوەی شکستی ڕابردووی خۆیان بشاردنەوە یان لەبیر ببەنەوە. مێژووی چل ساڵی ڕابردووی ئێمە گەلێك وێنەی لەم جۆرەی تێدایە، واتە وێنەی کەسێتی (چیرۆکی سەفەرێکی ئەفسووناوی کە دەسەڵاتی باوك ڕەتدەکاتەوە و لە کورتترین ماوەدا لەبەرئەوەی ناتوانێت خۆی ببێتە باوك دێتەوە سایەی باوکی یەکەم.

دوای ئەوەی کە پاڵەوانی چیرۆکەکە لە لایەن هاوەڵەکەیەوە وریا دەکرێتەوە و گەڕانەوە بۆ یادەوەرییەکانی ڕابردوو کۆتایی دێت، لە بەردەم ڕووبەڕووبوونەوەدا خۆی دەبینێتەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکی کوێڵان، گەنجێك پرسیاری ئەوەی لێدەکات کە داخۆ بە دوای چ ماڵێکدا وێڵە، ئەم پرسیارە دەرگای ئاشنابوونەوەی بە خەڵکی کوێڵان و ناسیارانی ڕابردووی بۆ دەکاتەوە. ئەو پیرەمێردەی کە ئێستا جێنشینی خانووەکەی پێشتری ئەوانە دەیناسێتەوە و دەیباتە ماڵەوە. بۆی دەردەکەوێت کە بێجگە لە هەندێ شتی سادە خانووەکە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆی بەسەردا نەهاتووە هەروەك پیرەمێردەکە ئاماژە بۆئەوە دەکات کە ئەمیش وەکو باوکی بیری تیژە، گێڕەرەوەی چیرۆکەکە پێمان دەڵێت لە ڕاستیدا ئەو پیرەمێردەش خاوەنی بیرەوەرییەکی دەوڵەمەند بوو.

ئێستا دەبینین ئەو خانووەی کە ئەوسا مڵکی باوکی پاڵەوان بوو ئێستا مڵکی پیاوێکی ترە، بێگومان لە ئاستە دیارەکەیدا ئەوە دیاردەیەکی ئاساییە کە کەسێك خانووی خۆی یان هەر مڵکێکی خۆی بفرۆشێت بە کەسێکی تر، بەڵام دەشێ لە پشتی ئەم گواستنەوەیەوە، واتە خاوەندارێتی گواستنەوەی ئەو خانووە لە باوکی پاڵەوانەوە بۆ پیرەمێردەکەی ئێستا دەلالەتی گواستنەوەی دەسەڵاتی هەبێت، ئەگەر ئەو ماڵە بە نیشتیمان یان زێد و شوێنی ژیانی کەسانێك دابنێین، واتە هەرچۆن دەسەڵات بەردەوام لە کەسێك و بنەماڵەیەك و حیزبێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ کەس و بنەماڵە و حیزبی تر، بە هەمان شێوە دەسەڵات لە ماڵە کۆنەکەی باوکی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە گواستراوەتەوە بۆ کەس و ماڵێکی تر و ئەوان دەسەڵاتدار و

ئێستا فەرمانڕەوای ئەو ماڵەن و خاوەنی پێشووی کە دەسەڵاتداری پێشتر بوو تەنانەت چارەنووسیشی دیار نییە. واتە لێرەدا دەشێ وا لێکبدرێتەوە مەبەست لەو خاوەندێتی گۆڕینەی ماڵەکە گۆڕینی دەسەڵاتە لە ئاستێکی فراوانتردا، هەروەك دەریش دەکەوێت لە نێوان دەسەڵاتی پێشتر و دەسەڵاتی ئێستادا گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ڕووی نەداوە. ئەمەش واقیعی گۆڕینی دەسەڵاتە لە کۆمەڵگا داخراوەکانی ڕۆژهەڵاتدا کە هەرکەس لە ترۆپکی دەسەڵاتدا جیاوازییەکی ئەوتۆی نابێت لەگەڵ کەسانی تر، بۆ نموونە جیاوازی دەسەلاتی دەوڵەتی ئایین و دەسەڵاتی دەوڵەتی خۆ بە عیلمانی زان ئەوەندە دیار نییە کە شایانی باس بێت هەروەك جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان ئەو ڕژێمە دیکتاتۆرە و ئەو ڕژێمەدا نییە کە بە حساب شۆڕشی دژی ڕژێمی دەسەڵاتی دیکتاتۆری پێشتر هێناویەتییە سەر کورسی دەسەڵات، مەسەلەکەش ئەوەیە کە گۆڕانکاری لە ناوەوەی کۆمەڵگا، لە گەوهەر و ماهیەتدا ڕووی نەداوە بەڵکو تەنیا ڕووکەش گۆڕاوە، ئەمەش هەم خاسێتی گۆڕانکارییەکانی دەسەڵاتە لە ڕۆژهەڵاتدا، هەم هاوشێوەیەی ئەو بۆچوونەیە کە لە سەرەتاوە خستمانە ڕوو کە هەتاکو گۆڕانکاری لە گەوهەر و ماهیەتدا ڕوونەدات، ڕووکەش و ڕوخساری دەرەوە گوزارشتێکی دروست لە ناوەڕۆك و گەوهەر ناکەن. دیارە گۆڕانکاری زۆر کەم کە خاوەنی نوێی خانووەکەی باوکی پاڵەوانی چیرۆکەکە کە لە خانووەکەدا کردوویەتی هاوشێوەی ئەو گۆڕانە زۆر کەمەیە کە لە کاتی گواستنەوەی دەسەڵات لە کەسێکەوە یان لە بنەماڵە و دەستە و حیزبێکەوە بۆ یەکێکی تر ڕوودەدات.

کۆتایی چیرۆکەکە بە باسکردنی دەوڵەمەندیی بیرەوەرییەکانی باوکی پاڵەوان و کڕیاری خانووەکەی دەگاتە ئەنجام. بە ئەندازەیەك گێڕەرەوە باسی کڕیاری خانووەکە وەکو سەرچاوە یان بیرەوەرییەکانی مێژووی شار باس دەکات. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ناکرێت بەبێ بوونی مێژوو لە ئێستاشدا ئامادەبوونت هەبێت و ببیتە خاوەنی دەسەلات، ئەوەتا هەردوو خاوەنی خانووەکە هەریەکە (سنگی) مێژوویەکە بۆ خۆی. لێرەدا چیرۆکنووس پێمان دەڵێت ناکرێت دەسەڵات

بەبێ مێژوو، بەبێ فەرهەنگ و بەبێ کەلتور بتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنێت و ئامادەبوونی هەبێت، مەبەست لە مێژووش لێرەدا سەرجەم بنەماو پێداویستییەکانە بۆ بەدەستهێنانی بوون و ناسنامە لە ئێستادا.

چیرۆکی سەفەرێکی ئەفسووناوی بیبلۆگرافیای پاڵەوانێکمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لە ئێستادا سەفەر دەکاتەوە بۆ نێو ئەو ڕووبەرە جوگرافییەی کە بنەماکانی بوون و خۆسەلماندنیان تێدایە، لە وێنەوە درێژەی خاسێتەکانی ئەو جوگرافیایە و چۆنێتی کارتێداکردنی پێکهاتە و بنەماکانیمان دەهێنێتەوە یاد بەو مەبەستەی بیرمان بخاتەوە کە ئەو پاڵەوانە وێنەی بەرجەستەی هەریەکە لە ئێمەی بێ مێژوو، بێ ڕابردوویەکی گەش و وەستاوە لە بەردەم مەترسی ئایندەدا. پاڵەوانی سەفەرێکی ئەفسووناوی، سەفەرێك لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا تێکەڵاو دەکات بە ئومێدی گەیشتن بە ئاستێك کە بنەماکانی ئامادەبوون و خۆسەلماندن دەستەبەر بکات.

پاڵەوانی (سەفەرێکی ئەفسووناوی) بە یارمەتی ڕێنیشاندەرێك کە ناسنامەکەی بە تەواوی ئاشکرا نییە، دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی بۆ سەر زێد و شوێنی سەردەمی منداڵی خۆی. ئەگەر لە ئاستێکی قوڵتردا سەیر بکەین ئەوا پاڵەوان کەسێتی نەتەوەیی ئێمەیە کە خۆی نەیتوانیووە بگەڕێتەوە بۆ نێو مێژووی خۆی و هەمیشە چاوەڕوانی ئەوە بووە ئەوانی تر ڕێنومایی بکەن بۆ گەڕانەوە بۆ نێو ئەو مێژووە. خۆ ئەگەر سەفەرەکەش لە گەڕانەوەوە بۆ ڕابردوو بگۆڕین بۆ سەفەری ئێستا ئەوا کەسێتی کوردی بەردەوام لە شێوازی پاشکۆدا دەردەکەوێت کە ئەوانی تر ڕێگای نیشان دەدەن و پێشڕەوایەتی دەکەن بۆ گەیشتن بە ئامانج کە ئەمەش حاڵەتێکی نائاساییە و لاوازی ئەو کەسێتە دەگەیەنێت کە بە تەواوەتی هاوشێوەی کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە.

کانونی یەکەم/ 2002

# بەشی سێیەم

## خوێندنەوەی چیرۆکی "ملوانکەی ستیل"ی

## محەمەد فەریق حەسەن

ملوانکەی ستیل یەکێکە لە چیرۆکەکانی ئەم دواییەی محەمەد فەریق حەسەن. مێژووی ئەو ڕووداوانەی کە چیرۆکەکە لێیان دەدوێت مێژووی دوای ڕاپەڕینە. پاڵەوانی چیرۆکەکە (مەردان) یەکێکە لەو کەسانەی کە بەشداری ڕاپەڕینی کردووە ئەندامێکی ئاسایی نێو کۆمەڵگەیە و لە ڕووی چینایەتییەوە لە چینی خوارەوەیە و پێشتر جوتیار بووە.

شوێنی ڕووداو لە چیرۆکەکەدا لە ئۆردوگایەکی ئاوارەکانەوە دەست پێدەکات و هەتا قەدپاڵی چیایەك درێژە دەکێشێت.

لوتکەی کردار لە قەدپاڵی چیایەکی بە مین چێنراودا دەگاتە ئەنجام.

چیرۆکنووس وێنەیەکی تراژیدی کە وێنەیەکی ڕیالیستییە لەم چیرۆکەدا پێشکەش دەکات، لە میانەی بەرجەستەکردنی ئەو وێنەیەوە خوێندنەوەیەکی ورد و جدیانەی واقعی کوردستانی دوای ڕاپەڕین دەکات و تێکڕای سەرەداوەکان پێکەوە گرێ دەداتەوە بۆئەوەی هۆکارەکانی شکستی ئێستە لە چۆنێتی ژیان و جوڵەی پاڵەوانەکەیەوە بخاتەڕوو ئەویش هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە تا ئەو کاتەی دەیسپێرێت بە مردن.

### زەمینەی مێژوویی چیرۆکەکە

چیرۆکەکە مێژووی دوای ڕاپەڕین دەگرێتەوە. ئەگەر سەرنجی ئەو مێژووە بدەین کە چوار ساڵ دوای ڕاپەڕینی مەردان و هەموو جەماوەرە، گەلی کورد لە بارێکی ناهەمواردا ژیان بەڕێ دەکات و دووچاری شەڕی نێوخۆ هاتووە و

کارەساتی شەڕیش بۆتە مایەی ماڵوێرانی و بێئومێدی. برسێتی و نەداری زیاتر لە هەموو کاتێکی پێشتر وەك مۆتەکە چۆکی لەسەر سنگی میللەت داداوە. ئومێدی خەڵك بە ئایندە لەم ساتەوەختەدا زۆر لاوازە، ئایندە لێڵ و بێ تروسکەیە. ئەو ئومێدەی کە لەمێژ بوو میللەت چاوەڕوانی دەکرد و دەشیا بەشێکی زۆری بهاتبایەتە دی، لە ئەنجامی کارەساتی شەڕی نێوخۆدا بەرەو هەرەس چوو. چیرۆکی (ملوانکەی ستیل) لە ساتەوەختێکی ئاوا دەدوێ. ساتەوەختی هەرەسی هیوای گەل، ساتەوەختی جەنگی نێوان براکان، ساتەوەختی ئاراستەکردنی لولەی تفەنگەکان بۆ کوشتنی ئایندە.

## زەمینەی کۆمەڵایەتی چیرۆکەکە

چیرۆکی (ملوانکەی ستیل) لە سەردەمێك دەدوێت کە کۆمەڵگەی کوردەواری لە رووی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و بەڕێوەچوونی ژیانەوە لە ترسناکترین کاتدایە و قۆناغێکە دەشێ بە قۆناغی هەڵوەشاندن و لێکپچڕاندنی کۆمەڵایەتی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناودێر بکەین، چونکە کۆمەڵگەی کوردەواری لەم قۆناغەدا لەژێر کاریگەری چەند هۆکارێکی زەقدا بە ئاشکرا بەرەو هەڵوەشاندنەوە دەچێت و دەشێ پێی بڵێین قۆناغی ونبوونی پێوەندی کە ئەوەش بە گوێرەی هەر کۆمەڵگەیەك سامناکترین قۆناغە.

## ئەو مێژووەی کە چیرۆکەکە لێی دەدوێ

کۆمەڵگەی کوردەواری قۆناغی بەر لە ڕاپەڕینی بەجێهێشت. ئەو قۆناغەی کە فشاری داگیرکەر تیایدا، بووە هۆی ئەوەی کە کورد وەك یەك جەستەی پتە و خۆی نیشان بدات، گەرچی ئەو یەك جەستەییە تەنیا لە ڕووی مەعنەویشەوە بووبێت توانای ئەوەی هەبوو کە تێکڕای میللەت وەك یەك قەوارەی یەکگرتوو دەربخات کە ئەوەش بۆتە هۆی شاردنەوەی کەلێن و بۆشاییە بچووکەکان. بەڵام ڕاپەڕین ئەو حاڵەتی خامۆشی و کپییەی orووژاند و نەشیتوانی بیگوزاێتەوە بۆ

قۆناغی گەشەسەندووتری کۆمەڵایەتی، بەڵکو لە حاڵەتی ورووژاندا بەجێما، کە ئەوەش حاڵەتێکی ناسەقامگیرە و بەها کۆمەڵایەتییەکانیش لەم حاڵەتەدا دووچاری هەڵوەشاندنەوە و پێلێنان دەبن. لەم بارە ناهەموارەدا پێوەندی کۆمەڵایەتی توند و پتەوی نێوان ئەندامی کۆمەڵگەی کوردەواری هەڵوەشایەوە و هیچ پێوەرێکی ئەخلاقی و سیاسی و کۆمەڵایەتی جێگیر نەما بە واتا قۆناغی نوسینی چیرۆکی (ملوانکەی ستیل) دەشێ بە قۆناغی ونبوون ناوبرێت. پاڵەوانی چیرۆکی (ملوانکەی ستیل) لە قۆناغێکی کۆمەڵگای ئێمەدا هەڵسوکەوت دەکات قۆناغێك کە هەموو ئامانجێك تێیدا بۆتە هەوڵدان بۆ دابینکردنی بژێوی، بێ گوێدانە پەیوەست بوون بە عادات و تەقالید و ئەخلاق و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە.

## بنەمای کۆمەڵایەتی پاڵەوانی چیرۆکەکە

پاڵەوانی چیرۆکی (ملوانکەی ستیل) ناوی (مەردان)ە جوتیارێکی نیشتەجێی (دووز) بووە، بەر لە ڕاپەڕین. کەواتە هەر لێرەوە بنەمای کۆمەڵایەتی پاڵەوان ئاشکرا دەبێت کە کەسێکی سادەی توێژێکی کۆمەڵایەتی ناجێگیرە. ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی کە لە بزوتنەوەی ڕزگاری کوردا هەر لەمێژە تا ئێستە پاڵپشت و هێزی بەردەوامی بزوتنەوەکە بوون، بێ ئەوەی خۆیان ڕابەر بووبن هەر بۆیە لە بڕیاردا، ئەمان هیچ دەورێکیان نەبووە و کاریگەری سلبی بڕیارەکانیش یەکەمجار ئەمانی گرتۆتەوە، گوندەکانیان وێران کراوە، ئاوارەکراون، گیراون، بۆردوومان کراون، نەفی کراون. کیمیاباران کراون، ئازاردراون. ئەنفال بردوونی، لە دووای هەموو کارەساتەکانیش ئەگەر بزوتنەوەکە هەناسەیەکی نیمچە سەرکەوتنی دابێت ئەو ا ئەوان پشتگوێ خراون و لەیاد چوونەتەوە.

(مەردان) ئەو جوتیارەیە کە وەك سەرجەمی جەماوەری میللەتەکەی بە دەستی بەتاڵ لە ڕاپەڕینەکەدا پەلاماری قەڵای ستەمیان دا و ئەمان لە (دووز)ی شارۆچکەی زێدی خۆیان بینای ئیداری و سەربازی دەسەڵاتیان ڕووخاند

بەرلەوەی کە بزوتنەوەکە بەرنامەی لەوجۆرەی هەبێت یان ڕزگارکردنی کوردستان لە نیەتیدا هەبێت. ئەمەش دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونەی کە بەر لە ڕاپەڕین بزوتنەوەی سیاسی کورد چاوەڕوانی ئەوەی نەکردبوو، بە تایبەتی لەبەرئەوەی عەقڵی بزوتنەوەکە عەقڵی جوتیاری و وردەبۆرژوا بەڕێوەی دەبات توانای هیچ پێشبینیکردنێکی نییە هەربۆیە هەمان شێوەی (مەردان)ی جوتیاری ئەوسا نیشتەجێی دووز ئەویش بە دوای ڕووداوەکاندا کێش دەبێت.

## کەسیەتی مەردان لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سیاسییەوە

مەردان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە جوتیارێکی سادەی سەرسنووری کوردستانە، کە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناوچەکەی بە حوکمی نزیکی و تێکەڵاوبوون لەگەڵ عەرەبدا زیاتر کاری تێکردووە و بەشێك لە دابونەریتی خۆماڵی کوردانەی لە یاد کردووە و ماهیەتی مرۆڤێکی چیایی نییە. ئەو حاڵەتی نزیکییەی لەگەڵ نەتەوەی داگیرکەری وڵاتەکەیدا زۆرجار یان دەبێتە تەماهی کردن و ونبوون و وابەستەبوونی نەتەوەیی یان بە پێچەوانەوە کەسێتییەکی زۆر توندڕەوی تەنگەنەفەس دەردەچێت، مەردان لە جۆری دووەمیانە و دوواجاریش ڕەفزی گەڕانەوە بۆ دووز دەکات و هەر ئەو ڕەفزکردنەش دەبێتە هۆی لەناوچوونی (مەردان). خۆیشی وەك جوتیارێك کەسێکی ناسەقامگیرە و لە دوای بەرژەوەندی تایبەتی دەڕوات ئەگەر وەك ئەندامێکی جەماوەرێکی بەرفراوان (لاوەعی) کوێرانە بیخاتە ریزی ڕاپەڕینەوە، ئەوا ناتوانین چاو لەو ڕاستییە بپۆشین کە "مەردان" وەك جوتیار کەسێکی خۆپارێزە و دەشێ بە نوێنەری بەشی هەرە زۆری ئەو جەماوەرەی دابنێین کە لە مێژووی بزوتنەوەی کوردایەتیدا سوتەمەنی و هێزی بزوێنەر بوون بە واتا کەسیەتی کۆمەڵایەتی "مەردان" ناسنامەی هێزی بزوتنەوەکە و لە هەمان کاتدا عەقڵی بزوتنەوەکەش دەردەخات کە لە سنووری عەقڵ و میکانیزمی کارکردنی عەقڵی جوتیاریدایە.

"مەردان" لە ڕووی سیاسیەوە بریتییە لە کەسیەتی بزوتنەوەی کورد یان بە واتایەکی دی بریتییە لەو هێز و جەماوەرەی کە بە دەستی بەتاڵ هەڵیانکوتایە سەر قەڵای دەسەڵات و ڕایانماڵی و توانیان لە کورتترین ماوەدا کوردستان پاك بکەنەوە لە دوژمنان. بەڵام شۆڕشەکەی مەردان و مەردانەکانی تر زوو هەرەسی هێنا، بۆ؟ لەبەرئەوەی بە سروشتی دروست نەبووبوو، لە ناخی کۆمەڵگەوە هەڵنەقولابوو، ڕووداوێکی بە پەلەی ژێر هۆکاری دەرەکی بوو. لە ئەنجامی گۆڕانکاری دیالیکتیکیانەی نێو خۆی کۆمەڵگەوە نەهاتبووە دی دەشێ (مەردان) لە ڕوانگەی بەستنەوەی ڕاستەوخۆی بە ڕاپەڕینەوە لێکدانەوە بۆ خۆی و بۆ (کۆڵەکەی) بکرێت مەردان بریتییە لە هێزی ڕاپەڕیوی جەماوەر، کۆڵەکەی پشتی بەرهەمی ڕاپەڕینە.

مەردان مەبەستی بوو کۆڵەکەی بگەیەنێتە جێگەی مەبەست و پارەی دوو فەردە ئارد وەربگرێت. ئەوەش ڕۆحی شۆڕشگێڕانەی جوتیارێکی نیشتەجێی دووز و هەموو بستێکی تری کوردستانە. ئەو جەماوەرە سادەیەی کە دەشێ بۆ شۆڕشی گەورە و مەزن بەکاربهێنرێن. مەردان وەك مرۆڤێکی کۆڵنەدەر ئەو ڕێگەیەی لەبەر گرتووە بەری نادات ئەگەر سەری خۆیشی تیابچێت. بەڵام داخۆ هاوشێوەی مەردان کە بزوتنەوەی کورد بوو چی لە بەرهەمی ڕاپەڕین کرد؟ مەردان و هەموو مەردانەکانی تر ڕاپەڕینیان کرد و شاری ڕزگارکراو و کوردستانی پاکراوەیان پێشکەشی بزوتنەوەکە کرد. بزوتنەوەکەش هەر لە سەرەتاوە بۆئەوەی بە هەموو مەردانەکان بڵێ ئێوە چین؟ بەرهەمی ڕاپەڕین کە (ئازادی) بوو پێچایانەوە و لە کۆڵێکی گەلێك گەورەتر لە کۆڵەکەی مەردان تەسلیمی ئەملاو ئەولایان کرد و مەردانەکانیان ڕەنج بێوەر و دڵشکاو کرد. بە واتایەکی تر هەرچۆن مەردان کۆڵەکەی دەگۆڕیەوە بە پارەی دوو فەردە ئارد، بزوتنەوەکەش بەرهەمی ڕاپەڕینی گۆڕییەوە بە کۆمەڵێ کالای بەنرختر و لە یەکەم مانگی ڕاپەڕیندا گەورەترین هەرەسی پێهێنا. بۆیە دەشێ کۆڵەکەی مەردان بە بەرهەمی ڕاپەڕین دابنرێت.

**هەروەها گێڕانەوەی کۆڵەکەی مەردان بۆ ئێران دەلالـەتێکی خـراپتر بۆ ڕاپـەڕین فەراهەم دەکات ئەویش ئەوەیە کە ئاگری ڕاپەڕین لەوێوە گڕ درابێت بـە مەبەسـتی تۆڵەی جەنگی نێوانیان و لە پێناوی بردنەوەی لاشەی سەربازە ونبووەکانیـان. کـە مەبەسـتەکەش لـەوە ئاشـکراتر ئەوەیـە ڕاپـەڕین بـۆ هەڵوەشـاندنەوەی مەترسـی سوپای عێراق بـۆ سـەر سنورەکانی ئێـران بـەرپا کرابێت. ئەگـەر لـەم ڕووانگەیـەوە بڕوانینە ڕاپەڕینەکەی مەردان هەموو مەردانەکانی تریش ئـەوە بنەمایـەکی خراپـی بۆ دەدۆزینـەوە ڕەنگـە هـەر ئـەوەش هۆکـاری سـەرەکی هەرەسـهێنانی بێـت، بـەڵاك گومان لەوە ناکرێت کە مەردان و هاوڕێکانی کە بـریتین لـە جـەماوەری سـادە و بـێ ئاگا بەوپـەڕی دڵسۆزییەوە ڕاپـەڕینیان کـرد، بـەڵام کـردەی ئـەمان و بـردەی ئـەوانی نادڵسۆز ئەنجامی بەو کارەساتە گەیاند کە هەموو مەردانـەکان ئـاوارەی نـاو وڵاتـی خۆیــان و تەنانــەت ئــاوارەی نــاو مــاڵی خۆشــیان کــرد و وای لێکــردن هیــوای ئاوارەبوونی هەمیشەیی بخـوازن و ڕێگـەی بەجێهێشـتنی ئـەو خاکـە لەبـەربگرن کـە زێـد و نیشـتمانیانە و ئــەمان کەرامــەتیان تێیــدا پــارێزراو نییــە و دەبــێ شــێوەی مەردان پارووی ژیان بەدەس بهێنن.**

## باری دەروونی پاڵەوانی چیرۆکەکە

**مەردانی پاڵەوانی چیرۆکی ملوانکەی ستیل سەر بـە پێکهاتەیـەکی کۆمەڵایـەتی نـاجێگیرە. وەك هــەر ئەنـدامێکی ئـەو توێـژە کۆمەڵایەتییـە خۆپـارێزە و لـە هــەمان کاتــدا لــە ڕووی دەرونییــەوە لــە حاڵــەتی قەڵــەق و دوودڵیــدا دەژی، ناتوانێــت حاڵەتێکی جێگیر و چەسپاو وەربگرێت. ئەوەش وەهـای لێدەکات کـە بـە گومـان و دوودڵییەوە هەڵسوکەوت بکـات، چونکە بـەردەوام لـە ئـەنجام دەترسێت ناتوانێت پێشبینی هیچ شتێك بکـات بۆیـە هـەر ڕووداوێکی نائاسایی کە ڕوو دەدات کـاری لێدەکات و بـەردەوام لـە بـارێکی دەروونـی ناهاوسـەنگدا دەژی چـونکە بـە تونـدی خـۆی بەسـتۆتەوە بـە ڕابـردووەوە و لـە هـەموو گۆڕانکارییـەك دەترسـێ، نـاتوانێ شۆڕشگێڕ بێت چونکە ئێستەی پێ نـەفی نـاکرێ و ناشـتوانێ سـەیری ڕابـردوو بـە**

پیرۆز بکات ئەم حاڵەتە دەروونییە وای لە مەردان کردووە کە لە ژیانی خۆیدا بە گومانەوە هەڵسوکەوت بکات، هەر لێرەوە سەرەتای پراکتیك کردن لەسەر بنەمای گومان لای مەردان دەردەکەوێت (کاتێ بەیانی زوو بە نهێنی، تەنانەت بێ ئەوەی ژنەکەشی ئاگادار بکات گونیە کۆنێك هەڵدەگرێ و دوو نان ئەئاخنێتە گیرفانی و بۆی دەردەچێت). ئەوە ئاشکرا دەبێت کە مەردان گومان لە هەموو کەس دەکات، یان بە لایەنی کەمەوە بڕوای بە کەس نییە تا دەربارەی نەخشەکەی شتێکی بۆ باس بکات. دەستکردن بە سەفەرێکی سەخت و گومان کردنیش لە هەموو کەسێ و هەوڵدان بۆ شاردنەوەی مانای بەرد لە سەر نانی ڕاستییەکان وەك نهێنی، ئەوەش هەرەسهێنانی بڕوایە، ئەو سەرەتایەش بەرەو ونبوونی یەکجاری دەیبات، ونبوونێك کە هیچ ئاسەوارێکی بەجێ نەمێنێت.

لێرەوە ناسنامەی مەردان و ناسنامەی کەسییەتی بزووتنەوەی کورد دەبن بە یەك کە هیچیان بڕوایان بە دەوری خۆیان نییە ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە بزووتنەوەی کورد هەرچۆن بنیادێکی شلۆقی هەیە لە ڕووی دەروونی و عەقڵیشەوە پێکهاتەیەکی دەروونی و عەقڵی جوتیارییە بە هەمان شێوەی کەسیەتی مەردان.

ژیانی پاڵەوانی چیرۆکی (ملوانکەی ستیل) لە ڕووی گەشە و بەرەو پێشەوەچوونی ڕووداوەکانیەوە پەیوەستی بە کات دەبێت لە چوار قۆناغ.

یەکەم: قۆناغی ڕابردوو واتە زەمەنی بەر لە دەستدانی کارەکەی واتە مێژووی مەردان پێش دەستکردن بە پرۆژەی گۆڕینەوەی ئێسك و پروسك بە ئارد.

دووەم: قۆناغی چالاکی نواندن کە لەو ساتەوە دەستپێدەکا، کە مەردان بەیانی زوو لە ماڵ دەچێتە دەر بە خۆی و کۆڵێکەوە قەدی چیا لە بەر دەگرێت تا چرکەی تەقینەوەی مینەکان کە ئەوەش لوتکەی ڕووداوە لە چیرۆکەکەدا.

سێیەم: ئەو ساتەوەختە کورتەی کە مەردان پێکراوە تا گیانی دەردەچێت.

چوارەم: قۆناغی دوای مردنی مەردان و هاوشێوەبوونی مەردان لەگەڵ (فرامەرز)ی ئێستە کە لە ئێسك و پروسك پێکهاتووە.

چیرۆکنووس وەك چاودێرێکی وریا وێنەیەکی زیندووی ڕیالیستانەی هەر چوار قۆناغەکە دەگرێت. زمانی ئاراستەکردنەکەشی لەبەرئەوەی قسەکردنە بۆ کەسی دووەم (کە ئەوەش خوێندنەوەی کەسیەتی پاڵەوانەکەیە لە دیوی دەرەوە) یارمەتی ئەو بەرجەستەکردنەیە دەدات و لە هەمان کاتدا زمان ئەرکی ورياکردنەوە و ئاگادارکردنەوەش دەبینێ و هەر لە سەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکەکەوە کە بە پێی کردار قۆناغی دووەمە لە ژیانی پاڵەوانەکە زمان بەرنامەی ئێستەی پاڵەوانەکە واتە قۆناغی دووەم و قۆناغی دوواتریش واتە قۆناغی سێیەم دادەنێت. مەردان بە پێی فەرمانەکانی چیرۆکنووس دەجوڵێت. ئەمەش ئەوا ناگەیەنێت کە چیرۆکنووس بیروباوەڕەکانی خۆی بەسەر کەسییەتی مەرداندا دەسەپێنێ، نەخێر بەڵکو ڕێگە دەبات بە پاڵەوانەکەی بە ئارەزووی خۆی بجوڵێت بەلاّم لەو سنوورەدا کە لە ڕووی کۆمەلاّیەتی و دەروونییەوە بە پێی کەسیەتی خۆی بۆی دەگونجێت و چیرۆکنووس لەسەر بنەمای ناسینی ماهیەت و کەسییەتی کۆمەلاّیەتی خودی مەردان ئامادەی کردووە.

قۆناغی یەکەم: چیرۆکنوس لە میانەی دواندنی پاڵەوانەکەیدا لە ڕێگەی چەند ڕستەیەکەوە ڕابردووی پاڵەوانەکە دەخاتەڕوو. دەیناسێنێ. واتە لە ئێستەوە دەگەڕێتەوە و ڕابردووی نیشان دەدات بەو مەبەستەی کە کەسییەتی پاڵەوانەکەی لە ڕووی ئاستی کۆمەلاّیەتییەوە بخاتەڕوو، ئەوەش لە پێناوی چەند ئامانجێکدا کە دوواتر ئەو کەسییەتە دەبێ بەو شێوازە هەڵسوکەوت بکات. چیرۆکنووس لە میانەی ڕستەی (ئەوحەلە جوتیارێك بووی نیشتەجێی دوون) بنەمای چینایەتی پاڵەوانەکەی دەردەخات. هەر لە پاڵ خستنەڕووی ڕابردووی پاڵەوانەکەدا ڕابردووی کەسییەتی دووەمی چیرۆکەکەش نیشان دەدات کە ئێستە بریتییە لە کۆمەڵێك ئێسك و پروسك و پێش دە ساڵ لەو ساتەوەختەی کە مەردان لە گونیەیەکدا داوێتی بە کۆڵیدا و بە هیوایە بیگۆڕێتەوە بە پارەی دوو فەردە ئارد ئەو کوژراوە.

بەڵام لەمە زیاتر دەربارەی ژیانی فرامەرزی ئەسفەهانی کە ئێستە لە کۆمەڵێك ئێسك و پروسك پێکهاتووە هیچ نازانێت تەنیا ئەوەندە نەبێ کە جەنگاوەرێکی ئێرانیە لە مەیدانی جەنگ ئامادە بووە و بەشداری جەنگی کردووە و کوژراوە، قۆناغی یەکەم واتە ڕابردوو کە لە قۆناغی دووەمدا و لە ساتەوەختی ئێستەدا لە ڕووی ئاراستەکردنی ڕستەکانی قسەکەرەوە کە خودی چیرۆکنووسە پێشکەش دەکرێت بریتییە لە ئامادەکردنی زەمینەیەك بۆ بنیادنانی چیرۆکەکە و قۆناغی دووەم لەسەر ئامادەبوونی ئەم ڕابردووە هەڵدەچنرێت.

قۆناغی دووەم: چیرۆکنووس لە شوێنی چاودێردایە و لە شێوازی فەرمان کردندا دەستپێدەکات، هاوکات لەگەڵ فەرمان کردندا وەسفی حاڵەتی پاڵەوانەکە دەکات کە ئەمەش قسەکردنە لەسەر دیوی دەرەوەی ئەو کەسییەتە و جیاوازە لەوەی کە کەسییەتەکە خۆی لە شێوەی خولاندنەوەدا (منجاة النفس) دیوی ناوەی خۆی ئاشکرا بکات ئەو ڕستانەی کە چیرۆکنووس بۆ کەسی دووەم کە پاڵەوانەکەیەتی دەیدرکێنێ سەرباری حاڵەتی وەسفکردن لە شێوەی خەبەردا پیشانیان دەدات ئەوەش هەر بە مەبەستی زیاتر ناساندنی کەسیەتی پاڵەوانەکەیە.

لە قۆناغی دووەمی چیرۆکەکەدا کە لە دەستپێکردنی یەکەم ڕستەوە دەستپێدەکات دەبێت بە قۆناغی پراکتیك کردن. هەر لێرەوە چیرۆکنووس گرێیەکی هونەری بەهێز دروست دەکات و قۆناغ بە قۆناغ دەیجولێنێ تا دەگاتە لوتکە و لە شێوازی گرێی ئەرستۆیدا، لەوێشەوە قۆناغی دابەزین و بەرەو کۆتایی دەستپێدەکات.

هەر لە سەرەتای چیرۆکەکە و لە پەرەگرافی یەکەمدا (مەبەست)ی ئەو پرۆژەیەی کە پاڵەوانەکەی لە هەوڵی بە ئەنجامگەیاندیدایە دەخاتەڕوو. هەموو پراتیکێکی ئەم چیرۆکە و هەموو چالاکییەکی مەردان لە پێناوی گەیشتن بەو مەبەستەدا بنیات دەنرێت کە ئەویش پارەی دوو فەردە ئاردە.

بەڵام لە کۆتایی قۆناغی دووەمدا ئامانجی سەرەکی جێگە بۆ ئامانجێکی چاوەڕوان نەکراو، بەڵام چارەنووسسازانە چۆڵ دەکات کە پاراستنی ژیانی پاڵەوانەکە. سەرەتا پاڵەوانەکە لە پێناوی جێبەجێکردنی ئەرکێکی ئینسانیدا کە دابینکردنی بژێوییە بۆ منداڵەکانی بە کارێك هەڵدەستێت ڕەنگە لە ویژدانی خۆیدا پێی خۆش نەبێت، چیرۆکنووس ئاماژەیەکیش بۆئەوە دەکات کە ئەوە جاری یەکەم نییە کە مەردان ئەم کارە ئەنجام دەدات.

ئەگەرچی ئەم کارەش کە بریتییە لە بردنەوەی ئێسك و پروسکی سەربازە ونبووەکانی جەنگ بۆ ئێران لەگەڵ (قرص)ەکەی ملیاندا کارێکە مەگەر تەنیا لە وڵاتانی دوواکەوتوو و پڕکارەساتی وەك ئێمەدا ببێتە ڕێگە بۆ دابینکردنی بژێوی. ئا لێرەوە پاڵەوانەکە دووچاری حاڵەتی نیگەرانی و دوودڵی دەبێت بە تایبەتی کە ئێسك و پروسکی ئینسانێکی داوە بە کۆڵیدا لە پێناوی ناندا. ئاشکرا نییە کە ئەوی ئەسفەهانی چۆن و بە چ شێوەیەك هاتۆتە مەیدانی جەنگ، بەڵام لە جەنگدا ژیانی خۆیی دۆڕاند، چونکە چووە ڕیزی ونبووەکان، پاڵەوانی زیندووی چیرۆکەکە بەر لە ڕاپەڕین لەسەر زێدی خۆی بوو دەیتوانی بژێوی منداڵەکانی بەدەست بهێنێ بەڵام بە حوسن و ڕەزای خۆی بە دەستی بەتاڵ هەڵیانکوتایە سەر قەڵای ستەم ئەنجامەکەشی بەوە شکایەوە کە ئەم ناچاری هەڵهاتن بوو ئەنجام لە وڵاتی خۆیدا ئاوارە بوو و ئەوەی هەیبوو دۆڕاندی، ئێستە لە ئۆردووگایەکی ئاوارەکاندا بە برسێتی و بێکاری ژیان دەگوزەرێنێ هەر ئەم حاڵەتەش ناچاری دەکات کە پەنا بۆ کاری لەو جۆرە ببات بۆ پەیداکردنی پارەی دوو فەردە ئارد.

چیرۆکنووس هەر لە دێڕی یەکەمی چیرۆکەکەدا بە ئاماژەیەك مەردان وریا دەکاتەوە کە مەترسی لە ڕێدایە کە دەڵێت (ئێستێکی بۆ بکە کۆڵەکەت هەڵنێ و ئاگاداری بەرپێت بە) هەر لێرەوە دەبێ چاوەڕوانی کارەسات بین. لە وەسفی ڕێگەکەشدا هێندەی تر ناسنامەی ناوچەکە ئاشکرا دەکات، ناوچەیەکی چۆڵەوانی نێوان سنوری دوو وڵات کە ماوەیەکی دوور و درێژ شەڕگە بووە دووای ئەوەش بە زۆرەملێ دانیشتووانەکەی داگیراون و خاپوور کراوە و بەشی زۆریشی

مینرێـژ کـراوە. ئـا لێـرەوە دەردەکـەوێت کـە مـەردان بـەرەو پـیری چارەنووسـێکی نادیار دەچێت.

بـەڵام سـەرەتای هـەنگاوی لـەو بەیانییـە زووەوە دەسـتپێدەکات کـە مـەردان (کاڵاکـە)ی ئامـادە کردبـوو بـێ ئـەوەی کـەس ئاگـای لێـێ بێـت بـۆی دەردەچـێت ناشیەوێت ئەو کارەی دەیکات ئاشکرا بێت، چونکە سەرباری گرانی باری ژیـان لـە رووی دابونەریتی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەکەی مەردانەوە ئەوە کارێکی ناپەسەندە لـە رووی ئینسانیشـەوە کـارێکی جوامێرانـە نییـە مـرۆڤ بازرگـانی بـە لاشـە و ئێسك و پروسـکی مـردووەوە بکـات. کەواتـە مـەردان لـە نهێنییـەوە دەسـتپێدەکات و لـە ئەنجامدا خۆیشی دەبێت بە نهێنی.

مـەردان لـەو وەسـفەیدا، کـە چیرۆکنووس دەیکا هـەر لـەو کاتـەی کـە کۆڵەکـەی دەدا بە کۆڵیدا و ڕێگەی هات و نەهات لەبەر دەگرێت و زوو زوو لێوی وشك دەبن حاڵەتی قەلەق و دوودڵی پێوە دیارە بە تایبەتی باری لێو وشکبوونەکەی لە رووی دەروونییـەوە حاڵـەتی قەلـەق نیشـان دەدات، قەلـەق لـە بەرامبـەر کارێکـدا کـە بـە حوسـن و ڕەزای خـۆی نایکـات و پێویسـتی ناچـاری ئـەوەی دەکـات. بینینـی کەروێشك لە ڕێگەی سەفەردا دەلالەتێکی خراپی هەیە و بەڵگەی چاوەڕوانکردنی کارەساتە، چونکە لـە کـەلتوری ئێمـەدا وا بـاوە کـە کەروێشـك هێمـای بەدقومییـە و ئەگەر هاتە ڕێگەت سەفەر نەکەیت باشە.

لێرەدا چیرۆکنووس زیاتر زەمینـە بـۆ لـەحزەی تەقینـەوەی ڕووداوەکـان ئامـادە دەکات و ئـەوە بـە خوێنـەر ڕادەگەیـەنێت کـە چاوەڕوانبن ڕووداو لـە ڕێیـە، ئەمـەش زیـاتر سیمای دەوری گـۆرانی یـان سـروودی دوو دیمـەنی شـانۆیی برێختـی لـەخۆ گرتـووە کـە چـۆن گـۆرانی یـان سـرود لـە بینـای شـانۆی برێختیـدا ئامـاژە بـۆ ڕووداوەکانی داهاتوو دەکات.

چیرۆکنووس لەسـەر وەسـفکردنی دیـوی دەرەوە و لەوێشـەوە بـاری دەروونـی مـەردان بـەردەوام دەبێـت. مـەردان دەخاتـە ژێـر فشـاری لێکدانەوەیـەکی دەروونـی قووڵەوە کە نزیکە لەوەی هەرەسی پێبهێنێ و پایـدۆز لـەو سـەفەرەی بکـات، بـەڵام

فشاری برسێتی و نەبوونی بەهێزتر دەبن و بەرەو بەردەوامبوون پاڵی دەنێن. دەشێ مەردان لە ئەنجامی هەستکردن بەوەی کە ڕۆحی فرامەرز بەسەر سەریەوە بجووڵێتەوە دووچاری قەلەقێکی ڕۆحی و دەروونی بووبێت و ئەنجامیش وای لێهاتبێت کە نەتوانێ هەنگاو هەڵبهێنێتەوە. بەڵام چیرۆکنووس هەر زوو پاساو بۆ ئەم کارەی مەردان دەهێنێتەوە و دەیەوێت تێیبگەیەنێت کە بەردەوام بێت، چونکە کەسانێکی دی لە بری ئێسك و پروسکی سەربازی بێگانە مێژووی میللەت ئاودیو دەکەن، ئەوەتا دەڵێ:

(هەن مس، فافۆن، ئامێر، بگرە مێژووی نەتەوەیەك ئاودیو دەکەن، تۆش ئێسکە پەیکەر کە هیچ بەم عەرد و بوومەوە نایبەسیتەوە)

هەر لێرەدا هاوشێوەیی لە نێوان کۆڵەکەی مەردان و مێژووی نەتەوەدا بە گشتی و بەرهەمی ڕاپەڕین بە تایبەتی دروست دەبێت کە چۆن هەردووکیان ئاودیو دەکرێن. کارەکەی مەردان گەرچی کارێکی ناپەسەندە و لە تێڕوانینێکی ئینسانیانەوە دزێوە، بەڵام کاتێك بەراورد بکرێت بە ئاودیوکردنی مێژووی نەتەوە، ئەوە کارەکەی مەردان گەلێك سادەیە و پاساوی خۆیشی هەیە، کە بریتییە لە برسێتی و نەداری، لە کاتێکدا ئەوی تریان واتە ئاودیوکردنی مێژووی نەتەوە هیچ پاساوێکی بۆ نییە.

لەگەڵ سەرکەوتن و دابەزینی مەردانـدا بە قەدی چیادا ڕووداوی چیرۆکەکە بەرەو لوتکە دەکشێ.

مەردان ملوانکە ستیلەکە لە مل دەکات زوو زووش دەست بۆ (قرص)ەکە دەبات تا بزانێت ونی نەکردووە، بە لە ملکردنی ملوانکە، مەردان وا پێدەچێت لە ڕووی دەروونییەوە خۆی بۆ مردن ئامادە کردبێت، بەڵام بێ ئاگایە لەوەی کە ئەو ملوانکەیەی توانی (فرامەرز) لە ونبوون ڕزگار بکات نەك هەر ناتوانێت ئەم لە ونبوون ڕزگار بکات، بەڵکو بە تەواوی ونی دەکات و لە مەردانەوە دەیکا بە فرامەرزی سەربازی ئەسفەهاتی، ئەم ونبوونە چاوەڕوانکراوەش هاوشێوەی ونبوونی مێژووی میللەت بە گشتی و ڕاپەڕینەکەیە بە تایبەتی.

زیاتر هەڵکشانی ڕووداوەکانی چیرۆکەکە مەردان فڕێ دەداتە نێو مین جارێکەوە کە دەرەتانی لێ دەبڕێت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بە ناخی خۆیدا بچێتەوە و لە ڕێگەی فلاشباکەوە بگاتەوە بە جەیرانی ژنی و منداڵەکانی و بۆ ساتێك ڕابردووی نزیك بەسەربکاتەوە کە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ ئەو شەوەی پێشتر کە لە خەیاڵیدا هەبوو بۆ سبەینێی دەست بە ئەنجامدانی پرۆژەکەی بکات، بەڵام هەر زوو ئەو خەیاڵە دەپچڕێت، بە دوای ئەوەدا مەردان لە ناخی خۆیدا دەبێت بە دوو کەس، واتە دەکەوێتە باری جووت کەسایەتییەوە لەو کاتەشدا زمانی چیروکەکە لە قۆناغی پێشترەوە کە بریتی بوو لە دوواندن بۆ کەسی دووەم دەگۆڕێت بۆ گفتوگۆ (حوار) لە نێوان دوو کەسییەتەکەی مەرداندا، واتە مەردان دەبێتە دوو مەردان لە خودی خۆیدا ئێستە پێکەوە دەدوێن مەردانێك کە پێدەچێت ڕۆحی مەردان بێت و پەی بە چارەنووسی پڕ مەترسی خۆی ببات و بزانێت دەربازبوون مەحاڵە مەردانێکیش کە پێی وایە مادەم ژیانی ئەوەندە ستەمە تیاچوونیشی هێندە گرنگ نییە و ئەو کارەی ئەو دەیکات ناچارییە لە پێناوی بژێویدا ئەگەر بژێوی بۆ دابین نەکرێت بشمرێت گرنگ نییە لەم گفتوگۆیەی هەردوو بەشەکەی کەسییەتی مەرداندا زیاتر لە لوتکەی ڕووداوەکان نزیك دەبینەوە و لە بەردەم گەورەترین لەحزەی تەقینەوەی نێو چیرۆکەکەدا وەستاوین، ئەو لەحزەیەی تێیدا قۆناغی سێیەم دەستپێدەکات کە بریتییە لە بەرزترین لوتکەی ڕووداو لە چیرۆکەکەدا.

قۆناغی سێیەم: مەردان دەخزێ پاش ماوەیەك بە هەزار زەحمەت هەڵدەستێتەوە، ماندوێتی پرسکی لەبەر دەبڕێت. بە فلاش باك دەگەڕێتەوە، ڕابردووی دووز، شریتی یەکەمین ساتەوەختی بینینی جەیرانی دێتەوە یاد و خامۆشی دەیگرێ و هەنگاو دەنێ، ڕادەوەستێ و پشوویەك دەگرێ، دوو پشکێك بەرەو ناوگەڵێ دەکشێ، تاکە کلاشێکی ئاراستە دەکات بەڵام بۆی ناکوژرێت. هێرشی دووپشکەکە بۆ ناوگەڵی مەردان دەلالەتی هێرشە بۆ کوشتنی پیاوەتی مەردان، بەڵام مەردان پرۆسەی کوژرانی پیاوەتی بە دژە هێرشێك دووا دەخات،

بەڵام بەو دژە هێرشە ناتوانێت ئەو هێزە لەناوببات کە پڕۆژەی کوشتنی پیاوەتی ئـەمی بـە دەسـتەوە بـوو، نـە کوشـتنی دووپشـکەکە لـە لایـەن مەردانـەوە و سەرنەکەوتنی لەو دژە هێرشە مانای تێکشکاندنی مەردانە کە ئەنجام کوشتنی پیاوەتی مەردان نیشاندەدات.

دووپشکەکە دەلالەتی ئەو هێزە مەعنەوییەیە کە خۆی مەڵاس داوە گەوهەری کەسیەتی کوردی پوچ کردۆتەوە بە مانایەکی دی پیاوەتی کوردی کوشتووە.

لەگـەڵ هـەنگاونانی مەردانـدا ڕوودا و بـەرەو لوتکـە دەڕوات و گرمەیـەك دەیگەیەنێتە ترۆپك و لەو چرکەیەدا قۆناغی سێیەمی چیرۆکەکە دەستپێدەکات کە لە ڕووی کاتەوە قۆناغێکی کورتە، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا پانتاییەکی فراوانی لە چیرۆکەکە داگیر کردووە پێکرانی مەردان هەموو ئەو ئامارژانە دەکاتە حەقیقەت کە دەبوونە مایەی گومان و دڵەڕاوکێ بەرامبەر بە سەفەرەکەی. بە تایبەتی ئەو ڕسـتانەی سـەرەتای چـیرۆکەکە کـە بـە مەبەسـتی وریاکردنـەوەی پاڵەوانەکـە چیرۆکنووس ئاراستەی کردوون زیاتر ئیحای مەترسیکردن دەبەخشن و بۆ لە دوواچوون لەوێدا وتراوە.

ئێستە مەردانی پێکراو جارێکی دی شریتی سەربوهردەی ژیانی خۆی دەگێڕێتـەوە. زۆرێك لە چرکە خۆش و ناخۆشە دیارەکانی ڕابردووی خۆی بەسەردەکاتەوە. ڕابردوویەکی پڕ لە ناسۆر، پڕ لە بەدبەختی و کارەسات. ژیانی جوتیـارێکی هـەژاری کۆمەڵگەیـەکی دوواکـەوتووی لەبەریـەك هەڵوەشـاوە، نـە ڕابردووی هەبووە و نە ئێستە و داهاتووشی هەیە و دەبێت.

مادەم ئەندامی کۆمەڵگەیەکی لەو جۆرەیە دەبێ یان ملکەچ بێت و ماهیەتی ئینسانی خۆی بدۆڕێنێ یان موجازەفە بکات کە ئەویش موجازەفە نییە لە پێناوی گۆڕانکاریدا بەڵکو موجازەفەیە لە پێناوی نەدۆڕاندنی ماهیەتی ئینسانی خۆیدا، بەڵام ئەنجام بە تەواوی خۆدەدۆڕێنێ. پارچە پارچە بوونی مەردان بە دەم تەقینی مینەوە کۆتایی بە ڕووداوی ڕاستەوخۆی چیرۆکەکە دەهێنێ. (3)

قۆنـاغی چـوارەم: هەرچـۆن فرامـەرزی سـەربازی ونبـوو لـە مەرگیشـدا تـوانی ئینسـانێك بـەرەو مـەرگ ببـات، دەشـێ مـەردانیش لـە دووای مردنـی ببێتـە هـۆی بەردەوامبوونی کردار و ئەمیش ببێت بە کالا و مـەردانێکی تـر بیـدات بە کۆڵیـدا. مـەردان دوای کـوژرانی دەبێتــە هاوشـێوەی فرامـەرز. هەریەکـە کۆمـەڵێ ئێسـك و پروسـکی پـەرش و بـڵاون. بـەڵام ئـەوەی فرامـەرز بـە تـەواوی ئـاردی ناودڕکـە و جارێکی تر کۆناکرێتەوە. بەڵام ئەو ملوانکە ستیلەی کە لە ملیدا بوو دەبێتـە هـۆی پاراسـتنی فرامـەرز. هـەر هـیچ نـەبێ وەك زاتـی خـۆی ئێسـتە ئێسـك و پروسـکی فرامەرز نادۆزرێتەوە و کۆناکرێتەوە، بەڵام (قرصە)کەی کە ئێستە لە ملی مـەردانی کوژراودایـە مایـەی پاراسـتنی فرامـەرزە وەك نـاو. چـرکەی تەقینـەوەی مینـەکان و مردنی مەردان بریتییە لە کۆتایی هاتنی مەردان بە بێ ئەوەی هـیچ ناونیشـانێکی بەجێهێشـتبێ. ئێسـك و پروسـکی مـەردان بـە حـوکمی ئـەو ملوانکـەی لـە ملیدایـە دەبێتە فرامـەرزی سـەربازی ئەسفەهانی. کەواتـە قۆنـاغی چـوارەمی چیرۆکەکە کـە دابـەزینی ڕووداوە و گەیشـتنە بـە کۆتـایی بریتییـە لـە قۆنـاغی کۆتـایی هـاتنی مێـژووی مـەردان ئەمـەش دەلالـەتێکی تـەواوی لـە ژیـانی کۆمەڵایـەتی مەردانـدا بـۆ دەدۆزرێتـەوە. مـەردانی جوتیـاری هـەژار، بـەری ڕەنـج و مانـدووبوونی وەك هـەموو ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەی کە ئەندامێك بوو لێی بۆ خۆی نـەبووە هـەر لەبەرئـەوەش نەبۆتـە خـاوەنی ناسـنامەی خـۆی چـونکە ئـەمی جوتیـار خـاوەنی هـیچ نـەبووە، ئێسـتەش لـەم کارەیـدا بـە هـیچ ئـەنجامێك نەگەیشـت و ژیـانی خۆیشـی دۆڕانـد و ملوانکـە سـتیلەکەی ملیشـی بـووە هـۆی ئـەوەی تەنانـەت ئێسـك و پروسکەکەشـی بدۆڕێنێ و هیچ مۆرکێکی مەردانی پێوە نەمێنێت.

## چیرۆكی ملوانكەی ستیل لە ڕووی فیكرییەوە

ئەم چیرۆكە بە تەواوی هاوشانی خەباتی درێژخانەیەنی گەلی كوردە كە سەربازی هەوڵ و تەقەلای زۆر و ماندووبوون و هەوراز بڕینی سەختی مەردان ئاسایانە، ئەنجام ڕەنجی كورد بۆتە ڕەنجەكەی مەردان و هەمان شێوەی مەردان چۆن لە بری بردنەوەی ئارد بۆ منداڵەكانی خۆیشی دۆڕاند و تیاچوو، كوردیش لە شۆڕشدا لەبری سەربەستی و ئازادی لە ئەنجامی هەر ڕاپەڕین و شۆڕشێكدا بەشێكی گەورەی لە جوگرافیا و دانیشتووانی وڵاتەكەی لەدەست داوە و بەوەش بەشێك لە بنەمای كەسییەتی نەتەوەیی خۆیی لەدەست داوە و لە ڕووی مەعنەویشەوە دووچاری گەورەترین شكست بووە. مەردان بریتییە لە كەسییەتی نەتەوەی كورد و ونبوونی ناونیشانی مەردان بریتییە لە ونبوونی مێژوو كەسییەتی نەتەوەی كورد. ئەوەشی كە ماوەتەوە و تا ئێستە بە گومانەوە لێی دەڕوانرێت وەك ئێسك و پروسكەكەی مەردان كە چۆن بە دەم تەقینی مینەوە پارچەپارچە بوو، چۆنیش دڕندە و باڵندەی كێوی چاوەڕوانی ئەوە دەكەن گیانی دەربچێت و لمۆزی تێبژەنن هەمان شێوە نەتەوەكەشی لە پەراوێزی مێژوودا دوور لە شارستانییەت و دوور لە بنەما زۆر سادەكانی حورمەت و مافی ئینسان ژیان دەگوزەرێنێ، ون و بێ ناسنامەیە. بەڵام فرامەرزی سەربازی ونبووی ئێرانی لەبەرئەوەی نەتەوەكەی خاوەنی ڕابردوو شارستانییەتە تەنانەت دوای كوژران و ونبوونیشی ئەو پاشماوەیەی (ملوانكە ستیلەكە) لێی بەجێماوە و ناونیشانی تەواوەتی خۆیی لێ هەڵكەندراوە لە ونبوون دەیپارێزێت واتە فرامەرز لەبەرئەوەی ئەندامی نەتەوەیەكی خاوەن مێژوو ڕابردووە و ئێستەش ئامادەبوونی هەیە بە ئاسانی ون نابێ مەردانیش لەبەرئەوەی ئەندامی نەتەوەیەكی بێ مێژوو بێ شارستانییەت و نائامادەیە ناشێ بە زیندوویی بمێنێتەوە و ون نەبێت.

كەواتە چیرۆكی ملوانكەی ستیل باكگراوندێكی مێژوویی لە پشتیەوە وەستاوە و ئەوەش زیاتر بینای فیكری چیرۆكەكەی بەهێز كردووە كە بریتییە لە

بەراوردکردنی نێوان مێژوو و شارستانییەت و کەسییەتێکی نەتەوەیی ئامادە لەگەڵ مێژوو و شارستانییەت و کەسییەتێکی نەتەوەیی نائامادەدا.

## کردار لە چیرۆکی ملوانکەی ستلیدا

لە ڕووی بنیادی فرمانەوە چیرۆکی (ملوانکەی ستیل) تێکڕا لە ڕستەی کورت و سادە پێکهاتووە و پانتاییەکی دیاری چیرۆکەکە فرمان داگیری کردووە. تێکڕای فرمانەکانیش چ ئەوانەی بە فەرمان و وریاکردنەوە (خوێندنەوەی پاڵەوانەکە لە دیووی دەرەوە) بەکارهاتوون چ ئەوانەی بۆ وەسف و خەبەر (ناساندنی پاڵەوانەکە و ڕووداوەکان) بە هەموویان جووڵەی پاڵەوانەکە لە سنووری چیرۆکەکەدا جێبەجێ دەکەن. بەڵام بە شێوەیەکی گشتی فرمان نابێتە هۆی پراکتیك کردن بەو مانایەی گەیشتبێت بە ئەنجامێك کە پاڵەوانەکە لە پێناویدا دەجوڵێن: هەر بۆیە دەشێ بە کردەی پاڵەوانەکە بڵێین کرداری نێگەتیڤ لە ڕووی ئەنجامەوە چونکە تێکڕای چالاکی هەر لە دەستپێکردنی چیرۆکەکەوە تا گەیشتن بە لوتکە کە تەقینەوەی مینەکەیە، لەو لەحزەیەدا یەکسان دەبێت بە سفر کە مینەکە دەتەقێت، چونکە ئامانجی سەرەکی وا چاوەڕوان دەکرێت کە مەردان بگات بە شوێنی مەبەست و پارەی دوو فەردە ئارد وەربگرێت بگەڕێتەوە، بەڵام ئەنجام بە پێچەوانەوە دەبێت. ئەم حاڵەتەش دیسان هاوشانە لەگەڵ ئەو ڕاپەڕینەی کە مەردان و هەموو مەردانەکانی تر بە دەستی بەتاڵ هەڵیان کوتایە سەر قەڵای ستەم و لەبری سەربەستی و ئازادی کەچی ناوچەکەی خۆیان و سەروسامانیشیان دۆڕاند.

دیسان لە ڕووی کردارەوە دەشێ مەردان بە بزووتنەوەی کورد بشوبهێنرێت کە چۆن لە ئەنجامی ئەم بزوتنەوەیەدا کورد نەك بە ئەمانجەکانی نەگەیشتووە بەڵکو وەك کاردانەوەیەك بە دژی بزوتنەوەکە دوژمن کوردستانیشی وێران کردووە واتە کوردستان و مەردان لەم ڕووەوە هاوشێوەی یەکترن.

## سروشتی کوردستان لە چیرۆکی ملوانکەی ستیلدا

سروشت و توخمەکانی سروشتی کوردستان پانتاییەکی دیاریان لە بنیادی چیرۆکەکەدا داگیر کردووە. ئەمەش چەند لێکدانەوەیەکی هەیە، یەکەمیان چیرۆکنووس زیاتر پەیوەستە بە سروشتی کوردستان و تێکڕای دیمەنەکانیەوە. دەشێ ئەمەش گەڕانەوەیەك بێت بۆ تافی منداڵی لای چیرۆکنووس کە ئەو قۆناغەی ژیانی لە لادێ بەسەربردووە، کاریگەری جوانی سروشتی کوردستان لەسەر حسی ئیستاتیکی وەك ئینسان شوێنێکی دیاری گرتبێت و تا ئێستەش لە لاشعوریدا کاربکات و سروشتیش وەك بەشێك لە زەمینەی دروستکردنی کەسیەتی چیرۆکنووس لە تافی منداڵیدا ئەو پەیوەستبوونەی دروست کردبێت، لە لایەکی ترەوە وەك چۆن زۆربەی شاعیرانی کورد لە پرۆژەی شیعردا و بە مەبەستی بنیادنانی گوتاری مانەوە زیاتر لەنێو سروشتی کوردستاندا کاریان کردبێت هەمان شێوە (محەمەد فەریق حەسەن) لەبەرئەوەی بە پێشەنگی ئەو چیرۆکنووسانە دادەنرێت کە گوتاری مانەوەیان لە ئەدەبی کوردیدا لە چیرۆکدا بەرجەستە کردووە، هەمان کاریگەری بۆ نێو بنیادی چیرۆکی (ملوانکەی ستیل)یش گواسترابێتەوە.

لێکدانەوەی دووەم ئەوەیە چیرۆکەکە لە ژیانی جوتیارێکی هەژاری وڵاتێکی دوواکەوتووی پاشکۆ دەدوێت، خۆ ناکرێت چیرۆکنووس جوتیارێکی شارستانیمان پێشکەش بکات. کەواتە حاڵەتی کۆمەڵایەتی پاڵەوانەکە دەخوازێت کە زەمینەی ڕووداو و لادێ بێت بە واتا سروشت. لە هەمان کاتدا ژیانی پاڵەوانەکە و پەیوەستبوونی بە چیا و دۆڵ و گرد و دەشت و تێکڕای دیمەنەکانی سروشت و توخم و زیندەوەرەکانی سروشتەوە ئەوە نیشان دەدات کە تا ئێستە کۆمەڵگەی کوردەواری کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووی هەڵوەشاوی دەرەبەگایەتییە بۆیە پاڵەوانی گونجاویش هێشتا جوتیارە بۆ ئەو واقیعە کۆمەڵایەتییە. پەیوەستبوونی پاڵەوانی چیرۆکی ملوانکەی ستیل بە سروشتەوە ئەو دەلالەتە

هەڵدەگرێت کە کۆمەڵگەی کوردەواری تا ئێستە کۆمەڵگەی نێو سروشتە و نەبۆتە کۆمەڵگەی شارستانی.

## چیرۆکی ملوانکەی ستیل لە ڕووی هونەرییەوە

چـیرۆکی ملوانکـەی سـتیل لـە ڕووی هونەرییـەوە درێـژکراوەی هـەمان ئەزموونەکانی ترن (محەمەد فەریق حەسەن)ە کە نزیکەی بیست ساڵە هاتۆتە نێو چیرۆکی کوردییەوە و ئەو کاری زۆری پێکردووە و دوای ئەویش کەسانی تر هەن هەمان شێوازی نوسینیان بەکارهێناوە. چیرۆکەکە بینایەکی پتەو و مکۆمی زمانی هەیە و زمانی چیرۆکەکەی لە ئاستێکی ئەوتۆدا داڕشتووە کە ڕوویەکی جوانکاری بەرزی هەیە. چیرۆکنووس وەك چاودێر وەستاوە و ڕاستەوخۆ بۆ کەسی دووەم واتـە گـوێگر دەدوێـت کـە ئـەویش پاڵـەوانی چـیرۆکەکەیە. ئەمـەش شـێوازێکی ڕاسـتەوخۆیە و بریتییـە لـە وەسـفکردنی پاڵەوانەکـە لـە ڕووی دەرەوەی. ئـەم حاڵەتـەش بـۆ پاڵـەوانی کـوردی گونجـاوە چـونکە کـەمتر دەکەوێتـە بـاری لـەخۆ دووانـدن و خۆڵاواندنـەوە و کـەمتر بـواری بـۆ دەکرێتـەوە لـە شکسـتە زاتییـەکانی خـۆی بـدوێت کـە دەشـێ هێنـدە تفت و تـاڵ و پـڕ ناسـۆر بـن مـرۆڤ توانـای گـوێ لێگرتنیـان نـەبێت. لـەبری ئـەوەی خـۆی لـە خـۆی بـدوێ، چیرۆکنووس لە دەرەوە وەسفی دەکات، لەم حاڵەتەشدا مەگەر تـەنیا شـتە زۆر دیـار و ئاشـکراکان قسـەیان لـە بـارەوە بکرێـت، واتـە وەسـفکردنی پاڵـەوان لـە دەرەوە مانـای ئاشـکرانەکردنی زانیـاری تـەواوە دەربـارەی ئـەو کەسـیەتە. ئەمـەش لەگـەڵ کەسـیەتی کوردیـدا گونجاوە چونکە کەسیەتی کوردی بە گشتی لـە ئاشـکرابوونی ئـەوەی لـە ناخیدایـە دەترسێت.

بـەکارهێنانی ئـەم شێوازە نووسینەی کە دواندنـە بـۆ کەسـی دووەم بـۆ یەکـەم جار محەمەد فەریق حەسەن لە چیرۆکی (قولاپی چاوەکان)دا بەکاری هێناوە زیـاتر دەچێـە حاڵـەتی (وەسـفکردنە) کە چیرۆکنووس لـە ڕێگـەی ئـەو ڕسـتانەی فرێیـان دەدات کەسییەتی و چۆنێتی جوڵـەی پاڵەوانەکـەی پێشـکەش دەکـات و ئاماژە بـۆ

ئایندەشی دەکات. چیرۆکنووس سەرباری بەکارهێنانی ئەم شێوازە ڕاستەوخۆیە وەستایانە بوار بۆ خودی پاڵەوانەکەش دەکاتەوە کە چەند جارێك بە فلاشباك بگەڕێتەوە و ڕابردووی خۆی بەسەربکاتەوە. دیارە حاڵەتی فلاشباك تەنیا لەو حاڵەتانەدا ئاساییە کە کەسێتییەکە لە بارێکی خراپ و ناهەموار و پڕ مەترسیدا بێت و لە ئەنجامی ئاوات خواستن بۆ ڕابردوو بە خەیاڵ بگەڕێتەوە، بە مەبەستی زیندووکردنەوەی ئەوسا و لە یادکردنی ئێستە.

ئەم حاڵەتەش بۆ پاڵەوانی کوردی شتێکی دروستە چونکە لەهەر لەحزەیەکی مێژووییدا بیگریت لە بارێکی ناهەمواردایە و سەرباری بە وێرانە بوونی ڕابردووش هەر هێشتا لە چاو ئێستەیدا شایەنی هیوا پێخواستنە. حاڵەتەکانی گەڕانەوەش لای مەردانی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە ڕاستەوخۆ هاوشێوەی حاڵەتی هیواخواستنی کوردە  بۆ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو چونکە لەهەر ساتەوەختێکدا کورد وسێتێکی بۆ بکات و سەرنجێکی ئێستەی بدات ئەوا ئاوات بۆ ڕابردووی دەخوازێت، ئەمەش لەبەرئەوە نییە کە کورد مەخلووقێکی کۆنەپارێزە نەخێر لەبەرئەوە هەر چرکەیەکی مێژوویی بگرێت لەوەی پێش خۆی وێرانترە.

بەکارهێنانی شێوازی ڕاستەوخۆ کە چیرۆکنووس پاڵەوانەکەی پێدەجوڵێنێ و وەسفی دەکات دەشێ لە ڕووی سایکۆلۆژییەتی کۆمەڵایەتییەوە بەندبێ بە بنەمای کۆمەڵایەتی پاڵەوانەکەوە کە جوتیارێکی هەژاری کۆمەڵگایەکی دواکەوتووی خێڵایەتی لە بەریەکهەڵوەشاوەیە و لە ڕووی عەقڵیەتیشەوە عەقڵیەتی خێڵایەتی جوتیاری تێکەڵاو لەگەڵ ئەخلاقی عەقڵیەتی وردەبۆرژاوادا بەڕێوەی دەبات. واتە (مەردان) لە ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا خاوەنی خۆی نییە و عەقڵییەتی دەرەوەی خۆی دەیجوڵێنێت. چیرۆکنووس لەسەر هەمان بنەما مامەڵەی مەردانی پاڵەوانی چیرۆکەکەی دەکات ئەمەش لاوازی کەسییەتی پاڵەوانەکە نیشاندەدات و وێنەی ڕیالیستیانەی جوتیارێك و زۆربەی پاڵەوانی وڵاتانی وابەستە و پەراوێزی وەك ئێمەیە. دەشێ ئەم وێنەیە گەورەتر بکرێت و مەردان بشوبهێنرێت بە نەتەوەکەی و کەسییەتی چیرۆکنووس و عەقڵی ئامادەی لە پشتی پاڵەوانەکەیەوە

ئامادەبوونی دەرەوە و عەقڵ و ستراتیژی دەرەوە بنوێنێت لە پشتی کوردەوە کە چۆن کورد ئاراستە دەکەن و لە کوێشدا ویستیان دەیخەنە نێو مینجاڕەوە و بە مەرگ (هەرەس)ی دەسپێرن. کەواتە بینای زمانی چیرۆکەکە بە تەواوی لەگەڵ کەسییەتی پاڵەوانەکەدا گونجاوە. حاڵەتی چەند جارەی (فلاشباك)یش لە چیرۆکەکەدا تەعبیر لە کەسییەتی خۆرهەڵاتی بە گشتی و کورد بە تایبەتی دەکات کە هەمیشە نوقمی نێو دنیای خەیاڵە و مەگەر هەر بە خەیاڵ بگاتە ئامانجەکانی.

مەردان کاتێ ڕووبەڕووی مەترسی دەبێتەوە بە خەیاڵ دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت لە ڕووی دەروونییەوە لە مەترسی هەڕەشەی مەرگ ڕزگاری بێت.

ئەنجام: لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا دەگەینە ئەو بۆچوونەی بڵێین کە مەردانی پاڵەوانی چیرۆکەکە کە سەر بە توێژێکی کۆمەڵایەتی هەژارە لە کوردستاندا لە لایەك سوتەمەنی شۆڕشە و شۆڕش لەسەر بەری ڕەنج و ماندووبوونی ئەو بنیادنراوە، لە لایەکی ترەوە کاتێ شۆڕش دەگاتە بەشێك لە ئامانجە سەرەتاییەکانی ئەمی ئەوسا سوتەمەنی ئێستە هەموو شتێکی و تەنانەت ژیانی خۆیشی دەدۆڕێنێ کە ئەوەش بەڵگەی ئەوەیە کە بزووتنەوەی کورد نەیتوانیوە بە عەقڵی شۆشگێڕانە لە مەسەلەکان بڕوانێت و نەیتوانیوە بە پێی بەرنامەیەکی جێگیر و ئاشکرا کار بکات و سیفەتی دامەزراوێکی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی هەبێت. لە هەمان کاتدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە بێبەهاترین کالا لە واقیعی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی کوردستاندا مرۆڤە بۆیە یان وەك فرامەرز بازرگانی بە ئێسك و پروسکەکەیەوە دەکرێت، یان وەك مەردان بازرگانی بە ئێسك و پروسکەوە دەکات لە پێناوی ژیاندا هەتا ئەنجام خۆیشی دەبێتە ئێسك و بروسك.

چیرۆکنووس لە شێوازێکی هونەری بەرزدا توانیویەتی گوزارشت لە واقیعی دوای ڕاپەڕین بکات و وێنەیەکی زیندووی ئەو واقیعە پێشکەش بکات کە چۆن مرۆڤی دووای ڕاپەڕین مرۆڤێکی نامۆی نێو ماڵ و زێدی خۆیەتی و زۆری ئەو

بەها ئینسانییانەی کە پێشتر پاراستبوونی واقیعی تاڵی دوای ڕاپەڕین ناچاری پێ‌لێنانیان کرد و هەرەسی بە زۆربەی ئەو بەهایانەی هێنا کە مایەی شانازی ئەندامانی کۆمەڵ بوون. هەروەها لە ئاستی قوڵتردا دەیەوێت بڵێت ڕاپەڕین نەشیتوانی هیچ بنەمایەکی زیندوو نوێ بهێنێتە مەیدانی ژیانی کۆمەڵایەتی خەڵکەوە.

# بەشی چوارەم

## ونبوونی دەسەڵات و هەرەسهێنانی دڵنیایی

## لە چیرۆكی (شار)ی ڕەووف بێگەرددا

(شار) چیرۆكێكی كاك ڕەووف بێگەردە كە لەگەڵ چەند چیرۆكێكی تردا لە كتێبێكدا بە ناونیشانی (سەما) ساڵی 1998 لە سلێمانی بە چاپی گەیاندووە، چیرۆكی شار یەكێكە لە چیرۆكە دیارەكانی نێو ئەم كۆمەڵەیە و شایانی قسەلەسەركردنە ئەویش لەو ڕوانگەیەوە كە بەرجەستەی كۆمەڵە بۆچوونێك دەكات كە تێكڕا لە دەوری چەمكی دەسەڵات  بە گشتی و جۆرێك لە دەسەڵات كە پێی وایە دەسەڵاتێكی نارەسەن یان ناشەرعییە كۆدەبنەوە و هەروەك چیرۆكنووس هەوڵدەدات دەربارەی گەوهەر و ماهیەتی دەسەڵات بدوێت و پەیوەندی مرۆڤ و دەزگاكانی دەسەڵاتیش دەربخات لەو ڕوانگەیەوە كە مرۆڤ خۆی ئەوەی هەڵبژاردووە كە لە سایەی دەسەڵاتدا بژی. لەگەڵ ئەو جیهانبینییەی كە بەرجەستەی دەكات ئەو تێڕوانینە ئاراستە دەكات كە دەسەڵات ئازادییە مرۆییەكان دەكوژێت و گەوهەر و ماهیەتی ئینسان داگیردەكات لە پێناوی بیناكردن و مانەوەی خۆیدا. ئەو جیهانبینییەی كە لە پشتی ئەم چیرۆكەوە ڕاوەستاوە بریتییە لە ئاراستەیەكی دوو مەودادار كە یەكەمیان بریتییە لە ناكۆكی نێوان ئازادی و دەسەڵات و ئەوە دەخاتەڕوو  كە هەمیشە دەسەڵات ئازادییەكان دەكوژێت. دووەمیان بریتییە لە یەككگرتنەوەی ئارەزووی دەسەڵات بۆ خۆسەپاندن لەگەڵ ویستی خەڵكدا بۆ دانانی دەسەڵات لە سەرووی خۆیانەوە و ئەمەش لەوەدا بەرجەستە دەكات كە چۆن جەماوەر خۆیان دووبارە لە دوای ئازادی، دەسەڵات دەهێننەوە تا لە سەرووی خۆیانەوەی دابینێن. هەروەك لە چیرۆكەكەدا یەككگرتنەوە لەنێو ئەو دەسەڵاتە هێنراوەیە و كەسێتی پاڵەوانی چیرۆكەكەدا

دەردەخات کە هەردووکیان بێبەشن لە ڕەگ و ڕیشەی ڕەسەنایەتی کە ئەوەش لە سنووری دەقەکەدا بە ئاشکرا لە ئاستی یەکەمدا یان لە ئاستی دیاردا دەبینرێت.

لێرەدا هەوڵدەدەین بەسەرهاتی چیرۆکی (شار) بخەینە ڕوو، پاشان لە ئەنجامی شیکردنەوەی دەقەکەدا دەلالەتی گشتی دەقەکە دیاری بکەین و ئەو جیهانبینییەش کە لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد و لە ئەنجامی شیکردنەوەی دەقەکەدا پێی گەیشتووین بە تەواوی بیخەینە ڕوو، کورتەی بەسەرهاتی چیرۆکی شار بەم جۆرەیە: (شەوێك لەسەر دیوارەکانی شار دەنووسرێت: شار ژنی شەرعی حکومەتە. کاتێ حکومەت بەم نووسینە دەزانێ زۆر دەترسێت و سەرۆکی حکومەت و سەرجەم وەزیر و کاربەدەستانی گەورەی حکومەت وەزارەت و دامودەزگاکانیان بەجێ دەهێڵن و بە ترسەوە لە کۆشکێکی قەراخ شاردا کۆدەبنەوە و خۆیان حەشاردەدەن، حکومەت خامۆشی باڵی بەسەردا دەکێشێت. سەرباری ئەوە گێڕەوەوە لە چیرۆکەکەدا بەشێك لە ڕوداوەکان دەگێڕێتەوە و دوو کەسێتی تر هەن کە بریتین لە دایك و کوڕێك. کە کوڕەکە منداڵە سەرباری گێڕانەوەکانی گێڕەرەوە ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە لە میانەی گفتوگۆکانی ئەوانەوە لای خوێنەر، یان (بۆ گێڕەرەوە) ئاشکرا دەبێت و ئەوە دەردەکەوێت کە گوایە حکومەت مردووە. لە ڕاستیدا وای نیشان دەدەن کە ئەو ڕستەی لەسەر دیوارەکان و بە تایبەتیش دیواری وەزارەتەکان و ئاسایشی گشتی نووسراوە (شار ژنی شەرعی فەرمانڕەواکانییەتی) هونەرمەندەکان ئاشکرای دەکەن کە ئەوە ڕستەیەکی نوێ نییە و (ڕستەی کریۆنە لە ئۆدیبدا دەیڵێت. بەهەرحاڵ ئێستا بە فیتی پیاوە عاقڵەکانی شار ئەوە نووسراوە. کوڕەی منداڵ گەلێك پرسیار لە دایکی دەکات دەربارەی حکومەت و مردنی حکومەت و گەورەیی حکومەت و حەز لە گۆشت کردنی حکومەت و.. تاد. دایکەش بەردەوام وەڵامی دەداتەوە کاتێ خەڵك دەزانن کە حکومەت مردوە ڕادەپەڕن و ئاسەواری حکومەت تێکوپێك دەدەن و هەمووی هەڵدەوەشێنن و لەگەڵ وێرانکردنی شاردا، پیاوە عاقڵەکان وێرانکردنی شاریان پێ ناخۆشە، چونکە ئەوان دەیانویست شار لە ژنێتی

حکومـەت ڕزگـار بکـەن نـەك شـار خـۆی وێـران بکـەن، پـاش ماوەیـەکی کـورت لـە خۆشـاردنەوەی حکومـەت خەڵکەکـە هەسـتیان بـە بێـزاری کـرد و کەوتنـە سەرزەنشتی ئەو پیاوە عاقڵانەی کە شاریان بەو کارەساتە برد. هەموو جەماوەر بە ملکەچی چوون بە دوای حکومەتدا ویستیان حکومەت بهێننەوە، حکومەت زانی کە جەماوەر بە ڕاستیانە بڕیاری دا ئەو کۆشکەی شار بکرێتە بەندیخانە بۆ ئەو پیاوە عاقڵ و نووسەرانەی کە دەستیان لە نووسینی ئەو دروشمەدا هەبووە و بگرە سەرەکانیشیان لە سێدارە بدرێت. بەم جۆرە جەماوەر حکومەتیان هێنایەوە. کوڕەی پاڵەوانی چیرۆکەکەش کە ئاواتەخوازی ئەوە ببێت بە حکومەت بەردەوام خەونی بە شیشە گۆشتەوە دەبینی و ناوگەڵی خۆیی هەڵدەکڕان، هەتا ئەنجام لە خەویدا لەگەڵ سەرانی حکومەتدا دەفڕێت و دەبێتە خاوەنی شیشی خۆی، ئەوکاتەش پەلاماری دایکی دەدات و وەکو یەکەم کوڕی ناڕەسەنی شار سواری دایکی خۆی دەبێت).

ئەمەی سەرەوە بە سەرهاتی چیرۆکی شارە. ئەگەر سەیری ئەو بۆچوونە بکەین کە بە شێوەیەکی گشتی لە پشتی ئەم ڕووداوانەوە وەستاوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە پەیوەندییەکی دوو جەمسەری ئاڵوگۆڕ لە نێوان دەسەڵات و خەڵکدا هەیە. هەرچۆن دەسەڵات بۆ سەلماندن و پیادەکردنی خۆی پێویستی بە پانتایی و ڕووبەرێك هەیە، بە هەمان شێوە خەڵك خۆی خوازیاری باوکێك، سەرکردەیەك ڕابەرێك یان حکومەت و دەوڵەتێکە کە فەرمانڕەوایەتی بکات، بە واتایەکی تر مرۆڤ خۆی خوازیاری ئەوەیە کە دامەزراوی دەسەڵات لە سەرییەوە هەبێت. هەر بۆیە کاتێك لە چیرۆکی شاردا دامەزراوی دەسەڵات کە حکومەتە هەڵدەوەشێتەوە، پاش ماوەیەکی کورت جەماوەر خۆیان دەچن بە دوای حکومەتدا و کڕنووشی بۆ دەبەنەوە و دەیهێننەوە. لە پشتی ئەم ڕووداوەوە ئەو دەلالەتە ڕاوەستاوە کە مرۆڤ بە خۆڕسکی پێویستی بە باوکێکە لە سەریەوە بێت و بەرپرسیار بێت لە هەموو شتێکی ئەم. بە واتایەکی تر مرۆڤ بە خۆڕسکی لە دوای سەقامگیری و یەقین و دڵنیابوون دەگەڕێن. بوونی دەزگا و دامەزراوی

دەستەڵاتیش لە سەرووی مرۆڤەوە ئەو یەقین و دڵنیابوونەی بۆ ئامادە و مسۆگەر دەکات. هەر لە پێناوی ئەو مەبەستەدایە جەماوەر خۆیان دەچن بە دوای حکومەتدا و پاکانەی بۆ دەکەن و دەیهێننەوە. کاتێ گێڕەرەوە لە چیرۆکەکەدا ڕووداوەکانمان بۆ دەگێڕێتەوە، ڕاستەوخۆ خەیاڵمان بە لای ساتەوەختێکی مێژوویی خۆماندا دەچێت کە ئەویش ساتەوەختی ڕاپەڕینە، چۆن لە ئەنجامی بانگەوازی ئیزگە و دروشمەکانی سەر دیواری ماڵەکان دامودەزگای حکومەت لە شاردا زەندەقیان چوو پێشوەختە بەشێکی زۆریان هەڵهاتن. ئەوانەشی کە خۆیان لە کۆشکە تایبەتییەکاندا حەشاردا، هیچ شتێك بە فریایان نەکەوت و مەرگ پێشوازی لێکردن، لە ڕاستیشدا دوای مردنی حکومەت جەماوەری ئێمە نەك نەچوون بە دوای حکومەتدا و پاکانەیان بۆ نەکرد، بەڵکو (نا)یەکی بەهێزیان بە ڕوویدا دا و نەفرەتیان لەو دەسەڵاتە کرد، چونکە دەسەڵاتێکی ناشەرعی بوو، واتە زۆڵ و ناڕەسەن بوو، وەکو کوڕەی پاڵەوانی چیرۆکی شار. ئەگەرچی شاری ئێمە دایکی ئەو نەبوو بەڵام چۆنی بۆ بکرایە تەعدای ئەخلاقی لێدەکرد. ئەمەش دەقاودەق لەگەڵ ڕستەکەی کریۆن یەکدەگرێتەوە کە شار ژنی شەرعی حکومەتە. پەیوەندی مێرد و ژن کە لە خێزاندا دروست دەبێت، سەرباری زۆر لایەنی ڕۆحی هێشتا پەیوەندی دەسەڵات و ڕەعیەتەکەیەتی واتە مێرد هێمای دەسەڵاتە و ژنیش ئەو ڕووبەرەیە کە دەسەڵاتی تێدا پیادە دەکرێت بە هەمان شێوە حکومەت وەکو دەزگای دەسەڵات دەسەڵاتی خۆی لە ڕووبەرێکدا پیادە دەکات کە شارە یان باشتر بڵێین جەماوەرە. لە پرۆسەی ڕاپەڕین و دەرکردنی حکومەتدا لە شار جەماوەر ڕەفزی دەسەڵاتی کرد وەکو ئەوەی لە دامەزراوەی خێزاندا ژن ڕەفزی دەسەڵاتی مێرد بکات کە ئەوەش واقیعێکە تەنها بە هەڵوەشاندنەوەی خێزان و دامەزراوی خێزان دەگات بە ئەنجام، هەروەها کاتێ شار لە دەسەڵاتی حکومەت ڕزگاری دەبێت کە دامەزراوی حکومەت هەڵبوەشێتەوە، هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی حکومەتیش وەك لەم چیرۆکەدا بەرجەستەکراوە دەبێت بە هۆی دروستبوونی فەوزا و ئاژاوە. مرۆڤیش بە خۆڕسکی وا دروست بووە کە بە هێمنی و

سەقامگیری و ئاشتی و دڵنیایی بژی، هەر بۆیە ئەوەی پەسەند کردووە کە ملکەچی دەسەڵات بێت چونکە دەسەڵات سەقامگیریی و هێمنی و دڵنیایی بۆ مسۆگەر دەکات، ئەگەرچی ئەو دەسەڵاتە هێجگار توندوتیژ و دیکتاتۆرانەش بێت.

-2-

چیرۆکنووس، شار دەشوبهێنێت بەو ماینە بە تەڵەبەی کە دەحیلێنێ بۆ ئەسپێك هەتا بێت و بۆن بەناو گەڵییەوە بکات و لەگەڵی جوت بێت و ئالۆشەکەی دابمرکێنێتەوە لێرەشدا زیاتر ئەو بۆ چوونە بەهێزتر دەکات کە شار خۆی پەرۆش و خوازیاری دەسەڵاتێکە لە سەرووییەوە بێت بەڵام چیرۆکنووس هاوشێوەییەك لە نێوان ئارەزووی سێکسی کە شتێکی غەریزییەو ئارەزوو بۆ پێشوازی کردن لە دەسەڵات کە ئارەزوویەکی سۆسیۆ سایکۆلۆجیە دروست دەکات. مەبەستیشی لەو هاوشێوەکردنە زیاتر ئەوەیە کە بەو ئەندازەی مێیەك ئارەزووی لە جوتبوونە لەگەڵ نێرێکدا بە هەمان شێوە شاریش ئارەزوو دەکات کە حکومەتێکی بەهێز دەسەڵات بە سەریدا بسەپێنێ. دیارە ئەوەش ئاشکرایە مێیەی سەرجەم زیندەوەران حەزی لە نێرەی توندوتۆڵە هەر بە هەمان شێوە شاریش بە شێوەی مێیەك حەزی لە دەسەڵاتێکی پتەو و بەهێزە هەتا یەقین و دڵنیایی بۆ مسۆگەر بکات هەر بۆیە ساتەوەختی ڕاکردنی حکومەت شار وەکو ماڵێکی بێ پیاوی لێدێت و دەبێتە ئاژاوە و پەشێوی، جەماوەر بۆ ئەو مەبەستە دەچن بە دوای حکومەتدا بیهێننەوە هەتا ماڵەکەیان بۆ ڕێکبخاتەوە و ئاژاوە و پەشێویەکە کپ بکاتەوە، ئەگەرچی گێڕەرەوە لە چیرۆکی شاردا زۆربەی ڕووداوەکان بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە بەوپێیەش ئێمە دەبین بە (بۆگێڕەرەوە)، دیسان لە میانەی گفتوگۆکانی کوڕەی منداڵ کار و دایکیەوە بەشێك لە ڕووداوەکانی ترمان پێدەگات کە لە شێوازی گفتوگۆ، یان پرسیار و وەڵامدا ڕووداوەکان ئاشکرا دەکەن، لە سەرەتاوە کوڕە پرسیار دەکات. ئاراستەی پرسیارکردن و گەوهەری پرسیاریش لە ڕاستیدا تێڕوانینی کوڕەکەیە لە پێناوی گەیشتن بە ئاشکراکردنی

نەزانراودایە، واتە پرسیار لەو ڕوانگەیەوە ماهیەتی پرسیاری هەیە و لە ئەنجامی وەڵامدا کوڕە زانیاری دەربارەی پرسیارلێکراو کە حکومەت و ئارەزووەکانیەتی بەدەست دەگات، هەمان ئەو وەڵامانە ئەگەرچی بە گوێرەی ئێمەی خوێنەر دەشێ زانراو بن بەڵام دیسان زانیاریمان لەسەر ماهیەتی حکومەت و ئارەزووەکانی واتە لەسەر گەوهەری دەسەڵات دەداتێ کە چۆن ئەو دەسەڵاتە لەسەر حسابی ئازادی خەڵك دروستبووە. بەڵام ئەنجامیش بەوە شکایەوە سەرباری هەڵوەشاندنەوەی ئەو دەسەڵاتە کەچی خودی ئەوانەی کە ئازادییان بە هۆی بوونی ئەو دەسەڵاتەوە لێ زەوت کراوە، خۆیان سەوداسەری بیناکردنەوەی دەسەڵاتەکە بوون وەکو ئەوەی پێمان بڵێن بنیادەم مەخلوقێکە لە بنەڕەتدا بۆ ئەوە دروست بووە ئازاد نەبێت.

لە لایەکی ترەوە گێڕەوە لە چیرۆکەکەدا ئەو گفتوگۆیەی نێوان ئەو کەسانەی دانیشتوانمان دەخاتە پێشچاو کە پیاوە عاقڵەکانی تێدا تاوانبار دەکەن بەوەی کە ئەوان هۆی ئەو قەیرانە ترسناکە بوون. لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە گێڕەرەوە لە چیرۆکی شاردا کە گوزارشت لە بەشێك لەو جیهانبینییە دەکات کە لە پشتی چیرۆکەکەوە ڕاوەستاوە دەڵێت لە کۆمەڵگادا تەنیا پیاوە ژیر و عاقڵەکان ناڕازین بە واقیعی باو و لە خەمی گۆڕانکاریدان، ئەگینا جەماوەر ئەو ڕەعیەتەیە کە لەژێر فەرمانی ڕاعیەکەی دەرناچێت و لەژێر سایەی گۆچانەکەی ئەودا دەجوڵێت واتە لێرەدا ئەو دەلالەتە کۆمەڵایەتییە بەرهەم دێت کە جەماوەر یان زۆر بە واقیعی باو ڕازییە و حەزی لە گۆڕانکاری نییە هەر بۆیە لە گۆڕنکارییەکاندا جەماوەریان ناڕازی دەبێت، یان هەمیشە چاوەڕێی سەقامگیری و هەستی و دڵنیایی دەکات، ئەگەر بە زوویی ئەو سەقامگیری و دڵنیاییە فەراهەم نەبوو ئەوا ڕاستەوخۆ مەیلی بەلای زیندووکردنەوەی ڕابردوودا دەبێت کە ئەوەش جۆرێك لە کۆنەپارێزی وەکو جۆرێك لە غەریزە لە پشتییەوە وەستاوە لەم ڕوانگەیەوە کاتێ جەماوەری دوای ڕاکردنی حکومەت لە چیرۆکی شاردا هەست بە نائارامی و نادڵنیایی دەکەن ڕاستەوخۆ خۆیان دەچن بە دوای حکومەتدا و دەیهێننەوە

دەشێ جۆرە ئیحایەکی لەم جۆرە لە کوردستانی دوای ڕاپەڕینیشدا هەستی پێکرابێت بەڵام ئەوە لای ئێمە نەبووە بە ڕایەکی گشتی و جەماوەر، پیاوە عاقڵەکان لەسەر ئەو ڕاپەڕینە لە وڵات دەربکەن ئەگەرچی بە ئاسایی بەشێکی زۆریان خۆیان لە ئەنجامی بێئومێدبوون لەو خەونە ئەرخەوانییانەی چاوەڕوانیان دەکرد گۆڕانکاری دروستی بکات واقیعی باوی وڵاتیان بەجێهێشت بە تایبەتیش کە هەستیان بەوە دەکرد لە دوای ڕاپەڕین سەقامگیری و دڵنیایی و یەقینی مانەوە و پاراستن هەرسێیان هێناوە.. بەهەرحاڵ لە وڵاتی ئێمە جەماوەر دوای ڕاپەڕین سەرباری جۆرێك لە پەشێوی و فەوزا نەچوو بە دوای حکومەتدا واتە بە دوای دەسەڵاتی پێشوودا هەتا بیهێننەوە بەڵکو تا ڕادەیەك خۆیان دایە دەست دەسەڵاتی نوێ کە جیگای دەسەڵاتی پێشتری گرتەوە بەڵام لەبەرئەوەی شار وەکو ماینە بەتەڵەبەکان چۆن پەرۆشی ئەسپێکی بەهێز بوون هەتا ئاڵۆشەکەیان دابمرکێنێتەوە بە هەمان شێوە شاریش خوازیاری دەسەڵاتێکی توندوتیژە هەتا سەقامگیری بۆ مسۆگەر بکات واتە سەقامگیری شار و دامرکاندنەوەی ئالۆشی مایند بەتەڵەمەکان هاوشێوەن و هەمان مانایان هەیە.

–3–

پیاوە عاقڵەکان کە حکومەت بە نەخشە و پلانی ئەمان ناچار بوو هەڵبێت و خۆی حەشار بدات لە ئەنجامدا بۆیان دەرکەوت کە ئەو فەوزایەی دروستبووە لە ئەنجامی مردنی حکومەتدا بۆ ئەوان کۆنترۆڵ ناکرێت، نەیاندەزانی چی بکەن ڕاستییەکەشی ئەوەیە ئەمان بێ بوونی هیچ بەرنامەیەك دەسەڵاتی حکومەتیان کوشت هەرچۆن لە خێزانێکدا تاوانی کوشتنی باوك ئەنجام بدرێت چاوەڕوانی گەورەترین پشێوی و فەوزا دەکرێت، بە هەمان شێوە لە شاریشدا مەرگی حکومەت ئەو فەوزایەی دروست کرد. لێرەوە ئەو دەلالەتە ئاشکرا دەبێت بۆئەوەی سەقامگیری و هێمنی و دڵنیایی هەبێت دەبێت دەسەڵاتێکی بەهێز ئامادەبوونی هەبێت. پیاوە عاقڵەکان دواتر لەم حەقیقەتە تێگەیشتن هەر بۆیە دەگەنە ئەو بۆچوونەی هیوای دەرکەوتنی قارەمانێك بخوازن کە بارودۆخەکە هێور بکاتەوە.

لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە پیاوە عاقڵەکان بڕوایان بە بوونی دەسەڵاتی تاکەکەسی بەهێز هەیە هەتا کۆنترۆڵی ئەو بارە هەڵیساوە بکات ئەو تاکەکەسەش دیارە دەبێت جۆرێك بێت لە سوپەرمان کە لە ڕووانگەی کۆمەڵناسییەوە پێی دەوترێت باوکی ڕۆحی. لێرەشدا ئەو دەلالەتە ئاشکرا دەبێت کە پیاوە عاقڵەکان کە مەبەستیان ئەوەیە باوکی ڕۆحی دەتوانێت کۆنترۆڵی پەشێوییەکی لەو جۆرە بکات و یەقینی مانەوە و دڵنیابوون لە ژیان بکات بە حەقیقەت. ڕەنگە لە پشتی ئەم بۆچوونەوە ئەو جیهانبینییە ڕاوەستابێت کە کۆمەڵگای کوردی لە حاڵەتی ئێستایدا و دەسەڵاتی کوردی لە شێوەی لاوازی ئێستادا کە ناتوانن جەماوەر لە مانەوە و لە ئایندە دڵنیا بکەن، تەنیا باوکی ڕۆحی کورد بتوانێت ئەو دڵنیابوونە بکاتە حەقیقەت لای جەماوەر و کەس گومانی لێ نەکات، ئەمە سەرباری ئەوەی کە چیرۆکی شار بەرجەستەی ئەو حاڵەتە دەکات کە دوای ڕاکردنی حکومەت کۆمەڵگای ئێمە بەبێ سەر واتەبێ ڕابەر و سەرکردە، بێ دەزگای دەسەڵات، بێ باوك ماوەتەوە لە حاڵەتێکی لەو جۆرەشدا سەرباری فەوزا و پەشێوی جەماوەر کە شێوەی (ڕانەمەڕ)ن لە بەردەمی شوانێکدا کە سیحری گۆچانەکەی دەیانپارێزێت بەم شێوەیە گورگ دەیانخوات. کە لە بنەڕەتدا نەخشەی دەرکردنی حکومەت بریتی بوو لە نەخشەی پرۆژەیەك بۆ خۆپارستن لە گورگ واتە لەو دەسەڵاتە دزێوە.

–4–

شێوازی گفتوگۆی نێوان کوڕەی منداڵ و دایکی سەرباری ئەوەی کە پەرۆشی کوڕە بۆ (زانین) نیشان دەدات، بەڵام لە میانەی پرسیارەکانەوە حاڵەتی نائاسایی بوونی کوڕە نیشان دەدات، دەبێ چ پاڵنەرێك لە پشتی ئەو بارە نائاساییەی کەسێتی ئەم منداڵەوە بێت؟

کوڕە کاتێ دەربارەی حکومەت و دەسەڵاتی حکومەت پرسیار دەکات ڕاستەوخۆ حەز و ئارەزووی خۆی بۆ دەسەڵات ئاشکرا دەکات کاتێ ئاواتەخوازی ئەوەیە بێت بە حکومەت. ئەمەش بەڵگەی نائاسایی بوونی ئەم کەسێتییەیە.

دەشێ ئەو بارە نائاساییەی ئەم منداڵە دەرەنجامی جۆرە نەخۆشییەك بێت یان هۆکاری پەروەردەیی لە پشتییەوە وەستابێت کە ئەمەی دووەمیان لە چیرۆکەکەدا ئامادەبوونی هەیە و دەشێ ببێت بە هۆکار بۆ یەکەمیان واتە بۆ جۆرێك لە نەخۆشی. لە کاتێکدا کوڕە لە دایکی دەپرسێت داخۆ حکومەت حەز لە چی دەکات دایکی لەبری وەڵام هەمان پرسیار ئاراستەی کوڕەکەی دەکات! ئەی تۆ حەز لەچی دەکەیت؟

کوڕەش دەڵێت حەز ئەکەم گەورە ببم و بفڕم و گۆشتی برژاویش بخۆم، بەڵام دایکی ڕاستەوخۆ پێی دەڵێن: ئا گۆشتی بە شیشەوە کراوت مەبەستە. زۆڵ– ئیتر چەپۆکێ بە کوڕەکەدا دەکێشێ) ئەم ڕەفتارەی دایکی ئاسەوارێکی کاریگەر لای کوڕە بە جێ دێڵێ. دەلالەتی گۆشتی بە ئیشەوە کراو لای دایکە دەلالەتێکی سێکسییە بەڵام داخۆ بۆچی بەم شێوەیە بیر لە قسەی منداڵەکەی خۆی دەکاتەوە؟

هەر بە دوای ئەم قسەیەی دایکەدا کوڕە هەرکە بیری شیشە گۆشتی دەکەوێتەوە دەست دەبات بۆ ناوگەڵی واتە یەکگرتنەوەیەك لە نێوان هینەکەیی و شیشی گۆشتدا دروست دەبێت تا ئەنجام لە خەونیدا سەرجەم کاربەدەستانی حکومەت دەبینێ دەفڕن یەکی شیشێکی گەورەی گۆشتیان پێیە، سەرۆکی حکومەت شیشێکیش دەبەخشێت بەم. لێرەوە بە ئاشکراتر دەلالەتی (شیش) دەردەکەوێت کە دەلالەتێکی سێکسییە و لە هەمان کاتدا مانایەکی قوڵتریش هەڵدەگرێت کە ئەویش مانای دەسەڵاتە. چونکە ئەو شیشە تەنیا لای پیاو هەیە هێمایشە بۆ دەسەڵاتی پیاو، حکومەتیش هەمان شیشیان بە دەستەوەیە کەواتە لێرەدا بەڵگەی دەسەڵاتی حکومەتیشە واتە حکومەت و پیاو یەك مومارەسە دەکەن کە ئەویش مومارەسەی دەسەڵاتە.

کوڕەی منداڵ کە هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی پێگەیشتن لە ڕووی بایۆلۆژییەوە ئەو شەوەی لە خەویدا بە دوای حکومەت دەکەوێت دەبێتە خاوەنی شیشی خۆی سمێڵ و ڕیشی لێدەڕوێ و دەبێت بە پیاو واتە تا دەگاتە ئەوساتەی کە لەو بوارەدا پیادەی دەسەڵاتی خۆی بکات هەرچۆن حکومەت ئەو شیشەی وەك هێمای

دەسەڵات بۆ ملکەچ کردنی شار واتە بۆ لە شیشدانی شار (بۆ جووت بوون) بەکاردەهێنێت، لە کاتی گێڕانەوەی خەونەکەدا کوڕە بەردەوام دەستی لە ناوگەڵیدایە خەونەکە بۆ دایکی دەگێڕێتەوە. دایکی پەی بە جۆرێك لە نائاسایی بوونی هەڵس و کەوتی کوڕەکەی دەبات بەڵام کاتێ سەیری دەکات دەبینێ سیمای حکومەتی پێبڕاوە. یان وەکو پیاوانی حکومەت سیما و ڕوخساری بە ئیحیا و هێمای دەسەڵات داگیرکراوە و چاوانی بوونەتە حەوزێك لە حەز و ئارەزووی سێکسی و لە خولیای دۆزینەوەی پانتاییەکدایە بۆ مومارەسەکردنی. کوڕە لە هەڵوێستێکی هاوشێوەی هەڵوێستی (ئۆزڤاڵد)ی پاڵەوانی شانۆگەری تارماییەکانی هینریك ئەبسندا پەلاماری دایکی دەدات هەتا ئارەزووی سێکسی خۆی لەگەڵدا دابمرکێنێتەوە ئۆزڤاڵدی پاڵەوانی تارماییەکان دووچاری نەخۆشی سفلیس هاتووە و ئەو نەخۆشیە وای لێدەکات هەوڵبدات کردەیەکی سێکسی لەو جۆرە ئەنجام بدات، بەڵام لای پاڵەوانی چیرۆکی شار هیچ ئاماژەیەك بە دووچاربوون بەو نەخۆشییە نەکراوە. ئەگەرچی یەکەم ڕستەی دایکی دەربارەی گۆشتی لە شیش دراو جۆرە کاریگەرییەکی پەروەردەیی لەسەر ئەم کوڕە هەیە و ئەم هەڵوێستەی دایکی نائاساییە و نزیکە لە هەڵوێستیماینە بەتەڵەبەکان بۆ ئەسپەکان. یان هەڵوێستی شار بۆ حکومەت لە ئەنجامدا گێڕەرەوە دەڵێت: کوڕە یەکەم نەوەی تازەی حکومەت بوو کە هەوڵی دا پڕ بە ویستی ئارەزووەکەی تام لە گۆشتی دایکی بچێژێت..) لێرەوە هاوشێوەییەك لە نێوان ناڕەسەنی ئەو حکومەتەی کە جاوەر هێنایانەوە و کوڕە تەمەن چەند ساڵەیدا دەردەکەوێت. بەڵی ئەو حکومەتەی کە بە عەقڵی پیاوانی عاقڵ دەرکرا جەماوەر هێنایانەوە.. ئەم کوڕە و حکومەت یەك ماهیەتیان هەیە ئەویش ئەوەیە هەرچۆن کوڕە ناڕەسەنە و لەگەڵ دایکی خۆیدا جوت دەبێت بە هەمان شێوە حکومەتی هێنراوەش جەستەی شار لە شیش دەدات. بەڵام دەشێ هاوشێوە بوون لە نێوان کوڕە و ئەو جەماوەرەدا بکرێت کە حکومەتی هەڵاتووی هێنایەوە و لەبەردەمیدا ملکەچ بوو. کڕنووشی بۆ برد و پێی گوت پیاوە عاقڵەکان ئەم کارەساتەیان بەسەر هێنایین

ئێمــەی شــار ژنــی شــەرعی تــۆین بــێ تــۆ دەبینــە بێــوەژن و فــەواز و پەشــێوی کوڕەکانمـان بـێ سـەروەری و بـێ گـەورەییماڵەکـەمان وێرانمـان دەکـات. ئێسـتا جیهانبینی گشـتی چیرۆکی شـار ئاشـکرا دەبێـت کـە ئـەویش لـەوەدا بەرجەسـتە دەبێت کە مرۆڤ خۆی خوازیاری دەسەڵاتە و ئەوەی هەڵبـژاردووە کە ئازاد نـەبێت. یـان لـە بارێکی تـردا مـرۆڤ پێویسـتی بـە نمونەیـەکی دەسـەڵاتە کـە لـە سـەروویەوە بووەسـتێت و دڵنیـایی پـێ ببەخشـێت، واتـە بـە خۆڕسـکی مـرۆڤ خـۆی لـە دوای باوکێك دەگەڕێت کە لە سایەیدا جۆرێك لـە دڵنیـایی بەدەست بهێنێت. ئەگـەر ئـەم حاڵەتەش بهێنینە سەر زەمینەی واقیع ئەوا دەلالەتێکی سۆسیۆلۆژیمان بۆ بەرهـەم دێت کە ئەویش ئەوەیـە لـە کۆمەڵگاکانی لـە جـۆری (شـار)دا لەبەرئـەوەی لـە پلـەی یەکەمـدا دەسـەڵات هـۆی سـەرەکییە بـۆ دروسـتکردنی سـەقامگیری و گەیانـدنی خودی کۆمەڵ بە حاڵەتی دڵنیایی، هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوەکانی دەسـەڵات بـەم جۆرە خوازیـاری هێمنـی و دڵنیاییـە، بۆیـە ناتوانێت لـە دەرەوەی دەسـەڵات بـژی.. ئەگەرچـی ئـەو دەسـەڵاتە لـە کۆمـەڵگاکانی لـە جـۆری کۆمـەڵگای چیرۆکی شـاردا دەشێ نارەسەن یان دیکتاتۆری و توندوتیژ بێت و هەموو ئازادییـە مرۆڤیـەکانیش لەنێوببات و گەوهەر و ماهیەتی مرۆڤایەتیش هەڵبوەشێنێتەوە.

چیرۆکی شار سەرباری ئەوەی لە ڕووی هونەرییـەوە شێوازی چیرۆکی سالآنی حەفتایە لـە مێـژووی چیرۆکی کوردیـدا، بەڵام ئـەو جیهانبینییـەی کـە هـەڵیگرتووە دەیسەلمێنێت چیرۆکێکی زینـدووە و تەقلیدییـەتی شێواز نـەیتوانیوە جیهـانبینی مـەودا قـووڵی ئـەم دەقـە لاواز بکـات و لـە ڕوانگـەی ئـەو شـیکردنەوەی سـەرەوە دەتــوانین بڵــێین چــیرۆکی (شــار) لــە ڕوانگــەی جیهانبینییــەوە چــیرۆکێکە کــە ڕەهەندێکی فیکری و مەعریفی فراوان و مەودا قووڵی هەیە.

# بەشی پێنجەم

## ناکردەیی بکەر و وەسفی مێژوو

## لە چیرۆکی (باوکم دزرا)ی حەکیم کاکەوەیسدا

(باوکم دزرا) چیرۆکێکی حەکیم کاکە وەیسە کە لە ژمارەی تایبەتی گۆڤاری ڕامان بۆ چیرۆك واتە ژمارەی (13)دا بڵاوبۆتەوە و یەکێکە لەو چیرۆکانەی کە لە ژمارەکەدا سەرنجی ڕاکێشام. چیرۆکی (باوکم دزرا) یەکێکە لەو دەقانەی کە چ لە ڕووی بنیادی هونەری و چ لە ڕووی گوتاری ئەدەبییەوە یان بە واتایەکی تر لە ڕوانگەی ئەو جیهانبینییەی کە هەڵیگرتووە دەهێنێت لە سەری ڕابوەستین.

-1-

لە سەرەتای چیرۆکەکەدا حیکایەتخوان (گێڕەرەوە) دەردەکەوێت لە میانەی پیشکەشکردنەکانیەوە و دەستدەکات بە ناساندنی شوێن لە چیرۆکەکەدا هەروەك ئاشکراشە دەبێ شوێن ببێتە پانتایی جوڵەی پاڵەوانی چیرۆکەکە و کردار لەوێدا ڕووبدات. گێڕەرەوە دەستدەکات بە گێڕانەوەی چیرۆکەکە بۆ گوێگر یان بۆ بۆ گێڕەرەوە کە لەم حاڵەتەدا بۆ گێڕەرەوە و خوێنەر دەبنە یەك بە تایبەتی لە چیرۆکی (باوکم دزرا) گێڕەرەوە چیرۆکەکە بۆ خوێنەر دەگێڕێتەوە و لە پرۆسەی گێڕانەوەکەیدا لەگەڵ کەسیەتی چیرۆکنووس یەك دەگرێتەوە و بە تەواوی گێڕەرەوە دووری چیرۆکنووس دەبینێت یان بە شێوەیەکی تر چیرۆکنووس لە پشتی گێڕەرەوە ڕاوەستاوە.

گێڕەرەوە لە چیرۆکەکەدا گەرچی لە سەرەتاوە کەسیەتێکی سەربەخۆیە و فیکرە و بگرە جوڵەی پاڵەوانی چیرۆکەکەش پێشکەش دەکات، بەڵام هەر زوو ئەو دەورەی لەدەس دەدات و لەگەڵ کەسیەتی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا یەك دەگرێتەوە، ئەو پاڵەوانەی کە لە سەرەتای چیرۆکەکەدا گوێگریان بۆ گێڕەرەوە بوو ئێستە

دەوری گێـڕەرەوە دەبینـێ و بـۆ گـوێگرێکی تـر دەدوێـت ئـەو گـوێگرەش تـەرمی باوکییەتی، واتە جەستەیەکی بێگیان، ئەم حاڵەتەش لە زۆر دیمەنی گێڕانەوەدا لە چـیرۆکدا بەرچـاو دەکـەوێت کـە گێـڕەرەوە بەسـەرهاتی چـیرۆك بـۆ تـوخمێکی سروشت، زیندەوەرێك یان سێبەری خۆی دەگێڕێتەوە بە مەبەستی دروستکردنی پەیوەندییەکی مەعنەوی یان دەروونی.

هەنـدێ جـاریش گێـڕەوە ڕووداوەکـانی چـیرۆکەکەی بـۆ کەسـێ یـان چـەند کەسێکی تـر دەگێڕێتـەوە کە دەشێ ئەو گوێگرانە بەشداری دروستکردنی جوڵە (کـردار) لـە بنیـادی کـرداری چیرۆکەکەدا بکـەن و لـەم حاڵەتەشـدا گـوێگر دەبێتـە کەسـیەتی دیـار لـە چـیرۆکەکەدا و بەشـداری جوڵـەی کـردار دەکـات. بـاوك لـە چـیرۆکەکەی حەکیمـدا ئـەو بـۆ گێڕەوەرەیـە کـە بەشـداری کـردار لـە چـیرۆکەکەدا دەکـات بەمـەش دەوری بکـەری نادیـار یـان سـایکۆلۆژی دەبینێـت کـە بـێ هـیچ چـالاکییەکی فیزیکـی ڕۆڵێکـی دیـاری لـە چـیرۆکەکەدا هەیـە و مـەدلولی گشـتی چیرۆکەکە پەیوەستە بەوەوە.

هەندێ جار بۆ گێڕەرەوە لـە چیرۆکدا سنووری بێدەنگی دەشکێنێ، ئەوکاتە ئامادەبوونی خۆی وەکو کەسیەتی دیار لە چیرۆکەکەدا نیشان دەدات. بە تایبـەتی ئەگـــەر گێـــڕەرەوە و پاڵـــەوانی چـــیرۆکەکە یەکبگرنـــەوە وەکـــو ئـــەو حاڵـــەتی یەکگرتنـەوەی لـە چـیرۆکی (بـاوکم دزرا)دا هەیـە و پاڵـەوان دەوری گێـڕەرەوەش ببینـێ ئـەوا هـەر بەشـداریکردنێکی بـۆ گێـڕەرەوە لـە ئاخاوتنـدا دەبێتـە هـۆی کۆتاییهێنـان بـە مۆنۆلۆگـەکانی پاڵـەوانی چیرۆکەکە و دایـەلۆگ دەسـتپێدەکات لـە بنیادی زمانی دەقەکەدا، لەم حاڵەتەشدا چیرۆکەکە لە حاڵەتی بوونی تاکە کەسـی دەرباز دەبێت، لەم بارەشدا چیرۆك لـەوە دەردەچێت تـەنها وەکو ئۆتۆبایۆگرافیـای نووسەر دەربکەوێت. بەڵام لە چیرۆکی (باوکم دزرا) بۆ گێڕەرەوە کە تـەرمی باوکـە سـەرباری ئـەوەی بـە هـۆی ژیـانی پێشـترییەوە یـان ئامـادەبوونی لاوازییـەوە لـە ڕابردوودا بەشداری دروستکردنی کردار لە چیرۆکەکەدا دەکات، بەڵام بەشداری هیچ ئاخاوتنێك ناکات، بەمەش دایەلۆگ دروست نابێت و لە میانەی مۆنۆلۆگ یان

فلاشباکەوە پاڵەوان کە لە ڕاستیدا چیرۆکنووس لە پشتییەوە ڕاوەستاوە ئۆتۆبایۆگرافیای خۆی و ئایدیۆلۆژیای خۆی لە ڕێگای پاڵەوانەکەوە پێشکەش دەکات لەم حاڵەتەشدا پاڵەوان خۆی دەوری گێڕەرەوە دەبینێت.

لە سەرەتای چیرۆکی (باوکم دزرا)دا گێڕەرەوە شوێن پێشکەش دەکات و سیفەتە دیارەکانی شوێنی دیاریکراو نیشان دەدات. لە هەمان کاتدا هەر لەسەر ئامادەبوونی گێڕەرەوە خۆی و بۆ گێڕەرەوە لەو شوێنەدا لە گێڕانەوەکانیدا دەلالەتی گشتی چیرۆکەکە پێشکەش دەکات و سەرجەم جیهانبینی چیرۆکەکەش ئاشکرا دەکات، ئەمە لە کاتێکدا کردەی گێڕانەوە تەنها بۆ تاکە کەسێك نییە کە لە سنووری دەقەکەدا بێت بەڵکو سەرباری ئەوەی گێڕانەوەکە بۆ (گوێگرە) کە بریتییە لە باوك کە ئەویش مردووە و ئێستە تەرمێکە لەبەردەستی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا، بەڵام پێش ئەوەی کە پاڵەوان و گێڕەرەوە ببنە یەك، پاڵەوان خۆیشی لە شوێنی بۆ گێڕەرەوەدایە. لە حاڵەتی ئێستەدا گێڕانەوە بۆ خوێنەری دەقەکەشە.

گێڕەرەوە لە کردەی گێڕانەوەدا سەرجەم فیکرەی چیرۆکەکە پێشکەش دەکات هەر بۆیە بواری (کردار)ی پاڵەوانەکە تەسك دەبێتەوە و لە پشتی گێڕەرەوەوە چیرۆکنووس خۆی ڕادەوەستێ و جوڵەی پاڵەوانەکە ئاراستە دەکات، لەو حاڵەتەشدا کە پاڵەوان خۆی دەبێتە گێڕەرەوە لە چیرۆکی (باوکم دزرا)دا ناڕاستەوخۆ چیرۆکنووس دەبێتە پاڵەوانەکەیان پاڵەوان کەسیەتی چیرۆکنووسی دەبێت، ئەمەش چیرۆکەکە دەکاتە یاداشت، دەشێ ئەم حاڵەتەش بە یەکێك لە خەوشەکانی ئەم چیرۆکە دابنرێت وەکو بەشی زۆری چیرۆکی کوردی. لە ئەنجامی ئامادەبوونی چیرۆکنووس لە پشتی پاڵەوانەوە، پاڵەوانی چیرۆکەکە هەموو جوڵەیەکی دیسپلین دەکرێت و زیاتر قورسی دەخاتە سەر وەسفکردنی حاڵەتەکان و ناتوانێت لە ماهیەتی خۆی و گرنگی ڕووداوەکانیش بدوێت. ئەمەش یەکێکە لەو هۆکارانەی کە چیرۆکی (باوکم دزرا)ی کردووە بە چیرۆکێکی وەسفی زیاتر لەوەی کردار ئامێز بێت، ئەمەش یەکێك لە خەسڵەتە دیارەکانی چیرۆکی کوردییە.

حاڵەتی وەسفکردن لە چیرۆکەکەدا لەسەر دوورکەوتنەوەیە لە بوونی جوڵە و کردار. هەر لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە لە بری ئەوەی دەلالی چیرۆکەکە لە پرۆسەی کرداردا لە سیاقی زمانیدا بەرجەستە ببێت و پاڵەوانی چیرۆکەکە لە دروستکردنی ڕووداودا وەکو بکەری ڕووداو دروستکەر ڕووداو ئەنجام بدات، لە میانەی وەسفکردنەوە ئەو دەلالاتانە لە لایەن گێڕەرەوە یان چیرۆکنووس خۆیەوە کە لە پشتی گێڕەرەوە و پاڵەوانەوەیە ئاشکرا دەکرێت و بنیادی زمانی و هونەری چیرۆکەکە هێندە بەشداری ناکەن لە هەڵگرتنی ئەو دەلالاتانەدا هەر بۆیە ئەم چیرۆکە لە یەکەم خوێندنەوەدا خۆی دەدات بە دەستەوە و خوێنەر تووشی هیچ گەڕان و بەدواچوونێك ناکات، ئەمەش ئەو کەش و هەوایەیە کە چیرۆکی کوردی هەر لەسەرەتاوە تاکو ئێستە پێوەی بەستراوە و جۆرێك لە خوێنەری تەمبەڵی ئامادەکردووە کە توانای خۆماندووکردن و بەدواداچوونی نییە و بەردەوام دەخوازێت شتە مەئلووفەکانی پێشکەش بکرێت، ئەو شتانەی کە توانایان نییە لە زهنیدا هیچ جێکەوت و ئاسەوارێکیان هەبێت و هیچ وریاکردنەوە و ڕاچەنینێکی بە مەبەستی دروستکردنی حاڵەتی تێڕامان یان تەنانەت بۆ چێژێمکی ئیستاتیکی جیاواز لە چێژی مەئلوف دروست بکات. خۆ ئەگەر لادانێك لە مەئلوف ڕوویدا ئەوا بە زەحمەت جێگای خۆی دەکاتەوە و زۆربەی کات خوێنەری کورد بە گشتی نەفرەت لە حاڵەتە نامەئلووفەکان دەکات. چیرۆکی (باوکم دزرا) بە دارِشتنێکی نێوان گێڕانەوەی تەقلیدی و مۆنۆلۆگ و فلاشباکی سادە بنیادنراوە و لە بنەما نوێیەکانی چیرۆکی نویٚ لە گەمەی زمانی و فانتازیا و هێما و دەلالاتی فەلسەفی و ئەفسانەیی بێبەشە، ئەمەش وەهای کردووە کە لە هەندێ شوێنی بنیادی زمانیدا کە زیاتر لە شێوەی مۆنۆلۆگدا پاڵەوانەکە دەری دەبڕێت جۆرێك لە (دان پیانان– Confessing) دەخاتەڕوو، بەڵام لەو کردەیەشدا ناتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت چونکە پرۆسەی دانپیانان بریتییە لە ئاشکراکردن و خستنەڕووی دیوی ناوەوەی خۆی بە سەرجەم نهێنی و خۆزگە و حەز و ئارەزووە سەرکوتکراوە بایۆلۆژجییەکانیەوە، پاڵەوان لەبەر نەتوانینی شۆڕبوونەوە بە ناخی

خۆیدا پەنا دەباتە بەر دواندنی دیوی دەرەوە، ڕووداوە مەئلووفەکان، ئەوانەی زۆربەی خەڵك پەییان پێ دەبات دەڵێتەوە. پەنابردنی پاڵەوانەکە بۆ دوورکەوتنەوە لە دواندنی دیوی ناوەوەی خۆی بۆ خۆدەربازکردنە لە کۆلاندنەوەی بیرنەکانی ناخی. ئەمەش سیفەتی پاڵەوانی (کەسێتی) کوردییە کە هەرگیز پڕکێشی ئەوە ناکات پەنجە لەسەر شکستەکانی خۆی دابنێت، نەوەکو دوچاری ئازارچەشتن ببێت، هەر ئەمەش وەهای لێکردووە کەم و کورتییەکانی بۆ دەستنیشان نەکرێت و بەردەوام چاویان لێ بنووقێنێت یان پشتگوێیان بخات.

ئیستە ئەگەر دەوری گێڕەرەوە و پاڵەوان و چیرۆکنووس نیشان بدەین ئەوا نووسەر لە پشتی گێڕەوەوە وەستاوە و پەیامی گێڕانەوە کە فیکرەی چیرۆکەکە و گوتاری چیرۆکەکەی تێدا کۆدەبێتەوە دەدات بە گێڕەرەوە و ئەویش لە قۆناغی یەکەمی گێڕانەوەدا پێشکەشی دەکات لە قۆناغی دووەمیشدا پاڵەوانی چیرۆکەکە دەچێتە شوێنی گێڕەرەوە و ئەو دەورە دەبینێ. واتە چ کردەی گێڕانەوە و گەیاندنی پەیامی چیرۆکەکە و چ دروستکردنی کردار و جوڵە لە چیرۆکەکەدا نووسەر لە پشتیانەوەیە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| نووسەر | گێڕەرەوە | پەیام | بۆگێڕەرەوە | وەرگر |
| | پاڵەوان (بکەر) | کردار | بەرکار | |

لێرەشەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە چیرۆکەکە بریتییە لە ئۆتۆبایۆگرافی چیرۆکنووس و وەرگر ڕاستەوخۆ بەو شێوەیە لە چیرۆکەکە تێدەگات.

-2-

حەکیم سەرباری بەرجەستەکردنی جیهانبینییەکی قوڵی مێژوویی – سیۆسیۆلۆژی و ئەنتۆلۆژیانە و بەرزکردنەوەی هەندێ پرسیار کە مەسەلەی بوون و بوونی کۆمەڵایەتی و مێژوویی پێکەوە دەبەستێت، لە هەمان کاتدا تێکڕای ئەو پرسیارە ناسەرەکیانەی کە لە دەقەکەدا بەرزی دەکاتەوە دەخاتە خزمەتی

پرسیارێکی سەرەکی ترەوە کە ئەویش پرسیارە دەربارەی ناسنامە. ناسنامە بەو مانایەی کە ماهیەتی بوون بگرێتەوە کە ئەویش درێژدەبێتەوە بۆ خۆبەستنەوە بە کێشـــەی نێـــوان ئامـــادەبوون و ئامادەنەبوونـــەوە، کێشـــەی نێـــوان کـــەلتوورە جیاوازەکان، کێشەی نێوان شارستانییە جیاوازەکان کە لە ئاستێکی قوڵتردا ئەو ئاستەی لە بنیادی زمانی دەقەکەدا نەوتراوە دەبێتە کێشەی نێوان شارستانی ڕۆژئـاوا (ناوەنـد) و شارسـتانی ڕۆژهـەڵاتی (کـەنار). واتـە ململانێـی نێـوان ئـەو جوگرافیای کە پاڵەوانی چیرۆکەکە زێدی خۆی جێهێشتووە و چۆتە ئەوێ لەگەڵ جوگرافیا و زێدی پاڵەوان کە لەبەر هەر هۆکارێك بێت بە جێی هێشتووە. ئێستە بـوونی پاڵـەوان لەسـەر ئـەو جوگرافیـا نوێیـە لەسـەر بـوونی پێشـینەی مێـژوویی هەڵوێسـتی لـە بەرامبـەردا وەردەگیرێـت. لـەو ڕوانگەیەشـەوە کێشـەی نێـوان شارستانی خاوەن ناسنامەی ڕۆژئاوا و مرۆڤی کوردی بێ ناسنامەی نەتەوەیی و شارسـتانی دەردەکـەوێت و دەشـبێتە بنـەمای هەڵوێسـتی ئـەوێ واتـە ڕۆژئـاوا بەرامبەر بە ئێرە واتە جوگرافیا و زێدی پاڵەوانی چیرۆکەکە. لە ئەنجامی ئەوەشدا بەخۆداچوونەوە جۆرێك لە فلاشباك دروست دەکات بۆ خوێندنەوەی ڕابردووی (خـود= پاڵەوانەکـە)، ڕابردوویـەك کـە خـودی پاڵـەوانی چـیرۆکەکە لـە مۆنۆلـۆگ و ئاخاوتنەکانیـدا لەگـەڵ تـەرمی باوکیـدا سـەرجەم خەسـڵەت و سـیفەتەکانی دەخاتەڕوو کە جگە لە وێرانەیەك هیچی تر نییە و جگـە لـەوەی کـە ئـەمی خـاوەنی جوگرافیـای خـۆی لـە مـاڵی خۆیـدا بـەکارهێنراوە و هەمیشـە دەوری بـەرکاری سـیمانتیکی بینیـووە، نـەیتوانیووە ئامـادەبوونی خـۆی بسـەلمێنێت، هـەموو حاڵەتێکی بە بەرکاربوونیش سەرکوتانەوە و کوشتنی خودی ئازادە هـەر بۆیـە بە ناچاری پاڵەوانی چیرۆکەکە حاڵەتی بەرکاری سەر جوگرافیای خۆی ڕەفز دەکات، بەو هیوایەی لە حاڵەتی (بەرکار)ی ڕزگاری ببێت، پـەنای بـرۆتە بـەر کۆچکردن بـۆ ئەوێ (ڕۆژئاوا)، بەڵام هەر زوو تێدەگات کە ستەمە بتوانێت لەوێندەر ببێتـە بکـەر، بەڵکو بـە پێچـەوانەوە سیستـەمی دەسـەڵاتی ئـەوێ بـە جۆرێك کۆنترۆڵی پانتاییـە ئینسـانی و ژیاریـیـەکان دەکـات کـە بـێ ئـەوەی پاڵەوانەکـە هەسـت بکـات چـەندین

تۆڕی دەسەلآت کە لە ڕۆحی سیستەمی بکەری دەسەلآتی ئەویۆوە دێت دەیکاتە بەرکار، گەیشتن بەم حاڵەتەیە وەها لە بکەری چیرۆکەکە دەکات لەویۆوە گۆرانی غەمگینی بۆ ئێرە بچڕێت.

چیرۆکی (باوکم دزرا) لە لایەك بەرجەستەی ئەو حاڵەتە دەکات کە کێشەی نێوان ڕۆژئاوا و ڕۆژهەلآت، کێشەیەکی شارستانی و ژیاریی مەودا قوڵە و ئامادەبوونی رۆژئاوا و نائامادەبوونی رۆژهەلآت سەرچاوەی ئازار و بەدبەختییەکانی ئینسانی ڕۆژهەلآتە لە سەر جوگرافیای ڕۆژئاوا. لە لایەکی ترەوە (باوکم دزرا) نائامادەبوونی کورد لە کێشەی نێوان خۆی و نەتەوەکانی تری دەوروبەریدا نیشان دەدات و لەوەشدا شکستی ڕابردوومان دەکاتە هۆکار بۆ ئاوارەبوونی ئێستە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کە مرۆۋ مەحکومی دەستی مێژووە و ناشێت لێی ڕزگار بێت تەنها مەگەر ڕێنیسانسی هەمەلایەنە لە ڕۆحی ژیانی کۆمەڵگەدا دیمەنەکانی بگۆڕێت.

بەسەرهاتی چیرۆکەکە:

پاڵەوانی چیرۆکەکە کوردێکی ئاوارەی ئەوروپایە کە ژیان لە نێوان کاری دوور و درێژی ڕۆژانە و شوقەیەکدا بەسەردەبات و هیواخوازە کە کارێکی زیاتریش ئەنجام بدات بە مەبەستی دەستکەوتێکی زیاتر. باوکی پاڵەوانەکەش دیسان ئاوارەی ئەوروپایە و دووچاری نەخۆشییەکی پڕ مەترسی دەبێت و ئەنجام لە غەریبیدا گیانی دەسپێرێت. کوڕە ناتوانێت بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدات داخۆ تەرمی باوکی لەویٚ بنێژێت یان بیهێنێتەوە بۆ عەرد و بومی خۆی. ئەنجام بڕیار دەدات تەرمی باوکی بئاخنێتە نێو مقەبای تەلەفزیۆن و بە ئۆتۆمۆبیل بیهێنێتەوە بۆ کوردستان، بەلآم لە ڕێگا لە پشوویەکدا تەرمەکەی لیٚ دەدزرێت. بەلآم پاش ماوەیەك لە گەڕان و بەدواچوون دەیدۆزێتەوە و دەکەوێتەوە ڕیٚ بەرەو نیشتمان، لە ڕێگا دەگاتە حاڵەتی بیرکردنەوە لەو کارەی دەیکات و لە ئەنجامی مۆنۆلۆگی دوور و درێژ لەگەڵ خۆیدا و هەڵسەنگاندنی دەوری باوکی لە (مێژوودا) لە ڕابردوودا بڕیار دەدات تەرمەکەی لە کەندەلآنێکدا بشارێتەوە.

ئەگەر سەرنجی کرداری دزین بدەین لە بنیادی زمانی دەقەکەدا ئەوە مەدلولێکی مێژوویی- کۆمەڵایەتی هەیە کە دزینی تەرمی باوك بە گوێرەی پاڵەوانەکە بریتییە لە دزینی مێژووی کورد، یان ئەگەر باوك هێمابێت بۆ ڕۆحی باوکی کۆمەڵگە ئەوا دزینی تەرمی باوك دزین و لەنێوبردنی ڕۆحی باوکی کوردییە، ئەو باوکە ڕۆحیەی کە زەحمەتە کۆمەڵگەی کوردەواری بێ بوونی ئەو بتوانێت خۆی دروست بکاتەوە. کەواتە هەرچۆن لێرەدا دەلالەتی دزینی تەرمی باوك بریتییە لە وێرانکردنی مێژووی ئێمە، لە هەمان کاتدا دەلالەتێکی قوڵتری دزینی تەرمی باوك ئەوەیە کە باوك پێویستییەکی سەرەکی ئێمەیە و بێ بوونی ئەو ناتوانین بگەینە ڕۆحی ڕەهای خۆمان، بە واتا حەکیم کاکەوەیس لە چیرۆکی (باوکم دزرا)دا ئاماژەیەکی ناڕاستەوخۆ بۆ پێویستبوونی باوك دەکات، بەلام باوکێك کە بتوانێت ڕۆحی کۆمەڵگە لە خۆیدا کۆبکاتەوە و بەرەو ئامانجی سەرەکی ئەو ڕۆحە بڵند بکات واتە بیگەیەنێتە حاڵەتی بڵندبوون.

بەلام نائامادەبوونی باوك لە ڕابردوودا وەهای لێدەکات کە لە مردنیدا لە بری ئەوەی بخرێتە دارە مەیتەوە کەچی دەخرێتە نێو مقەبای تەلەفیزۆنەوە، ئەوەش مانای سڕینەوەی باوکە لە ماهیەتی ئینسانی و بە "شت- التشيء" کردنیەتی. واتە تەرمی باوك دەگۆڕێت بۆ ئامێرێك، لە کردەی شاردنەوەیەکدا کە ئەویش تەلەفیزۆنە دیسان بوون بەو ئامێرە تایبەتییەش واتە تەلەفزیۆن زیاتر ناکردەیی باوك نیشان دەدات، چونکە تەلەفیزۆن ئەو شاشەیە کە بە هۆی دوگمەیەکەوە لە دەرەوە کۆنترۆڵ دەکرێت واتە بەرکارێکە خۆی هیچ ڕۆڵێکی لە ئەرکەکەیدا نییە، ئەمەش پەیوەست بە مێژووی ئێمەوە لە ڕابردوودا ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێمەش لە ڕابردوودا هیچ ئامادەبوونێکمان نەبووە و تەنها بەکارهێنراوین.

کەسیەتی باوك لە چیرۆکەکەدا:

کەسیەتی باوك لە چیرۆکەکەدا لەسەر زمانی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە کە کوڕەکەیەتی دەردەکەوێت، ئەگەرچی باوك لە ڕوانگەی دروستکردنی کردارەوە هیچ جوڵەیەکی نییە و ئامادەبوونی لە چیرۆکەکەدا لە دوای مردنییەوە دەست

پێدەکات، بەڵام کردار تا ڕادەیەك لە چیرۆکەکەدا پەیوەندی بەوەوە هەیە، ئەویش لە ئاکامی مردنیدا دروست دەبێت، واتە باوك لە دوای مردنییەوە جۆرێك لە جوڵە دروست دەکات گەرچی ئەو جوڵەیە هیچ ئەنجامێکی پۆزەتیڤانەشی نەبێت، پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ئاخاوتنەکانیدا لەگەڵ تەرمی باوکیدا بە تەواوی ماهیەتی کەسیەتی باوك دەردەخات، بەڵام باوك لە میانەی ئەو ڕستانەی کە پاڵەوانەکە فڕێی دەدات دەردەکەوێت تەنها باوکی خێزان نییە، بەڵکو باوك لە ئاستێکی گەورەتردایە کە ئەویش باوکی نەتەوەیە. لێرەوە بەرە و ڕستەی سەرەکی جیهانبینی چیرۆکەکە شۆڕدەبینەوە کە ئەویش قسەکردنە لەسەر باوکی ڕۆحی و زیندووبوونەوەی کوردی. کەواتە لێرەدا چیرۆکنووس یەکگرتنەوەیەك لە نێوان باوکی و خۆی و باوکی نەتەوەدا دروست دەکات، باوکی خۆی توشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە و دەمرێت، باوکی نەتەوەش کە دەشێت بەزاراوەی هیگڵی پێی بڵێن ڕۆحی کۆمەڵگەی کوردەواری لە مێژە دووچاری نەخۆشی بووە و لەمێژە ڕۆحی دەرهێنراوە و وەکو قەوارەیەکی بێ ڕۆح ماوەتەوە. هەمان شێوەی دزینی باوکی پاڵەوانەکە لەنێو مقەبای تەلەفیزۆندا. لەم حاڵەتەشدا پاڵەوانی چیرۆکەکە و نەتەوە یەکدەگرنەوە کە هەردووکیان گرێی نەبوونی باوکیان (بکەریان) هەیە. باوکی پاڵەوانی چیرۆکەکە هیچ ڕابردوویەکی گەشی نییە، جێدەستی دیار نییە، کارێکی وای لە ڕابردوودا ئەنجام نەداوە کە ئیستەی کوڕەکەی مسۆگەر بکات.

پاڵەوانی چیرۆکەکە کە بۆ تەرمی باوکی دەدوێت وای نیشان دەدات کە باپیرەی بەشداری غەزای ئەتاتورکی دژی یۆنانی و ئەرمەنیەکان کردووە بە هیوای ئەوەی بەهەشت بباتەوە، ئەو بەشداریکردنەش بە هاندانی خودی ئەتاتورك بووە، ئەمەش ئاخاوتن لەسەر مێژوویەك دێنێتە پێشەوە کە پەیوەندی بە دروستبوونی هەست و هوشیاری نەتەوەییەوە هەیە لای ئەوانی تورك واتە کوڕەکانی ئەتاتورك لەگەڵ چۆنێتی فۆرمەلەبوونی ئەو هەست و هۆشیارییە نەتەوەییە لەو قۆناغەدا کە کەمال ئەتاتورك هێمای بەرز و باڵایەتی. لە لایەکی تریشەوە گوێڕایەڵی ئێمە لە ڕابردوودا بۆ داواکارییەکانی ئەتاتورك و دڵخۆشبوون بە مژدەی بەخشینی

بەهەشت واتە نەبوون یان لاوازی هەستی نەتەوایەتییە لای ئێمە. هەر ئەوەش وەهای کردووە کە ئەوانی تورك دەوری بکەر ببینن و ئێمە بکەنە بەرکار. ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە لە لایەك کورد بەکارهێنراوە و توانای بڕیاردانی نەبووە و لەو ئاستەشدا نەبووە کە بڕیاری ئەوانی تر (دەرەوە) ڕەتبکاتەوە، بەڵکو هەمان شێوەی ئاژەڵ لەبەر دراوە، ئەوەتا پاڵەوانەکە دەڵێت: (دڵت هەر بەوە خۆش دەکردم کە ئازابن، یەك جار نەبوو بڵێی ژیرین... هەر ئازا و ئازا.. وەك شێر و پڵنگ).

لێرەدا بە تەواوی هاوشانی نێوان کورد و ئاژەڵە بەهێزەکان نیشان دەدات، ئەمەش دیسان جارێکی تر دەلالەتی ڕووتکردنەوەی ئێمە لە ماهیەت و بنەما مرۆییەکان هەڵدەگرێت، بەڵام دیارە ئەو ئازایەتییە تەنها بۆ قۆناغی نێو سروشت دەبێت، لەوێڕاکە تەنها چەمکی هێز بوونی هەیە و دەور دەبینێت، بەڵام بۆ قۆناغی ژیانی کۆمەڵگەی مەدەنی (ژیری= مێشك) هێزی جوڵێنەرە. بەڵام باوك بە هیچ شێوەیەك باسی ئەوە ناکات کە ئێمە ژیرین، ڕەنگە بە سادەیی خۆی باوك ڕاستگۆ بووبێت چونکە ئەگەر ژیرێتی بوونی هەبێت ئەوا شانازی کردن بە هێزەوە هیچ دەورێکی نابێت. لێرەوە دەلالەتێکی تری ئاستی تێڕوانینی پاڵەوانەکە بۆ کەسیەتی باوك دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە کە باوك کەسیەتێکی سادەیە: هێشتا نەگەیشتۆتە ئاستی بەکارهێنانی مێشك.

ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێت کە ئێمە لە ڕابردوودا تەنها هێزمان هەبووە هەمان شێوەی ئاژەڵە کێوییەکان، ئەوەش دەوری سەرەکی بینیوە لەوەی کە ئێستا هیچ ئامادەبوونێکمان نەبێت.

لە ئەنجامی ئەم لێکدانەوەیەی سەرەوەدا دەردەکەوێت کە ڕابردووی ئێمە عەقڵ ئیشی تێدا نەکردووە و ئەوەی پاراستوویینی تەنها هێز بووە. هێزیش بەو چەمکەی کە وەکو پارێزەرێك لە ڕووی فشاری دەرەوەدا خۆی نواندووە و لەم حاڵەتەشدا خودپارستن لە سنووری تێڕوانینی غەریزیی زیندەوەران تێپەڕناکات. هەتا ئەو ساتەوەختەی چەمکی عەقڵ و ژیرێتی دەورنەبینن لە ڕێکخستن و

ئاراستەکردنی ئێمەدا ستەمە بتوانین ئامادەبوونی خۆمان لەسەر پانتایی جوگرافی خۆمان بنووێنین، هەرچۆن پاڵەوانی چیرۆکەکە لەبەر ئەو نائامادەبوونە تاکو ساتەوەختی ئێستە نەیتوانیووە لە پانتایی دەقەکەدا ڕووداو دروست بکات و بەڵکو سەربەخۆیی خۆیشی بپارێزێت، هەر لەبەرئەوەی لە پشتی هێزەوە ئێمە لە ڕابردوودا ژێرێتیمان نەبووە، ئەتاتورك وەکو بکەرێکی مێژوویی لە دەرەوەی کەینوونەی خۆمانەوە توانیویەتی کۆنترۆڵمان بکات و بە فریودانمان بە مژدەی بەهەشت جەنگی یۆنانی و ئەرمەنییەکانمان پیێ بکات بە ناوی غەزاوە. ئێمەش نەك هەر نەمانتوانیووە دژی ئەو بەکارهێنانە بووەستین بەڵکو تاکو ساتەوەختی مردنی باوکی پاڵەوانەکە شانازیکردن بە کوشتن و سەربڕینی غەیرە دینەکانی ئەرمەن و یۆنانیەوە لە کۆنەستی ئێمەدا مایەی شانازی پێوەکردن بووە. ئەوەی ڕەفزی ئەو مێژووە دەکات پاڵەوانی چیرۆکەکەیە، ئەو ڕەفزکردنەش دەلالەتێکی قوڵی سیۆسیۆلۆژیانەی هەیە و گەیشتنی پاڵەوانەکە بە لەحزەی ڕەخنەگرتن لە ڕابردوو نیشان دەدات، ڕابردوویەك کە ئەم تیایدا هەر لە پەراوێزدا بووە و نەهاتۆتە نێو مێژووەوە، بەڵام گەیشتن بە لەحزەی بڕیاردان و ڕەفزکردن لە کەسیەتی پاڵەوانەکەدا مانای گەیشتن بە لەحزەی دابڕان لە ڕابردوو هەوڵدان بۆ زیندووبوونەوە و هاتنە نێو مێژووەوە.

-3-

حەکیم لە چیرۆکی (باوکم دزرا)دا لە مەودایەکی قووڵدا نائامادەبوونی ئێستەی ئێمە دەبەستێتەوە بە دوو هێز یان دوو کەلتوری ئامادەوە کە هەریەکەیان لە قۆناغێکی مێژوویدا دەوری کاریگەریان بینیوە لە خەساندنی ڕۆحی ڕابوونەوە و دروستبوونی ڕێنسانسی کوردیدا. یەکەمیان کەلتوری ئاینییە کە لە مێژەوە وەکو بکەرێکی ئامادە لە پانتایی جوگرافیای عەقڵی و کەلتوری و ئەنتۆلۆژی ئێمەدا کاریکردووە و هێدی هێدی بوونی ئێمەی وێران کردووە. بەو مانایەی کە کەسێتی ئێمەی لەنێو کەسێتی ئەوانی تردا تواندۆتەوە. دەوری ئەو کەلتورە و بوونی ئێمە لە شێوەی دوانەیەکدا ڕێکدەخات و پێی وایە ئامادەبوونی

یەکێك لە جەمسەرەکانی ئەو دوانەیە مانای نەفیکردن و سڕینەوەی ئەوی تریانە. ئەو دووانەیەش بریتییە لە (بەدەستهێنانی بەهەشت/ لەدەستدانی ناسنامەی کوردایەتی) کە ئەمەش ئەو مەدلولە هەڵدەگرێت ئەگەر توانەوە لەنێو گەوهەری کەلتوری ئاینیدا ڕوویدا و بەدەسهێنانی بەهەشت مسۆگەر بوو مانای کوردایەتی بوون سڕایەوە. لێرەدا لە دەلالەتێکی قوڵتردا کە لە سنووری بنیادی زمانی چیرۆکەکەدا نەدرکێنراوە چیرۆکنووس دەیەوێت یان دەخوازێت پێچەوانەی ئەو پرۆسەیەی سەرەوە ڕوو بدات واتە بۆ بەدەستهێنانی ناسنامەی کوردایەتی بوون ئامادەبوونی نەتەوەیی دەبوا لە بری تواندنەوە لە پێناوی بەهەشتدا ڕەفزی بەهەشتی بکرایە. هەتا پاڵەوان لە ڕستەیەکی گاڵتەئامێزدا دەڵێت: ئێستە بەهەشت پڕە لە کورد، لێیدەن لە حەوشی گەورە). ئەمەش لە لایەك ئەوە دەگەیەنێت کە کورد لە پێناوی ئەو دنیادا ئەم دنیایان پشتگوێ خستووە، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە کورد بە چاوی سۆفی سەیری دنیا دەکات و ئەم دنیا دەکات بە قەزاوەگێڕی ئەو دنیای نەبڕاوە.

لە لایەکی تریشەوە هەوڵدانی کورد بۆ گەیشتن بە بەهەشت و ڕەفزکردنی ئەم دنیا لە ڕوانگەی تێڕوانینی پاڵەوانەکەوە کە خودی چیرۆکنووس لە پشتییەوە ڕاوەستاوە دەلالەتی ئەوە هەڵدەگرێت کە بەشێکی زۆر لە کورد ئەم دنیا واتە ئێرە کە بریتییە لە زێد و نیشتمانی خۆیان ڕەفز دەکەن و ڕوودەکەنە بەهەشتی ڕۆژئاوا، ئەو بەهەشتەی کە دوای ئەوەی پێی دەگەن بێزاری بەرامبەر دەردەبڕن، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت هەرچۆن ماهیەتی بەهەشت بە گوێرەی ئینسانی کوردی بێ ناسنامە هیچ ناگەیەنێت و لەوانەیە لەوێندەریش منداڵە تورك ڕێگا نەدەن باپیرانمان لەوێ بسرەون، لێرەش لەو بەهەشتەی ڕۆژئاوا کە ئێستە پاڵەوانی چیرۆکەکەی لێیە و لەوێوە دەدوێت ئاسوودەیی بۆ پاڵەوان و هاوشێوەکانی نییە، چونکە لەسەر ئەو زەمینە ئەمان هەست بە بوونی خۆیان ناکەن.

فاکتەری دووەم لە چیرۆکی (باوکم دزرا)دا کە هۆی نائامادەبوونی ئێمەیە لە ڕستەیەکدا دەردەکەوێت کە پاڵەوانی چیرۆکەکە دەیدرکێنێ ئەویش لە کاتێکدا بۆ

تەرمی باوکی دەدوێت دەڵێت: (تۆ بڵێی ڕۆژێ منداڵی منیش ئەم قسانەم لەگەڵدا نەکەن و نەڵێت: هەرچیتان کرد بۆ کرێکارانی دنیاتان کرد و گوتان کردە کورد؟). کەواتە لێرەدا پاڵەوانی چیرۆکەکە دوانەیەکی تر پێکدەهێنێت لە نێوان (کورد/ کرێکاران)دا کە ئامادەبوونی کرێکاران یان ئەو چەمك و بۆچوونانەی لە تێڕوانینی کرێکارانەوە دڕوانێت چەمك و بۆچوونی کوردایەتیان وێران کردووە. ئەمەش دەلالەتێکی قوڵتری هەیە کە ئەویش ئەوەیە پاڵەوانی چیرۆکەکە کە خودی چیرۆکنوس بەشداری هەموو جوڵە و ئاخاوتنێکی دەکات لای وایە ئەو کەلتوورەی لە پشتی چەمکی بەهەشت و ئەو کەلتوورەی لە پشتی چەمکی چینایەتییەوەیە بە تایبەتی (چینایەتی کرێکاران)ەوەیە ڕێگایان لە ئامادەبوونی کورد گرتووە.

کاتێ پاڵەوانی چیرۆکەکە جۆرێك لە نیگەرانی نیشاندەدات بەوەی ئەمیش هیچی پێ ناکرێت، دەکەوێتە بەردەم هەمان مەترسییەوە کە لە ئایندەدا ئەمیش هەر هەمان چارەنووسی باوکی دەبێت و ناشێت سنووری ونبوون بەجێ بهێڵێت و بگاتە ئاستی بوون. ئەمەش لەحزەیەکی ترسناکە کە مرۆڤ لە ئێستەدا هەست بەوە بکات ئایندەی نییە، ئەم هەڵوێستەش بە پێی پاڵەوانی چیرۆکەکە حاڵەتێکی ئیحائیە کە مرۆڤ بگاتە ئاستی درك کردن بە ماهیەتی خۆی. یەکێك لە سیفەتە دیارەکانی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە هەوڵدانە بۆ پەیبردن بە شتەکان و بە ماهیەتی خۆی کە ئەمەش دەلالەتی جۆرێك لە خۆناسین هەڵدەگرێت و سەرجەم بەرەو ئەو پرسیارە پاڵەوانەکە کێش دەکات کە بپرسێت بۆچی من هیچ ئامادەبوونێکم نییە؟ کەواتە من چیم؟ کە ئەمەش بۆ خۆی پرسیارێکی ئەنتۆلۆژی گرنگە و وەڵامەکەشی بەندە بە ئامادەبوونی ئێستە و ڕابردووەوە. باوك هێمای بکەری ڕابردووە. بەڵام باوك لەم چیرۆکەدا لە درێژەی ئاخاوتنەکانی پاڵەوانەوە دەردەکەوێت کە هیچ کردارێکی ئەوتۆی لە سەروەختی خۆیدا ئەنجام نەداوە کەواتە بکەرێکی ناکردە بووە و توانای دروستکردنی ڕووداوی نەبووە. هەتا ئەنجام لەبەر ناکردەیی لەسەر جوگرافیای خۆی جوگرافیاکەشی دۆڕاندووە.

لە لایەك پاڵەوانی چیرۆكەكە وای نیشان دەدات كە بێ دروستبوونی باوكی ڕۆحی كە خەسڵەتی تەواوەتی (ئەتا كوردی) هەبێت ناشێت كورد ڕزگار ببێت، كەچی لە لایەكی ترەوە. تەرمی باوكی بۆگەن دەكات. بۆگەن كردن لێرەدا دوو لێكدانەوە هەڵدەگرێت. یەكەمیان ئەگەر باوك هێمای ڕابردوو بێت ئەوا بۆگەن كردنی تەرمی باوك مانای بۆگەنكردنی مێژووی باوكە، كە ئەویش مێژووی نەتەوە دەگرێتەوە. دووەمیان ئەگەر باوك هێمابێت بۆ ڕۆحی كۆمەڵگە، ئەوا بۆگەنكردنی تەرمی باوك مانای بۆگەنكردنی ڕۆحی ڕەهای كۆمەڵگەیە، ئەمەش پەیوەست بە دەلالەتی گشتی چیرۆكەكە كە دەلالەتێكی مێژووی-نەتەوەییە، ئەوە دەگەیەنێت كە ڕۆحی كۆمەڵگە لە ئاستێكی سادەدا ماوەتەوە و ئەو جوغزە داخراوەی خۆیی بەجێنەهێشتووە و بەرەو بڵندبوون (Sublime) چووبێت، لەم حاڵەتەدا ڕۆحی كۆمەڵگە كە لە ڕۆحی ڕەهای باوكدا خۆی دەبینێتەوە لەبەر وەستاویی و بێجوڵەیی وا پێدەچێت كە بۆگەنی كردبێت، بە واتایەكی دی بۆگەنكردن دەلالەتی ناكردەیی و نەبوونی جوڵە بەرهەم دێنێت.

پاڵەوانی چیرۆكەكە لە دەلالەتێكی قوڵی ئاخاوتنەكانیدا كردەی بۆگەنكردنی تەرمی باوك دەگێڕێتەوە بۆئەوەی كە لە ڕابردوودا ئەم هیچی نەكردووە هەتا ببێتە بكەری سەر جوگرافیای خۆی، ئەوەتا دەڵێت: (چاك بوویتایە پێم نەدەوترا پێناسە سز و بێ وڵات، چاك بوویتایە ئێستە كوێخای ماڵ و وڵاتی خۆم دەبووم و تۆش بە حورمەتەوە دەنێژرایت و بۆگەن نەدەبوویت)، بە واتا بۆگەنبوونی تەرمی باوك بەندە بە ناكردەیی باوكەوە لە ڕابردوودا، بە شێوەیەكی قوڵتر مێژووی بێ ناسنامەی ئێمە بە هۆی ناكردەیی باپیرانمانەوەیە لە ڕابردوودا هەر بەم پێیە ئەگەر باوك هێمای نەتەوە بێت ئەوا بۆگەنكردن دەلالەتی كاولبوونی مێژووی نەتەوەیە.

پاڵەوانی چیرۆكەكە تف لەو ڕۆژگارە دەكات كە ئەمی تیا دروستكراوە، ئەم هەڵوێستەش لە ئەنجامی ناكردەیی ئێستە و نەتوانینی دروستكردنی ڕووداوادایە لە ڕابردوودا، واتە ئەو مێژووە وێرانەی كە باوكی بۆی بەجێهێشتووە. پاڵەوان

ئەو ئیحایەش پێشکەش دەکات کە ئەم بە ئیختیاری خۆی دروست نەبووە یان بە ڕەزامەندی خۆی بوونی هەڵنەبژاردووە بەڵکو بە ئیجباری دروستکراوە، هۆی ئەم بێزارییەش نائامادەبوونییەتی لە ئێستەدا، ئەم بۆچوونەی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو بۆچوونە ئەبیقۆرییەی کە پێی وایە: باشتر وابوو دروست نەبوومایە. لە ڕاستیدا دروستبوون (خلق) بێ ئەوەی مەخلوق بگاتە ئاستی دروستکردنی کردار واتە بێ ئەوەی ببێتە خوڵقێنەر هیچ بەهایەکی ئەنتۆلۆژی و ژیاری و سیۆسیۆلۆژیشی نییە. بۆیە ئاوات خواستنە نەگوتراوەکەی پاڵەوانی چیرۆکەکە جۆرە ڕەوابوونێکی تێدایە ئەویش ئەوەیە ئەگەر توانای دروستکردنی کرداری نەبێت بوون هیچ واتایەکی نییە. مەبەستمان لە کردار لێرەدا ئەو چەمکە مارکسییە نییە کە پێی وایە (کاربوونی کۆمەڵایەتی دیاریدەکات)، بەڵکو مەبەستمان لە دروستکردنی کردار بە بکەربوونی پاڵەوانەکەیە.

کرداری (دزین) لە چیرۆکی (باوکم دزرا)دا هەر لە ناونیشانەکەوە تێدەگەین کە بکەر نادیارە و لە هەمان کاتدا ڕابردووشە. واتە کردەی دزین لە ڕابردوودا ڕوویداوە و بکەرەکەشی ئاشکرا نییە بەڵام کاریگەری ئەو کارەیە تاکو ساتەوەختی ئێستەش بەردەوامە. پاڵەوان لە ڕستەیەکی بکەر نادیاردا ئەو خەبەرە دەگەیەنێت، کە هەر ئەو ڕستەیەش کراوە بە ناونیشانی چیرۆکەکە. ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە پاڵەوانی چیرۆکەکە خۆی لەدەستنیشانکردنی ناوی بکەر واتە دزی تەرمی باوك دووردەخاتەوە.

لێرەدا هاوشێوەیەکی تەواو لە نێوان هەڵوێستی پاڵەوانی چیرۆکەکە و کەسیەتی سیاسی کورددا پێکدێت، کە هەرچۆن پاڵەوانی چیرۆکەکە ناتوانێت یان ناوێرێت یان نازانێت بکەری دزینی تەرمی باوکی دیاری بکات و بناسێت هەمان شێوە کەسیەتی سیاسی کوردیش خۆی لە ناوهێنانی ئەو بکەرانە دووردەخاتەوە کە لە ڕابردوودا باوکی کوردیان کوشتووە و ڕۆحی کوردیان خەساندووە و هەوڵیان داوە مۆرکی بوونی لێ بسڕنەوە.

پاڵـەوانی چـیرۆکەکە لـە درکانـدنی ئـەو ڕسـتە سـەرەکییەی چـیرۆکەکەدا ئـەوە نیشان دەدات کە (باوك) نەیتوانیوە ببێتە بکەر ئەگینا نەدەتوانرا بدزرێت. هـەر لـە پـاڵ ئەوەشـدا لـە نائامـادەبوونی باوکدا نائامـادەبوونی خۆیشـی نیشـان دەدات بـە تایبـەتی لەوەیدا کـە نابێتـە بکـەرێکی کـردار دروسـتکەر. کاتـێ پاڵـەوان نـەتوانێت کـردار دروسـت بکـات ئـەوە بـە شـێوەی هەواڵـدەر یـان گەیەنـەر دەمێنێتـەوە. بـە گـوێرەی ئـەم حاڵەتـەش پاڵـەوان بـە تـەواوی لـەبری دروسـتکردنی کـردار و بەشداریکردنی ڕاستەوخۆ لـە جوڵـەی دەقەکـەدا دەکەوێتـە وەسفکردنی شـتەکان، هەر لێرەوە پاڵەوان دەوری گێڕەرەوە دەبینێت. لە چیرۆکی (باوکم دزرا)دا پاڵـەوان دەبێتە ئەو گێڕەرەوەی کە وەسفی ئێستەی خۆی و ڕابردووی باوکی دەکات، هـەر لەبەرئەوەشـە ناتوانێـت هـیچ ڕووداوێـك لـە پانتـایی دەقەکـەدا دروسـت بکـات و گوتـاری دەقەکـەش دەبێتـە گوتـارێکی وەسـفی ئەمـەش لەگـەڵ بکـەری کوردیـدا هاوشـانە چـونکە بکـەری کـوردی تـاکو سـاتەوەختی ئێسـتە وەسـف دەکـات و دەدوێت لە بری ئەوەی (کردار) دروست بکات، دیارە ئاشکرایە وەسف و لێدوان گۆڕانکـاری دروسـت ناکـەن بـەڵکو (کـردار–فعـل) گۆڕنکـاری دروسـت دەکـات. پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لە وەسف و ئاخاوتنەکانیدا بە گشتی و لە ڕستەی (باوکم دزرا) بـە تایبـەتی دەوری خـۆی وەکـو بـەرکار نیشـان دەدات، چـونکە لـە گـوتنی ڕسـتەی (بـاوکم دزرا)دا ئاماژەیـەکی نـاوەکی بـۆ بـەردەوامبوونی مەعنەوییانـەی کـردەی دزیـن هەیـە و پاڵەوانەکـەش جگـە لـە وەسـفکردنی ئـەو ڕووداوە هـیچ هەڵوێستێکی بەرەنگاربوونەوە نیشان نادات لە سەرەتادا.

وەك پیشـتر ئاماژەمـان بـۆ کـرد سـەرەتای چیرۆکەکە بـە وەسـفی شـوێن دەسـت پێدەکات کە ئەویش ژوورێکی مەتبەخە و لە شوقەیەکی ڕۆژئاوادایە. ئەم شـوێنە هیچ بەشـداریکردنێکی نییـە لـە بنیـادی پێکهێنـانی چیرۆکەکەدا، تـەنها ئەوەنـدەیە کە پێمان بڵێت پاڵـەوانی چیرۆکەکە لە ڕۆژئاوا دەژی، بـەڵام هەرکە دەچینە نێـو جوگرافیـای دەقەکـەوە ئاخاوتنـەکانی پاڵەوانەکە شـوێنمان بـۆ ئاشـکرا دەکـات کـە ڕۆژئاوایە و ئەمیش سەرباری کارەکەی خۆی سەوداسـەری دۆزینـەوەی کـاری تـرە

کە ئەنجام بە گشتی وەها لە (کار) دەڕوانێت لەوێی ڕۆژئاوا بریتییە لە جۆرێك لە سوکایەتی بۆ ئێمەی ڕۆژهەڵاتی. ئاشکرابوونی شوێن لە ڕێگای ئاخاوتنەکانی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە هیچ بیانوویەك بۆ وەسفی شوێن لە لایەن گێڕەرەوە ناهێڵێتەوە بە تایبەتی وەسفی مەتبەخەکە و هەندێ لەو شتومەکانەی ناوی کە تاکە جارێ چییە لە چیرۆکەکەدا دەرناکەونەوە.

ڕاستەوخۆ بە دوای وەسفکردنی ژوورەکەدا دەلالەتی گشتی چیرۆکەکە پێشکەش دەکات کە دەڵێت (نەخشەیەکی کوردستان و ئالآیەك) بە دیوارەکەوە هەڵواسرابوون. لێرەدا زیاتر جەخت لەسەر کوردایەتی بوون و سەربەخۆیی دەکات، بەڵام لە ڕاستیدا درکاندنی ئەم ڕستەیەش ناکردەیی پاڵەوان نیشان دەدات کە وەسفی ڕووکەشی نەخشە و ئاڵاکە دەکاتە هۆکار بۆ نیشاندانی جۆری ئایدیۆلۆژیای خۆی. پاڵەوانی ئەم چیرۆکەش نموونەی بەشی هەرە زۆری ئەوانەیە کە لە مێژووی درووستبوونی هەست و هوشیاری نەتەوەیی کورددا خۆیان بە نوێنەری هەرە ڕاستەقینەی کوردایەتی زانیوە، لەبری بەشداریکردن و کردار دروستکردن هەموو قورسییەکیان خستۆتە سەر وەسفی ئاڵا و نەخشەی کوردستان و فڕێدانی هەندێ دروشمی ڕەونەقدار بەبێ ئەوە لە ڕووی جوڵە و کردارەوە هەوڵی بەدەستهێنانەوەی نەخشە و ئاڵاکە بدەن.

وێنەی ستالین و پەیکەری سەری لینین دەلالەتی ئەنتی نەتەوەیی هەڵدەگرن لە دیدوبۆچوونی گێڕەرەوەوە کە چیرۆکنووس لە پشتییەوە ڕاوەستاوە. ناوی خوا و پێغەمبەر عەلی سەرجەم دەلالەتی کەلتوری و مێژوویی ئیسلام هەڵدەگرن، بەڵام داخۆ چیرکۆنووس توانیویەتی، لە کردەیەکی هاوبەشدا ئەمانە کۆبکاتەوە؟ پەیوەندی دەلالی هەریەکەیان بە دەلالەتی گشتی چیرۆکەکەوە چییە کە دەلالەتێکی نەتەوەییە؟

چیرۆکنووس ئەم هێمایانەی فڕێداوە بەبێ ئەوەی لە بنیادی زمانی و سیاقی هونەری چیرۆکەکەدا جێگایان بۆ کرابێتەوە و توانیبێتیان پێکەوە ئەو مەدلولە هاوبەشە دروست بکەن کە لە قوڵایی دەقەکەدا هەست دەکرێت چیرکۆووس

مەبەستییەتی. چیرۆکنووس دەیەوێت بڵێت هێما ئەنتی نەتەوەییەکان واتە ستالین و لینین کە بە تێڕوانینی چینایەتییەوە لە مێژوو و گەشەی کۆمەڵگە دەڕوانن و هێما ئایینییەکان (خوا و پێغەمبەر و عەلی) کە ڕۆحی یەکێتی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە بەرنامەیاندایە هەردوو لایان دەواری سەرەکیان بینیوە لە دابەشکردنی ئەو نەخشەی کوردستان کە لە ژوورەکەدا هەڵواسراوە. هەروەها هەر ئەو دوو کەلتورە هۆکار بوون بۆ داگرتنی ئاڵای کوردستان و قەتیس مانی لەنێو ژوورەکەدا لە بری ئەوەی بەسەر شوێنە بەرز و ڕەسمییەکانەوە یان بەسەر بارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانیشەوە بشەکێتەوە.

وەکو گوتمان دەلالەتی چیرۆکەکە لە مێژوودایە بەڵام نەتوانراوە لە چیرۆکەکەدا بە زیندوویی لە بنیادی زماندا بدۆزرێنەوە بەڵکو دەلالەتەکان هەر لە دەسپێکی دەقەکەدا خۆ دەدەن بە دەستەوە، ڕاستە سەرچاوەی گشتی مەدلولی چیرۆکەکە مێژووە و بەوپێیەش دەلالاتەکانی تر دەشێ لە مێژوودا بدۆزرێنەوە بەڵام ئەوەی چیرکۆنوس پێشکەشی دەکات دەقێکی هونەرییە نەك مێژوو. ئەوەی لە چیرۆکی (باوکم دزرا) هەستی پێدەکرێت، چیرۆکنووس بە هوشیاری بەرنامەی نووسینەکەی داناوە و لەمەش دەچێت تا ڕادەیەك بە ڕاستە و پڕگاڵ نەخشەی کێشابێت بۆیە دەوری خەیاڵ و نەست لە چیرۆکەکەدا بە فراوانی نابینرێت، هەر ئەوەش وەهای کردووە مەدلولی چیرۆکەکە لەو سنوورە داخراوەدا بمێنێتەوە کە چیرۆکنووس لە ڕووی هوشیاری و بە ئاگاییەوە کێشاوییەتی.

ئەوەی چیرۆکنووس وەك (جیهانبینی) بەرجەستەی دەکات لە ڕوانگەی دواندنی مێژووەوە دروست و شیاوە، بەڵام ئەوەی مایەی پرسیارکردنە ئەوەیە داخۆ ئەو جیهانبینییە لە دووتوێی دەقێکی هونەری بەرزدا پێشکەش کراوە؟ ڕوویەکی لاوازی چیرۆکەکە ئەوەیە کە زیاتر لەسەر شێوەی گێڕانەوەی تەقلیدییە و زیاتر ئاخاوتنە بە زمانێکی سادەی نزیك لە ڕیپۆرتاژ یان گێڕانەوەی ڕووداوێکی ڕیالیستیانە لە بری گەمەی زمانی و فانتازیا و ئەفسانە. هەر ئەوەش وەهای کردووە ئەو هێمایانەی بەکارهاتوون هیچ جوڵەیەك بە دەقەکە نەدەن

هەمان شێوەی پاڵەوانی دەقەکە ناکردەبن و لەم بارەشدا دەقەکە لە حاڵەتی وەستاندا بێت.

ئەگەر سەرنجی ئەو هێمایانە بدەین کە لە دەقەکەدا بەکارهاتوون ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هێماکان بە ئاسانی دەدۆزێتەوە و جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لە شێوازی ڕاستەوخۆی ناوبردن و درکاندنی شتەکان. هێماکان بەم شێوەیەن:

نەخشە و ئاڵای کوردستان ← سەربەخۆیی

ستالین و لینین ←کەلتوری مارکسیزم (چینایەتی)

خودا و پێغەمبەر و عەلی ← کەلتووری ئیسلامی (ئومەتی ئیسلام و نەبوونی جیاوازی نەتەوایەتی)

ئەتاتورك ← کەمال مستەفا (زیندووکەرەوەی ڕۆحی تورکایەتی)

باوکی پاڵەوان ← باوکی ڕۆحی کوردی

پاڵەوان ← کەسیەتی کوردی

تەرمی بۆگەنی باوك ← مێژووی شکستی کورد

-4-

پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ئەنجامی هەستکردن بە شکستی مێژووی خۆی هەڵوێستێکی دوژمنکارانە بەرامبەر بەو مێژوو و کەلتوورانە وەربگرێت کە لە ڕابردوودا مێژووی ئەمیان تێکشکاندووە، بەرامبەر بەو باوکانەی کە باوکی ئەمیان کوشتووە. ئەم هەڵوێستەش وەهای لە پاڵەوان کردووە کە بگەڕێتەوە سەر ئەسڵی خۆی و لە هەموو ماکێکی دەرەوە کە پێوەی لکاوە یان کاری لێکردووە ڕووت ببێتەوە. لە کردەی ڕووتبوونەوەشدا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە ڕابردوو واتە بەرامبەر بە مێژوو، بەرامبەر بە باوك ئاشکرا بکات و لەوێشەوە بکەوێتە هەڵوێستی سەرزەنشت و ڕەخنەلێگرتن و لەم بارەشدا ئەو خاڵە سەرەکییە دەستنیشان دەکات کە هۆی وێرانبوونی ئەو مێژووەیە کە ئەویش دەگەڕێنێتەوە بۆ نەبوونی عەقڵ و فیکر ئەوەتا دەڵێت (جارێ نەبوو بڵێی ژیرین). لێرەدا ئەو

ئامازەیەش پێشکەش دەکات کە تەنها عەقڵ و فیکر دەبنە هۆی گۆڕینی ئەو مێژووە پڕ لە شکستە.

پاڵەوان لە ئەنجامدا دەگاتە حاڵەتی بڕیاردان و هەردوو کەلتوری پێشەوە کە لە ڕابردوودا دەوری بکەری تێکشکێنەری کەسێتی ئەمیان بینیوە ڕەفز دەکات. ئەوەش لەم ڕستەیەدا نیشان دەدات (شەرت بێ هەرچی لە کوردەواریدا باو بێ من نەیکەم، نە برای دینیم هەیە نە برای چینی..). لێرەدا دەردەکەوێت کە پاڵەوان دەگاتە ئاستی بڕیاردان بۆ ڕەفزکردنی هەرچی مەئلوفە (باوە) لە کوردەواریدا بە برای دینی و چینایەتیشەوە ئەمەش دەلالەتی یاخیبوونی پاڵەوانەکە هەڵدەگرێت و سەرەتای بزاوت و شۆڕشە لە ڕۆحیدا گەرچی بڕیارەکە لە لەحزەیەکی لەناکاودا دەدرێت و لە ئەنجامی کاریگەری بۆگەنی تەرمی باوکیدایە نەك لەژێر کاریگەری خوردبوونەوە و تێڕامانی قوڵدا. گەرچی بڕیاری پاڵەوانەکە بۆ نەفیکردنی هەرچی باوە لە کوردەواریدا لەسەر ڕووبەری جوگرافیای دەقەکە پیادە ناکرێت، بەڵام لە ڕوانگەی بەستنەوەی بە دەلالەتی گشتی دەقەکەوە جێگایەکی دیاری هەیە و لەگەڵیدا یەك دەگرێتەوە.

سلێمانی 1997/8

# بەشی شەشەم

## تێکەڵاوبوونی ناسنامەکان لە چیرۆکی

## (هەڵۆکانی ژێر خاک)ی محەمەد ڕەشید فەتاحدا

"هەڵۆکانی ژێر خاک" چیرۆکێکی محەمەد ڕەشید فەتاحە کە ساڵی 1997 نووسیویێتی و لەگەڵ کۆمەڵێ چیرۆکی تردا لە دووتوێی کتێبێکدا هەر لەژێر هەمان ناونیشاندا بنکەی ئەدەبی ڕووناکبیری گەلاوێژ بە چاپی گەیاندووە، ئەم چیرۆکە یەکێکە لە چیرۆکە دیارەکانی ناو ئەم کۆمەڵەیە کە چیرۆکنوس لە بابەتێکی ڕیالیستی ئاشکرا و لەبەرچاو هەوڵێکی باشی داوە بۆ دروستکردنی ئەدەب بە واتایەکی تر چیرۆکنوس لە بابەتێکی ڕیالیستانە دەقێکی ئەدەبی زیندووی بەرهەم هێناوە. ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە چیرۆکەکە هەندێ بۆشایی تێدا نییە. بەڵام لایەنی بەهێزی چیرۆکەکە باڵادەستە بەسەر لایەنە لاوازەکانیدا هەر لەم ڕوانگەیەوە پێم وایە ئەم دەقە جێگای قسەلەسەرکردنە ئەمە سەرباری ئەوەی جیهانبینییەکی ڕەخنەگرانە لە واقیعی باو لە پشتی دەقەکەوە وەستاوە،

### بەسەرهاتی چیرۆکەکە "قۆناغی یەکەم"

شۆفێری ماشێنی خۆڵەکە هەموو چێشتەنگاوێك ماشێنەکەی بەرەو شوێنی دیاریکراوی ڕشتنی خۆڵ و خاش لێدەخوڕین. هەر لەگەڵ هەڵڕشتنی خۆڵ و پیسییەکاندا منداڵانی ماڵە هەژارەکانی قەراغ شار دەگەنە سەرخۆڵ و پیسییەکان و لە دووای شتی کۆنە و فڕێدراو دەگەڕێن. هەر ڕۆژێ شۆفێرەکە خۆڵ و پیسی گەڕەکی دەوڵەمەندەکانی هێنابێت، ئەوا منداڵەکان پێی ئاسودە دەبن چونکە گەڕەکی دەوڵەمەندان نەك هەر ژیانیان لە ژیانی هەژارەکان جیاوازە تەنانەت ئەو شتانەشی فڕێی دەدەن جیاوازە.

## قۆناغی دووەم

پاڵـەوانی سـەرەکی چیرۆکەکە ئافرەتێکـە و دواتـر دەردەکـەوێت کـە بێوەژنـە و مێردەکـەی لـە پێشـمەرگایەتیدا شـەهید بـووە، ئـەم ژنـە هـەر کـە گـوێی لـە نـاوی دەوڵەمەنـدەکان دەبێـت ماوەیـەك تەڵـەزمی بەردەتیژەکـەی سەرسـنگی داچـەقاوی زیـاتر لـە هەناویـدا ڕۆدەچێت و ماوەیـەك سـەرەنجی منداڵـەکان دەدات کـە چـۆن سـەرگەرمی تـاوتوێکردنی خـۆڵ و پیسـی و پاشمـاوەی ماڵـە دەوڵەمەنـدەکانن بـە مەبەستی دۆزینەوەی شتێك هەر لەو ساتەدا لە ڕووی یادەوەرییەوە دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕابـردوو مێردەکـەی دەکەوێتـەوە یـاد ئەوەشـی دەیخاتـە سـەر حاڵـەتی ئـەو گەڕانەوەیـە بینینـی گـەلی "بەرانان" کە هێمایـە بۆئەویش واتـە لـە ڕوانگـەی ئـەمانی نیشتەجێی شارەوە. ئەوێی لادێ کە جێگا شۆڕش و لە ئامێزگرتنی مێردەکـەی ئەم و سەرجەم ئەو هەڵۆیانە بوو کە دواتر مێژووی بەرزفڕینیان تێکەڵ بە شتی تـر دەبێـت. بـاوکی منداڵـەکان لـە ناکاوێکـدا ئـەمی بـە چـوار منداڵـەوە بـەبێ کـەس بەجێهێشت و ئەوەش هۆی بە جێمانی خەمێکی گەورەبوو لەلای کە دواتر وەکو تەڵەزمـەیان مۆتەکەیـەك دەسـەڵاتی بەسـەربوونی ئەمـدا کـرد بـاوکی منداڵـەکان هەڵۆیەکی بەرزەفڕی سەگرمە و کێوە زەبەلاحەکان بوو. بەڵام ئێستا نەماوە.

## قۆناغی سێیەم

ئێستا کچە گەورەکەی و کوڕە ناوەنجییەکەی لەناو زبڵدانەکەدا بۆ دۆزینـەوەی شـتی کۆنـە دەگـەڕێن پێشـتر پانتۆڵـە شـڕێکی بـۆ خـۆی دۆزیبـووەوە ئێسـتاش بەردەوامـە لـە گـەڕان. منداڵـەکان پـیرە هەڵۆیـەك لـەناو زبڵدانەکـەدا دەدۆزنـەوە و دەبێت بە شەڕیان لەسەر ئەوەی کامیان زووتـر دۆزیویانەتـەوە و کامیـان زووتـر لـە زبڵدانەکە دەریانهێناوە.

## قۆناغی چوارەم

لەبەرچاوی ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە هەڵۆ مردارەوەبووەکەی سەر ئەرزەکە و هەڵۆ بەرزەفڕەکەی ئاسمان دەبنە یەك بە قسەی شۆفێرەکەش باڵندەی نەوازە دەکڕێ و دەیدات بەوانەی مۆمیای دەکەن.

ئەگەر سەرنجی ئەم چیرۆکە بدەین لە ڕووی گرێچن و کەسێتی و شوێن و کاتەوە ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە هەریەکە بە جۆرێك لە خزمەتی بەرجەستەکردنی ئەو جیهانبینیەدایە کە دەقەکە هەڵی دەگرێت. وەك لەسەرەتاوە ئاماژەمان بۆ کرد چیرۆکەکە ڕوویەکی ڕیالیستیانەی ئاشکرای هەیە و بریتیە لە دەرخستنی جیاوازی ژیانی چینە دەوڵەمەندەکان و چینە هەژارەکان ئەمەش لەسەر زمانی شۆفێرەکەوە ئاشکرا دەکات کە چۆن دەوڵەمەندەکان گاڵتەیان بە ژیان دێت و چەند بە ئاسانی هۆیەکانی ژیانیان دەستگیر دەبێت بە پێچەوانەشەوە چۆن چینە هەژارەکان پێداویستی ژیان ناچاریان دەکات تەنانەت زبڵدانەکەش بگەڕێن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان ئەگەر تا ئەم ئاستە سەیری جووڵە و ململانێ بکەین لە چیرۆکەکەدا ئەوا لە ئاستێکی لاوازدایە و بریتییە لە بەرجەستەکردنەوەی ئەو حاڵەتە مەئلوفەی کە لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەیبینین کە دیارە ئەوەش بۆ گواستنەوەی هونەرکارێکی ئاسان نییە، چونکە زۆربەی ئەو نووسەرانەی خۆیان بە واقیعییەتی بەم جۆرەوە خەریك دەکەن کەمتر دەتوانن هونەری لێ بەرهەم بهێنن، چیرۆکنووس لە ئەنجامی نیشاندانی جیاوازی چۆنێتی ژیانی ئەو دوو چینەدا جیاوازییەکی تر نیشان دەدات کە ئەویش دیسان حاڵەتێکی مەئلوفە و ئێمەی خوێنەر پێش ئەوەی چیرۆکەکەش بخوێنینەوە ئەوەمان لا ئاشکرایە واتە تا ئەم خاڵەی چیرۆکەکە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە ئاشکرای دەکات کە مێردەکەی کە سەر بە چینی خوارەوەی کۆمەڵە پێش ماوەیەکی زۆر ڕێگای دەرەوەی لەبەر گرتووە و چۆتە ڕیزی خەباتەوە و لە ئەنجامدا گیانی لەدەست داوە. ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە هەژاران و زەحمەتکێشان بوون ڕوویان دەکردە چیا بەو هیوایەی ئاسۆی ئازادی بۆ ئێمە

بهێنن، واته چیرۆكنووس ئەو بۆچوونەی دووباره كردۆتەوه كه ئەوانەی بەشداری شۆڕشیان كردووه و قوربانیان داوه هەژاران و زەحمەتكێشان بوون، بە واتایەكی تر چیرۆكنووس دەیەوێت پێمان بڵێت ئەوانەی هەڵۆی بەرزەفڕ بوون زەحمەتكێشان و هەژارانی میللەتەكەی ئێمە بوون، ئەمەش پێش ئەوەی ئەم لە چیرۆكێكدا بەرجەستەی بكات لە لای ئێمە بووەتە بەرنامەی ڕێكخراو بگرە بەشێكی سەرەكیش لە بزوتنەوەی نەتەوایەتی كوردی تاكو ئێرەش چیرۆكنووس نەیتوانیوه لەو بابەتە ریالیستە هونەر دروست بكات، بەڵكو بە زمانی چیرۆك واقیعێك وەكو خۆی دەگێڕێتەوه هەتا ئێستا گرێچنی چیرۆكەكە خاسێتی گرێچنی وەرنەگرتووه كە ئەگەر لە ڕوانگەی گرێچنی كلاسیكیانەوه كە پێی دەوترێت گرێچنی ئەرستۆی سەیری بكەین ئەوا هەر لە خاڵی سەرەتادا وەستاوه توانای جوڵەی بەرەو بەرزبوونەوەی نییە هەتا ئەوكاتەی كە منداڵەكان دەست دەكەن بە پشكنینی زبڵدانەكە لوتكەی بەرز بوونەوەش دۆزینەوەی هەڵۆیەكی مردووه كە ئەمەش دەلالەتی خۆی هەیە، كۆمەڵی منداڵ دەبێتە شەڕ و ناكۆكیان لەسەر ئەوەی كێ لە پێشەوه هەڵۆكەی دەرهێنا هەریەكە باسی چالاكی خۆی دەكات لەو كارەدا. لێرەوه ڕاستەوخۆ خەیاڵمان دەگوازێتەوه بۆ سەر زەمینەی واقیع و هەڵۆی ژێرخاك كە بە مردوویی دەدۆزرێتەوه دەلالەتێك هەڵدەگرێت كە ڕەنگە كەسمان خۆشحاڵ نەبین بەو جۆره باسی لێوه بكەین منداڵەكانیش لە شەڕ و ئاژاوەیاندا لەسەر دەوری هەریەكەیان لە دەرهێنانی پیره هەڵۆدا زیاتر ناسنامەكانیان ئاشكرا دەبێت. ئەو منداڵانە حزبەكانی ئێمەن، پیره هەڵۆكەش هێمایە بۆ ڕۆحی ڕاپەڕین كە چۆن ئەو ڕۆحە هەرەسی هێنابوو دووا جار لە نێو زبڵدانەدا ڕەمزەكەیمان دۆزییەوه، كێش ئەو ڕەمزەی هێنا شۆفێری ئۆتۆمبێلی زبڵەكە. لێرەوه ئەگەر لە مەودایەكی قوڵتردا سەیر بكەین هەریەكە لە ڕەمزەكان و هەریەكە لە كەسێتەكان و هەریەكەش لە ڕووداوەكان بە ئاشكرا دەناسینەوه، پیره هەڵۆكە بە مردارەوەبووی شۆفێری ئۆتۆمبیلی زبڵەكە هێنای لە كوێوه؟ لە گەڕەكە دەوڵەمەندەكانەوه. ئێتسا دەردەكەوێت كە پیره هەڵۆكە لە لایەن ئەوانی ترەوه

هاتووە. ئەوانی تریش وا دیارە منداڵی گەڕەکە هەژارەکان نین کە هەژارەکان هێمایە بۆ هەموو ئێمەی کورد واتە هەڵۆکە لە دەرەوەی ئێمە ڕەوانەکراوە جا ئەگەر هەڵۆکە هێما بێت بۆ ڕاپەڕین ئەوا ئەوەمان پێدەڵێت کە ڕۆحی ئەو ڕاپەڕینە بە مردوویی لە لایەن ئەوانی بەهێز و خاوەن دەسەڵاتی دەرەوە دروست کرا (کە ئەمەش بۆچوونێکە ئێمە پێی دڵخۆش نین و حەزیش ناکەین بەم جۆرە لە بەشێك لە مێژووی خۆمان بدوێین کە بە خوێنی چەندەها لەو منداڵانەی کە سەرگەمی گەڕان و پشکنن لە دوای شتێ بەدی هاتوە" شۆفێرەکە گوێزەرەوەی ئەو هەڵۆیەیە واتە هەڵگری پرژەی ڕاپەڕین لەوێوە بۆ ئێرە. بەڵام کاتێ ڕەمزی ڕاپەڕین لە هەڵۆیەکی مردوودا بەرجەستە دەکرێت مانای وایە دەیەوێت پێمان بڵێت کە ڕاپەڕین بە مردووی لە دایکبووە هەر بۆیە نەشبۆتە پرۆژەیەکی هەمەلایەنە و تەواو لە بوونی ئێمەدا کە توانای ئەوەی هەبێت هەموو شتێك بگۆڕێت. پیرە هەڵۆکە بە مردووی لەنێو زبڵداندا دەدۆزرێتەوە دەشێت زبڵدان بریتی بێت لەو زەمینە ناهەموارەی کە واقیعی ڕاستەقینەی کوردستان بوو لە پێش ڕاپەڕیندا کە چۆن بەشێکی زۆری ڕۆحی خەڵکی بۆگەنی کردبوو، ڕۆحی ڕاپەرین و بەرگری و بەرخودانیان دۆڕاندبوو بوو بوونە پیاوی دوژمن، واقیعێك بوو بۆگەن و پیس وەك زبڵدانی نێو چیرۆکەکە. هەر لەوکاتەوە لەنێو ئەو زبڵدانەدا منداڵان پیرە هەڵۆیەکی مردوو دەدۆزنەوە هەریەکە لای خۆیەوە بەڵام دووای دەرهێنانی شەڕ لەسەر ئەوە دەکات کە ئەمیش بەشداربووە لە دەرهێنانی پیرە هەڵۆ مردووەکەدا. لێرەدا ڕاستەوخۆ دەگەڕێنەوە بۆ ساتەوەختی دووای ڕاپەڕین کە چۆن هەر لایەنە و باسی ئەوەی دەکرد کە چۆن دەوری هەبووە لە ڕاپەڕین و ڕزگارکردنی وڵاتدا. ئەگەر لەو دەروازەیەوە دەقەکە لێکبدەینەوە ئەوە چیرۆکنووس وێنەیەکی ڕیالیستیانەی واقیعێکی بینراومان پێشکەش دەکاتەوە. کە لە ڕاستیدا ئەو وێنەیە لە یادەوەری ئێمەدا جێگای خۆی گرتووە و ئامادەبوونی هەیە ئەگەرچی دەشێ ئێستا سیماکانی ئەو وێنەیە لە پانتایی یادەوەریما بەرەو کاڵ بوونەوە چووبێت لە کۆتایی چیرۆکەکەدا واتە لە دووای دابەزینی ئاراستە جوڵەی

گرێچنەکە و بەرەو کۆتایی ڕۆیشتنی لە تێڕوانینی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە ڕووداوێك ئەنجام دێت کە بەرەو جۆرێکی تر لێکدانەوە و سەرنجمان ڕادەکێشێت ئەویش بریتیە لە یەکبوونی هەڵۆ مردارەوەبووەکەی سەر ئەرزەکە هەڵۆ بەرزە فڕەکەی ئاسمان. ڕاستەوخۆ لە ناوهێنانی هەڵۆ بەرزەفڕەکەی ئاسماندا ئێمە خەیاڵمان بۆ ڕۆحی سەرکەش و بەرز و خۆنەویستی پێشمەرگە دەچێت. کە گەڕانەوەکانی پاڵەوانی چیرۆکەکە بە فلاشباك بۆ بەرانان و سەگرمە و گەیشتنەوە بە مێردەکەی کە هەڵۆیەکی بەرزەفڕ بووە زیاتر ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە هەڵۆکانی ئاسمان ئەوانەی لەگەڵ خۆیاندا ڕووناکی و هیوای ڕۆژهەڵاتن دەهێنن ئەو پێشمەرگانەن کە بە خوێن دەیانویست ئەو زبڵدانە لە بوونی ئێمەدا بسڕنەوە. لێرەدا ئەگەر هەڵۆبەرزەفڕەکەی ئاسمان ڕۆحی سەرکەشی پێشمەرگە بێت ئەوا هەڵۆمردارەوەبووەکەی ژێر خاك هێمای هەموو ئەو ڕۆحە بۆگەن کردووانە هەڵدەگرێت کە ملکەچی دوژمن بوون و گوێڕایەڵ و ئەڵقەلەگوێ بوون، ئەوان ئەگەر لە ئاسڵیشدا هەڵۆ بن بەڵام لەو هەڵوێستەیاندا مردنی خۆیان تۆمار کردوو نەشبوونە هێمای سەربەرزی و خاوێنی بەڵکو بوونە هێمای خۆدۆڕاندن و ملکەچی و خۆونکردن. خاسێتی سروشتی هەڵۆ ئەوەیە کە بەرز بفڕێت بەڵام کاتێ هەڵۆ بکەوێتە ژێر خاك مانای وایە ئەو هەڵۆیە سەرجەم سیفاتەکانی هەڵۆی لەدەست داوە و گەوهەر و ماهیەتی خۆی دۆڕاندووە ئەمەش حاڵەتی ئەوانەیە کە یان لە ئەسڵدا هەڵۆ بوون و بەزیون. یان دەبوو هەڵۆ بوونایە، بەڵام نەبوون بە هەڵۆ. لە واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەشدا هەردوو حاڵەتەکە ئامادەبوونیان هەبووە. ئێستا هەڵۆ زیندو و بەرزەفڕەکەی ئاسمان و هەڵۆ مردارەوەبووەکەی سەرزەوی دەبن بە یەك کەوا پێدەچێت سەرجەم جوڵە و ڕووداوی چیرۆکەکە بە ئامانجی گەیشتن بەم ڕستەیەدا بەرهەم هاتبن. لە تێڕوانینی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە کە ئەویش هەڵوێستی خودی چیرۆکنووس دەنوێنێ. سەختترین و تفتترین ڕووداو ئەوەیە کە هەڵۆی بەرزەفڕ و هەڵۆی مردارەوەبوو ببن بە یەك یان بکرێن بە یەك. هەڵۆ مردارەوەبووەکە ڕۆحی بۆگەنی کردووە ناشێت بە ئاسانی خاوێن ببێتەوە بۆ

ئاستی ڕۆحی هەڵۆ بەرزەفڕەکە، بەڵام بە پێچەوانەوە ڕۆحی بۆگەن کردووی هەڵۆی سەرزەوی توانای ئەوەی هەیە هەموو شتێ بۆگەن بکات، چونکە ئەوە بەڵگەنەویستە پیس بوون، بۆگەن کردن ڕووخاندن ئاسانتر بڵاودەبێتەوە و دەسەڵات دەکات بۆیە لەو تێکەڵاوبوونەدا مەترسی ئەوە دەکرێت کە ڕۆحی هەڵۆ بەرزەفڕەکەش ئەگەر پیس نەبێت ئەوا بە بۆگەنی ڕۆحی تۆپیوی هەڵۆکەی سەرزەوی کەساس بێت و توانای پێشتری لاواز بێت. تێکەڵاوبوون و یەکبوونی هەڵۆی ئاسمان و هەڵۆی سەر زەوی بریتییە لە یەکبوونی خێر و شەڕ، خاوێنی و پیسی، ڕووناکی و تاریکی، ئازادی و ملکەچی، سەربەرزی دۆڕاندن، نیشتیمان پەروەریێتی و خیانەت، پێشمەرگایەتی و دەست تێکەڵاوکردنی دوژمن، بریتییە لە بە یەکبوونی ڕۆحی ئیرۆسیەت و هەڕەشەی تاناتۆس ئەمەش ئەو واقعەیە کە ناسنامەکانی تێدا ون دەبێت، دەشێت شەیتان ببێت بە فریشتەو.. فریشتەش بکرێت بە شەیتان، ڕۆحی شەهید بەلاوە بنرێ و مێژووی ڕۆحە بۆگەن و خائینەکان لە بەرامبەر ئەوی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا ئەوی بێکەسی خاوەنی چوار منداڵی بێ باوك كە باوكیان هەڵۆیەکی بەرزەفڕ بووە و شەهید بووە بەرزبکرێتەوە، ئەم حەقیقەتە تاڵەیە کەوا لە پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکات کە بە چاوی خۆی بیبینێت ڕۆحی مێردە شەهیدەکەی و ڕۆحی جەلادەکانی ئەو دەبنە یەك. ئەمەش تفت و تاڵترین هەڵوێستێکە کە ئەوی پاڵەوانی چیرۆکەکە ئازاری پێوە دەچێژێت. دەشێت هەر ئەوەش وای کردبێ کە چیرۆکنووس بە هەلوێستێکی ڕەخنەگرانەی توندەوە لەو واقیعە بدوێت کە هەموومان بینیومانە و ئەوەی چیرۆکەکە لێی دەدوێت هەستی پێدەکەین و لەبەرچاومانە. ئەوەی چیرۆکنوس ڕەخنەی لێدەگرێت نە هەڵۆ بەرزەفڕەکانن نە ڕاپەڕینیشە، بەڵکو ئەو ئەقڵیەتەتە لە بوون لە ماهییەتی ئێمەدا کە ناتوانێت پێناسەی بۆ شتەکان هەبێت هەریەکە وەکو خۆی پێناسەی بکات و بە پێی پێناسەکەش مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. لە هیچ کەلتورێکدا جەلاد و قوربانی بە یەك چاو سەیرناکرێت خائین و نیشتیمان پەروەر پێکەوە کۆناکرێتەوە، بەڵام کاتێ لە ژیانی واقیعی ئێمەدا حاڵەتەکان بەو جۆرە

دەڕوات دەبێ ئەو پرسیارە بەرزبکەینەوە بۆچی ئەمە لە کەلتوری ئێمەدا جێگای دەبێتەوە (چیرۆکی هەڵۆکانی ژێر خاك) زیاتر ئەو حاڵەتەمان بۆ بەرجەستە دەکات کە چۆن ڕاپەڕین بە شێوەی پرۆژەیەکی خۆماڵی سەری هەڵنەداوە و چۆنیش حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستان گرفتی سەرەکیان بوو بەوە کە کێ ڕاپەڕینی کرد و، چۆن هەریەکە هەوڵی دا بیسەلمێنێت کە ئەویش دەوری کاریگەری هەبوو تێیدا. هەروەها ئەم چیرۆکە ئەوەش دەخاتەڕوو کە چۆن لە ئەنجامی ڕاپەڕیندا ناسنامەی پێشمەرگە و کوردانی سەر بە دوژمن تێکەڵاوبوون، هەر ڕەنگە ئەوەش بووبێت بە هۆ بۆ ونکردنی زۆرێك لە سیفاتە خاوێن و بێگەردەکانی پیشمەرگایەتی بە مانایەکی تر لاوازکردنی ڕۆحی شۆڕشگێڕانە. وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد چیرۆکنووس واقیعێکی ڕیالیستیانەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە لەو بوارەشدا نەگەیشتوەتە ئەوەی جیهانبینییەکی فیکری قوڵ بەرجەستە بکات بە مانایەکی تر ئەم چیرۆکە خۆی وەکو بابەتێکی ڕیالیستانە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە ئەو هێما و ڕەمزانەشی کە بەکارهاتوون بە ئاسانی دەناسرێنەوە واتە لەم چیرۆکەدا لە پشتی گوتراوەکانەوە شتی نەگوتراو نییە کە ئەویش یەکێکە لە لایەنە لاوازەکانی چیرۆکەکە و دەشێ ئەمە بە گشتی یەکێك لە سیفاتەکانی ئەدەبی ڕیالیزم بێت، بەڵام سەرباری واقیعیەتی چیرۆکەکە تا ڕادەیەك چیرکۆنووس هەوڵی داوە کە بابەتێکی هونەریمان پێشکەش بکات و بەکارهێنانی ئەو هێمایانەی کە لە چیرۆکەکەدا هەن وەکو هەڵۆی مردوو، هەڵۆی بەرزەفڕی ئاسمان، گەڕان و شەڕی منداڵەکان، زبڵدانەکە، هەیە هەریەکە لە بینای چیرۆکەکەدا جێگای گونجاوی خۆیی هەیە، ڕاستە ئەم هێمایانە تا ڕادەیەك زەقن، بەڵام ئەمە وای لێ نەکردوون کە خاسێتی بە هێمابوونی خۆیان ون بکەن. لە ڕووی تەکنیکەوە چیرۆکەکە هەمان تەکنیکی چیرۆکی ساڵانی حەفتای هەیە لە ئەدەبی کوردیدا کە زیاتر ڕەگەزەکانی فلاشباك و شەپۆلی هۆش باڵادەستە و پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ڕێگای فلاشباکەوە چەند جارێ دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردوو ڕووداوەکانی ئەوسا ئامادە دەکاتەوە، بە مەبەستی پێکهێنان و ئامادەکردنی

زەمینەیەك هەتا حاڵەتێكی دوانەیی دروست بكات لە نێوان جەمسەرە دژەكانی چیرۆكەكەدا كە ئەوانیش بریتین لە هەڵۆی بەرزەفڕ و هەڵۆی ژێر زەوی، هەژارەكان دەوڵەمەندەكان، نیشتیمان پەروەران و خائینان، پێشمەرگە و خۆفرۆشان. چیرۆكنووس لە ڕێگای دواندن و قسە و هەڵوێستەكانی پاڵەوانەكەیەوە هەڵوێستی خۆی دەردەخات و بەرجەستە دەكات، كە ئەم دژی تێكلاوكردنی ناسنامەكانە، چونكە پێی وایە لەو تێكەڵاوكردنەدا خاوێنی، ڕۆحی سەركەش و بەرزەفڕی لاواز دەبێت و ڕیگا بۆ ئەوە خۆش دەبێت كە تاریكی دەسەلات بەسەر ڕووناكیدا بكات، مەرگ بەسەر ژیاندا و وێرانكاری بەسەر ئاوەدانكردنەوەدا. بە واتایەكی دی ئەم چیرۆكە بەرجەستەی واقیعی كۆمەلایەتی و مێژووی ئێمە دەكات كە نە پێناسەمان هەیە بۆ شتەكان نە هەڵوێست و مامەڵەكردنیشمان لەگەڵ ئەو شتانە هەڵقولاوی پرەنسیپ و بنەمای فیكری و مەعریفی و نیشتمانیانەیە. ئەمەش بەڵگەی تێكەڵ و پێكەڵی ئیشكردنی ئێمەیە كە نیشانەی بێ بەرنامەیی و نەبوونی ڕوانین و جیهانبینی ئایندەییە.

# بەشی حەوتەم

## گەڕانەوە بۆ سروشت و دفن بوون

## لە چیرۆکی (تێك ئالان)ی شێرزاد حەسەندا

"تێك ئالان" كورتە چیرۆكێكی كاك شێرزاد حەسەنە كە لە ژمارە (235) رۆژنامەی كوردستانی نوێدا بلاوبۆتەوە. لێرەدا هەوڵدەدەم لە ڕووی بنیادی كەسێت و گێڕەرەوە و كات و شوێنەوە چیرۆكەكە بخوێنمەوە و هەوڵی دۆزینەوەی پرسیاری دەقەكەش دەدەم بە مەبەستی دۆزینەوەی جیهانبینییەكەی یان دۆزینەوەی شێوازی ئاراستەكردنی پرسیارەكان.

-1-

كەسێتی لەم چیرۆكەدا لە دوو كەس پێكهاتوون كە ئەوانیش (بووك و زاوا)یەكن. گێڕەرەوە كە هەر لە سەرەتای گێڕانەوەدا دەردەكەوێت وەكو چاودێری ڕووداوەكان خۆی نیشان دەدات و لە هەمان كاتیشدا بەشداری مەعنەوییانەش لەگەڵ پاڵەوانی چیرۆكەكەدا دەكات، بە واتا گێڕەرەوە لە سنووری دەقەكەدا سەرباری ئەوەی دەوری چاودێر دەبینێت بەلام چاودێرێكی لایەنداره. گێڕەرەوە هەنگاو بە هەنگاو لەگەڵ جوڵەی ڕووداو لە چیرۆكەكەدا دەجوڵێت و ڕووداوەكان دەگێڕێتەوە.

شوێن لە چیرۆكی تێك ئالاندا بریتییە لە ئامێزی سروشت واتە ڕووداوەكان لەنێو سروشتدا ڕوودەدەن، دیسان لە سنووری دەقەكەدا لە ئاستی نەگوتراودا بەراوردی نێوان سروشت و شار دەكرێت. سروشت لە چیرۆكەكەدا شوێنی ئامادەیە، بە واتا ڕووداو بووەتە هۆی ئەوەی كە شوێن ناسراو بێت، چونكە ئاشكرایە ڕووداو لەسەر شوێن ڕوودەدات لە هەمان كاتیشدا هەر ڕووداوێك دەور دەبینێت لە ناساندنی ئەو شوێنەی كە خودی ئەو ڕووداوەی تێدا دەگاتە ئەنجام.

لەم چیرۆکەدا "شار" کە لە ئاستی نەگوتراودا بەراورد دەکرێت بە سروشت لە ساتەوەختی ڕوودانی ڕووداوی چیرۆکەکەدا نائامادەیە بەڵام لە ڕوانگەی درێژبوونەوەی کاریگەرییەکانی ڕابردوویەوە بۆ ساتەوەختی ئێستا کە ساتەوەختی ڕووداوە لە چیرۆکەکەدا ئامادەیە، کە ئەو ئامادەبوونەش لە پرۆسەی ئاوارەکردنی "بووك و زاوا" بەرجەستە دەبێت کە چۆن زەمینەی شار ناچاری هەڵهاتن و گەڕانەوە بۆ نێو سروشتیان دەکات.

کات لەم چیرۆکەدا کە مەبەست کاتی ڕووداوە لە دەمی ئێوارەیەکەوە کە خەریکە تاریك دابێت، دەستپێدەکات و بەرەو شەو دەکشێت.

لە یەکەم گفتوگۆی (بووك و زاوام)دا بنیادی شوێن ئاشکرا دەبێت کە دەکەوێتە دەرەوەی شار و جێگایەکی چۆڵە لە ڕووی پەیوەندی بوونی مرۆڤ پێیەوە کە ئەو شوێنەش سروشتە. هەر لێرەوە سەرەتای گەڕانەوە بۆ نێو سروشت بە دیار دەکەوێت کە ئەوەش ڕەتکردنەوەی زەمینەی ئاڵۆزی شارە. سروشت دنیای خاوێن و بێگەردە واتە ئەو شوێنەیە کە دەستی مرۆڤ و تەکنۆلۆژیا پیسی نەکردووە. لە کاتێکدا کە شار دنیای ئاژاوە و تەڵخبوونی ڕووی شتەکان و پیسبوونی جوانیەکانی و پەڵەدارکردنی ڕوخساری گەوهەری و ڕاستەقینەی دنیای بێ خەوشە. واتە شار ئەو زەمینەیە کە ژیانی سەردەم پیسی کردووە.

لێرەدا دووانەی (سروشت/ شار) دەبێتە بنیادێك کە چیرۆکەکەی لەسەر بنیاد دەنرێت. جووت کەسێتی چیرۆکەکە کە دەشێ بڵێین جووت پاڵەوانی چیرۆکەکە سەر بە شوێنی دووەمن واتە خەڵکی شارن. دیارە ئەگەر شار خەسڵەتی ئاسایی خۆیی هەڵگرتبێت ئەوا دەبێ شارستانی بوونی لەگەڵ خۆیدا هێنابێت، بە واتا لە زەمینەی شاردا پەیوەندییەکان ئاڵۆز و بۆچوونەکان ئاڵۆز و ژیانیش سەختترە، لە شاردا بۆچوونەکان خاسێتی تاکێتی بوون وەردەگرن. واتە لە شاردا تاکەکەس وەکو بوویەکی خاوەن ناسنامە دەردەکەوێت و چیتر لەژێر سایەی دەسەڵاتی دەستەجەمیدا نابێت. لە شاردا سنوورەکانی جوڵە تەسکە و ڕووبەری چالاکی

تێدا کردن بچووکە ئەگەرچی تیایدا چالاکی بە چڕی ئەنجام دەدرێت، هەتا شار خاسیێتی بە شار بوون و مێژووی شارێتی زیاتر پێبڕێت، تاکێتی مرۆڤ و هەست بە تەنهایی کردن زیاتر بەرەو دەستێنێت، ئەوکاتەش نائاگایی کۆیی بەرەو لاوازبوون دەچێ و مەودای ئاسودەیی تاکەکەس تەسک دەبێتەوە، هەروەك سنووری پراکتیك کردن و چالاکییەکانی (زاوا) وەکو پاڵەوانی چیرۆکەکە لە زەمینەی شاردا تەسك بۆتەوە و ناتوانێت لەنێو ئەو سنوورە تەسکەدا کە دەرگاکانی داخراون پیادەی خۆشەویستی و بوونی خۆی بکات. بە واتا لە تێڕوانینی ئەوەوە شار دەبێتە جۆرێك لە بەندیخانە، لە بەندیخانەشدا ستەمە بتوانێت مومارەسەی ئەوین بکات، بۆیە بۆ ئەنجامدانی ئەو پرۆسەیە دەبێ بگەڕێتەوە بۆ دنیا و زەمینەی ئازادی کە ئەویش سروشتە.

بارێکی هاوشان لە نێوان جووت پاڵەوانی ڕووت و سروشتدا پێکدێت ئەمەش لە یەکەم قسەی (زاوا)وە ئاشکرا دەبێت. کاتێ بە بووك دەڵێت "ئەمشەو دەتلێسمەوە" ڕووتی بووك ئاشکرا دەکات، هەروەك لە پشتی وشەی "لێستنەوەوە" مەدلولی "مژین" هەیە کە مەدلولێکی سێکسییە. وەك دەیزانین ڕووتیش ئاشکراکردنی هەموو نهێنییەکان دەگەیەنێت کە ئەوەش واتە پرۆسەی ئاشکراکردنی نهێنییەکان هاوشێوەکردنی "بووك" لەگەڵ سروشتدا نیشان دەدات چونکە سروشت هیچ شتێك حەشار نادات، واتە بێ پەردەیی سروشت دەبێتە ئەو پێکهاتە جێگیرەی کە ئەوی بووکی پێ بەراورد دەکرێت، بەڵام لە کاتی ڕووتیدا. لێرەدا ئەوە دەردەکەوێت کە ئەوی پیاو بە چاوێك دەڕوانێتە ڕووتی بووك و بێ پەردەیی سروشت.

شار بە پێچەوانەی سروشتەوە ئەو زەمینەیە کە هەموو شتێکی تێدا دەشاردرێتەوە و حەشار دەدرێت، واتە گەوهەری شتەکان لە شاردا ئاشکرا نابن، بەڵکو بە پێچەوانەوە زەمینەی شار زەمینەی دەرخستنی تەنیا ڕووکەشە، ڕووکەشێك کە دەشێ هیچ گەوهەرێکی ئەوتۆیشی لە خۆیدا هەڵنەگرتبێت کە ئەوەش هاوشێوەی شارەکانی ئێمە بێت و تەنیا لە ڕووکەش و لە دەرەوەیدا وەکو

شار بێت و بە شار ناوببرێت و لە گەوهەریشدا هیچ خەسڵەتێکی شاری نەبێت. ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو بەراوردەی کە کردمان لە نێوان شار و سروشتدا کە بنیادی سەرەکی چیرۆکەکە پێکدێنێت ئەوا بۆمان ئاشکرا دەبێت سروشت سیفەتی شاردنەوە و حەشاردانی نییە یان هەڵنەگرتووە بەڵام شار خاوەنی سیفەتی شاردنەوە و حەشاردانە و خاسیێتی ئاشکراکردنی نییە یان زۆر لاوازە لەو ڕووەوە. عیشق و سروشت هاوشانن چونکە لە عیشقدا هیچ پەردە و سنوورێك نییە، وەك ڕووتی سروشت.. بەڵام شار عیشقێکی درۆزنانەیە پەردە و سنووری تێدایە. ڕاستیەکانی تێدا حەشار دەدرێن.

(بووك و زاوا) لە ئامێزی سروشتی ڕووتدا تێك دەئاڵێن، گێڕەرەوە لە دوای چەند دایەلۆکێکی (بووك و زاوا) مێژووی ئەو دوو عاشقە پێشکەش دەکات، درێژەی گێڕانەوەکە سەرکوتاندنەوە و چەپاندنی ئارەزووەکانیان ئاشکرا دەکات، بە تایبەتی کاتێ دەخوازن ئەندامەکانی هەڵگر و گواستنەوەی توخم و ئارەزووی سێکسی زیاتر بوونایە، بەڵام گێڕەرەوە ئاماژە بۆ توخمێك دەکات کە دواتر وەکو ڕەگەزێك لە چیرۆکەکەدا ڕۆڵی دیاری دەبێت ئەویش "خەرەندەکە"یە. خەرەندەکەش ئەو شوێنەیە کە تیایدا ڕووداوی تێك ئالان ڕوودەدات. لە دوای ئەوەی کە ناوی شوێن واتە خەرەندەکە دێتە نێو سنووری دەقەکەوە ڕستەیەکی گرنگ دەدرکێنرێت، دیارە ئەوەش ڕستەی گێڕەرەوەیە کە دەڵێت "دوو عاشقی کێوی هەر دەبێ لە نێوان سروشتێکی کێویدا ئاوێزانی یەکدی بن..، وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، ئەم ڕستە دەلالەتی هاوشانی (عاشق و سروشت) بەرهەم دێنێت کە هەردووکیان سیفەتی (کێوی) کۆیان دەکاتەوە، لە پشتی ئەمەشەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە لە سروشتێکی بێ سانسۆر و بێ بەستنەوەدا نەبێت سروشتێك کە تیایدا ئازادی نەبێت ناشێت مرۆڤ سروشتی مرۆڤ خۆی بپارێزێت و ستەمیشە مومارەسەی عیشق بکرێت.

ئەمەش دوو لێکدانەوەمان بۆ بەرهەم دەهێنێت، یەکەمیان ئەوەیە کە لە سنوورە داخراوەکاندا ئازادی نییە کە ئازادیش نەبێت خۆشەویستی دروست

نابێت چونکە تەنها کاتێ کە ئازادی تاکەکەس بوونی هەبێت و فەراهەم کرابێت، مرۆڤ دەتوانێت وەکو حەقیقەتی خۆی مامەڵە بکات، تەنها لەو کاتەشدا سنوورەکان دەڕوخێن، خۆشەویستی لە پلەی یەکەمدا لە هەرەسی سنوورەکانەوە دەست پێدەکات، بەڵام شار سنووره داخراوەکانە لەبەرئەوە ستەمە مومارەسەی عیشقی ڕاستەقینە لە شاردا واتە لەنێو سنوورەکاندا بکرێت.

دوومیان ئەوە دەگەیەنێت کە خۆشەویستی ئەو کاتە بوونی هەبووە کە مرۆڤ و سروشت تێکەڵاو بوون، کاتێ مرۆڤ لە سروشت دەبێتەوە و لە قەفەزی شاردا بەند دەکرێت ئەوا خودی مرۆڤ وەکو ئەو ئەفریدەبووەی کە دەبێ سەروەری سروشت بێت کەچی لە ڕووی ئازادی و مومارەسەکردنی ئازادی و ویستەکانیەوە هەرەس دەهێنێت یان بە شێوەیەکی تر خودی مرۆڤ لە بارێکی وەهادا هەرەس دێنێت، مرۆڤی هەرەس هێناویش ستەمە بتوانێت خۆشەویستی (ئەوانی تر) بکات. سەرباری ئەوەش دەرکردن لە سروشت و پەرتبوون لێی و بەندبوون لە سنووری شاردا واتە دیسپلین کردنی ویستەکانی مرۆڤ کە لە ڕاستیدا کوشتنی ئازادی لەش دەگەیەنێت.

گێڕەوە لە قۆناغی دووەمی گێڕانەوەکەیدا بە تەواوی جووت عاشقەکە تێکەڵاوی سروشت دەکات و دەست و پێ و لاشە و دار و بەرد و دەوەن و دڕك و چڵ و چێو دەبنە یەك کۆمەڵ. بە واتا (بووك و زاوا) لەنێو توخمەکانی سروشتدا ون دەبن. ئەمەش گەڕانەوەیە بۆ گەوهەری سروشت بەڵام ئەم گەڕانەوەیە تەنها بە مەبەستی دروستکردنی ئەو بەراورد کردنەیە لەگەڵ شاردا، سروشتی خاوێن و شاری دزێو، کە خۆشەویستی و ئەویندارى هاوشانی یەکەمە واتە سروشت لە ئامێزی ئەودا ئامادەبوونی دەبێت.

لێرەدا دەبینین هاوشانییەك لە نێوان گێڕەوەوە و جووت عاشقەکەدا دروست دەبێت. جووت عاشقی لە شار بێزار دەگەڕێنەوە بۆ نێو ئامێزی سروشت. ئەمان لە پرۆسە جوڵەیەکی بەردەوامدا و بە درکاندنی چەند ڕستەیەکی کورت گەڕانەوەی خۆیان بۆ سروشت یان بە وتەیەکی تر هەڵهاتن لە شار ئاشکرا دەکەن.

گێـڕەرەوە لەسـەر بنـەمای ئـەو کـارەی ئـەوان ئـەنجامی دەدەن دەدوێ بـەڵام دواندنەکـەی تـەنیا گێڕانـەوە نییـە بـەڵکو بەشـداری جـووت عاشـق دەکـات لـە تێڕوانینـدا بـۆ (سـروش/ شـار) و ئـەمیش هـەمان هەڵوێسـتی جـووت عاشـقەکەی هەیـە. هـەر بۆیـە دەگونجێـت ئامـادەبوونی گێـڕەرەوە لـە چـیرۆکەکەدا بکرێتـە حاڵەتێکی نائامادە و بگرە گێڕەرەوە لاببرێت و گفتوگۆ یان دایەلۆکی نێوان (بووك و زاوا) لـە هـەمان کاتـدا کـاری گێـڕەرەوەش جێبـەجێ بکـات ڕەنگـە ئـەوەش زیـاتر بواری بۆ جووڵەی هەردوو کەسێتی چیرۆکەکە فراوانتر بکردایە کـە شـان بـە شـانی جوڵەی فیزیکیان ئاخاوتنی زیاتریان لەسەر گەڕانەوە بۆ سروشـت و ئامـانجی ئـەو گەڕانەوەیـەش هەبووایـە، ئەوکاتـەش بـەراوردکردنی نێـوان شـار و سروشـت وەکـو دوو شـوێن لـە ئاسـتی گـوتراودا بوایـە لـە سـنووری دەقەکـەدا. بـەڵام دیـارە دەوری گێڕەرەوە زیاتر بواری جیاکردنەوەی جوڵە و هێڵـی سـەرکەوتنی ڕووداوی ئاشـکرا کردووە.

فڕێـدانی هـەموو جلوبـەرگ و ئەنگوسـتیلە و بازنـەکان لـە لایـەن بووەکـەوە دەلالـەتی ڕووخانـدنی هـەموو سـنوورەکان و هەڵدانـەوەی هـەموو پـەردە و ڕووپۆشەکان بەرهەم دێنێت لەگەڵ گەڕانەوەی حەقیقەتی بوون و خۆڕووتکردنـەوە لـە ڕووکـەش. سـەرجەم ئـەو کـۆت و پێوەنـد و سنوورانەی ژیـانی شـار یـان ژیـانی دەرەوەی سروشـت دروسـتی کـردوون و بەرهـەمی هێنـاون لەگـەڵ گەڕانـەوە و تێکەڵاوبوونـەوەی سروشـتدا هـەرەس دەهێـنن، هـەر بۆیـە لەگـەڵ هەسـتکردن بـە ئازادی چیتر بوار بۆ کۆت و پێوەندەکانی لەش نامێنێتـەوەوە، ڕەنگـە تـا مـرۆڤ لـەو پێوەندانەش ڕزگاری نەبێت لەش وەکو حەقیقەتی خۆی نەتوانێت پیادەی شـەپۆلی ئارەزووەکانی بکات. گەڕانـەوە بـۆ سروشـت واتـە گەڕانـەوە بـۆ دەرەوەی پەرسـتنی سـنوورەکان لەگـەڵ ئـەو گەڕانەوەشـدا ئـازادی بەرهـەم دێتـەوە واتـە قۆنـاغی کۆیلایـەتی هـەرەس دێنـێ. لێـرەدا فڕێـدانی خشـڵ و زێڕەکـان لـە لایـەن بووکـەوە دوای گەڕانەوەی بۆ نێو سروشـت ڕەتکردنـەوەی قۆنـاغی "پەرسـتنی زێـڕ و زیـو و خۆبەکۆیلە کردنیەتی".

دیسانەوە دەلالـەتی ئـازادکردنی (لـەش) هەڵـدەگرێت، ئـەو لەشـەی کـە نـەریتی کۆمەڵایـەتی زێـڕ و زیـو دەکـات بـە پارسـەنگی بۆئـەوەی بیگەیەنێتـە ئاسـتێك کـە شایانی ئەوە بێت بیکات بە هاوسەری ئەوی پیاو.

لـە قۆنـاغی سێیەمدا گێـڕەرەوە دوو عاشـقی ڕووت و سروشـتێکی ڕووت و بـێ پەردەمان پێشکەش دەکات، ڕووت بوونـەوەش مانـای نـەمانی هـیچ بەربەسـتێك بـۆ تێکــەڵاوبوون دەگەیــەنێت، لێــرەدا دوو قۆنــاغی تێکــەڵاوبوون دەردەکــەوێت. یەکەمیان تێکەڵاوبوونی (بووك و زاوا)یە کە تێکەڵاوبوونێکی لاشەییە (سێکسیە) و هـیچ سـنوورێکی پـەرتبوون و لێـك جیابوونـەوە نەمێنێتـەوە ئەمـەش تـەنیا لـە سـایەی سروشـتدا ڕوودەدات. دووەمیـان تێکـەڵاوبوونی (بـووك و زاوا)یـە لەگـەڵ سروشــتدا. هەرچــۆن هەریەکــە لــە بــووك و زاوا چــێژ لــە لاشــەی ئــەوی تریــان وەردەگرێت بە هەمان شێوە سروشتیش چێژ لە لاشەی هـەردووکیان وەردەگرێت، (زەوی سارد و شێدار گەرمی لەشی هـەردووکیانی هەڵمژی)، بـە واتایـەکی دی لـە هــەمان کاتــدا دوو پرۆســەی سێکســی بــەدی دێــت، یەکــەم لــە نێــوان جــووت عاشقەکەدا، دووەم لە نێوان جووت عاشق و سروشتدا، لە پرۆسەی یەکەمدا نێر و مێیـەك پێکدەگـەن، لـە پرۆسـەی دووەمـدا نێـر و مێیـەك لەگـەڵ مێیـەکی تـردا کـە سروشتە پێکدەگەن. (مژینی گەرمی لەشی هەردووکیان واتە بووك و زاوا لـە لایـەن زەوییەوە) دەلالەتی مێیەتی زەوی هەڵدەگرێت لەو پرۆسەیەدا.

لـە قۆنـاغی چـوارەمدا گێـڕەرەوە دەڵێـت (نێـر و مێیـەکی ڕووت لـە سـیحرێکی جوانیدا) بوون. ئـەم واتـە گێـڕەرەوە داوای "گـۆم" دەکـات یـان باشـتر بڵێین "گـۆم" دەخوازێت بـۆ جـووت عاشـقەکە بۆئـەوەی سـیحری ئـەو جوانییـە ڕووتـە لـە خۆیـدا بخنکێنـێ و مەلـەی ئاوێتـەبوونی تێـدا بکـەن. لێرەدا گـۆم بـە واتـای ئـاو هـاتووە، گـۆمیش لـە خۆیـدا خاسـێتی ئـاوی مـەنگی هەیـە، ئـاوی مـەنگیش دەلالـەتی نێـو منداڵـدانی دایـك هەڵـدەگرێت. گێـڕەرەوە دەخوازێـت کـە جـووت عاشـقەکە لـە شوێنێکی هێوری وەکو نێو منداڵدانی دایکدا ئاوێتە بوونایە. لێرەشەوە گێڕەرەوە بەشداری ڕۆحی و چێژی جووت بوونی دوو عاشقەکە دەکات، بەڵام ئـەو گۆمـەی

ئەو دەیخوازێت دەستەبەر نابێت. لە ڕاستیشدا جارێکی دی هاوشانییەك لە نێوان سروشت و منداڵدانی دایکدا هەیە بۆیە گەڕانەوە لە شارەوە بۆ سروشت گەڕانەوەیە لەسەر زەوییەوە بۆ نێو منداڵدان واتە لێرەدا جۆرێك لە کردەی دفن بوون یان دفن بوونەوە ئەندام دەدرێت. هەڵبەت ئەوەش ئاشکرایە کە مرۆڤ لەهەر چرکەساتێکدا مەیلداری گەڕانەوەیە بۆ ساتەکانی حەوانەوە، دیارترین حەوانەوەی مرۆڤیش لە سەردەمی کۆرپەلەیدایە کە ئەویش لەنێو منداڵدانی دایکدا دەبێت و هەمیشەش لەو کاتانەی کە نەسق جوڵەی مرۆڤ ڕێکدەخات هەمان شێوازی جوڵە و بزاوتی نێو منداڵدان وەردەگرێت بۆ نموونە ئەگەر سەیری زۆربەی هەرە زۆری مرۆڤ بکەیت لە کاتی خەوتندا ئەو شێوەیە وەردەگرێت کە لە کاتی کۆرپەلەیدا لە منداڵدانی دایکدا وەریگرتووە. کەواتە مرۆڤ لە ژیانی خۆیدا نەك هەر مەیلداری گەڕانەوەیە بۆ ساتەوەختی منداڵی بەڵکو مەیلداری گەڕانەوەشە بۆ ساتەوەختی کۆرپەلەی نێو ئامێزی منداڵدانی دایك.

(خەرەندێك) دەمی کردۆتەوە، بووك و زاوا دەخزێن، لە ئەنجامی خزاندا و بە ڕووتی بە تەواوی تێکەڵاوی توخمەکانی سروشت دەبن، تا دواجار دەکەونە نێو قوڕگی خەڕەندەکەوە، پارچەکانی جەستەیان هەریەك لە لایەك جێدەمێنێ، بەڵام تەنیا جووتە (دڵەکە) دەمێننەوە، دڵ هێمای خۆشەویستییە. خۆشەویستیش نامرێ و خاسێتی نەمری هەیە بۆیە تەنیا دڵەکان دەمێننەوە، بەڵام جووت دڵ دەکەونە سەرچاوی ئاوی شارەکەوە، ئەوەش دوو دەلالەت بەرهەم دێنێ، یەکەمیان مرۆڤ چەندێ یاخی بێت، ناتوانێت بگاتە پلەی ڕەهای یاخیبوون یان بە وتەیەکی تر یاخیبوونی ڕەها بوونی نییە لەبەرئەوەیە مرۆڤ لە هەر ئاستێکی یاخیبووندا بێت ئەوا هەر مەحکومە بە گەڕانەوە بۆ باوەشی جۆرێك لە کۆلایەتی.

دووەمیان دڵ هێمای خۆشەویستییە، خۆشەویستیش نەمرە و خاسێتی ژیانی هەتاهەتایی هەیە. ئێستا هەردوو (دڵی) بووك و زاوا دەچنە ناو سەرچاوەی ئاوی شارەکەوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە گەڕانەوە بۆ خاڵی سەرەتا شتێکی ڕەت نەکراوەیە، لە لایەکی ترەوە ئەم ڕووداوە واتە گەڕانەوەی دوودڵی عاشق بۆ

نێو سەرچاوەی ئاوی شارەکە دەشێ تۆوی خۆشەویستی لە ڕۆحی شاردا بنێژێت و سەوز بکات. دیسان گەڕانەوەی دڵەکان بۆ سەرچاوەی ئاوەکە ئەوە دەگەیەنێت کە دەبنەوە بە ئاو واتە دەبنەوە بە (گەوهەر) کە سەرچاوەی ژیان و بوونە و دەشێ بۆ هەتاهەتایە بمێنێتەوە و ژیان بەرهەم بهێنێتەوە.

(خەڕەندە) بۆ خۆی دەلالەتێکی سێکسی هەیە و ئەندامی جووت بوونی مێ دەگەیەنێت، گەڕانەوەی بووك و زاوا بۆ نێو خەڕەندەکە واتە گەڕانەوەیان بۆ منداڵدان. ئەگەر (چەمەکە) واتە سەرچاوەی ئاوی شارەکە منداڵدان بنوێنێ ئەوا خەڕەندەکە دەروازەی منداڵدانە و ڕێگای بەرەو ئەوێ واتە بەرەو منداڵدان دەنوێنێ، هەروەك سەرچاوەی ئاوی شارەکە و منداڵدان تەواو هاوشێوەن. دڵەکان لەنێو قوڵایی چەمەکەدا واتە لەناوەندی منداڵداندا ئارام دەگرن، ئێستا ئەگەر چەمەکە منداڵدان بنوێنێ و دڵەکان (جووت عاشقەکە) و بە هیوای حەوانەوەی هەمیشەیی بۆیی بگەڕێنەوە، ئەوا لە هەمان کاتدا دەلالەتی (دفن) بوونیش بەرهەم دێنێت، ئەمەش لە ڕاستیدا لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا دەگونجێت کە پێشتر لێی دواین، واتە ئەگەر (شار) بە دنیا دابنێین و ژیانی نێو شار هاتنە نێو دنیا بێت وەکو کردەی لەدایکبوون، ئەوا گەڕانەوە بۆ نێو منداڵدانی دایك مانای دفن بوون هەڵدەگرێت. سروشتیش وەکو شوێنی خاوێن و هێمن هاوشانە لەگەڵ منداڵداندا، بە واتا جووت عاشق لە بەجێهێشتنی شار و گەڕانەوە بۆ سروشتدا دنیا ڕەتدەکەنەوە.

ئێستا دوای شیکردنەوەی چیرۆکەکە ڕێگامان بۆ ئاراستەکردنی پرسیارەکان کردۆتەوە: داخۆ مرۆڤ لە دەستی کۆت و پێوەندە ڕۆحی و جەستەییەکان ڕزگاری دەبێت؟ داخۆ جگەی لە گەڕانەوە بۆ تاکە دنیایەکی پڕ لە ئاسایش و هێمنی کە دنیای دفن بوونە واتە ئامێزی منداڵدانی دایك یان (گۆڕ) هیچ ڕێگاچارەیەکی تر نادۆزرێتەوە؟

ئەگەر شار ئەو زەمینە سنوور تەسکە بێت کە لاشەکانی بەندکردبێت و دوو لاشەی دیسپلین کراو لەنێو ئەو سنوورەدا شایانی بەردەوام بوونی ژیانیان

**پێکەوە هەبێت، ئەوا ڕەتکردنەوەی شار لە لایەن (بووك و زاوا)وە خۆ سپاردنە بە ئارەزووە دنیاییەکان و خۆدانە دەستی ویستەکانی لەشە، بە واتا هەوڵدانە بۆ هەڵوەشاندنەوەی یاساکانی ئەو دیسپلین کردنە، هەڵوەشاندنەوەش تەنیا لە ئەنجامی کارکردنەوە یان دروستکردنی ڕووداوی پێچەوانەوە ڕوودەدات یان بە ئاکام دەگات. کە لێرەدا لە جوڵەی ڕووکردنەوە سروشتدا بەرجەستە دەبێت، بەڵام گەڕانەوە بۆ سروشت لێرەدا ڕاستەوخۆ ڕەتکردنەوەی دنیای دەرەوەی جووت پاڵەوانە واتە (واقیعی سۆسیۆلۆژی) پاڵەوان گەرچی لە بارێکی تردا تێکەڵاو بە سروشت دەبنەوە، بەڵام تێکەڵاوبوونەوەی سروشت، تێکەڵابوون یان یەکگرتنەوە نییە لەگەڵ هێزی میتافیزیکی و ڕەتکردنەوەی دنیا، یان گەیشتن بە پلەی فەنابوون و توانەوە لە ڕۆح و ئیشراقی خوداییدا، بەڵکو سروشت ئەڵتەرناتیڤی دنیایەکە کە ئەخلاق تیایدا لە لایەن بەها و بنەما ئایینی و سۆسیۆلۆژی و ئایدیۆلۆژییەکانەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت و ئەو بەهایانەش پەیوەست کراون بە لەشەوە یان وابەستەی لەشن، بەڵام ئامێزی سروشت و گەڕانەوە بۆی ڕەتکردنەوەی ئەو بەهایانە بەرجەستە دەکات کە سنووری شار سەپاندوونی هەروەك ئامێزی سروشت ئەو زەمینەیە کە تێیدا ئازادی لەش دەست پێدەکات. ئەمەش پێم وایە شێوە پاڵەوانێکی جیاواز لە پاڵەوانەکانی تری شێرزاد حەسەن دەنوێنێ، کە توانای کرداری هەیە و لە ئامێزی خەونبینیندا نەماوەتەوە واتە خەونبینین بە هاتنەدی ئاواتەکان لە سایەی مەرگدا، بەڵکو پاڵەوانی چیرۆکی (تێك ئالان) پاڵەوانێکی خاوەن جوڵەیە و لەو ئاقارەشدا شار ڕەت دەکاتەوە، دیارە لێرەدا بووك و زاوا پێکەوە هەردووکیان هەمان جووڵەیان هەیە و وەکو تاکە پاڵەوانێك یان کەسێتێك دەردەکەون لە ڕووی کردار و بەرهەمهێنانی جوڵە و ڕووداو دروستکردنەوە.**

# بەشی هەشتەم

## نامۆبوونی مێژوویی میتامۆرفیس

## لە چیرۆکی "گورگ"ی بریا کاکە سوریدا

-1-

"سیاسووت" کۆمەڵە چیرۆکێکی چیرۆکنوسی ڕۆژهەلاتی کوردستان (بریا کاکە سوری)یە کە لە سیانزە چیرۆك پێکهاتووە و ساڵی 1998 بە چاپی گەیاندووە. سەرجەم چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەیە جێگای سەرنجن و شایەنی ئەوەن ئاخاوتنیان لەسەر بکرێت بە تایبەتی لەو ڕوانگەیەوە کە چیرۆکنووس یۆتۆبیایەکی دروستکردووە و بە جۆرێکی جیاواز لە دەنگ و شێوازی باوی چیرۆکی کوردی لە باشوری کوردستاندا مامەڵە دەکات. بە گشتی بریا لە چیرۆکەکانیدا گوتارێکی نامەئلوف بە گوێرەی گوتارەکانی ئەدەبی کوردی بنیات دەنێت. کە نایەوێت هیچ شتێك لە گەردووندا وەکو خۆی ببینێت و مامەڵەی لەگەڵ ژیاندا لەسەر ئەو بنەمایە کە ژیان بە خێراییەکی چاوەڕوان نەکراو دەگۆڕێت.. ئەمەش وا دەکات کە مرۆڤ زیاتر لە بەکارهێنان و بەکارخستنی عەقڵ نزیك بێتەوە. ئەمە لە کاتێکدا بە ترس و ڕاچەڵەکینەوە سەیری ژیان دەکات و لە دووتوێی چیرۆکەکانیدا گومانێك دەدۆزێتەوە بەرامبەر بە نادیاری چارەنووسی مرۆڤ گومانێك کە مرۆڤ دەگەیەنێتە بەردەم دۆزینەوەی یەقینێك کە ئەویش یەقینی لەنێوچوونی حەقیقەتی مرۆڤایەتییە ئەویش یان لە ئەنجامی مەرگێکی مەعنەویدا لە ژێر کاریگەری تف و تاڵی ژیاندا، یان گۆڕانی مرۆڤە بۆ ئەفریدە بوویەکی تر واتە جۆرێك لە (میتامۆرفیس)ی کافکای دەسەلات بەسەر جوڵەی ژیاندا دەکات لای بریای کاکە سووری و مرۆڤ لە ئەنجامی کارەساتەکانی ژیانی سەخت و پڕ لە مەترسیدا حەقیقەتی مرۆڤی خۆی لەدەست دەدات و گەلێك جار دەچێتە پێستی دڕندەیەکەوە. ئەمەش لە گەوهەردا بۆچوونێکی سەرچاوەدارە و وەکو بەشێك لە

ئەفسانە لێی دەڕوانرێت کە گوایە مرۆڤ دوای مردنی ڕۆحی ڕەوانی دەگوێزرێتەوە بۆ نێو جەستەی گیانلەبەرێکی دی. مرۆڤە ڕۆح سەوزەکان، ئەوانەی خاوێن و بێگەردن ڕۆحیان دەچێتە جەستەی گیانلەبەرێکی خاوێن و سوودبەخش و هێمنەوە، ڕۆحە دزێوەکانیش دەگوازرێتەوە بۆ نێو جەستەی ئاژەڵە دڕ و وێرانکەرەکان، بۆ نێو جەستەی دڕندەکان. بریا کاکە سوری لە خەمی بنیادنانی یۆتۆپیای جۆراوجۆردایە لە چیرۆکەکانیدا نایەوێت مێژوومان بۆ بنوسێتەوە، یان ڕووداوەکانمان بۆ بگێڕێتەوە بەڵکو لە مێژوو لە ڕووداوەکان یۆتۆپیامان بۆ دروست و دەکات یۆتۆپیایەك کە مەودای خەیاڵ هێندە فراوان دەبێت تیایدا دنیایەك دروست دەکات کە هیچی لەو دنیایە ناچێت کە ئێمەی تیادەژین، یان هەندێ جار زۆر لەو دنیایەش دوورە کە ئێمە دەیخوازین. ئەوەی کە ڕۆڵی بنیاتنانی ئەو دنیایەش دەبینێ بریتییە لە خەیاڵی بەرفراوان و ڕوانین بۆ هەموو شتەکان لە گۆڕاندا. لای ئەم چیرۆکنووسە هەموو شتەکان لە جوڵەی بەردەوامدان واتە بریا لە چیرۆکەکانیدا هیچ شتێ بە جێگیری نابینێت. ئەمەش ئەو ڕاستییەیە کە دەبێتە هاوشێوەی ژیان و ڕەوتی بەرەوپێشەوە چوون و پەرەسەندن هەرچۆن لەو پەرەسەندنەدا دەشێ زۆر شتی خراپ دەرکەوێت بە هەمان شێوە لەو گۆڕانە بەردەوامەی کە خاسێتی باڵادەستی چیرۆکی بریا کاکە سورییە مەرج نییە ئەنجام وەکو ئەوە دەربچێت کە ئێمە دەمانەوێت یان ئێمە دەیخوازین بەڵکو ئەوەی گرنگە (بریا) هەموو ئەو گۆڕانکاریانە. هەموو ئەو بۆچوون و ڕوانینانە، هەموو ئەو جیهانبینیانە وەك هونەر پێشکەش دەکات هونەرێك، تایبەتمەندی خودی نوسەری پێوەیە و لە هەمان کاتدا مۆرکی هاوچەرخێتی و نەتەوایەتیشی پێوە دیارە ئەوەش خاسێتی هونەری زیندووە.

-2-

(گورگ) ناونیشانی یەکێکە لە چیرۆکەکانی ئەم کۆمەڵەی بیریا کاکە سوری کە بەسەرهاتی چیرۆکەکە دەربارەی سەردانی کەسێکە لە برادەرێکی سەردەمانی زووتری خۆی کە برادەرەکەی لە نهۆمی چوارەمی کۆشکێکدا ژیان بە تەنیا

دەگوزەرێنێ، پێدەچێ خەریکی خوێندنەوە و موتالاکردن بێت. ژوورێکی پڕ و شێواوی هەیە کاتێ ئەم لێی دەپرسێت بۆچی بەو شێوەیە پەرپوتە و ژوورەکەی شێواوە، ئەویش باسی خۆی و ژیانی خۆی بۆ دەکات کە وەکو ژیانی سەگ وایە، پاشان لە رێگەی یادەوەرییەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساتەوەختی ڕابردوو لە ئێستادا ئامادەی دەکاتەوە کە ئەویش دوو لایەنی هەیە. لایەنە خۆشەکانی سەردەمی منداڵی کە چۆن پڕبووە لە بێگەردێتی و خاوێنی و خۆشەویستی دڵسۆزێتی لایەنی، دووەمیش کە ڕابردوویەکی درەنگترە بەڵام یادەوەری تاڵی تێدایە کە ئەویش ئەو ساتەوەختانەیە کە لە قۆناغی خوێندنی زانکۆیدا هەستی کردووە بووە بە گورگ و بگرە هەر ئەمەش نا بە تەنیا بەڵکو هاوڕێکانی بوون بە بەرخ و سەگ و ئاژەڵەکانی تر، ئەگەرچی ئەم ماوەیە کە برادەرەکەی خۆی نەبینیوە، بەڵام بە ئاسانی بڕوا بەو قسانە ناکات، هەتا ئەنجام دەبینێ ئەوە هاوڕێکەی بوو بە گورگ و جگەرەیەکی بە دەمەوەیە و کەڵبەکانی دیارن و ئەم لێیان دەترسێت، ترسانێك کە ناچاری دەکات لە پەنجەرەی نهۆمی چوارەمی کۆشکێکەوە خۆی هەڵداتە خوارەوە کە بێگومانە لەوەی ئەنجامی ئەو بازدانە خوارەوەشی مردنە. ئەمەی سەرەوە درێژەی ئەو ڕووداوانەیە کە لە گرێچنی چیرۆکەکەدا لە میانەی جوڵەی هەردوو کەسێتی نێو چیرۆکەکەوە یان لە ئاخاوتنەکانیاندا دەردەکەون. شتێکی ئەوتۆ لە مێژووی هەردوو کەسێتی چیرۆکەکە نازانین تەنیا ئەوەندە نەبێت کە جۆرێك لە ئاوات خواستنیش بۆ ڕابوردوی خۆی یان باشتر بڵێین بۆ سەردەمی منداڵیان ئاشکرا دەکەن کە دەشێ ئەوەش جۆرێك لە گەڕانەوە یان ئاوات خواستن بۆ ڕابردووی زێڕین لە پشتییەوە وەستابێت، سەرباری ئەمە بنەمای کەسێتی ئەم دووانە زۆر ئاشکرا نیە و ئەوەی بۆمان دەردەکەوێت لە ڕێگای ئاخاوتنەکانیانەوە ئەوەیە کە شتێك لە بنەمای کۆمەڵایەتی هەریەکەیان ئاشکرا دەبێت. بنەمای کەسێتی شێرکۆ کە بە خۆیی و ماشێنێکەوە لە بەردەرگای ماڵی ئەمدا ڕادەوەستێت لەگەڵ بنەمای کەسێتی ئەم لە ڕووی

کۆمەڵایەتییەوە لە ئاخاوتنەکانی خۆیدا زۆر بە خراپ و بێدەرەتان باسی خۆی دەکات و وای نیشان دەدات کە لە بارێکی ناهەمواردایە.

-3-

## پرۆسەی بە گورگبوونی پاڵەوانی چیرۆکەکە

سەرچاوەی دیار و ئاشکرای میتامۆرفیس لە ئەدەبی دنیادا بە شێوەیەکی ئاشکرا دەگەڕێتەوە بۆ کورتە ڕۆمانی میتامۆرفیسی کافکا کە تەنانەت ناوی ڕۆمانەکەی لەو گۆڕانکارییەوە وەرگرتووە کە بەسەر پاڵەوانی ڕۆمانەکەیدا دێت کاتێ لە مرۆڤەوە دەگۆڕێت بۆ قالۆنچە. بێگومان ئەم حاڵەتە لە خۆوە و بێ جیهانبینییەکی مەودا و قوڵ و بەهێز بنیاد نەنراوە، بەڵکو لەسەر بنەمای جۆرێك لە ڕوانین بۆ چارەنووسی مرۆڤ بۆ دەسەڵاتی مرۆڤ وەکو حەقیقەتی مرۆڤ بوونی و بێ دەسەڵاتی لە بەرامبەر کارەستاکانی ژیاندا هەر لە مردنەوە هەتا ئەوانی تریش سەری هەڵداوە، وێنەکردنەوەی میتامۆرفیسی کافکا لە چیرۆکی کوردیدا زیاد لە جارێك بەرچاو دەکەوێت بەڵام دیارە ئەوەی مەبەستمانە ئەوە نییە بڵێین چیرۆکە کوردییەکان لاسایی کردنەوەی ڕۆمانەکەی کافکان چونکە ئاشکرایە ئێش و ژانەکانی مرۆڤ هاوشێوەیی و لێکچوون لە نێوانیاندا هەیە هەر بە هەمان شێوە دەشێ هاوشێوەیی و لێکچوون لە دید و تێڕوانینیشدا لە بۆچونیشدا هەبێت. لە چیرۆکی گورگدا هەستکردنی پاڵەوان بە گۆڕانی خۆی لە مرۆڤەوە بۆ شێوەیەکی دی یان بۆ ئەفریدەبوویەکی تر کە ئەویش گورگە بەرجەستەی ئەو حاڵەتە دەکات کە دەبێتە هاوشێوەی میتامۆرفیسی کافکا بەڵام جیاوازی ئەوەیە کە پاڵەوانی ڕۆمانەکەی کافکا بەبێ هۆشیاری و هەستکردن بەو حاڵەتەی تێی کەوتووە خۆی نیشان دەدات بەڵام پاڵەوانی چیرۆکی گورگ بە ئاگایە لە حاڵەتی گۆڕانەکەی و هەر خودی خۆی وای نیشان دەدات کە دەیتوانی لە بری گورگ بێتە شتێکی تر بە تایبەتی سەگ بەڵام ئەم بە گورگ بوونی پێ باشتر بووە لە بە سەگ بوون چونکە وای بۆ دەچێت گورگ مەخلوفێکی سەربەستە بەڵام سەگ مەخلوقێکی وابەستەو پاشکۆیە و هیچ ئازادییەکی نییە لێرەدا ئەو دەلالەتە دەردەکەوێت کە پاڵەوان لەو

گۆڕانەدا نایەوێت ئازادی خۆی لە دەس بدات نایەوێت ماهیەتی خۆی ون بکات بە تایبەتی کاتیَ دەڵێت سەگ هەمیشە پاسەوانی دەرگایەك یان کەسێکە ئەمەش ئەو دەلالەتە لە پشتییەوە وەستاوە تەنانەت کاتێ پاڵەوان دەکەوێتە بەردەم پرۆسەی ڕووتکردنەوە یان ڕووتبوونەوە لە بنەما ئینسانییەکانی هێشتا دەیەوێت پارێزگاری لە بوون و کەسێتی خۆی بکات نایەوێت لە قۆناغی داهاتووشدا "کە قۆناغێکی سەختر و دژوارترە لە ڕووی هەستە مرۆییەکانەوە بکەوێتە جێگایەکەوە کە خودی خۆی لەدەست بدات بەڵکو تەنانەت لەو حاڵەتەشدا دەیەوێت خاوەنی خۆی بێت.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت پاڵەوانی چیرۆکەکە، گورگ ئەوەندەی لە خەمی پاراستنی ماهیەتی خۆیدایە لەهەر بەرگێکدا بێت ئەوەندە لە خەمی گۆڕانی ڕووکەشەکەیدا نییە ئەو ئینسان بێت یان ببێت بە گورگ لە هەردوو حاڵەتەکەدا وەها سەیری خۆی دەکات کە بوونی خۆی نەدۆڕێنێت، لە کاتێکا ئەو بوونە لە جۆرێك لە ئازادیدا دەبینێتەوە. ئەمە ئەو پەیامەیە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە بە دوایدا دەچێت کە دەشێ هەر لە بنەڕەتیشەوە ئەم خەمە وەهای لێکردبێت کە هەست بە لەدەستچوونی شێوازی ئینسانی خۆی بکات و وا خۆی ببینێت کە گۆڕاوە بۆ "گورگ"، واتە پاڵەوانی چیرۆکەکە هەست بەوە دەکات کاتێ لە بەرگی مرۆڤدایە هیچ جۆرە ئازادییەکی نییە، ناتوانێ ویستە مرۆییەکانی پیادە بکات و بەردەوام لەژێر فشاری سەرکوتکردندایە کە لە ئەنجامی ئەوەدا دووچار یان ناچاری جۆرێك لە خۆدوورخستنەوە لەو واقیعە دەبێت کە تیایدا ئەویش لە ڕێگای شێوازێك لە مێتامۆرفیسەوە واتە جۆرێك لە "مسخ" کردندا لە ژیانی ئاسایی ئێمە خۆی پەرت دەکات و دەگۆڕێت بۆ مەخلوقێکی تر کە لە واقیعدا وەکو دڕندە سەیردەکرێت یان هەر لە ڕاستیشدا ئەو مەخلوقە دڕندەیە، بەڵام دەشێ خودی پاڵەوانی چیرۆکەکە لەبەرئەوەی ئەو حاڵەتەی هەڵنەبژاردبێت کە بوون بە گورگە واتە بوونی بە دڕندە بەڵکو لەبەرئەوە بە گورگ بوونی پێ باشترە

لە چاو ئەوەی کە ببێت بە مەخلوقێکی تر چونکە لە حاڵەتی بە گورگ بووندا جۆرێك لە ئازادی بەدەست دێنێ و وابەستە و ملکەچ نابێت.

**حاڵەتی نامۆبوون لە وجودی پاڵەوانی چیرۆکی گورگدا:**

سەرەتای هەست بە نامۆیی کردنی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لە مێژوویەکی پێشترەوە، دەستپێدەکات و خۆی ئاشکرای دەکات، کە کاتێ لە زانکۆ بووە هەستی بەوە کردووە کە ئەم ناتوانێت لەگەڵ ئەوانی تردا تەبابێت بگرە گەیشتۆتە ئاستێك کە کاتێ ویستوویەتی بە زمانی مرۆڤ پرسیار لە مامۆستاکەی بکات. ئەوەی لە تەنیشتییەوە بووە باڕاندوویەتی و مامۆستاش لەسەر تەختە وێنەی وێنجەزارێکی پان و بەرستی کێشاوە، تەنانەت کورسییەکانی زانکۆی وەکو ئاخوڕی ئەسپ هاتۆتە پێشچاو و قوتابیەکانیش وەکو ئەسپ و لەو حاڵەتەدا مامۆستاش وەکو مەیتەرەوان بووە سەرجەم ئەوانەی لە پۆلەکەدا لەگەڵیدا بوون بەو حاڵەیە ڕازی بوون تەنیا ئەم نەبێت کە لە ئەنجامی ئەو ناڕەزاییە و نەگونجانیەدا لە واقیعی باو دووچاری هەستکردن بە نامۆبوونێکی سەخت بۆتەوە کە ئەنجام لە باری مرۆییەوە گواستراوەتەوە بۆ گورگ. دروستبوونی دیوارێکی ئەستوور لە نێوان پاڵەوان و ئەوانی تر جۆرێك لە نامۆبوونی پاڵەوانی چیرۆکەکە دروست دەکات کە بەرەو دەرچوون لە بوونی ئینسانی خۆی پاڵی پێوە دەنێت لێرەدا و لە پشتی ئەو حاڵەتەی هەستکردنی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە لەنێو دامەزراوێکی بیرۆکراتی وەك زانکۆدا ئەو مانایانە ئاشکرا دەبن کە دامەزراوە بیرۆکراتییەکان لەسەر بنەمای جۆرە پەیوەندییەك دامەزراون کە پەیوەندی نێوان مەیتەرەوان و ئەسپەکانیەتی. پەیوەندی نێوان لوتکەی هەرەمێك و جەستەی هەرەمەکەیە کە سەرجەم بوونە مرۆڤییەکانی تێدا وندەبێت. بنەمای سەرەکی بۆ ئامادەکردنی ئەو حاڵەتەی کە (مەمی) پاڵەوانی چیرۆکی گورگی تێدا گۆڕاوە هێشتا ئاشکرا نییە ئایا نامۆبوونە بەرامبەر بەو پەیوەندییە وجودییانەیە کە تیایدا پاڵەوان لە ئەنجامی ڕوانینی خۆیەوە بۆ بێهودەیی ژیان گەیشتووەتە ئەو ئاستەی بڵێین ژیان هیچ مانایەکی نییە و بەو پێیەش بەها مرۆڤاییەکانیش جگە

لە هەندێ پێودانگی دروستکراو هیچی تر نین و مرۆڤیش ئەفریدەبوویەکە وەکو هەموو ئەفریوەبووەکانی تر، خۆ ئەگەر نەیتوانی بە کەرامەتی مرۆڤانەوە بژی ئەوا ئاسایی ئەمیش یەکێکە لەو چەندەها ئاژەڵانەی کە هەندێکیان دڕندە و هەندێکی تریشیان نێچیرن، بەڵام لە پرۆسەی گۆڕاندا یان لە میتامۆرفیسی خودی خۆیدا (مەمی)ی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە نایەوێت ببێت بە نێچیر بەڵکو دەبێتە گورگ واتە دڕندە ئەگەرچی ئەم بیانووی بۆ بە گورگ بوونی خۆی ئەوەیە کە گورگ ئاژەڵێکی سەربەست و ئازادە و ملکەچی قبوڵ ناکات، ئەگەرچی ئەو حاڵەتە لەبەردەم مەترسی و قەڵەقێکی هەمیشەییدایە. بە گورگ بوونی پاڵەوان لە نێوان میتامۆرفیس و گەڕانەوە بۆ سروشت، حاڵەتێکە مایەی لێدوانە دەشێ بپرسین ئایا تەنیا لەژێر فشاری هۆکارە کۆمەڵایەتی و ئەنتۆلۆژییەکاندا (مەمی) دەگۆڕێت بۆ گورگ کە پرۆسەیەکی دوور لە ویستی خۆی ڕوودەدات یان لە بارێکی تردا بە گورگ بوونی ئەم کەسێتییە جۆرێکە لە گەڕانەوە بۆ ژیانی سەرەتایی بوونەوەران کە ئەویش لەنێو سروشتدایە و پڕە لە ئازادی، ئازادی بە مانا سەرەتاییەکانی، بەو تێڕوانینەی کە خودی پاڵەوان دەڵێت بە گورگ بوونم هەڵبژارد، چونکە گورگ ملکەچ و پەیوەستی فەرمانی هیچ کەس نییە، لێرەوە دەلالەتی ئارەزووی گەڕانەوە بۆ نێو سروشتی سەرەتایی دەردەکەوێت کە بە گورگ بوون هۆیەکە پاڵەوان لەو ڕێگایەوە دەگەڕێتەوە بۆ نێو سروشت و نەفی ژیانی نێو کۆمەڵگا و شار دەکات. کە ئەوەش بۆچوون و مەیلێکە لە بوونی مرۆڤدا دەژی بەڵام بە تەواوەتی پێچەوانەی ڕەوتی بەرەو پێشەوەی مێژووی مرۆڤایەتی و پەرەسەندنی کۆمەڵایەتییە. پاڵەوانی چیرۆکی (گورگ) پاڵەوانێکە لە بری هەڵبژاردنی ژیانی نێو کۆمەڵگا و هەوڵدان بۆ گۆڕینی پەیوەندییەکان و گۆڕینی ئەو بۆچوون و تێڕوانینەی کە دەوروبەرەکەی وەکو ئاژەڵە جۆراوجۆرەکان دەبینێ بۆ شێوازێکی جوانتر کە شایستەی مرۆڤ بێت خۆیشی لەگەڵ ئەواندا دەگۆڕێت بۆ گورگ واتە سەرباری حاڵەتی هەست بە نامۆیی کردنی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە هێشتا لە

سنووری دەستەجەمی بووندایە و تەنانەت لەگەڵ ئەوانی تردا ئەمیش هێز و دەسەلاتی هەیە بۆیە بە گورگ بوون هەڵدەبژێرێت.

مەمی پاڵەوانی چیرۆکی گورگ لە میانەی ئاخاوتن و گێڕانەوەکانیدا بۆ شێرکۆی هاوڕێی سەردەمی منداڵی، باسی ئەوە دەکات کە دوای بە گورگ بوونی تەنیا شەوێك بە دڵی خۆی ژیاوە ئەویش لە دووای نۆشکردنی شەراب و خەیاڵی قوڵی لە کاتێکدا بە دیداری عەلی مەردان و لە هەمان کاتدا شێخ مەحمود و سمکۆ شاد بووە، بەلام دواتر بەجێی هێشتوون. دەشێ لێرەدا چیرۆکنووس بیەوێت دەلالەتێکی مێژوویی بدات بە چیرۆکەکەی و پاڵەوانی چیرۆکەکەی لەگەڵ ئەو کەسێتییە دیارانەی نێو مێژووی ئێمەدا یەك پێ بگرێتەوە، بەلام دوواجار گۆڕی ئەوان بەجێ دەهێڵێ و دەگەڕێتەوە بۆ حاڵەتی ئاسایی خۆی کە حاڵەتی بە گورگ بوونەکەیەتی ئێستا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کاتێ مەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە بە دیداری عەلی مەردان و شێخ مەحمود و سمکۆ شاد دەبێت دوواتر باسی ئەو شەوە دەکات وەکو مرۆڤێکی تەواو باسی دەکات نەك وەکو گورگێگ ئەگەرچی خۆی دەپرسێت نازانم داخۆ ئەو شەوەش هەر گورگ بووم یان بووبوومەوە بە ئینسان؟ دیارە گێڕانەوەکانی دەربارەی ئەو شەوە گێڕانەوەی ئینسانە، هەر بۆیە لێرەدا ئەو دەلالەتە لە پشتی ئەم هەڵوێستەی مەمی پاڵەوانی چیرۆکەکەوە وەستاوە کاتێ دەگاتەوە بە کەسانی دیاری نێو مێژووی ئێمە لە حاڵەتی گورگێتییەوە دەبێتەوە بە مرۆڤ واتە لە ئەنجامی ئاشتبوونەوە لەگەڵ مێژوودا پاڵەوانی بە گورگ بوو دەبێتەوە بە مرۆڤ، ئەمەش بۆ مەودایەکی قوڵتر ڕاماندەکێشێت کە کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکەکە واتە (مەمی) کەسێتی کوردییە و جیابوونەوەی لە مێژوو بۆتە هۆی ونکردنی ماهیەتی ئینسانی و گۆڕانی بۆ گورگ. تەنیای ئاشتبوونەوەی لەگەڵ مێژووی خۆیدا کەسێتی تێکشکاوی ئەو زیندوو دەکاتەوە، دەیکاتەوە بە بنیادەم ئەوەتا هەر خودی (مەمی) دەڵێت تەنیا ئەو شەوە هەستم بە ژیان کرد، ئەو شەوەی گوێدێری دەنگی عەلی مەردان بووم. بە بەرچاوی ئەمەوە شێخ مەحمود و سمکۆ هاتنە لای عەلی مەردان و هەرسێکیان

باوەشـیان بـە یەکتریـدا کـرد و گریـان.. داخـۆ بۆچـی گریـابن؟ دیسـان دەشـێ لەبەرئەوە گریابن کە ئەمانیش وەکو پاڵەوانی چیرۆکەکە گرفتی تایبەتی خۆیان هـەبووبێت بـەڵام کۆبوونـەوە و پێکـەوە گریـان دیسـان بـە لای ئـەو بۆچـوونەدا دەمانبات کە لەبەر نەبوون و ئامادەنەبوون گریابن. ئێستا دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە نامۆبوونی پاڵەوانی چیرۆکی گورگ نامۆبوونێکی مێژووییە یان بە گوتنێکی تر لـە ئـەنجامی جیابوونـەوە و فڕێـدران بـۆ دەرەوەی مێـژوو پاڵـەوان هەست بـە ونبوونی خۆی دەکات کە ئەو هەستکردنەش بەرەو حاڵەتی میتامۆرفیس دەیبات، بەڵام لە گۆڕانیدا پاڵەوان هێشتا دەیەوێت خۆی ئەو حاڵەتە هەڵبـژێرێت کە بۆی دەگۆڕێـت هـەر لەوسـەر و بەندەشـدا بـە گـورگ بـوون هەڵدەبـژێرێت کـە ئامـاژەی جۆرێك لە دڕەندەیەتی دەکات، بەڵام ئەم حاڵەتە لەگەڵ کەسێتی کوردیدا دووای جیابوونـەوەی لـە مێـژوو یەکناگرێتـەوە چـونکە ئـەم نـەك هـەر نەبۆتـە گـورگ و خاسیەتی دڕندەێتی وەرنەگرتووە بەڵکو نەیتوانیوە بە باشی پارێزگاری لە بوونە لاوازەکەی خۆیشی بکات گورگ نەیخوات. واتە لە ئەنجامی نامۆبوونی مێژووییدا کورد بۆتە نێچیر نەك دڕندە.. چیرۆکی گورگ دەشێ ئەم دەلالەتە مێژووییەی کە لە سـەرەوە باسمـان کـرد لـە پشـتییەوە وەسـتابێت. پاڵـەوان لـە دوای ئـەوەی ئـەو شەوە عەلی مەردان و شێخ مەحمود و سمکۆ بەجێ دێڵی دەگەڕێتـەوە ماڵـەوە و بە ئاسـوودەیی دەخـەوێت، ئەمـەش ئـەوەمان بـۆ ئاشـکرا دەکـات کـە تـەنیا لـە دوای گەیشـتنی پاڵـەوانی چیرۆکەکە بـەو کەسـێتییە مێژووییانـەی ئێمـە توانـای ئـەوەی هەبووە بە ئاسوودەیی بخەوێت واتە دوای گەیشتنەوەی پاڵەوان بە مێژوو. دووای بینینـی ڕەمزەکـانی مێـژووی ئێمـە پاڵـەوان هەسـت بـە ئاسـوودەیی و دڵنیـایی دەکـات و ئـەو دڵنیاییـەش هـۆی سـەرەکیە کـە پاڵـەوان وا لێـدەکات بـە کـەماڵی ئیسراحەت بخـەوێت. ئەگـەر پاڵـەوان کەسێتی نەتـەوەی ئێمـە بێـت ئـەوە تـەنیا بە زیندووکردنـەوەی مێـژوومان بـە ئامادەکردنـەوەی ئـەو کەسـێتەی لـە ڕابـردوودا هەمانبووە و تێکشکێنراوە دەگەینە حاڵەتی دڵنیایی و دەتوانین هەست بە بوونی

خۆمان بکەین و چیتر لە دڵەڕاوکێی بەردەم و مەترسیدا نەبین و لە سەقامگیری و حەوانەوە بێبەش نەبین.

(4)

کەسێتی دووەم لە چیرۆکی گورگدا شێرکۆی هاوڕێی سەردەمی منداڵی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە. کە ئەمیش واتە شێرکۆ زیاتر دەوری گێڕەرەوە دەبینێ لە چیرۆکەکەدا. ڕووداوەکانیش بۆ ئێمە دەگێڕێتەوە بۆ ئێمەی خوێنەر واتە ئێمە دەبین بە (بۆ گێڕەرەوە) لەم چیرۆکەدا و ئەوەش زیاتر لەبەرئەوەیە کە لە چیرۆکەکەدا هیچ کەسێکی تر نییە هەتا شێرکۆ ڕووداوەکانی بۆ بگێڕێتەوە هەر بۆیە سەرەتا بۆ ئێمە و هەندێ جاریش ئاخاوتنەکانی شێرکۆ لەگەڵ خودی خۆیدایە، بەڵام دیسان ئاستی گێڕانەوە لەم حاڵەتەشدا نابێت بە خۆلاواندنەوە و دەربڕینی خودی خۆی بەڵکو لە ئەنجامی دووچاربوونی شێرکۆ بە جۆرێك گومان لە بەرامبەر مەمی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا کە ئایا بە ڕاستی هەر لە شێوەی بنیادەمدا ماوەتەوە یان گۆڕاوە بۆ گورگ یان دووچاری جۆرێك لە شێتبوون هاتبێت. خودی شێرکۆ ناتوانێت بڕیار بدات هەتا ئەوکاتەی کە مەمی دەچێتە دەرەوە جگەرە بکڕێت، بەڵام کاتێ دەگەڕێتەوە شێرکۆ لە بری مەمی گورگێکی چاوسور دەبینێ دەرگاکە دەکاتەوە و جگەرەیەکی ناوە بە لای لێوییەوە، ئەم حاڵەتە واتە کردنەوەی دەرگاکە لە لایەن پاڵەوانی چیرۆکەکە و دەرکەوتنی لە شێوەی گورگێکی چاوسووردا لەبەرچاوی شێرکۆی هاوڕێی منداڵی بەرزترین لوتکەیە کە هەڵکشانی ڕووداوەکان دەیگاتێ و شێرکۆ بەو دیمەنە دەگاتە یەقین، یەقینی ئەوەی کە سەرجەم ئەو قسانەی پێشتر مەمی لە بارەی بە گورگبوونی خۆیەوە دەیکردن ڕاستن. هەربۆیە خودی شێرکۆ ترسێکی سەخت و خنکێنەر دایدەگرێت و بڕیارێکی چارەنووسسازانە دەدات کە ئەویش خۆفڕێدانە خوارەوەیە لە پەنجەرەی ژوورەکەی مەمییەوە کە لە نهۆمی چوارەمینە. ئێمە لە دوو ئاستدا پرۆسەی بە گورگبوونی مەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆ گورگ دەبینین

کە یەکەمیان لەسەر زمانی خودی مەمی خۆیەوەیە دووەمیشیان لەسەر زمانی گێڕەرەوەدایە لە چیرۆکەکەدا کە ئەویش شێرکۆیە، هەر لێرەشەوە جێگای خۆیەتی بگوترێت کە لە بنەڕەتەوە هاتنی شێرکۆ بۆ لای مەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە پاش ماوەیەکی دوور و درێژ دەشێ هەر بۆ دڵنیابوون بێت لەوەی ئایا ڕاستە مەمی گۆڕاوە بۆ دڕندە یان شێت بووە، ئێستا خودی شێرکۆ گەیشت بەو یەقینەی بە گورگبوونی برادەرەکەی ڕاستە. مەمی پاڵەوانی چیرۆکی گورگ سەرباری ئەوەی کە بێ پەردە باسی بە گورگبوونی خۆی دەکات کە ئەویش وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد لە ئەنجامی نامۆبوونی مێژووییدا بە گوێرەی ئەو ئەوە ڕوویداوە. بەڵام بەردەوام ئاواتخواستنێکی بەهێزی هەیە بۆ ساتەوەختی منداڵی و هەمیشە ئەوە بۆ شێرکۆی برادەری ئەوسای دووبارە دەکاتەوە کە ئەمەش بەڵگەی بێزارییە لە ئێستا. ئێستایەك کە ئەم تیایدا گۆڕاوە بۆ گورگ. ئاواتخواستن بۆ سەردەمی منداڵی لە ساتەوەختی ئێستای بە گورگبووندا بەڵگەی بێزاری تەواوە لەو حاڵەتەی ئێستا و بە جوانتر بینینی ساتەوەختی منداڵییەوە کە ساتەوەختێکی خاوێن و بێگەرد بووە. ئەم حاڵەتەش بۆتە هۆی دروستکردنی جۆرە دیوالتییەك (جووت کەسێتی) لە کەسێتی مەمی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا، کە لە لایەك ئێستا لە بنیادەمەوە گۆڕاوە بۆ گورگ واتە بە پرۆسەی میتامۆرفیسدا تێپەڕیوە و ماهیەتی مرۆیی خۆیی لەو ئاقارەدا لەدەست داوە، بەڵام لە هەمان کاتدا هەست بە دزێوی حاڵەتی گورگێتی خۆی دەکات لە ئێستادا کە بریتیە لە ونکردنی بەها مرۆییەکانی هەر بۆیە لەو ساتەوەختەدا کە خۆی وەکو گورگ دەبینێ ئاواتەخوازە مێژوو بەرەو دوواوە بگەڕێتەوە و ئەم بچێتەوە دۆخی منداڵی کە ساتەوەختی ئاسوودەیی و بێ خەوشی و خاوێنییە لە ژیانی مرۆڤدا. ئەم حاڵەتی گەڕانەوەش خاسیەتێکی هێجگار گشتگیری هەیە و بە خۆڕسکی مرۆڤ مەیلی ئەو گەڕانەوەیەی هەیە بۆ ساتەوەختی منداڵی تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە ژیانی ئێستای هێجگار لە ژیانی ساتەوختی منداڵیشی خۆشتر بێت. دیارە ئەم مەیلدارییەش بەلای ساتەوەختی منداڵیدا لەو سەرچاوەیەوە هاتووە کە ژیانی

قۆناغی منداڵی بە هەموو تفتی و تاڵییەکانیشییەوە سەرباری ئەوەی کە بەهەشتێکی لەدەست چووە، مێژوویەکە بریتییە لە خاوێنی و بێگەردی و بێگوناهی.. بەڵام سەرباری جوڵە و فشاری پاڵنەرە غەریزییە ئاژەڵییەکان هێشتا غەریزەی مرۆیی بوون باڵادەست ترە، هەر بۆیە پاڵەوانی چیرۆکی گورگ سەرباری بە گورگبوونی کەچی هێشتا ئاواتەخوازی گەڕانەوەیە بۆ ئەو قۆناغەی کە تیایدا وەکو مرۆڤ ژیاوە ئەوەش قۆناغی منداڵییە، کەواتە لێرەدا هیواخواستی پاڵەوان بۆ گەڕانە بۆ ڕابردوو، بۆ تافەکانی سەردەمی منداڵی لەژێر کاریگەری فشاری سەختی ئێستادایە کە هێزە نادروست و ناسروشتییە ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکەی لە ماهیەتی مرۆڤی خۆی جیاکردۆتەوە و گۆڕیویێتی بۆ مەخلوقێکی تر ئەمە سەرباری ئەوەی کە پاڵەوان دڵنیایە لەوەی کە هەر تەنیا ئەم نییە کە گۆڕانی بەسەر داهاتووە و گەوهەری مرۆیی خۆی لەدەست داوە، بەڵکو ئەوانەی دەوروبەری هەموو لە تێڕوانینی ئەمەوە گۆڕاون و هەریەکەیان بۆتە جۆرە مەخلوقێکی تر کە جیاوازە لە بنیادەم. کەواتە لە ڕوانینی پاڵەوانی چیرۆکی گورگەوە مرۆڤایەتی لە جۆرێك لە گۆڕاندایە بەڵام گۆڕانێکی نێگەتیڤ، گۆڕانێك کە بەرەو لەدەستچوونی بەهاو بنەما مرۆییەکانیەتی، ڕەنگە ئەوەش ئاماژەی سەختترین کۆتایی بێت بۆ مێژووی مرۆڤایەتی.. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پاڵەوانی چیرۆکەکە ئاواتەخوازە ڕۆژێ وەکو مرۆڤ بژی. بریا کاکە سوری لە چیرۆکی گورگدا سەرباری ئەوەی لە فەزایەکی کافکایی نزیکمان دەکاتەوە بەڵام دەیەوێت خاوەنی دەنگی خۆی بێت هەربۆیە لەسەر بنەمای جیهانبینی یەك کە بەرجەستەی بێ بەهایی ژیان دەکات جیهانێکی فانتازیمان بۆ بنیاد دەنێت کە ناچارمان دەکات لەگەڵ سەرەتای چیرۆکەکە و گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا لە لایەن شێرکۆی کەسی دووەمی چیرۆکەکەوە جۆرێك لە پەیوەستبوونمان لا دروست بێت و بێ ویستی خۆمان بە دوای ڕووداوەکان بکەوین ئەوەش لە ئەنجامی یەکگرتنەوەی حاڵەتی نامۆبوون لەنێوان ئێمە مەمی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا کە نامۆبوونی هەردوو لامان نامۆبوونی مێژووییە هەر بۆیە جێگای خۆیەتی لێرەدا

ئامـاژە بـۆ نزیکـی جیهـانبینی چیرۆکەکە و واقیعـی کۆمەڵایـەتی و مێـژوویی کـورد بکـەین. پاڵـەوانی چیرۆکەکە بەرجەسـتەی حاڵـەتی مێـژوویی و کۆمەڵایـەتی ئێمـە دەکات و ئامادەبوونی ئەو هاوشێوەی ئامادەبوونی ئێمەیە کە چۆن پاڵەوانەکە لـە گەوهـەر و ماهیـەتی مرۆڤایـەتی خـۆی ڕووت دەکرێتـەوە و لـە شـێوەی ئاژەڵێکـدا خۆی دەبینێتەوە بە هەمان شێوە ئێمەش لـە درێـژەی مێـژووی خۆمانـدا لـە بـوونی خۆمان پەرت کراوین و لە گەوهەر و ماهیـەتی نەتـەوەیمان ڕووت کراوینەتـەوە کـە ئـەوەش پەیوەسـت بـە بـوونی کۆمەڵایـەتی و مێـژوویی ئێمـە جۆرێکـە لـە (مسـخ). پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ژێر فشاری ژیانـدا گـۆڕاوە بـۆ گـورگ، بـەڵام ئێمـە بکـەرێکی ڕاستەوخۆ پرۆسەی ڕووتکردنەوەمانی لە گەوهەر و ماهیەتی خۆمـان ئـەنجام داوە هەستکردنەوەی پاڵەوانی چیرۆکەکە بە ژیـان تـەنیا یـەك شـەو بـووە کـە بـە دیـداری عەلی مەردان و شێخ مـەحمود سمکۆ گەیشـتووە. واتـە لەگـەڵ ڕەمزەکـانی مێـژووی ئێمــەدا یەکیگرتۆتــەوە، هەســتکردنی ئێمــەش بــە ڕابوونــەوە و ئامــادەبوون و خودسـەلماندن تـەنیا کاتێك دەبێـ کـە لەگـەڵ ڕابـردووی خۆمـان ئاشـت ببینـەوە و مێژووی خۆمان دروست بکەینەوە. واتە لێرەدا ئـەوە ئاشـکرا دەبێـت کـە پاڵـەوانی چـیرۆکی گـورگ بـە جۆرێـك لەگـەڵ کەسـێتی مێـژوویی ئێمـەدا یـەك دەگرێتـەوە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت ونبوونی پاڵـەوانی چیرۆکەکە لـە مێـژووی خۆیـدا هـەمان شێوەی ونبوونی ئێمەیە لە مێژووی خۆماندا.

# بەشی نۆیەم

## هاوشێوەبوونی ناسنامە جیاوازەکان

## لە چیرۆکی (شانۆ)ی بریا کاکە سوور دا

(شانۆ) ناونیشانی چیرۆکێکی بریا کاکە سوورییە کە لە کۆمەڵە چیرۆکی (سسیاسووت)دا بڵاوکراوەتەوە. لێرەدا هەوڵدەدەین خوێندنەوەیەکی ئەم چیرۆکە بکەین لەسەر بنەمای بنیادی پێکهێنەرانەی دەقەکە. بەڵام لەسەرەتاوە پێم باشە کورتەی زنجیرە ڕووداوی دەقەکە بگێڕمەوە بۆ ئەوەی خوێنەر لە کاتی خوێندنەوەدا زانیارییەکی لە بارەی دەقەکەوە هەبێت.

"پاڵەوانی چیرۆکەکە دوای ئەوەی لە ئێوارەیەکی باراناویدا خۆی زیندەبەچاڵ دەکات، دوای ئەوە بە تەڕی و بڕی و بە گیانی قوڕاوییەوە دەگەڕێتەوە ماڵەوە، ئەوەندەی پێ ناچێت لە دەرگا دەدرێت، دوو کەس دێنە ژوورەوە و پەلبەستی دەکەن و دەیبەن بۆ زیندان، لەوێش دەخرێتە ژێر لێپرسینەوەوە و بەوە تاوانباری دەکەن، کە ئەو ئێوارەیە کەسێکی زیندەبەچاڵ کردووە. ئەنجام ئەم ناچێتە ژێر باری داننان بە زیندەبەچاڵکردنی هیچ کەسدا جگە لە خۆی، لەبەرئەوەوە لە زیندان دەهێڵرێتەوە، ئەگەرچی ئەو خۆی نازانێت چەندێك لە زیندان ماوەتەوە، بەڵام ڕۆژێ لە ڕۆژان کە دیارە ماوەیەکی هێجگار زۆری بەسەردا تێپەڕیوە دەیهێننە دەرەوە بە جۆرێك داوای لێبوردنی لێدەکەن چونکە لە ئەنجامی دۆزینەوەی گۆڕێکی کۆندا دەرکەوتووە ئەو کەسەی کە ئەم زیندەبەچاڵی کردووە، خۆی بووە".

ئەمەی سەرەوە کورتەی چیرۆکەکەیە کە بە ئاشکرا کەشێکی فانتازی فەزای چیرۆکەکەی داگیرکردووە کە ئەوەش خاسێتی تەنیا ئەم چیرۆکەی بریا کاکە سووری نییە، بەڵکو سیمای ئاشکرای زۆربەی چیرۆکەکانییەتی، هەروەك مەسەلەی (مردن)یش یەکێکە لەو دیاردانەی کە لە زۆربەی چیرۆکەکانی ئەم

چیرۆكنووسـەدا بـوونی هەیـە بـەڵام هـەر جـارە و بـە مەبەسـتێك و بـۆ ئامـانجێكی جیاواز بەكارهێنراوە. ئەوەش جۆرێك لـە مـەودای فراوانـی خـەیاڵی چیرۆكنووس نیشـان دەدات كـە دەتوانێـت لـەو ڕووداوانـەی كـە دەشـێ ئاسـایی ڕۆژانـە بـە بەرچاومانەوە ڕووبدەن ئەو جیهانێكی خەیاڵاوی و ئەفسانەیی بنیاد بنێت.

گێڕەرەوە لەم چیرۆكەدا خودی چیرۆكنووسە كە ڕووبەرێكی فراوانـی دەقەكـەی داگیركـردووە و چ جوڵـەی پاڵـەوان و چ جوڵـەی كەسـانی تـری نێـو چـیرۆكەكە چ ڕووداوی سەرەكی و چ ڕووداوە لاوەكییەكانیش هەموویان لە گێڕانەوەكانی ئەودا دەردەكـەون، لـە بنەڕەتیشـەوە چـیرۆكنوس لـە دقەكـەدا زەمینـەی بۆئـەوە خـۆش كـردووە كـە گێــڕەرەوە ئـەركێكی بـەرفراوانی پیێبسـپێردرێت، ئـەویش لـەو ڕوانگەیەوە كە پاڵەوانی چیرۆكەكە خۆی زیندەبەچاڵ دەكات واتە خۆی دەكوژێت كەواتـە پاڵـەوان خـۆی لـە هـەوڵی بێـدەنگ كردنـی خۆیدایـە، ئەمـەش دەشـێ ئـەو دەلالەتە هەڵبگرێت كە پاڵەوانی چیرۆكەكە بڕوای بـە قسـەیان گـوتن نـەماوە، بۆیـە نەك هەر قسە و گوتن بەڵكو خودی قسەكەریش كە خۆیـەتی لـەناو دەبات. یـان بـە جۆرێكی تر دەتوانین بڵێین پاڵـەوانی چیرۆكەكە بـە كوشـتنی خـۆی دەسـتبەرداری قسەكردن دەبێت بۆ ئەوی گێڕەرەوە.

هـەروەك لـە لایـەكی تـرەوە كاتـێ پاڵـەوانی چـیرۆكەكە تاوانبـار دەكرێـت بـە كوشتن، لەبەردەمی دادگادا تەنیا یەك قسەی لێوەردەگیرێت كە ئەویش ئەوەیە دان بنێـت بـەو تاوانـەدا كـە دروویـەتی، ئـەویش تـاوانی كوشـتنی كەسـێكە، جگـە لـە دركاندنی ئەو نهێنییە هیچ قسەیەكی تـری لێوەرناگیرێـت، واتـە هـەر قسـەیەكی تـر بكات لە ڕوانگەی ئەوی گوێگرەوەوە قسەكەی هیچ واتایەكی نییـە، كەواتـە ئـەم لـە ناو پرۆسە جوڵەی دادگایی كردن و بەدواداچوونی تاوانەكەیدا لەبەرئـەوەی پـێش داننـان بـە تاوانەكـەدا تاوانبـاتر كـراوە كەواتـە مـافی قسـەكردنی لێسـەندراوەتەوە، هەر لێرەشەوە دیسان زەمینە بۆ گێڕەرەوە خۆش دەبێت هەتا ئـەو لەسـەر درێـژەی ڕووداوەكان بدوێت.

گێڕەرەوە لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا کەسێتێکمان پێشکەش دەکات کە هەموو ڕۆژێ دووجار ئەم کەسێتە خۆی زیندەبەچاڵ دەکات. کەواتە لە ئەنجامی دووبارەبوونەوە و چەندبارەبوونەوەی هەمان ڕووداودا دەردەکەوێت کە ئەم کەسێتە لە ئەنجامی ئەو کارەدا نامرێت یان بە شێوەیەکی تر دەشێ ئەو کەسێتە لە ڕووی ڕوحییەوە زیندەبەچاڵ بکرێت و جەستەی وەکو خۆی بمێنێتەوە یان زیندەبەچاڵکردن کردارێك بێت بۆ ئازاردانی جەستە و خودی ئەم کەسێتە بە جۆرێك چێژ لەو ئازاردانەی خۆی وەربگرێت، هەر لێرەوە کەسێتی پاڵەوان لە نێوان زیندەبەچاڵکردن و مانەوەیدا وەکو کەسێتێکی دابەشبوو خۆی نیشان دەدات کە لە نێوان ژیان و مردندا دابەش بووە بەشێکی زیندەبەچاڵ دەکرێت بە واتا دەبێ ئەو بەشە بمرێت بەڵام بەشەکەی تری دەگەڕێتەوەماڵەوە و پاشان وەکو تاوانبارێك کە تاوانی کوشتنی ئەنجام دابێت دەستگیر دەکرێت و ماوەیەکی دوور و درێژ لە زینداندا بەسەردەبات، هەتا ڕاستی ڕووداوەکە دەردەکەوێت کە گوایە ئەم کەسێتە جگە لە خۆی کەسی تری نەکوشتووە. لێرەدا تاوانی خۆکوشتن بە تاوان دانانرێت و لە ئەنجامدا ئازاد دەکرێت، بەڵام ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا مرۆڤ ئازادی ئەوەی هەیە کە تاوانی خۆکوشتن ئەنجام بدات؟ ئایا پەیوەست بە کەلتوری ئێمە کە ئەم چیرۆکە لەنێو ئەم کەلتورەدا بەرهەم هاتووە تاکەکەس مافی خۆکوشتنی هەیە؟ بێگومان لە ڕووی نەریتی کۆمەڵایەتی ئێمەوە خۆکوشتن لەبەر هەر هۆیەك بێت بە کارێکی دزێو و بە بەزین لە بەردەم ژیاندا لێکدەدرێتەوە. هەروەها لە ڕوانگەی بنەمای جێگیری ئاینییەوە لەو کۆمەڵگایانەی کە ئاینی ئیسلام تیایاندا ئاینی خەڵکە تاوانی خۆکوشتن بە تاوانێکی گەورە دادەنرێت و جیاوازی نییە لەوەی کەسێکی تر بکوژێت، بەڵام لە سنووری چیرۆکەکەدا کاتێ ڕاستی ڕووداوەکە ئاشکرا دەبێت، ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە کە تاوانبارکراو بە زیندەبەچاڵکردنی کەسانی تر، کاتێ دەردەکەوێت کە تەنیا بکوژی خۆیەتی ڕزگار دەکرێت.

بە پێچەوانەی کاتی تاوانبارکردنییەوە کە جەماوەر بەر دەرگای دادگایان گرتبوو هاواریان دەکرد کە بە دەستی خۆیان ئەو تاوانبارە لە سێدارە بدەن کەچی لە کاتی ڕزگاربوونیدا هاوار دەکەن ئەو قوربانییە ڕاستبێژە بکرێتە قەڵادۆشکان. دیارە لەگەڵ هاتنەدەرەوەی ئەمی زیندانی لە بەندیخانە، ڕووداو لە چیرۆکەکەدا بەرەو کۆتایی دەچێت و لە ڕووی ڕاستییەوە چیرۆکەکە کۆتایی پێدێت و لەوێشدا پاڵەوان دوا ڕستەی خۆی دەڵێت و ڕازییە بەوەی کە خۆیی زیندەبەچاڵ کردووە و کەسێکی تری زیندەبەچاڵ نەکردووە.

-2-

ئایا چی وا لە پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکات کە خۆی زیندەبەچاڵ بکات؟ یان ئایا ئەو دەلالەتەی لە پشتی کرداری زیندەبەچاڵ کردنەوە وەستاوە چییە لە کاتێکدا زیندەبەچاڵ کردن جۆرێکە لە خۆکوشتن و بگرە شێوازێکی سەرەتایی خۆکوشتنیشە؟

چیرۆکنووس لە ڕێگای قسەکانی گێڕەرەوەوە یان لە ڕێگای دایەلۆگ و مۆنۆلۆگەکانی پاڵەوان خۆیەوە زانیارییەکی ئەوتۆی لەسەر کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکەکە پێشکەش نەکردووە، واتە پاڵەوان کەسێتێکی مێژوو نادیار و نەناسراوە نە دەزانین پێش کاری خۆ زیندەبەچاڵکردنەکەی چی بووە و چۆن ژیاوە و ئاستی کۆمەڵایەتی و هوشیاری چی بووە؟ نە دوای خۆزیندەبەچاڵکردن و مانەوەیشی لە زینداندا ئەوە ئاشکرا دەبێت؟ هەر لەبەر نادیاری بنەماکانی کەسێتی پاڵەوان ئاسان نییە هۆکاری خۆزیندەبەچاڵکردنەکەشی دیاری بکەین، ڕاستە پاڵەوان خۆی لە کاتی ڕزگاربوونیدا لە ڕستەیەکدا دەڵێت: من ئەوکات خۆم بۆیە زیندەبەچاڵ کرد کە بە دەس ئێوە زیندەبەچاڵ نەکرێم". بەڵام دیسان ئەم ڕستەیەش بەس نییە بۆئەوەی پێمان بسەلمێنێت کە بۆچی خۆی زیندەبەچاڵ کردووە. ئەنجا ناسنامەی "ئێوە" کە دیارە پاڵەوان مەبە دەسەتی دەسەڵاتە بە جۆرێك تەمومژاوییە. ئەگەر ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ململانێ و بەربەرەکانێی ئەواندایە ئەوا ناشێت هەروا بە ئاسانی سەنگەری بەربەرەکانێ چۆڵ بکات و

خۆی زیندەبەچاڵ بکات. ئەگەر هیچ کێشە و ململانێیەکیشی لەگەڵ ئەواندا نییە بۆ دەبێ لە ترسی ئەوان خۆی زیندەبەچاڵ بکات؟ ئەمانە ئەو پرسیارانەن کە زیاتر نادیاری و نائاشکرایی ناسنامەی ئەوی پاڵەوان دروستی دەکەن.

بەڵام ئەگەر لە ئاستێکی تردا پرسیار لە مەسەلەی خۆزیندەبەچاڵکردن و ئەو دەلالەتە بکەین کە لە پشتییەوە ڕاوەستاوە، ئەوا دەبێ بڵێین خۆ زیندەبەچاڵکردن وەکو جۆرێك لەخۆکوشتن ڕەتکردنەوەی ژیانە، کە ئەوەش دەشێ لە ئەنجامی گەیشتن بەو قەناعەتەوە ڕوویدات کە گوایە ژیان شتێکی بێمانا و بێبەهایە، بوون هیچ واتایەکی نییە و ژیان بۆ خۆی دۆزەخێکە بۆ شکاندن و سوکایەتی پێکردنی ئەو بوونەوەرەی کە ناوی مرۆڤە. دەشێ لە ئاستی نەگوتراودا خۆزیندەبەچاڵکردن ئەم دەلالەتە هەڵبگرێت کە ئەوەش دەلالەتێکی گشتییە و لە بەرامبەر کاری خۆکوشتندا هەمیشە دەتوانرێت ئەم لێکدانەوەیە دووبارە بکرێتەوە.

بەهەرحاڵ کاری خۆزیندەبەچاڵکردن ئەگەر بە ڕاستی ڕوویدات ئەوە دەشێ وەکو هەرەسهێنانی ژیان دۆستی لەبەردەمی مەرگ دۆستیدا لێکبدرێتەوە، واتە هەرەسهێنانی ئیرۆس لە بەردەمی تاناتۆسدا، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەم حاڵەتە نابێتە حاڵەتێکی گشتگر و سەرجەم مرۆڤایەتی ناگرێتەوە چونکە ئەگەر ئەو حاڵەتە هەموو مرۆڤایەتی بگرتایەتەوە ئەوا ژیان کۆتایی پێدەهات کە بێگومان ئەوەش پێچەوانەی جوڵە و هارمۆنیای گەردوونە کە هەمیشە جۆرێك لە ڕێکخستن و هاوسەنگی لە نێوان لەدایکبوون مردندا هەیە و بەردەوامیش ڕێژەی لە دایکبوون زیاترە لە مردن هەتا ئاستی بەرەوامی بەهێزتر بێت لە ئاستی کۆتایی پێهاتن.

خۆزیندبەچاڵکردنی پاڵەوانی چیرۆکەکە وەکو پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، دەشێ ڕوویەکی کۆتایی هێنان نەبێت بە خودی خۆی چونکە لە دوای ئەو کارەیە پاڵەوان درێژە بە بوونی خۆی دەدات و تەنانەت دەستگیر دەکرێت و زیندانیش دەکرێت کەواتە ئەو خۆزیندەبەچاڵکردنە چ جۆرێکە؟ ئای زیندەبەچاڵکردنی حەز

و ئـــارەزووە دنياييەكانييـــەتی يـــان زيندەبەچـــاڵكردنی خـــەون و ويســـتە مرۆييەكانيـەتی يـان زيندەبەچـاڵكردنێكی مەعنەوييـە؟ يـان زيندەبەچـاڵكردنی فيزيكييـە و، ئـەوەی كـە وەكـو كەسـێتێك دەمێنێتـە لايـەنی ڕۆحـی پاڵـەوانی چيرۆكەكەيە يان پێكهاتەی فيزيكييەتی؟ ئەم پرسيارانەش سەبارەت بە سروشتی خۆزيندەبەچاڵكردنەكە دەمانخەنە بەردەم گومانەوە ئەگەر لە سنووری واقيعدا بۆ وەڵامەكانيان بگەڕێين، هەر بۆيە جێگای خۆيەتی لە دەرەوەی واقيعدا بڕوانينە كرداری زيدەبەچاڵكردنەكە و لە سنووری يۆتۆپيادا ببينين كە ئەوەش لەگەڵ فەزای فانتازی چيرۆكەكەدا يەكدەگرێتەوە، دەشێ وەك ڕووداوێك لە سنووری خەياڵدا سەيری بكەين كە لە ڕاستيدا ڕوونەدابێت بە تايبەتی كاتێ پاڵەوان لە واقيعدا ماوە و دوای خۆزيندەبەچاڵكردنەكەی دەگەڕێتەوە ماڵەوە و وەكو توانبارێك دوو پاساوڵ دەستگيری دەكەن و دەيبەنە بەردەم دادگا، ئەگەر لەم ڕوانگەيەوە بڕوانينە زنجيرەی ڕووداوەكان لەم چيرۆكەدا كە لوتكەی ڕووداو كرداری خۆزيندەبەچاڵكردنەكەيە ئەوە ئەم ڕووداوە سەرەكييە دەشێ وەها سەير بكرێت كە تەنيا لە سنووری خەياڵدا ڕووی داوە.

-3-

ئەگەر بە دوای شوناسی پاڵەوانی چيرۆكەكەدا بگەڕێين ئەوا هەروەك لە سەرەوە باسمان كردن شوناسێكی ئاشكرای نييە لەو ڕوانگەيەوە كە بنەمای كەسێتی و مێژووی بوونی و ئاستی كۆمەڵايەتی و تەنانەت سايكۆلۆژيشی ديار نييە، ديسان ئەم كەسێتە لە دەقەكەدا وەكو كەسێتێكی شيزۆفرينی دەردەكەوێت كەسێتێك كە دابەشبووە بۆ دوو كەسێتی، كەسێتێكی مردوو كە بريتييە لە كەسێە زيندەبەچاڵكراوەكە، هەروەها كەسێتێكی زيندوو كە ئەو كەسێتەيە دوای كرداری زيندەبەچاڵكردنەكە دەگەڕێتەوە ماڵەوە و پاشان دەستگير دەكرێت و بە تاوانی زيندەبەچاڵكردنی كەسێك يان چەندين كەس تاوانبار دەكرێت و دەخرێتە زيندانەوە.

لێرەدا شوناسی پاڵەوان ونبووە یان باشتر بڵێین پاڵەوان لە یەك کاتدا دوو شوناس یان دوو ناسنامەی هەیە، یەکێکیان قوربانی و ئەوی تریان جەلاد. لە ئاستی یەکەمدا قوربانییە چونکە زیندەبەچاڵ دەکرێت، لە ئاستی دووەمدا جەلادە چونکە کەسێك زیندەبەچاڵ دەکات کە ئەو کەسەش واتە قوربانییەکە هەر خۆیەتی کەواتە لێرەدا دوو کەسێتی ناکۆك و نەگونجاو لەگەڵ یەکتر لە کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا کۆبوونەتەوە. کە کەسێتی قوربانی و جەلادن، دیارە هەرگیز لە نێوان قوربانی و جەلاددا ئاشتی و تەبایی و پێکەوە گونجاندن دروست نابێت.

دەشێ لە ئاستێکی قوڵتردا ئەو پێکهاتە ناکۆکەی لە کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا هەیە وەکو غەریزەی خێر و شەڕ یان غەریزەی مرۆیی و غەریزەی ئاژەڵی لە کەسێتی مرۆڤدا بە گشتی سەیر بکەین کە چۆن باری هاوسەنگ لە کەسێتی مرۆڤدا لەسەر ناکۆکی و لە بەرامبەر یەکدا وەستانی غەریزە دژ بە یەکەکەکان دروستبووە. بەڵام بە گوێرەی کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکەکە هێندە بە هێمنی دەجوڵێت کە خوێنەر وا هەست بکات لە ڕاستیدا ئەم پاڵەوانە کەسێتییەکە تەنیا یەك ئاراستە جوڵەی هەیە و لە ڕاستیشدا قوربانییەکی بەردەوامە، تەنانەت خۆزیندەبەچاڵکردنەکەشی نابێتە بەڵگە بۆ سەلماندنی جەلادبوونی، بەڵام ئەو لێکدانەوەی ئێمە بۆ جووت ئاراستەی جوڵاندن و ڕەفتارکردنی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لەوێوە سەرچاوە دەگرێت کە گێڕەرەوە لە دەستپێکی چیرۆکەکەدا پاڵەوانێکی جووت جەمسەرمان پێشکەش دەکات، کەسێتێك کە قوربانییە و زیندەبەرچاڵ دەکرێت، کەسێتێك کە جەلادە و زیندەبەچاڵ دەکات. بەڵام ئەگەر لە ئاستێکی قوڵتردا سەیربکەین، ئەوا ناسنامەی قوربانی و جەلاد یەکسان دەبێتەوە چونکە یەکەمیان ژیانی لێدەسەندرێتەوە و لە مافی ژیان بێبەش دەکرێت، دووەمیشیان مافی ژیانی کەسێك داگیر دەکات، بەوەش تاوانێکی مرۆڤانەی ئەوتۆ ئەنجام دەدات کە شایەنی ئەوە نەبێت چیتر وەکو مرۆڤ سەیربکرێت واتە ناسنامەی مرۆیی خۆی لەدەست دەدات بەوەش مرۆڤایەتی خۆی دەدۆڕێنێت، هەر بەو پێیە ئەویش دەبێتە قوربانی، چونکە قوربانی یەکەم شت ژیانی لەدەست

دەچێت، یەکەمیان قوربانییەکەیە جێگای سۆز و بەزەییە، بەڵام دووەمیان قوربانییەکی دزێو و ناشیرین و قێزەونە کە تاوانی گەورەی کوشتنی ئەنجام داوە.

–4–

لێرەدا ئەو پرسیارە بەرز دەکەینەوە ئایا پەیوەندی چییە لە نێوان تێکەڵاوبوونی ناسنامەی قوربانی و جەلاد و ئەو کەلتورە کۆمەڵایەتی و عەقڵی و مێژووییەی کە چیرۆکەکەی تێدا بەرهەم هاتووە؟ ئایا تاوانبارکردنی کەسێك بە پیاوکوژ و خستنە زیندانییەوە بۆ ماوەی دوور و درێژ بەبێ بەڵگەی سەلمێنەر چی لەسەر سیستەمی دەسەڵات ئاشکرا دەکات؟ ئایا پەیوەندی نێوان مافی هاوڵاتی بوون و دەسەڵات لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا بۆچی مافی خۆزیندەبەچاڵکردن لەو زەمینەی کە چیرۆکەکەی تێدا بەرهەم هاتووە بۆ تاکەکەس ڕەوا نییە؟

ترسناکترین حاڵەت لە ژیانی کۆمەڵایەتی هەر کۆمەڵگایەکدا ئەوەیە کە هیچ بنەما و پێوانەیەك نەبێت بۆ جیاکردنەوەی شتەکان و ناسنامە جیاوازەکان خاسێتی جیاوازی خۆیان لەدەست بدەن. بێگومان ئەم بارەش پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتوری کۆمەڵەوە هەیە، لە کۆمەڵی سەرەتاییدا کە هەموو شتەکانی تێکەڵاوی یەکترن و تایبەتمەندی دروست نەبووە و تاکەکەس وەکو کەسێکی خاوەن ماهیەت و ناسنامە بوونی خۆیی نەسەلماندووە و بوون و ئامادەبوونی لەنێو پێکهاتەی دەستەجەمیدایە و لە سنووری ئەو پێکهاتەیەدا بوون و ئامادەبوونی دەستنیشان دەکرێت کە ئەویش وەکو بوون و ئامادەبوونی تاکە کەسی خۆی نا بەڵکو وەکو بوون و ئامادەبوونی ئەو دامەزراوە کە ئەمیش بەشێکە لێی، هەر لێرەوە تایبەتمەندی ون دەبێت و هیچ ڕووبەرێك بۆ ئاخاوتن لە بارەی تاکە کەسەوە نامێنێتەوە، بەڵکو تاکەکەس یاسای گشتی پێکهاتە یان دامەزراوی کۆمەڵایەتی بەسەردا دەسەپێنرێت، لە بارێکی وەهاشدا هیچ پێوانەیەك نامێنێتەوە، بۆ جیاکردنەوەی تاکە کەس و وەدەرنانی لە یاساکانی ئەو

دامەزراوە، واتە تاکەکەس بەبێ ویستی خۆیی و بەبێ ئەوەش دەوری هەبێت لە داڕشتنی یاساکانی ئەو دامەزراوە کۆمەڵایەتییەدا یان پەیوەندی بە بڕیارەکانییەوە هەبێت دەشێ بکرێت بە فریشتە یان بە شەیتان، دەشێ بکرێت بە قوربانی یان جەلاد، ئەمە لە کاتێکدا هیچ سنوورێکی جیاکەرەوەش لە نێوان فریشتە و شەیتان یان قوربانی و جەلاددا نییە لە کەلتوری دامەزراوە سەرەتاییەکانی کۆمەڵدا، چونکە ئەو پێوانانە بوونیان نییە کە سنوور لە نێوان ئەو (ناو)انەدا دابنێت.

کاتێ لە چیرۆکی (شانۆ)دا ناسنامەی قوربانی و جەلاد تێکەڵاو دەبێت و پاڵەوان لە هەمان کاتدا وەکو قوربانی و وەکو جەلادیش (پیاوکوژ) نیشان دەدرێت، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەو کەلتورە و لەو زەمینە کۆمەڵایەتییەی کە چیرۆکەکەی تێدا بەرهەم هاتووە پێوانەیەکی جێگری ئەوتۆ بوونی نییە هەتا (قوربانی) لە شوێنی خۆیی و (جەلاد)یش لە شوێنی خۆی دابنێت.

پاڵەوانی ئەم چیرۆکە لە ئێوارەیەکی باراناویدا خۆی زیندەبەچاڵ دەکات. واتە تاوانی کوشتن ئەنجام دەدات و دەبێتە پیاوکوژ واتە لەو چرکەساتەوە وەکو تاوانبارێك دادەنرێت و ناسنامەی پیاوکوژی دەبێت، بەڵام ئەوەی دەیکوژێت خۆیەتی واتە لە ئاستی دووەمدا دەبێتە کوژراو و ناسنامەی کوژراوی دەبێت، بەو پێیە لە یەك کاتدا تاوانبار پیاوکوژیشە و کوژراویشە، واتە خاوەنی دوو وناسنامەیە ناسنامەی جەلاد و ناسنامەی قوربانی، ئایا وەکو کام لەو دووانە سەیر دەکرێت؟ بێگومان وەکو جەلاد چونکە ئەوە دەزانرێت کە ئەم کەسێکی زیندەبەچاڵ کردووە، بەڵام نازانرێت قوربانییەکە کێیە؟ لێرەدا ناسنامەی تاوانبار دیارە، بەڵام ناسنامەی تاوان بەرامبەر کراو ونە، کەچی بەبێ گەڕان بە دوای دۆزینەوەی قوربانیدا، ئەمی پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکرێت بە جەلاد، واتە بەبێ ئەوەی (بەرکار) دیاربێت (بکەر) دەناسێنرێت لە کاتێکدا لە ڕووی ڕاستییەوە هەتا (کار) بوونی نەبێت، شتێك نییە پێی بگوترێت بکەر، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە لەو واقیعە کۆمەڵایەتی و مێژوویی و کەلتورییەدا کە ئەم چیرۆکەی تێدا

بەرهەم هێنراوە زۆر بە ئاسانی دەتوانرێت خەڵك تاوانبار بكرێت و بكرێ بە جەلاد بەبێ ئەوەی تاوان و قوربانیش بوونیان هەبێت.

لە لایەكی ترەوە ئەوەی لە چیرۆكەكەدا وەكو جەلاد نیشان دەدرێت و دەبرێتە بەردەمی لێپرسینەوە هەر خۆی قوربانییە، ئەویش لە دوو ئاستی جیادا دەسەلمێنرێت، یەكەمیان كاتێ خۆی زیندەبەچاڵ دەكات واتە خۆی قوربانییە، دووەمیش كاتێ دەستگیر دەكرێت و دەبرێتە بەردەمی لێپرسینەوە و بۆ ماوەی دوور و درێژ زیندانی دەكرێت جارێكی تر دەبێتەوە بە قوربانی چونكە بەبێ تاوان دەخرێتە زیندانەوە. ئەم لە كاتێكدا كە قوربانییە بە تاوانبار دەدرێتە قەڵەم. هەر لێرەوە هیچ پێوانەیەك بۆ دانانی پاڵەوانی چیرۆكەكە لە شوێنی ڕاستەقینەی خۆیدا نابینرێت و ناتوانرێت شوناسێكی دیاریكراوی پێبدرێت واتە بە پێی پێوانەیەكی دیاریكراو بە تاوانبار یان تاوان بەرامبەر كراو بناسێنرێت. هەر لێرەوە بە ئاشكرا تێكەڵاوبوونی ناسنامەی جەلاد و قوربانی دەردەكەوێت، ئەوەش ئەوە نیشان دەدات لەو كۆمەڵانەدا كە هێشتا تاك وەكو خودی تاكەكەس نەبۆتە خاوەنی ناسنامە و سنووری نێوان شتەكان نەكێشراوە و تایبەتمەندی دروست نەبووە ئەوا ئەو عەقڵیەتە بەرهەم نەهاتووە كە توانای جیاكردنەوەی جەلاد و قوربانی هەبێت، هەر لێرەشەوە ئەگەر لە سنووری دەقەكەوە بە ئاراستەی واقیعی دەرەوەی دەقەكە بڕۆین ئەوا بە ئاشكرا دەبینین كە بڕیاردان لەسەر جیاوازی شتەكان و حوكمدان لەسەر جوانی و ناشرینی و لەسەر ڕەوایەتی و ناڕەوایەتی لەم واقیعەدا زۆر كارێكی گرانە چونكە هیچ پێوانەیەكی جێگیر نییە هەتا بە پێی ئەوە بڕیار بدرێت. بێگومان هەتا كۆمەڵیش لەو ئاستەدا بێت كە هیچ پێوانەیەكی دیاریكراوی نەبێت بۆ جیاكردنەوەی فریشتە و شەیتان، بۆ جیاكردنەوەی قوربانی و جەلاد، بۆ جیاكردنەوەی ناسنامەكان، ئەوا هاوولاتی بوون لە بەردەم هەڕەشەیەكی گەورەدا دەبێت و دەشێ لە هەر چركەساتێكدا تاكەكەس و تەنانەت دەستە و دامەزراویش بەبێ بنەما تاوانبار بكرێن و ناسنامەی دڕندەیی و بەشەیتانیبوونیان بۆ بكرێت. هەر دەرئەنجامی ئەم

حاڵەتەیە کە لە کۆمەڵی کوردیدا، کۆمەڵگای بەرھەمھێنی دەقەکەدا بە ئاسانترین شێوە ناسنامەی فریشتەیی، ناسنامەی شەیتانی، ناسنامەی قوربانی، ناسنامەی جەلادی دابەش دەکرێت.. بە واتا دەتوانین بڵێین لە واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەدا بەبی بنەما دەتوانرێت حوکم بدرێت، بەبێ زانین و تەنانەت بەبێ بوونی ئەو بنەمایانەی کە پێویستە ھەبن ھەتا حوکمیان لەسەر بدرێت.

ئەم چیرۆکە بەرجەستەی واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمە دەکات کە دەشێ ھەمان شت بۆ سەرجەم کۆمەڵە دواکەوتوو سەرەتاییەکانی وەکو ئێمە ڕاست بێت، لە کاتێکدا ھێشتا تاکەکەس نەبۆتە خاوەنی ئازادی تاکەکەسی خۆیی و بەوپێیەش ناسنامەی دیاریکراوی خۆیی نییە.

پاڵەوانی چیرۆکەکە بۆ ماوەی دوور و درێژ دەخرێتە زیندانەوە بەبێ ئەوەی تاوانبارکردنەکەی سەلمێنرابێت و خۆی دانی بە تاوانەکەیدا نابێت و بەبێ ئەوەی تاوان بەرامبەر کراویش دیاربێت. دیارە لە واقیعی سیاسی ڕژێمە تۆتالیتارە شمولیەکانی ڕۆژھەلات و دنیادا بە گشتی، دەسەلات ئەو مافە ڕەھایەی داوە بە خۆی کە چۆن ئارەزوو بکات بڕیاری خۆی بەسەر ھاوولاتیدا بسەپێنێت. ھەزاران کەس لە ولاتی ئێمەدا بەبێ بەڵگە زیندانی کراون و تەنانەت لە سێدارەدراون، تەنیا بە تۆمەتی ئەوەی کە لەگەڵ دەسەلات ناکۆك بوون، یان ھەڵگری ناسنامەیەکی ئتنیکی جیاواز بوون. خستنە زیندانی پاڵەوانی ئەم چیرۆکە بۆ ماوەی دوور و درێژ و بەبێ ئەوەی تاوانەکەی سەلمێندرابێت ماھیەتی دەسەلاتی دادوەری دەردەخات کە چۆن ھەموو بنەمایەکی دادوەرێتی لەدەست داوە و بووەتە ئامرازی سەرکوتکردن بە مەبەستی پاراستنی دەسەلات، بە جۆرێك ھیچ جیاوازییەك لە نێوان دەسەلاتی دادوەری و دەسەلاتی ئاسایشدا نەماوە. ئەوەش دیسان خاسێتی دامەزراوەکانی کۆمەڵە دواکەوتووەکان دەردەخات کە چۆن سەرجەم دامەزرواەکان بە نێو یەکدا چوون و نەك ھەر ناسنامەکانیان تێکەلاو بووە، بەڵکو بە ئاسانی ھەریەکە خۆی دەخاتە شوێنی ئەوانی تر و کارەکانی ئەوانی تر دەکات. ئەمەش بەرجەستە کردنی ڕوویەکی ڕاستەقینەی ژیانی

سیاسی و ئیداری کۆمەڵە دواکەوتووەکانی وەکو ئێمەیە. هەر لە ئەنجامی دروست نەبوونی جیاوازی و هەست نەکردنی تاکەکەسە بە پاراستنی ناسنامەی تایبەتی خۆی، دەبینین نەرم و نیانترین کەس دەتوانێت دەوری دڕندەترین جەلاد ببینێت شاعیرێکی ڕۆمانسی ببێت بە دادوەر و ڕێگا لە دڵداری بگرێت، باشترین ڕۆشنبیری سیاسی ببێت بە بەرپرسی پۆلیس و ئاسایش و داوای جێبەجێکردنی یاسا بکات، ئەو یاسایانەی کە تاکو ئێستا پێوانەیەکیان نەبووە بۆ جیاکردنەوەی جەلاد و قوربانی، بۆ جیاکردنەوەی پێشمەرگە و ناپاك.

پاڵەوانی چیرۆکی (شانۆ) نموونەی کەسێتی نێو واقیعی کۆمەڵایەتی ئێمەیە و سەرجەم ڕەفتارکردنی دامەزراوەکانی پۆلیس و لێپرسینەوەش ئەو ڕەفتارانەن کە دامەزراوەکانی دەسەڵات بەبێ جیاوازی بەرامبەر بە هاولاتی دەیکەن، بە جۆرێك کە ڕووبەری ئازادی تاکە کەسیش ئەوەندە تەسك دەکەنەوە کە مافی خۆکوشتنیش بە تاکە کەس نادەن. ئەمە جگە لەوەی ئەوە دەسەلمێنێت کە دامەزراوی دەسەڵات لەبەرئەوەی هەموو ئامانجێکی پاراستنی خۆیەتی بە گومانەوە لە هاولاتی دەڕوانێت و جگە لە پێکهاتەکەی خۆی هەموو ئەوانی تر وەکو نەیار سەیر دەکات واتە هەمیشە دەسەڵات لای خۆیەوە بەڵگەی ئامادەی لەبەردەستدایە بۆ تاوانبارکردن و زیندانیکردنی هاولاتی, هەروەك ئەوەش ئاشکرا دەبێت کە دەسەڵات هیچ پێوانەیەکی جێگیری نییە بۆ جیاکردنەوەی تاونبار و تاوانلێکراو لە دەرەوەی ڕوانینی خۆی، بۆیە دیسان ناسنامەکان تێکەڵاون. ئەوەتا پاڵەوانی چیرۆکەکە لە کاتێکدا قوربانییە، دەکرێتە تاوانبار و بۆ ماوەی دوور و درێژ زیندانی دەکرێت، دوای ماوەی دوور و درێژیش کە دۆزینەوەی گۆڕی کەسە زیندەبەچاڵکراوەکە وردەکاری ڕووداوەکە ئاشکرا دەکات، دەسەڵاتی دادوەری یان دەسەڵاتی زایندانیکردن زۆر بە سادەیی ئەو ڕووداوە وەردەگرێت کە بەبێ گوناه بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ پاڵەوانی چیرۆکەکەی زیندانی کردووە، ئەمەش ئەوە نیشان دەدات کە ئەو دەسەڵاتە چەند بێ بەها سەیری ژینای تاکە کەس یان هاولاتی دەکات و چەند بێباکە لەوەی کە

ژیانی لیٚ داگیر بکات و تەمەنی لە زینداندا پیٚ بەسەر ببات، واتە ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەو دەسەڵاتە جیاوازی ناکات لە نێوان ژیانی نێو چوار دیواری زیندان و ژیانی دەرەوەدا، ئەمەش دیسان تێکەڵاوبوونی ناسنامە جیاوازەکان لەم واقیعەدا نیشان دەدات بە جۆرێك کە جیاوازی نێوان زیندان و ئازادی نەکرێت. بێگومان ئەوەش ماهیەتی دامەزراوی دەسەڵات لە کۆمەڵگا دواکەوتووەکانە و تەنانەت ماهیەتی دەسەڵاتە تۆتالیتاری و شمولیەکانی وەکو دەسەڵاتە سیاسییەکانی ڕۆژهەلات بە گشتی دەردەخات کە لە ڕوانینی ئەوانەوە شتێك نییە ناوی هاووڵاتی و ئازادی هاوڵاتی بێت، بەڵکو هاوڵاتی لە ڕوانینی ئەوانەوە بریتییە لە (ئەوی تر) کە لە ناخی خۆیدا پرۆژەی ڕووخاندن و هەڵوەشاندنەوەی ئەمی دەسەڵاتی هەڵگرتووە.

پاڵەوانی چیرۆکەکە لە بەردەمی لێپرسینەوەدا دووبارەی دەکاتەوە کە ئەو هیچ کەسی نەکوشتووە بێجگە لە خۆی، بەڵام گوێی لیٚ ناگیرێت و دەخرێتە زیندانەوە، لە ئاستی یەکەمدا وشەی زیندەبەچاڵکردن و کوشتن با زیندەبەچاڵکردنی خۆ یان خۆکوشتنیش بێت ئەوا لەگەڵ خۆیدا پرۆژەیەکی بەرفراوانتر و مەترسیدار نیشان دەدات کە (کوشتن)ی تێدایە و دەشیٚ خۆکوشتن دەلالەتی ناڕازیی بوونێکی گەورە بێت کە ئەنجام بپەڕێتەوە بۆ ئاستی پرۆژەیەکی بەرفراوان و کوشتنی دەسەڵات و هەڵوەشاندنەوەی بکات بە ئامانج. واتە پاڵەوانی چیرۆکەکە هەر ئەوە نییە کە خۆی زیندەبەچاڵ دەکات، بەڵکو لە پشتی ئەو خۆزیندەبەچاڵکردنەوە پرۆژەیەکی بەرفراوانی ڕەتکردنەوەی واقیعێك لە ئارادایە، کە ئەو پرۆژەیەش دەشیٚ لە ئاستی یەکەمدا بۆ ڕەتکردنەوەی دامەزراوی دەسەڵاتی باڵای نێو کۆمەڵ بێت، مەترسی دەسەڵات و گومانکردنی لە هەمووان وای لێدەکات کە چاودێری ئەوە بکات هاوڵاتیان چۆن دەجوڵێن و هەڵسوکەوت دەکەن. هەر لەو چاودێریکردنەدا ئاگاداری ئەوە دەبن کە چۆن پاڵەوانی چیرۆکەکە هەوڵی کوشتن یان زیندەبەچاڵ کردن دەدات. تەنیا وشەی کوشتن یان زیندەبەچاڵکردن بەسە بۆئەوەی دەسەڵات هەر کەسێك بخاتە زیندانەوە ئەویش بە مەبەستی بێدەنگکردنی هەموو ئەو

زمانانەی کە وشەی کوشتن یان زیندەبەچاڵکردن دەردەبڕن، چونکە ئەو دەربڕینە لە ئاستێکی نەگوتراودا هەڕەشە لە دامەزراوی دەسەڵات دەکات.

ئەگەر بە ئاراستەیەکی تریش لێکی بدەینەوە کە پاڵەوان مافی ئەوەی نییە خۆی زیندەبەچاڵ بکات یان خۆی بکوژێت، ئەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لە زەمینەی بەرهەمهێنانی چیرۆکەکەدا، تاکەکەس تەنانەت ئازادی ئەوەیشی نییە کە خۆی بکوژێت کە ئەوەش زیاتر بنەماکانی ئایین و دابونەریتی کۆمەڵ دروستیان کردووە و مافی خۆکوشتن لە تاکەکەس دەسەنننەوە و خۆکوشتن وەکو کوشتنی هەرکەسێکی تر سەیر دەکەن. بەڵام ئەم لێکدانەوەیان ڕووبەرێکی زۆر تەسکی هەیە لە ڕاڤەکردنی دەقەکەدا.

چیرۆکی (شانۆ) وێنەیەکی ڕیالیستیانەی واقعی کۆمەڵایەتی و کەلتوری ئێمە بەرجەستە دەکات، بەڵام فەزایەکی فانتازی پانتایی چیرۆکەکە داگیر دەکات و جۆرێك لە جوانی بە شێوازی بنیادنانی دەقەکە و بنیادنانی کەسێتی پاڵەوان دەبەخشێت، بریا لەم دەقەدا مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوی سادە و ئاسایی کردووە بەڵام توانیویەتی وەکو

دەقێکی زیندوو بەرجەستەی بکات و دەقەکەش ببێتە هەڵگری پرسیارەکانی قۆناغێکی دوور و درێژ لە مێژووی کۆمەڵی ئێمە و تەنانەت کۆمەڵە دواکەوتوو و هاوشێوەکانی تری ئێمەدا.

ئەگەر لە واقیعی دەرەوەی دەقەکەدا بمانەوێت بۆ کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکی (شانۆ) بگەڕێین، ئەوا دەشێ لە حاڵەتێکی بە گشتیکردنی ئەو کەسێتەدا وێنای کەسێتی نەتەوەیی کورد لە مێژوودا بکەن کە کەسێتێك بووە هەمیشە لە حاڵەتی قوربانیدا بووە کەچی زۆرجار وەکو دڕندە ناوبراوە واتە بە جۆرێك لە جەلاد نیشاندراوە، ئەوەش تێکەڵاوکردنی ناسنامەی قوربانی و جەلادە.

دیسان پاڵەوانی چیرۆکەکە چەندین جار خۆی زیندەبەچاڵ دەکات، واتە بە جۆرێك خۆی دەکوژێت، دەشێ وێنەی ئەم پاڵەوانە لە کەسێتی مێژوویی کورددا ببینرێتەوە کە کەسێتێکە لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا بە چەندین جۆری

جیاواز کاری خۆزیندەبەچاڵکردن یان خۆکوژی ئەنجام داوە، هەر ئەو کارەش وایکردووە کە نەتوانێت ببێتە خاوەنی کەسێتێکی تەواو و خاوەن کردار، هەر بۆیە بە ئاسانی ڕاکێشراوەتە بەردەم لێپرسینەوە و ڕاستەوخۆش زیندانی کراوە کە ئەو زیندانی کردنەش بریتی بووە لە سەندنەوەی مافی قسەکردن و خۆنمایشکردن لەو کەسێتە بە جۆرێك کە کەسێتی کوردی لە مێژووی دوور و درێژی خۆیدا کەسێتێکی زیندانیکراو بووە لەو ڕوانگەیەوە کە نەیتوانیووە بوونی خۆی بسەلمێنێت و بگاتە ئاستی قسەکردن و خۆنمایشکردن، کەواتە لێرەوە دەتوانین بڵێین کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکی (شانۆ) لە ڕوویەکی خوێندنەوەوە بریتییە لە لە کەسێتی نەتەوەیی کوردی کە کەسێتێکی زیندەبەچاڵکراو و زیدانیکراو و بێدەنگ کراوە، هەر ئەم حاڵەتانەش وایانکردووە کە ئەم کەسێتە نەبێتە خاوەنی دەنگ و هەمیشەش ناسنامەیەکی تەمومژاوی هەبێت، لە کاتێکدا کە بە ڕاستی ئەم کەسێتە یەکێك بووە لە قوربانییەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، زۆرجار وەکو دڕندە سەیرکراوە و ناسنامەکەی لە نێوان قوربانی و جەلاددا تێکەلاوکراوە. لەم ڕووەوە چیرۆکی (شانۆ) لە ئاستێکی نەگوتراودا دەبێتە ئەو دەقەی کە پرسیاری کۆمەلایەتی و مێژوویی و سیاسی سەبارەت بە بوونی ئێمە هەڵدەگرێت لە مێژووی دوور و درێژی شکستماندا.

*　*　*

## بەشی دەیەم

### دەسەڵاتی مەرگ و هەرەسی مۆتیڤی زیندەگانی

### لە چیرۆکی (ئاپۆری) (بریا کاکەسور)دا

(ئاپۆر) چیرۆکێکی (بریا کاکە سوری)یە کە لە ئەژمارە (13)ی گۆڤاری ڕاماندا بڵاوبۆتەوە. هەر لەگەڵ یەکەم خوێندنەوەی ئەم بیرۆکەدا سەرباری ئەوەی کە هیچ ئاگادارییەکی ئەزموونی چیرۆکنووسینی بریانە بووم، بەڵام تووشی ڕاچڵەکینێك هاتم چونکە یەکەمجار لە یەکەم خوێندنەوەی بەرهەمی نوسەرێکدا کەوا هەست دەکەم یەکەم بەرهەمیشیەتی بیخوێنمەوە بەو جۆرە سەرنجم ڕایکێشێت. ئەویش بێگومان لە لایەك لەبەر نامەئلوفی ئەو جیهانبینییەی کە چیرۆکەکە هەڵیکردووە.

لە لایەکی دی لەبەر ئەو شێوازە فانتازییەی کە بە کاری هێناوە ئەمە سەرباری مامەڵە کردنی لەگەڵ بنەماکانی تری چیرۆکدا. لە بنیادنانی کەسێتی و گرێچن و ئاستەکانی گێڕانەوەدا. لە لایەکی تریشەوە ئەم چیرۆکە و چیرۆکی (هەرگیز بیرم لێنەکردۆتەوە) لە نووسینی (ڕەسووڵ سۆفی سوڵتانی) شان بە شانی چیرۆکی (عەتا تەهای) مژدەی سەرەتای ئەزموونێکی بەهێزی چیرۆکنووسین لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەدەن و زیادەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ڕۆحی تازەگەری و جیهانبینی نوێ لەم چەند بەرهەمەدا بە ئاشکرا بنەماکانی گوتارێك پێکدەهێنن کە لە ساتەوەختی ئێستەدا لە ڕوانگەی ئەزمونگەریەوە لای خۆمان ئەو بنەمایانە بۆ ئەزموونێکی نوێ بەو شێوەیە پتەو و بەهێز نین. چ لە ڕووی شێوازەوە چ لە ڕووی ئەزمونگەرییەوە ئەو ئەزموونگەرییەی کە خۆی هاویشتبێتە بوارەکانی فەلسەفە و زانست و فیکر و مەعریفە و دەروزانییەوە، چ لە دوورکەوتنەوە لە خولانەوە لە سنووری گێڕانەوەی مێژوو و جوینەوەی کەلەپوور و بێ ئەوەی توانرابێت یۆتۆبیا، ئەو دنیا خەیاڵییە جوانەی کە ڕۆح تیایدا دەسرەوێت بنیادبنێت.

چیرۆکی (ئاپۆر) هەڵدەگرێت بە وردی لێکۆڵینەوە بکرێت، لەسەر ئەم بنەمایە لێرەدا هەوڵدەین خوێندنەوەیەکی ئەم چیرۆکە بکەین کە دیارە گومانی تێدا نییە لە پرۆسەی شیکردنەوە و گەڕان بە دوای دەلالەتە نائاشکراکانیاندا دەشێ هەندێ زانراو لە چیرۆکەکەدا ون بکەین، ئامانجی ئەم خوێندنەوەیەش شۆڕبوونەوەیە بۆ دەهالیزەکانی دەقەکە و گەڕان لە دووای دۆزینەوەی پرسیارەکانی ئەم دەقە کە زمان وەك ئامرازی دەربڕین و زمانی ئەودیوی دەق وەك ئاستی دەلالەتی دەقەکە کاردەکات بۆ فۆرمەلەکردنی ئەو پرسیارانەی دەقەکە بەرزیان دەکاتەوە.

بەسەرهاتی چیرۆکەکە دەربارەی بڵاوکردنەوەی مردنی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە لە لایەن خودی پاڵەوان خۆیەوە لە ڕێگای هەڵواسینی چەندین پۆستەرەوە لەسەر دیوار و کوچە و کۆڵانەکان، بە دوای ئەوەشدا پاڵەوان دەگەڕێتەوە ماڵەوە و چاوەڕوانی سەرخۆشیکەران دەکات. لە کۆتاییدا پاڵەوان خۆی هەواڵی مردنەکەی دەکات بە واقیع و بە جۆرێك لە خۆکوشتن کۆتایی بە خۆی دەهێنێت.

گێڕەرەوە لەم چیرۆکەدا بریتییە لە خودی پاڵەوان خۆی کە چیرۆکەکە بۆ بۆگێڕەرەوە دەگێڕێتەوە. بۆ گێڕەرەوە ئێمەین هەموو ئەوانەی کە هەواڵەکەیان لە زمانی گێڕەرەوە گوێ لێ دەبێت نەك ئەوانەی کە هەواڵەکە لەسەر دیوار و شوێنە گشتییەکان دەخوێننەوە، کردەی گێڕانەوە ڕاستەوخۆ دەربارەی ڕووداوێکە پەیوەستی خودی گێڕەرەوە واتە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە. ڕووداوەکەش کە ڕووداوی مردنە نائاساییە کاتێ گێڕەرەوە باسی مردنی خۆی بکات وەك ڕووداوێك کە پێشبینی مردنی خۆی بکات و پێشوەختە خۆی بۆ ئامادە بکات، بەڵام ناشێت کەسێك هێشتا زیندوو بێت و کەچی ئاشکرای بکات کە مردووە. هەر لێرەوە ئەو دەلالەتە ئاشکرا دەبێت کە مردنی گێڕەرەوە یان پاڵەوان کە هەردووکیان یەك کەسن مردنێکی سروشتی نییە، یان بە شێوەیەکی تر ئەو مردنە سروشتییە نییە کە هەر ئافەریدەبوویەك لە ژیاندا ڕووبەڕووی دەبێتە و ناتوانێت لە دەستی هەڵبێت کاتێ گێڕەرەوە باسی ئاشکراکردنی هەواڵی مردنی خۆی دەکات ڕاستەوخۆ هەستی پێدەکرێت کە بە وەعیەوە باسی ئەو ڕووداوە دەکات.

ڕووداوی مردنێك كە لە گێڕانەوەكانیدا بۆ گێڕەرەوە هەست بكات كە بە ڕاستی ئەو مردنە ڕوویداوە و لە ڕووی كاتیشەوە لە ساتەوەختی ئاشكراكردنی هەواڵەكەدا بۆتە ڕابردوو.

لێرەدا دەردەكەوێت كە گێڕەرەوە یان پاڵەوانی چیرۆكەكە كەسیەتییەكی (دیوالتی)یە، واتە دوو كەسێتی هەیە، یەكێكیان ئەو كەسێتییە ئامادەیە كە ئێستە زیندووە و هەواڵی مردنی بەشەكەی تری یان كەسێتییەكەی تری بڵاودەكاتەوە كە ئەمەیان كەسێتی بایۆلۆژیانەی پاڵەوانە. كەسێتی دووەمی پاڵەوان كە ئێستە مردووە و هەواڵی مردنەكەی لەسەر دیوار و كوچە و كۆڵانەكان بڵاوكراوەتەوە. بریتییە لە كەسێتی مەعنەوی یان ئامادە بوونی ئەتنۆلۆژیانەی پاڵەوان بە هەموو ماناكانیەوە. هەر لێرەوە ئەو دەلالەتە دەربارەی كەسێتی پاڵەوانی چیرۆكەكە بەرهەمدێت كە كەسیەتییەكی شیزۆفرینی هەیە. دیارە حاڵەتی شینزۆفرۆینیش حاڵەتێكی پڕ لە پەشێویی و ناجێگیری و ململانێی لە كەسێتی پاڵەوانەكەدا دروست كردووە. لە ڕوانگەی سایكۆلۆژیای كۆمەڵایەتیشەوە كەسێتی شیزۆفرینی كەسیەتییەكی نائاساییەوە بەردەوام لە هەڵوێستی ڕەخنەگرتن و ناڕەزایی بوونداپە كە هەندێ جار ململانێی نێوان دوو كەسێتییە دژەكە لە ناوەوە بە تەقینەوەی گەورە كۆتایی دێت. ئەمە ئەو بارە دەروونییەیە كە پاڵەوانی چیرۆكی (ئاپۆر)ی تێدا دەژی. گێڕەرەوە (پاڵەوان) سەرباری بڵاوكردنەوەی هەواڵی مردنی خۆی دیسان ئەو وەڵامانەش دەگێڕێتەوە كە خەڵكی یان بەشێك لە (بۆگێڕەرەوە) بەرامبەر بە هەواڵی مردنەكەی دەریدەبڕن. هەر لێرەوە دەردەكەوێت كە گێڕەرەوە دەوری بۆگێڕەرەوەش دەبینێت یان بە شێوەیەكی تر لەو سنوورەدا نامێنێتەوە كە تەنیا گێڕەرەوە بێت بەڵكو دەچێتە شوێنی بۆگێڕەرەوەش هەر لێرەوە دەردەكەوێت كە ڕووداوەكان بە شێوەیەكی گشتی بۆ ئێمەی خوێنەر دەگێڕدرێتەوە بەڵام لە ڕووی وەڵامدانەوەمانەوە كاتێ ڕووداوی مردنەكە و هەڵوێستی ئەو كەسانەش كە تێكەڵاوی ڕووداوەكە دەبن دەبیستین هیچ جوڵەیەكمان نییە كە خۆمان ڕاستەوخۆ بكەری بین، بەڵكو هەموو

هەڵوێستێکمان بەرامبەر ئەو مردنە لە دەربڕینەکانی گێڕەرەوە دەردەکەوێت. دەشێ وەڵامدانەوەی ئێمە بۆ ڕووداوێکی لەم جۆرە دروستکردنی جۆرێك لە تێڕامان بێت کە ئەنجامەکەی بەو پرسیارە تەواو ببێت کە دەڵێت: چۆن کەسێك هێشتا زیندووە و هەواڵی مردنی خۆی بڵاودەکاتەوە؟

کەواتە ئەو مردنە مردنێکی ئاسایی نییە و لێرەدا مردن مەدلولی تری هەیە نەك ئەو مردنە ئاساییەی کە هەموومان ڕووبەڕووی دەبینەوە.

گێڕەرەوە دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵی مردنەکەی دەگەڕێتەوەماڵەوە و چاوەڕوانی سەرخۆشیکەران دەکات، لێرەوە دەردەکەوێت کە گێڕەرەوە (پاڵەوان) سەرباری ئەوەی کە هێشتا لە ڕووی بایۆلۆژییەوە زیندووە، بەڵام جۆرێك لە قەناعەتی بە مردنەکەی لا دروست بووە، یان لە بنەڕەتەوە ئەو بڕوای بەوە هێناوە کە مردنەکەی ڕاستییەکە پێویستی بە هیچ گومان و دوودڵییەك نییە، هەر لێرەوە ئەم هەڵوێستەی پاڵەوان زیاتر سەرنجمان بۆئەوە ڕادەکێشێت کە مردنەکەی مەعنەوییە.

بەڵام ئەوەی نامەئلوفە ئەوەیە کەسێك هەست بە مردنی مەعنەوی خۆی بکات و چاوەڕوانی ئەوەش بێت خەڵکی دان بە مردنەکەیدا بنێن و سەرخۆشی لێ بکەن. لە پشتی ئەم بۆچوونەوە واتە دانان بە مردنی مەعنەوی و سەرخۆشی لێکردنیدا مەدلولێکی ئەنتۆلۆژی هەیە ئەویش ئەوەیە تەنیا ئەو کەسانە مردنیان هەیە کە وجودیان هەبێت. واتە لە ژیاندا ئامادەبوونیان هەبێت، دیارە ئامادەبوونیش سیفەتی ئەو بکەرەیە کە توانای دروستکردنی ڕووداوی هەیە.

هەرەسهێنانی توانا و شکستی مۆتیڤی ئامادەبوون لەم ڕوانگەیەوە بریتییە لە ترسناکترین مردن، پاڵەوانی چیرۆکەکە هەست بەم مردنە دەکات. دانپێدانانی خەڵکیش بە مردنەکەیدا مانای دانانە بە ئامادەبوونیدا وەك بکەرێکی جووڵە دروستکەر، هەر بۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین پاڵەوانی چیرۆکەکە لە خەمی گەیشتن دایە بە ئاستی بوون. بانگەوازکردنی مردنی خۆی لە سەرەتای چیرۆکەکەدا و خۆ دەفن کردنیشی لە کۆتایی چیرۆکەکەدا هەوڵدانە بۆ سەلماندنی بوونی خۆی.

ئەگەر لە ڕووکەشەوە سەیری بانگەوازەکەی پاڵەوان بۆ مردنی خۆی بکەین لە کاتێکدا کە هێشتا لە ڕووی بایۆلۆژییەوە زیندووە دەشێ وەك نوکتە و شتێکی گاڵتەئامێز بێتە پێشچاو، بەڵام سەرباری هەموو ئەو دەلالەتە ئەنتۆلۆژی و مێژوویی و دەروونیانەی کە دەقەکە بە گشتی هەیەتی ئەوا هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەوە دەلالەتی سەرەتایی چیرۆکەکە دەردەکەوێت کە ئەویش ئەوەیە زۆرجار سنوورێك لە نێوان ژیان و مردندا نامێنێت و لەو کاتەشدا ژیان هەموو بەهاکانی خۆی دەدۆڕێنێ یان خودی ژیان زۆر لە خوار ئەو ئاستەوە دەبێت کە شایەنی ئەوە بێت مرۆڤ پێی ڕازی بێت و بەسەری ببات، بۆیە لەو کاتەدا مردن دەبێتە شتێك کە مرۆڤ بێ دەربەست بوون بانگەشەی بۆ بکات کە ئەمەش جۆرێك لە هیواخواستن بۆ کۆتایی هاتن بە ژیان و زیندەگانی لە پشتییەوە ڕاوەستاوە کە دەشێ بە گوێرەی کەسێتی شیزۆفرینی پاڵەوانی چیرۆکەکە ئەم حاڵەتە بەدەرئەنجامی ململانێی نێوان ئیرۆس و تاناتۆس لە کەسێتی پاڵەواندا لێکبدرێتەوە کە چۆن تاناتۆس باڵادەست دەبێ و مەیلی ژیان و زیندەگانی دەسڕێتەوە.

−3−

لە قۆناغی دووەمدا گێڕەرەوە (پاڵەوان) جارێکی تر سووربوونی خۆی لەسەر مردنەکەی نیشان دەدات کاتێ کاتی بە کاکی دەڵێت! بە مردنی من دڵت ئاوا خۆشە؟ لێرەوە بەشێکی تر لە نهێنییەکانی باری دەروونی پاڵەوان ئاشکرا دەبێت ئەویش ئەوەیە لە لایەك ئامادەبوونی خۆی بۆ مردن نیشان دەداتەوە و دەیەوێت دڵنیابێت لەوەی کە مردنەکەی واقیعە. واتە دەیەوێت بگات بە یەقین لەوەی کە ئەم مردووە، دیارە لە پشتی دەستەبەرکردنی یەقینی مردنەوە بە گوێرەی پاڵەوانەکە یەقینی خود سەلماندن بوون هەیە. بوونێك کە بە ڕەتکردنەوەی ئاشکرای ژیان بەدەست دێت، لە لایەکی ترەوە لەو ڕستە سادەیەی سەرەوەدا وای نیشان دەدات کە کەسانێك هەن کەسانێکی زۆر نزیکیش بە مردنەکەی ئەم دڵخۆشن. دەشێ پاڵەوانی چیرۆکەکە خۆشی و ئاسودەییش بە سیفەتەکانی بوون بزانێت و لەم

ڕوانگەیـەوە وای ببینێـت کـە تەنانـەت براکـەی لـە مردنـی ئەمدا دەتوانێـت بـوونی خۆی بسەلمێنێت. دەکرێت لە دووای لێکدانەوەیـەکی مێـژوویش بـۆ ئـەم بۆچوونە بگـەڕێین خـودی پاڵـەوان بریتـی بێـت لـە کەسـێتی کـوردی. لـە مـردن و هـەرەس هێنانیـدا ئـەوانی تـر (براکـانی) نەتـەوە هاوبەشـەکانی یـان نزیکـەکانی کـە بـە زۆر کـراون بـە بـرای، دڵخـۆش و ئاسـوودەبن، بـەڵام جیاوازییەکـە لـە نێـوان پاڵـەوانی چیرۆکەکە و کەسێتی کوردیدا ئەوەیە کە پاڵەوان لە کاتی هەست بە مردن کردنیدا پرسیارێك بەرزدەکاتەوە کە لە پشتییەوە ناڕەزایی بوون و ڕەخنەگرتن هەیە، بەڵام کەسێتی کوردی تـا ئێستەشـی لەگەڵدا بێت بـەو ڕاسـتە و خۆییـە پرسـیاری ڕەفز ئامێزی وەهای بەرز نەکردۆتەوە.

کەسـی دووەم لـەم چـیرۆکەدا کـە کـاکی پاڵەوانـە دەکەوێتـە دوانـدن، بـەڵام سـەرجەم ئاخاوتنـەکانی لـە ڕێگـای گێڕانـەوەکانی گێـڕەرەوە وە بـە ئێمـە دەگـات. کـاکی پاڵـەوان لـە وەڵامـی سـوربوونی پاڵەوانـدا لەسـەر مردنـی خـۆی ناڕاسـتەوخۆ دەیەوێت ئەو هۆیانە دیـاری بکـات کـە پاڵـەوانی چیرۆکەکە وا لێدەکـەن هەسـت بـە مردنـی خـۆی بکـات. هۆیـەکانیش وەك ئـەوەی کـە کەسـی دووەم بۆیـان دەچـێت و دەیاندرکێنێ جگە لە هۆکاری سادەی کۆمەڵایـەتی هیچـی تـر نین. هـەر لێرەشـەوە سیما و ڕووخساری کەسێتییە جیاوازەکـان لـە چیرۆکەکەدا دەردەکەوێت کەسێك کە لەگەڵ ڕۆتینی ژیانـدا دەڕوات و خـۆی دەگونجێنێـت و هێنـدە شـۆڕنابێتەوە بـۆ نـاخی شـتەکان لەبـەر ئـەوە زۆر بـە سـادەیی سـەیری ژیـان دەکـات و هـەر ئـەو تێڕوانینە سادەیەش وەهای لێدەکات بە هیواوە لە ژیان بڕوانێت و پێی وایە مرۆڤ لەوە بەهێزترە بە ئاسانی لەبەردەم تەنگوچەڵەمەی ژیانـدا چـۆك دابـدات، بەڵکو بـە پێچەوانەوە پێـی وایـە مـرۆڤ دەبێت سـوور بێـت لەسـەر بەردەوامبوون کـە ئەمـەش ئەو کەسێتییەیە کە برا گەورە کە واتە کاکی پاڵەوانی چیرۆکەکە نوێنەرێتی.

کەسێتی پاڵەوانی چیرۆکەکە بە تـەواوی جیـاوازە لـەو کەسێتییەی لـە سـەرەوە باسمان کرد و کاکی پاڵەوانەکە نوێنەریەتی. پاڵەوان گەیشتۆتە ئاستێك کـە خـۆی بانگەشەی مردنی خۆی دەکات و هەواڵی مردنـی بڵاودەکاتـەوە. دیـارە وەك پێشـتر

ئامارژەمـان بـۆ كـرد پاڵـەوان لـەژێر كاریگـەری گـەلێك هۆكـاری سۆسـیۆلۆژی و سـایكۆلۆژی و ئەنتۆلۆژیـدا گەیشـتۆتە ئـەو ئاسـتەی هـەواڵی مردنـی خـۆی بڵاوبكاتـەوە. هـەر لێرەشـەوە دەردەكـەوێت كـە پاڵـەوان بریتییـە لـە هێمایـەك كـە نوێنەری پێكهاتەیەكی گەورەترە لە خود و قەبارەی تاكە كەسێك خۆی. ئەمـەش زیاتر لە شۆڕبوونەوە بۆ گەڕان لە دووای زمانی ئەودیوی دەقەكە و دەهالیزەكانی دەقەكـەدا دەردەكـەوێت كـە ئـەمیش لـەوەدا بەرجەسـتە دەبێـت كـە پاڵـەوانی چـیرۆكەكە ماهیـەتێكی كۆمەڵایـەتی هەیـە و لـە پشـتی ئـەو هەڵوێسـتەوە نائامـادەبوونی ئـەنتۆلۆژی و مێـژوویی نەتەوەیـەك ڕاوەسـتاوە. كـە لـە ڕوانگـەی تێڕوانینـی پاڵەوانـەوە بـوون یـان نـەبوونی هـیچ جیـاواز نـین. هـەر بۆیـە بانگـەوازكردنی پاڵـەوان بـۆ مردنەكـەی لـە ڕووی خوێندنەوەیـەكی واقیعیانـەوە ڕەوایـە، چـونكە ژیـان و مردنـی پاڵـەوان لـەو كارانـەدا هـیچ جیاوازییـەك نییـە لـە نێوانیاندا مادەم پاڵەوان توانای ڕووداو دروستكردنی نییە. لێرەوە ئەو مەدلولـە سۆسـیۆلۆژییە بەرهـەم دێـت ئەگـەر مـرۆڤ وەك تـاك یـان وەك كۆمـەڵ نـەتوانێت لـە ژیانیـدا بكـەرێكی ڕووداو دروسـكەر بێـت ئـەوا بـوون و نـەبوونی لـە ڕووی كۆمەڵایەتییەوە هەمان شتە.

پاڵەوانی چیرۆكەكە كاتێ قسـەكانی كاكیمـان بـۆ دەگێڕێتـەوە كـە سەرزەنشتی ئەم دەكات بۆئەو هەواڵە ناپەسـەندەی كـە بڵاوی كردۆتـەوە ڕاستەوخۆ بیانوو بۆ هەڵوێسـتەكانی خـۆی و گرنگـی نـەدانی بـە پێداویسـتییەكانی ژیـان دەهێنێتـەوە كاتێ دەڵـی گوایـە ئـەم مـردووە، مـردووش پێویسـتی بـە هـیچ نییـە. ئەمـەش ئـەو ڕسـتەیەیە كـە مـرۆڤ لـە هـەموو ویسـت و ئارەزوویـەكی دنیـایی ڕووت دەكاتـەوە. دیسان ئەم ڕستەیەش ئەوە ئاشكرا دەكات كە پاڵەوان جۆرێك لە قەناعەت هێنـانی بـە مردنەكـەی خـۆی لا دروسـت بـووە. هـەر بۆیـە دەیـەوێت سـیفەتەكانی مـردوو بەسـەر خۆیـدا بسـەپێنێت، بـرا گـەورەی پاڵـەوانی چیرۆكەكە لـەو ڕوانگەیـەوە لـە بانگـەوازی مردنەكـەی هیـوای پاڵـەوانی چـیرۆكەكە دەڕوانێـت كـە بۆتـە جێگـەی پرسـیار و بەدواچـوون و گاڵتـەپێكردن لـە لایـەن خەڵكییـەوە. لـەم حاڵەتەشـدا ئـەو

کارەی هیوا بە جۆرێك لە شێتی دەدرێتە قەڵەم. کاکی وا لێی دەڕوانێت کە بریتییە لە سوکایەتیکردنی هیوا بەناو و ناوبانگی خێزانەکەی، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە لەو پانتاییە جوگرافییەی کە پاڵەوان بانگەوازی مردنی خۆی دەکات (تاك) وەك ئەوەی بوونی تەواوەتی خۆی هەبێت و ئامادەبوونی خۆی سەلماندبێت نەگەیشتۆتە ئاستی پێگەیشتن و مرۆڤ تەنانەت لە بڕیاردانی چارەنووسسازانەی خۆشیدا ئازاد نییە، کە لای پاڵەوانی چیرۆکەکە بریتییە لە ئاشکراکردنی مردنی خۆی لە کاتێکدا کە لە ڕوی بایۆلۆژییەوە هێشتا زیندووە و سیمای مردنیشی پێوە دیارنییە هەڵویستێکی لەو جۆرەی پاڵەوانی چیرۆکەکە لە ڕوانگەی دابونەریتی کۆمەڵایەتییەوە کارێکی ناپەسەندە و ئەگەرچی لە تێڕوانینی سادەی خەڵکەوە بانگەوازکردنی کەسێك بۆ مردنی خۆی وەك گاڵتە و نوکتە خۆی دەنوێنێ. بەڵام لە پشەوە دەلالەتی جۆرێك لە ڕەفزکردن هەڵدەگرێت، ئەویش یان ڕەفزکردنی ماهیەتی ژیانە بە گشتی لە ئەنجامی سەرهەڵدانی جۆرێك لە تێڕوانین کە ژیان هیچ واتا و بەهایەکی نییە. یان لە ئەنجامی ڕوانین بۆ ژیان لەو بۆچوونەوە کە دابونەریت و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان ژیانیان کردۆتە بەندیخانە و تروسکەی ئازادی بۆ فەرد تێدا لە واقیعدا نادۆزرێتەوە.

ئەم بۆچوونەش کە دیسان ڕەفزکردنێکی سۆسیۆلۆژیانەیە، هیچ دەزگایەکی کۆمەڵایەتی لەسەر جوگرافیای کۆمەڵایەتی پاڵەوان پەسەند ناکات. هەر ئەم تێڕوانینەی دەزگا کۆمەڵایەتییەکان دەگوازرێتەوە بۆ نێو جوگرافیای دەقەکە لەوێشدا ئەو هەڵویستەی پاڵەوان مایەی سەرزەنشتە، چونکە کۆمەڵ بە گشتی پاڵەوانێك پەسەند ناکات کە لە ڕووی ژیاندا چۆك دابدات، چونکە کۆمەڵ بە شێوەیەکی گشتی بەو چاوە دەڕوانێت کە دەبێ هەر ئەندامێك لە شوێنی خۆیەوە ئامادەبوونی خۆی بنوێنێت بۆ برەوپێدانی ژیان و بەرەو پێشەوەبردنی. لێرەوە دەلالەتی فەلسەفی چیرۆکەکە ئاشکراتر دەبێت کە ئەویش گەڕانەوەیە بۆ ڕوانین بۆ بەهای بوون و ژیان کە پاڵەوان لە دید و بۆچونی ئەیقۆریانەوە دەڕوانێت بە تایبەتی لە ساتەوەختی بڕیاردانی بانگەواز کردنەکەیدا، مادەم لە حاڵەتی

زیندوویدا هەست بە مردن دەکات کەواتە مافی خۆیەتی بانگەشە بۆ ئەو حەقیقەتە بکات کە لە ناخیدا هەستی پێدەکات کە ئەویش حەقیقەتی مردنە. پاڵەوانی چیرۆکەکە ناڕاستەوخۆ دەیەوێت بڵێت باشتر وابوو نەبووینایە. مادەم ئاسوودە بوون لە ژیاندا نییە و لە نێونا مردن و ژیانیشدا دیوارێکی هێندە ئەستور نییە مادەم لەهەر چرکەیەکی ژیاندا کۆرپەلەیەکی چالاکی مردن لە ناخماندا دەژی و هەمیشەش لەگەڵ غەریزەی بەردەوامبوونی ژیاندا لە کێشەدایە تا سەرەنجام مۆتیڤی مەرگ بەسەر مۆتیڤی ژیاندا سەردەکەوێت، یان لە بارێکی تردا تاناتۆس لە ڕۆحماندا بەسەر ئیرۆسدا زاڵ دەبێت، ئەوەش ئەو چرکەساتەیە کە غەریزەی ژیان هەرەس دەهێنێت.

ئەگەر بانگەوازەکەی پاڵەوان بۆ مردن هەر خۆی بگرتایەتەوە ئەوا دەشیا کاکی هیچ بە لایەوە گرنگ نەبووایە، بەڵام لە ڕوانگەی تێڕوانینی کۆمەڵەوە لەسەرجوگرافیای پاڵەوانی چیرۆکەکە لەبەر ئەوەی تاکەکەس بۆتە خاوەنی ناسنامەی خۆی هەر جوڵەیەك کە ئەم دروستی دەکات پۆزەتیڤ بێت یان نێگەتیڤ دەبێتە بەشێك لە جوڵەی ئەو پێکهاتەیەی کە ئەم ئەندامە لێی، لێرەوە بانگەوازەکەی پاڵەوانی چیرۆکەکە هەر خۆی ناگرێتەوە، بەڵکو کاریگەریەکی خراپی لەسەر ناو و ناوبانگی خێزان و کەسوکاری خودی پاڵەوانیش هەیە. لەم چیرۆکەدا کەسێتی کاکی هیوا هەر لە ڕێگای گێڕانەوەکانی پاڵەوان (گێڕەرەوە) دەردەکەوێت ئەگینا خۆی هیچ ئامادەبوونێکی لەنێو جوگرافیای دەقەکەدا نییە. ئەمەش دیسان ئەوە دەسەلمێنێت کە تاکە قسەکەر لە چیرۆکی ئاپۆردا خودی پاڵەوان خۆیەتی. تەنانەت کاتێ باسی سەرجەم ئاخاوتنەکانی دواتری لەگەڵ ئەیوب و هێرۆ و کامەرانە شێت و خەیاڵە شێتیش دەکات هەر خۆی قسەکانی ئەوان دەگێڕێتەوە واتە بۆ گێڕەرەوە ڕاستەوخۆ هیچ لە خودی قسەکەرەکان نابیستێ، بەڵکو گێڕەرەوە کە خودی پاڵەوانە ئاخاوتنەکان ئاشکرا دەکات کە بەشێکیان گاڵتەیان بە هەواڵی مردنەکەی هیوا دێت جگە لە کامەرانە شێت کەسێ نییە بڕوا بەوە بهێنێت کە هیوا مردبێت. بەڵام هیوا خۆی سوورە لەسەر ئەوەی کە

مـردووە هـەر ئـەم سووربوونەشـی وەهـای لێـدەکات وەك کەسـوکاری مردوویـەك وەڵامی برادەرەکانی بداتەوە.

لێـرەدا ئـەو حاڵەتـە دیوالنییـەی کـە کەسـێتی پاڵـەوانی هـەر لـە سـەرەتای چیرۆکەکەوە لەسەر بنیاد نراوە ئاشکراتر دەبێت کەسێتییەکە کە زیندووە و لە هەمان کاتدا مردووشە.

زیندووە لە تێڕوانینی خەڵکەوە و مردووە لە تێڕوانینی خۆیەوە، بەڵام دیسان خۆی بە کردار دەوری کەسێتییە زیندووەکە دەبینێ کە بە دیار تەرمی کەسێتییە مردووەکەیەوە دانیشتووە و چاوەڕوانە خەڵکی سەرخۆشی لێ بکەن. ئەمەش دوو دەلالەتی هەیە.

یەکـەمیان دەلالـەتێکی سۆسـیۆلۆژییە ئەگـەر تـاك (فـەرد) خـاوەنی ماهییـەتی خـۆی نـەبوو، ملکەچـی دابونـەریت و بەنـد و کۆتـە کۆمەڵایەتییـەکان بـوو ئـەوا تارمایی مردن وەك ئەو تەرمە لە ڕۆح و خوێنی دایە و ناتوانێت بە ئاسانی لێی جیاببێتـەوە. دووەمیـان دەلالـەتێکی مێژووییـە، بـە گـوێرەی ناسـنامەی پاڵـەوانی چیرۆکەکە ئەویش ئەوەیـە کـە ڕابردوویـەکی بـێ ڕووداو لـە ڕوانگـەی کاری بکـەری چیرۆکەکەوە لـە پشـتی خـودی پاڵەوانـەوە هەیـە. پاڵـەوان مێژوویـەکی هەیـە هـیچ جووڵە و کردارێکی بەرەو گۆڕانکاری تێدا نییە و ناشتوانێت لەو مێژووە عەدەمیـە دەربازبێت و بوونی خۆی سـەلمێنێت، هـەر هەسـتکردن بـەو حاڵـەتی عەدەمیەتەیـە لە مێژوودا و لە ئێستەشدا واتە پاڵەوان دەکات هەست بە مردنی خۆی بکات.

پاڵەوانی چیرۆکی (ئاپۆر) خەمی گەورەی ئەوەیە کە خەڵکی بڕوا بە مردنەکـەی بکـەن. دانیپێــدانانی خــەڵکی ئاســوودەیی پێدەبەخشــێت. لــە درێــژەی بــەرەو پێشەوەچـوونی جووڵـەی کـرد و سـەرکەوتن و دابەزینیـدا لوتکـەی ڕووداو لـە تێڕوانینی پاڵەوانەوە ئەو چرکەساتەیە کە خەیاڵە شێت بڕوا بە مردنەکەی دەکات گەرچـی لوتکـەی گرێچـن بـە گـوێرەی سـەیرکردنی ئێمـە لـە دەرەوەی جوگرافیـای دەقەکەوە ئەو چرکەساتەیە کـە پاڵـەوان ملـی خـۆی دەبڕێتـەوە و بـە فیعلـی کـردەی خۆکوشتن و ڕاستەوخۆ بەدوایشیدا کردەی خۆ دفنکردن ئەنجام دەدات.

خەیاڵ دەیەوێت بە هیوای مردوودا دیارییەك بۆ ئەو کچە بنێریت کە پێشتر مردووە و ئەم حەزی لێ بووە. ئەم هەڵوێستەی خەیاڵ ئەوە نیشان دەدات کە بە ڕوانینی ئەو مردن سەفەرێکی ئاساییە و تاکە بەربەستیش کە ڕێگای نێوان زیندووان و مردووان دەگرێت و نایەڵێت پێوەندییان هەبێت ئەوەیە کە کەس پێش سەفەرەکەی بە ڕووداوی ئەو سەفەرە نازانێ ئەگینا دەکرا نامە و دیاریش بگۆڕدرێتەوە. ئەمە تێڕوانینی خەیاڵە وەك کەسێکی شێت.

دیسان خەیاڵ داوا لە پاڵەوانی چیرۆکەکە دەکات بە ژیان بڵێت ئەگەر کەسێك لەو دنیاوە گەڕایەوە ئەوا نامەی بۆ بنێرێت. لێرەوە دەلالەتێکی مسیۆلۆژی چیرۆکەکە دەردەکەوێت کە لە کتێبی پیرۆزدا هاتووە دووپیاو کە هەردووکیان ناویان (لازاریۆس)ە یەکەمیان برای ماری و مارتەیە کە مەسیح دەگێڕێتەوە بۆ ژیان. دووەمیشیان سواڵکەرە و چاوەڕوانی یارمەتییە لە دەوڵەمەندێك دووای مردن دەوڵەمەندە کە دەچێتە دۆزەخ و سواڵکەرەکەش دەچێتە بەهەشت. کابرای دەوڵەمەند داوا لە ئیبراهیم پێغەمبەر دەکات یەکێك لە مردووەکان بنێرێتەوە بۆ سەر زەوی بە دوای براکانیدا.

گەڕانەوەی مردوویەك یان ناردنەوەی پەیامێك لە دۆزەخەوە بۆ زیندووەکان هاوشێوەی خەیاڵەکەی خەیاڵە شێتە، لێرەشەوە زیاتر ڕووی یۆتۆپیای چیرۆکەکە دەردەکەوێت. ئەم دەلالەتە لە چیرۆکی کوردیدا یان لە ئەدەبی کوردیدا تا ئێستەش نامەئلوفە، ئەوەش یەکێکە لە ڕەگەزەکانی تازەگەری ئامانجی بنیادنانی، ئەم حاڵەتەش لە چیرۆکەکەدا زیاتر دیدێکی ئەفسونگەرایی بەرهەم دێنێت.

ئەمەش هاوشانە لەگەڵ گەوهەری بانگەشەکەی پاڵەوانی چیرۆکەکەدا، چونکە بڵاوکردنەوەی هەواڵی کردنی پاڵەوانیش لە لایەن خۆیەوە زیاتر سیمای ئەفسانەیی هەیە و بریتییە لە ئیشکردن لە نێوان خەون و ئەندێشە مەودا قوڵەکاندا کە لەوەش جیهانبینییەکی ئەفسوونی بنیاد دەنێت.

پاڵەوانی چیرۆکەکە ناگاتە حاڵەتی دڵنیابوون لە مردنەکەی، بەڵکو دەیەوێت لە زمانی خەڵکەوە بۆی دەربکەوێت کە مردووە گەڕان بە دووای گەیشتن بەو یەقینەدا، یەقینی مردن وای لێدەکات کە لەو شەوەدا کەسە نزیکەکانی بەسەر بکاتەوە. بە مەبەستی ئەوەی ئەوان دان بە مردنەکەیدا بنێن.

لەنێو ئەو کەسانەدا ڕووبەڕووی (هەتاو)ی یاری دەبێتەوە. کاتێ پاڵەوان باسی هەتاو دەکات بۆمان دەردەکەوێت کە کەسێکی ئاساییە و وەك هەر کەسێکی تر دەشێ ژیان بەڕێ بکات تەنانەت دڵداریش دەکات. ئەمەش وا لە ئێمە دەکات کە بانگەوازی مردنەکەی بە کارێکی نائاسایی لێکبدەینەوە، چونکە لە دڵداریدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە پاڵەوان مەیلی زیندەگانی هەیە و ئەم ئەو کەسە نییە دەستی لە هەموو شتێ شۆردبێت و چاوەڕوانی مەرگ بکات ڕۆحی پەشێوی ڕزگار بکات. پاڵەوان چاوەڕوانی ئەوەیە خەڵکی مردنەکەی بسەلمێنن، بەلام یەکەمین کەس کە ئەوە دەکات کامەرانە شێتە کە پێی وایە ئاشکراکردنی مردنی هیوا لە لایەن خۆیەوە کارێکی گەورەیە و هیوای ئەوەش دەخوازێت کە بیتوانیایە هەمان شێوەی هیوای پاڵەوانی چیرۆکەکە هەواڵی مردنی خۆی بلاوبکردایەتەوە. لە پشتی ئەم بۆچوونەی کامەرانە شێتەوە ئەو دەلالەتە ڕاوەستاوە کە مردن کارێکی هێجگار سەختەو مرۆڤ بە ویستی خۆی و بە ئاگاداری و وریایی خۆیەوە دەستی پێی ناگات. بە واتا مردن وەك ئەو دیاردە (کەونی)یە سەیر دەکرێت کە تا ساتەوەختی ئێستە وەك نهێنییەکی پەی پێ نەبراو ماوەتەوە، کاتێ پاڵەوانی چیرۆکەکە پەی بە مردنی خۆی دەبات واتە نهێنییەکی سەختی گەردوونی ئاشکرا کردووە.

ئەو ڕستانەی کە کامەرانە شێت و خەیاڵە شێت دەیدرکێنن ڕستەی شێت نین، بەڵکو ڕستەی کەسانێکن کە کارەساتە ترسناکەکانی ڕۆژگار شێتی کردبن، سەرباری ڕستەکانیان، داواکارییەکانیشیان داواکاری شێت نین بۆیە لێرەوە دەردەکەوێت کە ئەمانە شێتی دەستی ڕۆژگارن.

بە واتایەکی دی شێتێتی ئەم دوو کەسێتییە لە چیرۆکەکەدا ئەو دەلالەتە بەرهەم دەهێنێت کە ئەو بارودۆخەی ژیان کە چیرۆکەکەی تیا بەرهەم هاتووە بارودۆخێکی نائاساییە هەرچۆن پاڵەوانی چیرۆکەکە لە هەڵوێستێکی ڕەفزکردندا ژیان ڕەت دەکاتەوە و بانگەوازی مردنی خۆی بڵاودەکاتەوە. بە هەمان شێوە شێتیش یان شێت بوونیش جۆرێکی ترە لە ڕەفزکردن.

لەو ڕستانەی کە کامەران و خەیاڵ دەیاندرکێنن دەردەکەوێت کە ئەمان لە ڕووی سایکۆلۆژییەوە، لە ڕووی مێشکەوە کەسانی تەواون و ئەوەتا کامەرانە شێت دەڵێت: (هیچ شوێنێك نییە ڕۆحت تیا وەحەسێتەوە، بەڵام هیوام وایە ڕۆحت شادبی!). ئەم ڕستەیەش دەلالەتێکی قووڵی فەلسەفی هەیە ئەویش ئەوەیە کە لە هیچ شوێنێ ئاسودەیی نییە. ڕۆحە زیندووەکان ئەوانەی هەستیارن لە هیچ شوێنێ ناسرەون. لە ئاستێکی قوڵتردا ئەم دەقە پێمان دەڵێت ڕزگار بوون نییە، مرۆڤ لەهەر شوێنێ بێت مەحکومە بە نەسرەوتن و ئازارچەشتن و گەیشتن بەم حەقیقەتەیە کەوا لە مرۆڤ دەکات بگاتە ئەو بۆچوونەی هیچ دیوارێك لە نێوان ژیان و مەرگدا نییە، زیندوو بێت یا مردوو ناشێ بحەسێیتەوە. پاڵەوانی چیرۆکی ئاپۆر هەست بەم ڕاستییە دەکات بۆیە لە کاتێکدا لە ڕووی بایۆلۆژییەوە زیندووە مردنی خۆی ئاشکرا دەکات واتە لە یەك کاتدا هەردوو ئەزموونەکە دەبینێ، بەڵام لە هیچیاندا ڕۆح ئاسوودە نابێت. پاڵەوان لەبەردەم ئاوێنەکەدا دەکەوێتە گومانێکی قووڵەوە و ئەو پرسیارە لە ناخیدا سەرهەڵدەدات ئایا زیندووە یان مردووە؟ ئەوەش بارێکی شلۆقە و لە هەمان کاتدا بریتییە لە چرکەساتی ونبوون کاتێ پاڵەوان ناتوانێت شوێنی خۆی لە نێوان ئەو دوو حاڵەتەدا (ژیان و مردن)دا دیاری بکات ئەمە سەرباری ئەوەی وەك لە پێشەوە ئاماژەمان بۆ کرد هۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەست نەکردن بە بوونی هیچ دیوارێك لە نێوان ژیان و مردندا. ئەم حاڵەتەی پاڵەوانی چیرۆکەکەی تێدایە لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا یەك دەگرێتەوە کە ت. س. ئیللیەت لە وێرانە خاکدا بەرزی دەکاتەوە کاتێ دەڵێ (لە نێوان مردن و ژیاندا ڕاکشاوم نەدەژیم و نەدەمرم) ئەمەش ئەو چرکەساتەیە کە مرۆڤ لە

بەرزترین ئاستی گومان کردندایە بەرامبەر بە بوون. لە ساتێکی وەهاشدا ئەنجام مرۆڤ بە لایەکیاندا دەشکێتەوە یان بەلای هەڵبژاردنی ژیان و برەوپێدانیدا یان بە تەواوی ژیان ڕەت دەکاتەوە و مردن هەڵدەبژێرێت. پاڵەوان لەم حاڵەتە شلۆقەدایە بەڵام ئەنجام بە تەواوی ژیان ڕەت دەکاتەوە و مردن هەڵدەبژێرێت، ئەمەش دەلالەتی کۆتایی هاتنی مرۆڤ هەڵدەگرێت ئەگەر پاڵەوانی چیرۆکەکە نوێنەری هەموو ئێمە بێت.

پاڵەوانی چیرۆکەکە لە کاتی هاتنی هەتاوی دەستگیرانیدا زیاتر هۆی سووربوونی لەسەرمردنەکەی و بلاوکردنەوەی هەواڵەکەی ئاشکرا دەکات بە تایبەتی کاتێ دەڵێت: (دەست لە دڵم دە بزان چەند ساردە سەرمای وەرزی ئەم ژینە وای تاساندووم بە بووکانێکیش گەرم نابمەوە لە باوەشی مندا تۆش دەتەزی). لەم دەربڕینەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە سەرمای وەرزی ئەم ژینە هۆکاری مردنەکەی پاڵەوانە (سەرمای وەرزی ئەم ژینە) ڕاستەوخۆ دەلالەتێکی سۆسیۆلۆژی و سیاسی هەڵدەگرێت کە ئەویش بریتییە لە باری ناهەمواری زەمانە و دەستەوسان بوونە لە بەرامبەر جێبەجێکردنی خۆزگە و ئاواتەکانیدا، کە درێژەکێشانی ئەم حاڵەتە مرۆڤ دەگەیەنێت بەو خاڵەی کە دڵنیابێت لەوەی ژیان هیچ بەهایەکی نییە..

بزوێنەری مۆتیڤی ژیان لە ناخی مرۆڤدا ئەو گەرمییەیە کە دڵ دەیبەخشێ، بەڵام ئێستە پاڵەوانی چیرۆکەکە دڵی تەزیوە، واتە پاڵنەری بەردەوامبوونی ژیان و زیندەگانی لەدەست داوە و مەیلی مردن باڵادەست بووە. لێرەدا لە نێوان دووانەی (ژیان/ مردن، گەرمی/ تەزین، بەردەوامبوون/ وازهێنان)دا.

جەمسەری یەکەم هەرەس دەهێنێت، چونکە ئەو مۆتیڤەی ڕۆحی ئەم جەمسەرەیە پێکدێنێت مەیلی زیندەگانی و ئیرۆسیەتە هەرەسی هێناوە، بۆیە مردن و تەزین و وازهێنان کۆنترۆڵی پانتایی ناخی پاڵەوان دەکەن و بەوەش پانتاییەك بۆ زیندەگانی نامێنێتەوە.

پاڵـەوانی چـیرۆکەکە خـۆی بـە تـەرمێك ناودەبـات کاتـێ بـە هـەتاوی دڵـداری دەڵێـت: (بـڕۆمن مـردووم) یـان دەڵێـت! (بـا لـەلای مەیتێکـەوە هێنـدە نـەگری بـۆنی مـەرگی لێبنیشـێ). لێـرەوە دەردەکـەوێت پاڵـەوانی چـیرۆکەکە نایـەوێت هـەتاو فریوبدات و لە سایەی ئەمدا چاوەڕوانی بەهاکانی ژیـان و جێبەجێکردنی حەز و ئـارەزووە دنیایـەیکانی لـێ بکـات. هـەر لـەم دەروازەیـەوە ئەگـەر شـۆڕبینەوە بـۆ دەهالیزەکانی دەقەکە ڕاستە دەشێ چەند ئاشکرایەك ون بکەین، بەڵام لە پشتی ئەو حاڵـەتی ساردبوونەوەیەوە کە پاڵـەوان باسـی دەکات مەلوولی غـەریزەی ژیـان یان ئاشکراتر بڵـێین مـەدلوولی سێکسـی هەیـە. پاڵـەوانی چیرۆکەکە تـەزیوە و هـیچ گەرمییەکی تێدا نەماوە.

هەسـتی گـەرمی لێـرەدا دەلالـەتی ئـارەزوو یـان توانـای سێکسـی هەڵـدەگرێت، بۆیە دەشێ لێرەدا وای لێك بدەینەوە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە دووچاری هەرەسـی توانای سێکسی بووە. هۆی سەرەکی بێئومێدی بوونیشی لە ژیـان دەگەڕێتـەوە بـۆ ئـــەم هۆکـــارە ئەگـــەر لـــەم دەروازەیانـــەوە لـــە دوای ئـــەو پرســـیارە بگـــەڕێین کـــە بانگەوازکردنی هـەواڵی مردنەکـەی بـەرزی دەکاتـەوە. وایشـی دەبینـێ ئەگـەر مرۆڤ توانـای سێکسـی هەرەسـی هێنـا بـە واتـا مـردووە. لێـرەوە پاڵـەوان وای دەبینـێ بکـەرێتی ئـەم تـەنیا لـە پیـادەکردنی ئـەو توانایـەدا دەردەکـەوێت کاتـێ کـە ئـەو توانایـەی نـەبێت واتـە خەسـڵەتی بکەرێتیشـی دەدۆڕێنـێ لـەو حاڵەتەشـدا مـردن ئاســـاییە، هـــەر لێـــرەوە دەردەکـــەوێت بانگەوازەکـــەی، بانگـــەوازی مردنـــی پیاوەتییـەتی، مردنـی پیـاوەتیش واتـە سـڕینەوە. پاڵـەوان ئـەم حاڵەتـەی خـۆی ئاشکرا دەکات، بەڵام خەڵکی کاتێ دەیبینن کە زینـدووە بڕوای پێناکـەن چونکە ناتوانن لەو مانایە بگەڕێن لە دوای ئەو بانگەوازەوە ڕاوەستاوە.

پاڵـەوانی چیرۆکەکە نیگەرانە لـەوەی کـە خـەڵکی پێـی دەڵـێن زینـدووە. لێرەدا حاڵەتێکی نامەئلوف دەردەکەوێت بنیادەم بە گشتی هەمیشە لـە مـەرگ دەترسـێت و دەشێ ترسناکترین سات لای مرۆڤ ئەو ساتە بێت کە هەست دەکات ڕووبەڕووی مردن دەبێتەوە یـان مـردن وا لـە مـرۆڤ دەکـات کـە جۆرێك لـە بێئومـدیی لا دروست

بێت و لە سنووریکدا بووەستێت، خۆ ئەگەر مەترسی مردن نەبووایە ڕەنگە مرۆڤ زۆر بەرەوی بە توانای خۆی بدایە و گەلێك داهێنانی گەورەی لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیاندا بەدەست بهێنایە. ترس لە مردن غەریزەی ژیان دەکوژێت و مرۆڤ دەستبەرداری هەوڵ و تەقەلا و گۆڕانکاری دەکات. ترس لە مردن ترسە لە کۆتایی، ترسە لە سڕینەوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم حاڵەتانەوە پاڵەوانی چیرۆکی (ئاپۆر) مردن هەڵدەبژێرێت و دەترسێت لەوەی زیندوو بێت. هەر ئەم ترسەش دەبێتە مۆتیڤی گەڕانی پاڵەوان بە دووای مەرگدا. ئەمەش وای لێدەکات کە ڕێگای بەرەو گۆڕستان بگرێتەبەر بەو هیوایەی گۆڕەکەی خۆی بدۆزێتەوە.

لێرەوە ئەو کارەی پاڵەوان سەرەنجمان بەرەو مێژوویەکی کۆنتر بۆ مردنەکەی ڕادەکێشێت، کاتێ بە دوای کێلە کۆنەکاندا دەگەڕێت تا ناوونیشانی خۆی بدۆزێتەوە. هەر لێرەوە مردنەکەی پاڵەوان دەلالەتێکی مێژوویی هەڵدەگرێت، کاتێ دەڵێت (سەرتان سوڕنەمێنێ ئەمن هەزار و حەوت سەد ساڵ لەمەوبەر مردبووم) لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات داخۆ ئەو مێژووە لە خۆیەوە وتراوە بەبێ ڕووداوێکی مێژوویی لەو بەروارەدا پێوەندی بە پاڵەوانی چیرۆکەکەوە هەبێت؟ یان لە ڕاستیدا لەو بەروارەدا ڕووداوێکی دیاری مێژوویی ڕوویداوە و پێوەندی بە کەسێتی پاڵەوانەوە هەیە؟ بە تایبەتی پاڵەوان کە خۆیشی گێڕەرەوەیە لە دیاریکردنی ئەو مێژووەدا سەرنجمان بۆ ئەوە ڕادەکێشێت کە مردنەکەی مردنی ئاسایی خۆی نییە، بەڵکو مردنی مێژوو و کەلتوور و پێکهاتەیەکی بالاترە. واتە مردنەکەی دەلالەتێکی مێژوویی هەیە، لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بانگەوازەکەی پاڵەوان بۆ ئاشکراکردنی مردنەکەی ئەوا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت پاڵەوان کەسێکی هۆشیارە لەنێو دەوروبەرەکەیدا، چونکە هەست بە مردنی کەسێتی خۆی دەکات ئەو کەسێتییەش کەسێتی نەتەوەیی یان مێژوویی پاڵەوانە، واتە پێکهاتەیەکی گەورەترە و پاڵەوانی چیرۆکەکە هێمایە بۆ دەربڕینی و ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەو کەسێتییە هیچ ئامادەبوونێکی نییە. کەواتە لێرەوە دەلالەتێکی تری مردنەکەی پاڵەوان بریتییە لە هەستکردن بە نائامادەبوونی

مێـژوویی و شارسـتانێتی، لێرەوە ڕۆڵـی کەسـێتییە دیوالیسـتییەکەی پاڵـەوان بـە تەواوی ئاشکرا دەبێت. کەسێتییە مردووەکە بریتییـە لـە کەسێتی نەتـەوەیی یـان ئامادەبوونی مێژوویی و شارستانێتی پاڵـەوان، کەسێتییە زیندووەکەش بریتییـە لە کەسێتی بایۆلۆژی خودی پاڵـەوانی چیرۆکەکە. دەلالـەتی بانگـەوازکردنی مـردن بریتییە لە پەی بردن و داننان بە حەقیقەتی تاڵی نائامادەبووندا. ئەگـەر پاڵـەوانی چیرۆکەکە بریتـی بێت لـە کەسێتی کـوردی، ئـەوا لایەنـە زیندووەکـەی ئەوەیـە کـە کـورد وەك نەتـەوە تـەنیا لـەو سـنوورەدا زینـدووە کـە لـە ڕووی بایۆلۆژییـەوە لـە ژیانداییـە. لایەنـە مردووەکەشـی کـە لایـەنی زینـدوو ڕایدەگەیـەنێت کـە مـردووە بریتییـە لـە نـەبوونی توانـای خۆسـەلماندن و ونبـوون و نـەتوانین بـۆ هاتنـە نێـو مێژووەوە. بڕوانەکردنی ئەوانی تر بە مردنەکەی پاڵەوانی چیرۆکەکە وەك خۆی ئاشکرای دەکات بریتییە لە پەی نەبردنیان بە حەقیقـەتی نائامادەبوون. لـە پشـتی ئەمەشەوە مەدلولێکی تر هەیە ئەویش ئەوەیە کە پاڵەوان کەسێکی هۆشیارە و لـە حاڵەتی دەستنیشانکردن و ڕەخنەگرتندایە لـە ماهیـەتی خـۆی، ئـەم هەڵوێستەش تـا ئێسـتە لـە پانتـایی عـەقڵی کوردیـدا دروسـت نـەبووە، چـونکە پـەیبردن بـە حەقیقـەتی نائامـادەبوون گـەورەترین ئـازاری مەعنـەوی تێدایـە، تـا ئێسـتەش ئینسـانی کـورد ناتوانێـت خـۆی بخاتـە بـەر دادگـای ئـەو ئـازارە مەعنەوییـەوە، پاڵەوانی چیرۆکەکە لـەم حاڵەتەدایە، لـە کاتێکدا ئـەوانی تـر واتـە کۆمـەڵ توانـای خودربوونەوە و تێڕامان و هەڵسەنگاندن و ناسینی خۆیانیان نییە.

–4–

ئـەنجام پاڵـەوانی چـیرۆکەکە گۆڕەکـەی خـۆی هەڵدەداتـەوە تـا بزانێـت ئایـا پاشمـاوەی ئێسـك و پروسـکەکەی چـی بەسـەرهاتووە. بـەڵام شـتێکی وەهـای دەسـتگیر نابێـت، هەڵدانـەوەی گۆڕەکـە لـە لایـەن پاڵـەوان خۆیـەوە دەلالـەتی گەڕانەوەی ئێمەیە بـۆ خوێندنـەوەی ڕابردوومـان، بـۆ ئاشـکراکردنی مێـژوومان، بـۆ دەرخسـتنی ئـەوەی کـە بـێ هـیچ بنەمایـەك شـانازی پێـوە دەکـەین. شـۆڕبوونەوەی پاڵــەوان بــۆ نێــو گۆڕەکــە و ئاشــکراکردنی نهێنییــەکانی نــاوی بریتییــە لــە

شـۆڕبوونەوەی ئێمـە بـەنێو دەهالیزەکـانی مێژوومانـدا بـۆ ئاشـکراکردنی مێـژوو و شارستانیەتی ڕابردوومان. لە لایەکی ترەوە بریتییە لە شۆڕبوونەوەی ئێمە بۆ نێـو دەهالیزەکانی ئەم دەقە بۆ دۆزینەوەی پرسیارەکانی کە پەیوەستن بە ئامادەبوونی ئێمـە و ماهیـەتی بوونمانـەوە. پاڵـەوانی چیرۆکەکە دەیـەوێت ئـەو حەقیقەتـەی کـە خۆی هەستی پێدەکات بـۆ خـەڵکی ئاشـکرا بکـات و داواشـیان لێـدەکات کـە بـڕوای پێبکەن. بەڵام هـەر زووش تێـدەگات کە ناتوانێـت بـە ئـەوانی تـری بسـەلمێنێت کـە ئـەم مـردووە و حەقیقـەت ئەوەیـە کـە ئـەم درکـی پێـدەکات. لـە ئـەنجامی ئـەوەدا پاڵەوان دەگاتە ئەو بۆچوونەی مانەوەی هیچ مانایـەکی نییـە چونکە نـە دەتوانێـت کار لە دیـد و بۆچوونی کـەس بکـات، نـە کەسـیش بـڕوا بـە بانگەوازەکـەی دەکـات، ئەمە لە کاتێکدا کە هەست دەکات لـە ڕووی مەعنەوییـەوە مـردووە بۆیـە پێـی وایـە مردنی بایۆلۆژیش بکات بە پراکتیك واتە لە ڕووی بایۆلۆژیشەوە بمرێت. ئـەوەش دەیگـەنێتـە بڕیـاری کۆتـایی هێنـان بـە خـۆی واتـە ئـەنجام لـەژێر کاریگـەری مردنـی مەعنەویدا لە ڕووی بایۆلۆژیشەوە خۆی دەکوژێت بە بێ ئەوەی هیچ کەس بزانێت چۆن مردووە و هیچیشی لە دوا بەجێ نامێنێ، هەر لێرەوە پاڵـەوان دەبێتـەوە ئـەو کەسەی حەقیقەتەکە کە لە چیرۆکەکەدا لێی دەدوێت و هـەزار و حـەوت سـەد ساڵە مـردووە و هـیچ ئاسـەوارێکی لـێ بـەجێ نـەماوە. ئـەو کەسـێتییەش ئەگەرچـی مێژووەکەشی بە تەواوی وا نەبێت ئـەوا بریتییـە لـە کەسێتی ئێمـە لـە مێـژوودا کـە چۆن دووچاری شکست بووین لە ڕابردوودا و هـیچ شارسـتانییەتی و مێژوویـەکی دریاریشمان لە دوا بەجێ نەماوە.

*     *     *

# بەشی یانزەیەم

## شکستی پرۆژەی کوشتنی باوك

## لە چیرۆکی (باوکم)ی فاروق هۆمەردا

-1-

(باوکم) ناونیشانی چیرۆکێکی فاروق هۆمەرە کە لە پاشکۆی ئەدەب و هونەری ژمارە (1412)ی کوردستانی نوێ بڵاوبۆتەوە. ئەم چیرۆکە کۆمەڵێ پرسیار دەوروژێنێ کە لەم خوێندنەوەیەدا هەوڵدەدەین ئەو پرسیارانە دەستنیشان بکەین و بەو پێیەش لە دوای دۆزینەوەی جیهانبینی دەقەکە دەگەڕێین. هەر لە سەرەتاشەوە حەزدەکەم ئەوە بە خوێنەر بڵێم کە لەم کارەدا دەشێ لە پرۆسەی گەڕان و بە دواچوون و ئاشکراکردنی هەندێ نادیار و شاراوەدا پەردە لەسەر هەندێ دیار و ئاشکرادا بنێین، بەسەرهاتی چیرۆکەکە دەربارەی نەخشەی کوڕێکە بۆ کوشتنی باوکی، یان بە شێوەیەکی تر منی قسەکەر کە پاڵەوانی چیرۆکەکەیە پرۆژەی کوشتنی باوکی دادەنێت و هەوڵی جێبەجێکردنی ئەو نەخشەیەش دەدات. بەڵام بێ ئاگاداری ئەم باوك بەر لە ئەنجامدانی نەخشەکە هەڵدێت و پرۆژەی کوشتن ڕاستەوخۆ ڕوونادات، بەڵکو باوك دوای ئەوەی بە دزییەوە هەڵدێت لە دوای خۆیەوە لەبری ئەوەی یەقینی کۆتای هاتنی خۆی بەجێ بهێڵێت، گومان و نیگەرانی و پەشێویی بەجێ دەهێڵێت و ئەمانەش کوڕە ناچار دەکەن لە بری دڵنیابوون لە مردنی باوکی سەوداسەری گەڕان بێت بە دوایدا. لەم پرۆسەیەدا لە بری کوشتنی باوك کوشتنی دەسەڵات ڕوودەدات گەرچی خودی باوك هێمایەتی چونکە باوك ئەو پانتاییە بەجێ دەهێڵێت کە دەتوانێت پیادەی دەسەڵاتی تیادا بکات. بەڵام دواتر کوڕە لە پرۆسەی گەڕانیدا بە دوای باوکیدا ئەو بۆچوونەمان بە یاد دێنێتەوە کە مرۆڤ گەرچی دژی دەسەڵات بێت، بەڵام لەگەڵ

ئەوەشدا لە ڕووی دەروونی و مەعنەوییەوە دەخوازێت دەسەڵاتێك كە نموونەی باوكە لە سەرییەوە هەبێت هەتا دڵنیایی پێ بدات.

باوك هێمای سەرجەم دەزگاكانی دەسەڵاتە لەم چیرۆكەدا. هەوڵدان بۆ ڕوخاندن و لەنێوبردنی دەسەڵاتیش وەكو حاڵەتێكی نزیك لە غەریزە لە وجودی مرۆڤدا ئامادەبوونی هەیە. لەم ڕوانگەیەوەیە كە مرۆڤ لە ژیانی كۆمەڵایەتی خۆیدا هەوڵدەدات تەختی دەسەڵات بڕوخێنێ. وەك گوتمان باوك نوێنەری تێكڕای ئەو دامودەزگا كۆمەڵایەتییانەیە كە توانای پیادەكردنی دەسەڵاتی خۆیان بۆ دەرەوەی خۆیان هەیە لەوانەش دەوڵەت، حیزب، خێزان، ئایین، ویژدانی كۆمەڵایەتی و ئەخلاق.. هتد. لە كۆمەڵگەی مرۆڤایەتیشدا سەرجەم شۆڕش و ڕاپەڕینەكان بە دژی ئەو سیستەمە كۆمەلایەتییانە كراون ئەویش بە مەبەستی دەرچوون و دەربازبوون لە تۆڕەكانی ئەو دەسەڵاتەی كە ئەو سیستەمانە پیادەی دەكەن، یان هەر لە بنەڕەتەوە بۆ پوچكردنەوەی ماهیەتی خودی بەرهەمهێنی دەسەڵاتەكە دەكرێن، گەرچی تا مرۆڤ مابێت دەسەلات كۆتایی نایەت و مرۆڤ لە لایەكی ترەوە ئارەزووی دروستكردنی دەسەڵاتی لە سەرووی خۆیەوە هەیە هەتا ئومێدی پاراستن و دڵنیابوونی پێ ببەخشێت. نەخشەی كوشتنی باوك وەك هێمای دەسەڵات ئەو شۆڕشەیە كە ئومێدی لەنێوبردنی دەسەڵاتە یان تاوانێكە بۆ لەنێوبردنی سیستەمی باوكسالاری ئەنجام دەدرێت بە تایبەتی باوك ئەو خودە دەسەڵاتدارەیە لە خێزاندا كە دوور لە ویست و ئارەزوو و ئیختیاری مرۆڤ بوونی هەیە. لە لایەكی تریشەوە باوك ئەو هێمایەی دەسەڵاتە كە بوونی كارەساتە و كوشتنی هەموو ئازادییەكە لە سنووری دەسەڵاتەكەیدا، هەروەك كوشتنیشی لەوە كارەسات ترە چونكە حاڵەتێكە ڕزگاربوون لێی مەحاڵە، لە لایەك دیكتاتۆرە و ئازادییەكانی نەوەكانی دەكوژێ و كەسیەتیان دەسڕێتەوە و ڕێگا نادات هەبن و دان بە بوونیاندا نانێت، لە لایەكی تریشەوە هێزێكی مەعنەوی گەورەیە لە پشتی كوڕەوە، زۆربەی كات دەبێتە هۆكاری بوون و سەلماندنی كوڕ لە ژیانی كۆمەڵایەتیدا. لە لایەك ڕق و كینە لە بەرامبەریدا دروست دەبێت و دزێو و

ناشیرینە و لە ئامادەبوونی ئەودا کوڕ بوونی نییە، لە لایەکی ترەوە ڕایەڵێکی سۆز و خۆشەویستی هەیە کە کوڕی پێوە دەبەستێت و لە ڕووی مەعنەویشەوە پێویستە بۆئەوەی لە بەرپرسیارێتی دوورمان بخاتەوە. لەبەرئەوەیە کە بڕیاردانی کوشتنی باوك کارێکە مایەی نیگەرانی و گومانە. پاڵەوانی چیرۆکی (باوکم) ئەگەر لە ڕووکەشیشدا ئەمە نەدرکێنێت ئەوا لە نەستدا بەدەست ئەم حاڵەتە دەروونییەوە نیگەرانە و لە بەردەم بڕیاردانـدا ترسـنۆك و بودەڵەیـە و لـە دوای دۆزینـەوەی بیانوویەك دەگەڕێت هەتا ئێمەی پێ قایل بکات کە بە ڕاستی باوکی شایانی ئەوەیە بکوژرێت، ڕەنگە لە تاوانی کوشتنی باوکدا تەنها ئەم پاڵەوانە نەبێت کەوا ئیفلیجە بەڵکو کەمن ئەوانەی بە جورئەتەوە و بێ دوودڵی بڕیاری کوشتنی باوك دەدەن و بوێرانەش بێ بیرکردنەوە لە دنیای دوای باوك ئەو نەخشەیە جێبەجێ دەکەن.

-2-

ڕاسـتەوخۆ ناونیشـانی چـیرۆکەکە (بـاوکم) کلیلـی کردنـەوەی دەقەکـەمان پێشکەشی دەکات. وشەی باوك وەك گوتمان مەدلولی دەسەڵاتی هەیە. ڕاناوی لکاوی (م) کە خاوەندێتی نیشان دەدات بە وشەی (باوك)ەوە لکاوە، بەڵام لەم خاوەندێتییەدا خاوەن دەبێتە کۆیلە و وابەستە، هەرچۆن (م)ی ڕاناوی لکاو پەراوێز و پاشکۆی وشەی باوکە. دەسەڵاتەکە لە شێوەیەکی گشتییەوە دەکاتە تایبەتی و پانتایی تۆڕەکانی ئەو دەسەڵاتە تەسك دەکاتەوە یان بە شێوەیەکی دی ئەو ڕووبەرەی تۆڕەکانی ئەو دەسەڵاتە دەیتەنن بچووك دەبێتەوە، کاتێ منی قسەکەر وەکو پاڵەوانی چیرۆکەکە لە تایبەتمەندی دەسەڵاتی خودی باوکی لە سنووری خێزانەکەیدا دەدوێت، بەڵام دیارە دواتر ئەو سنوورە تەسکە لە ئاستی دەلالی دەقەکەدا دەڕوخێ و لە سنووری خێزانەوە دەگوزارێتەوە بۆ ڕووبەرێکی بەرفراوانتر کە پانتایی ژیانی کۆمەڵایەتییە.

بکەری ڕێزمانی چیرۆکەکە واتە پاڵەوان کە توانای دروستکردنی ڕووداوی هەیە لەو دەسەڵاتە دەدوێت کە لە سەرووی خۆیەوە ڕاوەستاوە و ئەم کەوتۆتە نێو

سـنووری پیـادەکردنی و هـەر لـەناو نیشانەکەشـەوە ئاماژەیـەك بـۆ درێـوی و ناپەسەندی ماهیەتی خودی بەرهەمهێنی ئەو دەسەڵاتە دەکات، بۆیە ناونیشانەکە ئیمای پێشبینی کردنی شۆڕشێك دەبەخشێت.

منی قسەکەر (بکەر–پاڵەوان) لە ئەنجامەوە دێتەوە بۆ سەرەتا و بەسەرهاتی چیرۆکەمان بۆ دەگێڕێتەوە و لە ڕووی بنیادی هونەریشەوە سەرباری دایەلۆگ و مۆنۆلـۆگ و فـلاش بـاك زمـانێکی بـێ گـرێ و سـادە بـەکاردێنێت و جـۆرە شاعیریەتێکیشی پێوە دیارە. پاڵەوان ئەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە کە باوکێکی پیر و پەك کەوتەی هەبووە و پیاوێکی ترسنۆك و بودەڵەی کەم دوو بووە بەرامبەر بە دەرەوەی خێزانەکە. هەمیشە لە بەردەمی خەڵکدا شەرم دایگرتووە و توانای خۆنواندن و خودنمـایش کردنـی نـەبووە، بـەڵام لـە سـنووری خێزانەکەیـدا ئـەو دیکتاتۆرە بووە کە ژیانی منی بکەر و ئەندامانی تری خێزانەکەی کردۆتە دۆزەخ.

ئەگەر سەرنجی تاوانی کوشتنی باوك بدەین ئەوە لە کەلتوری جیهانیدا بابەتێکی مەئلوفە هەر لە ئەفسانەی کۆنی میزۆپۆتامیاوە ئەوە بەرچاودەکەوێت و ئەفسانە و مێژووی گەلان چەندین نموونە لەو جۆرەی تێدایە، هەتا ئەو بابەتە لە بەرهەمی ئەدەبیدا لە قۆناغەکانی دواتردا ڕەنگی دایەوە و ئەنجام فرۆید لە شێوازی تیۆریدا بەرجەستەی کرد. سەرباری مەئلوفی ئەم بابەتە بەڵام هەریەکە بە جۆرێك نەخشەی ئەو شۆڕشە دەکێشێت و هەریەکەش شێوازێکی تایبەت بۆ بەرجەستەکردنی دەدۆزێتەوە. لە چیرۆکی کوردیشدا ئەم بابەتە غەریب نییە و پێش هۆمەر حەساری شێرزاد حەسەن نموونەیەکی جوانە لە ئەدەبی کوردیدا کە لە شێوازێکی بەرزی فانتازیادا گوزارشتی ئەو حاڵەتە دەکات. سەرەتا کە دەچینە ناو چیرۆکەکەی فاروق هۆمەرەوە وا هەست دەکەین بەشێکی دی لە حەسار دەخوێنینەوە، بەڵام مامەڵەیەکی هونەرمەندانەی بابەتەکە دەکات کە دیارە جیهانبینییەکی جیاواز لە جیهانبینی حەسار بەرهەم دێنێ و ئەوەش چیرۆکی (باوکم) لە کورتە ڕۆمانی (حەسار) جیادەکاتەوە و دەبێتە چیرۆکێکی سەربەخۆ کە یەکێك لە گرفتەکانی دەقی کوردی ئەوەیە کە سەرباری جۆرێك لە شێواز کە

ڕەنگە لە ڕووی بنیادی زمانیشەوە نویٚ بێت، بەڵام لە پشتییەوە جیهانبینییەکی مەعریفی نادۆزرێتەوە، ئەوەش ئەو ڕاستییە سەرەتاییە نەفی دەکات کە زمان یان شێواز خۆی دەبێتە ئامانج، لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە دەسەڵاتی مانا دەسەڵاتی زمان لەناوببات، بەڵام ئەوەش بۆچوونێکی ساویلکانەیە کە لات وابێت ئەرکی ئەدەب ئەوە نییە هیچ بڵێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەو دەقەی جیهانبینییەکی مەعریفی لە پشتییەوە نەوەستابێت دەقێکی مردووە.

کەسیەتی (باوک) لە چیرۆکەکەدا بە پێی وەسفەکانی منی بگۆ کەسیەتییەکی لاوازی هەیە، کەم دووە و شەرمنە لە دەرەوەی خێزانەکەیدا، دیکتاتۆرێکی دڕندەیە لە ناو خێزانەکەیدا، بە توندترین شێوە پیادەی دەسەڵاتی خۆی دەکات. لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات داخۆ ئەو باوکە تەنها باوکی خێزانە؟ یان باوک بەو پێناسەیەوە کە لە سنووری دەقەکەدا بۆی کراوە دیوارەکانی سنووری خێزان بەجێدەهێڵێ و دەبێتە هێمای تری دەسەڵات لە کۆمەڵگەی ئێمەدا یان نا؟ وەك پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد باوك هێمای تێکڕای ئەو دەزگایانەیە کە بەرهەمهێنی دەسەڵاتن لە کۆمەڵگەدا. بەڵام باوك لە دەقەکەی هۆمەردا نموونەیەکی دیاری باوکی کوردییە، باوکی ئەو کۆمەڵگەیەی کە لە ڕاستیدا گرێی هەستکردن بە نەبوونی باوکی هەیە. ئێمە پێشتر گوتمان کە باوك هێمای سەرجەم دەزگاکانی دەسەڵاتە وەکو دەوڵەت، حیزب، خێڵن ئایین.. لە بۆچوونی هیگڵەوە دەوڵەت ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگەیە، واتە بەرزترین ئاستی پیادەکەری دەسەڵاتە، یان بە شێوەیەکی دی کامڵترین سیستەمی بەرهەمهێنی دەسەڵاتە، ئیتر گرنگ نییە با لە ڕووکەشدا دەوڵەت دیموکراتی یان دیکتاتۆری بێت، گرنگ ئەوەیە لە ڕووی پیادەکردنی دەسەڵاتەوە لە هەردوو بارەکەدا یەك ماهیەتی هەیە. دەوڵەت بەرزترین دەزگای کۆمەڵایەتی دەسەڵاتە کە نموونەی باوکێکی کامڵ نیشان دەدات. با نموونەیەکی دیش بۆ زیاتر ئاشکراکردنی ئەم بۆچوونە بهێنینەوە چونکە پەیوەندی گەوهەری بە جیهانبینی چیرۆکەکەوە هەیە. فارابی پێی وایە دەوڵەتی هەرە تەواو نموونەی باڵای دەسەڵاتە. دیارە ئەو نموونە هەرە تەواوەش

ڕۆحی ڕەهای کۆمەڵگەیە و بەرزترین دەزگایە بۆ بەرهەمهێنان و پیادەکردنی دەسەڵاتی ڕەها. کەواتە باوکی نموونەیی بە تێکڕای سیفەتەکانی دەسەڵاتەوە ئەو باوکەیە هاوشانی سیستەمی دەوڵەتە، لێرەوە تێدەگەین کۆمەڵگەی کوردەواری لە ڕووی گەشەی کۆمەڵایەتییەوە تاکو ئێستا باوکی موتڵەقی نییە و بەوپێیەش دەسەڵاتی باوک لە جوگرافیای ئەم کۆمەڵگەیەدا سنوورێکی داخراو و دیاریکراوی هەیە.. لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت باوک کە هێمای دەسەڵاتە، لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەو جۆرە نییە کە لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی گەشەسەندو و پێشکەوتوودا هەیە، گەرچی بە بارێکی تردا دەشێ باوک وەکو هێمای دەسەڵات لەبەر لاوازی ماهیەتی لە پیادەکردنی دەسەڵاتدا زۆر توندوتیژ بێت و شێوازی پیادەکردنی دەسەڵات لەلای ئەم لە شێوازی پیادەکردنی دەسەڵات لە لایەن دامەزراوێکی باڵای دەوڵەتی دیکتاتۆر توندوتیژتر بێت چونکە ئەم لەبەر لاوازی زیاترین توندوتیژی بەکاردەهێنێت بۆ فەرزکردنی کەسیەتی خۆی و دورخستنەوەی پرۆژەی چاوەڕوانکراوی تاوانی کوشتنی باوک.

باوک لە چیرۆکەکەی هۆمەردا باوکێکی ئیفلیجە، سنووری دەسەڵاتی دیاریکراوە، بە پێچەوانەوە باوکی حەساری شێرزاد حەسەنەوە کە نموونەی توندوتیژترین سیستەمی باوکسالارییە. ئەگەر لە دووای مەدلولی باوک بگەڕێین لە چیرۆکەکەی فاروق هۆمەردا ئەوا ڕاستەوخۆ تێدەگەین ئەو باوکەی هۆمەر باوکی ڕاستەقینەی کوردییە. باوکێکی لاواز و ئیفلیج کە ئەویش ڕاستەوخۆ هێمای تێکڕای دامودەزگاکانی دەسەڵاتە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا. باوک لەم چیرۆکەدا هێمای حیزبی کوردییە. ئەگەر سەرنج لە حیزبی کوردی بدەین ئەوە لە ڕووی بەدەستهێنانی دەسەڵاتەوە تاکو ئێستا نەیتوانیووە بگاتە ئاستی دروستکردنی دەوڵەت کە دەوڵەت بەرزترین دەزگای بەرهەمهێن و پیادەکەری دەسەڵاتە، هەرچۆن باوک لە چیرۆکەکەی هۆمەردا باوکێکی لاوازە و ناتوانێت دەسەڵاتی ڕەهای خۆی لەو ڕووبەرە جوگرافیایەی کە تیایدایە بە تەواوی بسەپێنێت، بەڵکو سنووری دەسەڵاتی زۆر داخراوە و لە چواردیواری ماڵەکەی خۆی تێپەڕ ناکات،

دەشێ باوك لە چیرۆكەكەی هۆمەردا هاوشانی دەسەڵاتی لاوازی خێڵی كوردی یان حیزبی كوردی بێت كە لە سنوورێك یان هەرێمێكی داخراودا توانای پیادەكردنی ئەو دەسەڵاتەی هەیە بەڵام لەو سنوورە داخراوەدا نموونەی توندوتیژی دەسەڵات پیادە دەكات، بەڵام ناتوانێت پڕكێشی پیادەكردنی دەسەڵات لە دەرەوەی ئەو سنوورە بكات. ئالێرەوە بە تەواوی ئاشكرا دەبێت باوك لە چیرۆكەكەی هۆمەردا باوكی ڕاستەقینەی كوردە، حیزبی كوردییە، خێڵی كوردییە، دەسەڵاتی كوردییە. لە لایەكی ترەوە باوك لەم چیرۆكەدا توانای خۆدەرخستن و ئاخاوتن و خودنمایشكردنی نییە لە بەردەمی خەڵكیدا، تەنانەت ئەگەر پرسیارێكیشی لێ بكرێت، واتە ئەگەر ویسترا بدوێنرێت ئەوا ئەو توانای ئاخاوتنی نییە، ئەمەش ڕاستەوخۆ ماهیەتی كەسیەتی باوك لە چیرۆكەكەدا دەردەخات كە لە بارێكی تردا بریتییە لە ماهیەتی كەسیەتی كوردی، واتە دەسەڵاتی كوردی بە باوكی خێزان و خێڵ و حیزبەوە، كە چۆن تاكو ئێستا لە ڕووی دەرەوەدا نەیتوانیووە خۆی بنوێنێ و ئامادەبوونی هەبێت، بەڵكو زۆربەی كات توانای گوێگرتنیشی نەبووە، هەرچۆن باوك لای هۆمەر لە ژووری نووستنەكەدا خۆی دەكات بە نووستوو: ئەمەش ئەو مەدلولەی هەیە كە دەسەڵاتی كوردی لەبری ئەوەی خۆی نمایش بكات و ئامادەبوونی خۆی بسەلمێنێت بەردەوام لە حاڵەتی خۆحەشارداندایە. لێرەدا با ئەو پرسیارە بەرزبكەینەوە بۆچی باوك لە دەقەكەی هۆمەردا لە ڕووی خەڵكی تردا كپ و بێدەنگە و كە میوانێكیش دێت خۆی دەخزێنێتە ژووری نووستنەكە؟ ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە بەوە بدەینەوە كە (باوك) كەسیەتێكی لاوازە و نە ئەو بنەما مەعریفەییەی هەیە كە بە ئاگاوە بە چەكی زانیاری كەسانی دی ببەزێنێ، نە ئەو بنەما ئابوورییەی هەیە كە بە هۆی ئەو دەسەڵاتەی سامان بۆی دروست دەكات لە ڕووی كەسانی تردا بووەستێت. كە لەم دوو لایەنەوە (باوك) زەمینەیەكی لاوازی هەبێت ئەوە بێگومان لە ڕووی مەعنەویشەوە ناتوانێت ئەو ئامادەبوونەی هەبێت

هــەتا دەســەڵات وەکــو هێزێکــی مەعنــەوی لــە پشــتەوە زەمینــەی خۆنوانــدن و خۆنمایشکردنی بەرامبەر بە دەرەوەی خۆی بۆ ئامادە بکات.

با لە سنووری دەقەکەوە بپەڕینـەوە بـۆ نێـو پانتـایی سیۆسیۆلۆژی و ئـەو بـارە هاوشـانەی کـە لـە دەسـەڵاتی کـوردی و بـاوکی چـیرۆکەکەی هۆمـەر تیایـدا یـەك دەگرنەوە بخەینە ڕوو، ئەمەش بـە پێکـەوە بەسـتنی ڕووداو لـە چیرۆکەکەدا لەگـەڵ ئەو مەدلولـە کۆمەڵایەتییـەی کـە دەقەکـە هەڵیـدەگرێت ئـەنجام دەدرێـت. بـاوك ئـەو ترسنۆکەیە کـە پیرێتـی بڕسـکی لەبـەر بڕیـوە و خـەمی برسـێتی و مـردن زەنـدەقی بردووە و ترس بە گریان دەردەبڕێت. لێرەدا بۆمان ئاشـکرا دەبێـت بـاوك سـەرباری ئـەو زەبروزەنگـەی کـە بەرامبـەر بـە خێزانەکـەی هەیـەتی، کەچـی ترسـنۆکێکی بودەڵەیە و حاڵەتی ترسەکەی بە گریان دەردەبڕێت. ئەمەش لە لایەکی ترەوە ئـەوە دەسـەلمێنێت گەرچـی بـاوك لـە سـنووری خێزانەکەیـدا ئـەو دیکتاتۆرەیـە بـەڵام ماهیەتی لاوازە، توانای خوددەربڕینی نییە، دەشێ بەشێکی توندوتیژییەکـەی لـە سـنووری خێزانـدا کاردانـەوەی ئـەو شکسـتە بێـت کـە لـە ڕووی دەروونییـەوە لـە بەرامبەر دەرەوەدا دووچاری بووە، لە لایەکی تـرەوە دەشـێ گریانەکـەی (بـاوك) لـە ئەنجامی هەستکردنیدا بێت بە لەدەستچوونی ماهیـەتی ئینسـانانەی لـە پرۆسـەی پیادەکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەیدا.

با جارێکی تـر لـە دووای دۆزینـەوەی مـەدلولی کۆمەڵایـەتی خۆحەشـاردانەکەی (بـاوك) لـە ژووری نووسـتنەکەدا بگـەڕێین، ئەگـەر بـاوك هێمـای دەسـەڵاتی کـوردی بێت ئەوا مـەدلولی خۆشاردنەوە و نـەتوانینی خودنمایشـکردنی بـاوك لـە بـەردەمی خەڵکدا ئەوەیـە کـورد سـەرباری ئـەوەی مـاڵێکی بچـکۆلەی هەیـە و خـۆی تیایـدا حوکمدارە و دنیاش ئاگای لەوە کەچی ئەم خۆی لـە بـری ئـەوەی باوکایـەتی خـۆی بسـەلمێنێت و وەکـو بـاوك داوای بنیادنـانی دەسـەڵاتێکی ڕەهـا بکـات و هـەوڵبـدات ڕەعیەتەکـەی بگەیەنێتـە ڕۆحـی ڕەهـای کۆمەڵگـە کەچـی بـەردەوام پاکانـە دەکـات گوایـە ئـەم ئـەوەی نـاوێـت و داوای سـەربەخۆیی واتـە داوای باوکایـەتی ناکـات. ئەمـەش ئـەوە نیشـان دەدات کـە مـەدلولی خۆشـاردنەوەی بـاوك لـە چیرۆکەکەی

هۆمــەردا خۆشــاردنەوەی کــوردە لــە بەرامبــەر دەرەوەی خۆیــدا و نــەوێرانی بانگەشەکردنە بۆ باوکایەتی خۆی لەسەر جوگرافیای خۆی.

لـە لایـەکی تـرەوە بـاوك لـە چـیرۆکەکەدا سـەرباری ئیفلیجـی و ترسـنۆکی لـە ماڵۆچکەکەی خۆیدا دیکتاتۆرێکی دڕندەیە و سەرجەم ئازادییـەکانی داگیرکـردووە و جنێـو و هەڕەشـەکانی بەرامبـەر بـە منداڵـەکانی ئاشـکران. دەتـوانین مـەدلولێکی کۆمەڵایـەتی تـر لـە پانتـایی سیۆسـیۆلۆژی کـورددا بـۆ ئـەم هەڵسـوکەوتەی بـاوك بدۆزینەوە. دەسـەڵاتی کوردی سـەربای نـەتوانینی خودنمایشـکردنی بۆ دەرەوەی خۆی وەکو دەسەڵات یان وەکو بکەرێك کە توانای ڕووداو دروستکردنی هـەبێت لـە میانـەی پیـادەکردنی دەسـەڵاتەوە کەچـی لـەو جوگرافیایـەی کـە خـۆی حـاکمێتی نمونەی توندوتیژی دەسەڵات پیادە دەکات. دەتوانێت (کوڕەکانی) واتە ئەندامانی کۆمەڵگـە چـۆن ئـارەزوو بکـات بـەکاربهێنێت و دەسـەڵاتی خۆیشـی بەسـەریاندا بسەپێنێت، خۆ ئەگەر کوڕێکیش ویستی مل نەدات یـان سەرپێچی بکات یـان لـە ڕووی دەســەڵاتەکەی ئــەودا واتــە لــە ســنووری ماڵۆچــکەی کوردیــدا (ئــەو جوگرافیایەی کە لە ژێر دەسەڵاتیدایە) ڕاپەڕێت ئەوە بە هیچ شێوەیەك پێی قبوڵ ناکرێـت چونکە سنووری ڕێگاپێدراوی بەزانـدووە و دەبێ سـزا بدرێت. بۆیـە لـەم حاڵەتەدا ئەگەر دەسەڵاتی کوردی کە نموونەکەی لێرەدا باوکە ئەگـەر نەشتوانێت ئەو کوڕە ڕاپەڕیوە یان ڕاپەڕیوانە بخەسێنێت ئەوە هەوڵی ڕسـواکردنیان دەدات بە پێـی ئـەو دابونـەریت و بنـەما ئەخلاقیانـەی کـە دەتوانێـت لـەو بـوارەدا بـەکاریان بهێنێت. با ئەمە زیـاتر ئاشـکرا بکـەین و نموونەیـەك لـە خـودی دەسـەڵاتی کوردی خـۆی بخـوازین. دەسـەڵاتی کـوردی سـەرباری دروسـت نـەبوونی تاکـە ناوەنـدێکی دەسەڵات لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، هەریەکە لەو دەسەڵاتە ناوچەییانەی کە هـەن ئـارەزووی خۆیـان بۆئـەوە ئاشـکرا دەکـەن کـە پێوانـەی نیشـتمانپەروەرێتی و کوردایـەتی و دڵسـۆزی بـۆ چارەنووسـی کـورد ئەوەیـە کـە تـۆ هـەر هـیچ نـەبێت لـە ڕووی مەعنەوییەوە ئەوت پێ لە پێشتر بێت لە دەسەڵاتە ناوچەییەکانی دیکە، خۆ ئەگەر هەرکەس پەیڕەوی ئەم پرنسیپەی نـەکرد ئـەوە بـەر نـەفرەتی ئـەو دەسـەڵاتە

ناوچەییە دەکەوێت کە بە ئاشکرا ئەم دان بە شەرعیەیتبوونیدا نانێت. ئەمەش هەڵوێستی باوکە کە چۆن نەفرەت لە کوڕە تەسلیم نەبووەکانی دەکات و بەبێ ڕەوشت ناویان دەبات و هەوڵدەدات لە میراتی بێبەشیان بکات.

-4-

پاڵەوانی چیرۆکی (باوکم) نەخشەی کوشتنی باوکی دادەنێت، بەڵام هەر زوو بیانوو بۆ ئەم پرۆژەیەش دەهێنێتەوە و سەرنجمان بەلای ئەوەدا ڕادەکێشێت کە ئەو مۆتیڤەی پاڵی دەنێت بۆ دانانی پرۆژەیەکی لەو جۆرە پیادەکردنی دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی باوکی نییە، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئەم لە تێڕوانینێکی ترەوە دەڕوانێتە مەسەلەی کوشتنی باوکی، ئەوەتا دەڵێت: بەو ئامانجە نەئەژیام ببمە گیانێکی شەڕانی، ئەیکوژم تا ڕۆحی بسرەوێ.. بەو باوەڕەوە بیرم لە پرۆژەکە ئەکردەوە کە بەدبەختی پیاوێك ئەکوژم). لێرەوە ماهیەتی دەسەڵاتەکە واتە باوك ئاشکراتر دەبێت کە دەسەڵاتێکی لاوازە. لە هەمان کاتدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە پاڵەوانی چیرۆکەکە گەرچی لە گەوهەردا دەیەوێت سیستەمێکی دەسەڵات هەڵوەشێنێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەوە نیشان دەدات کە ماهیەتی ئەو دەسەڵاتە زۆر لاوازە، ئەمەشی لە کاتێکدا بۆ ئاشکرا دەبێت کە ئەو قەڵایەی ئەم لە بەردەمیدا زەندەقی چووبوو، ئەوەتا خۆی ترسی مردن هەرەسی پێهێناوە و بەدیار چەند پارچە نانێکەوە دەگری، ئەمەش مەدلولێکی ئاشکرای لە دەسەڵاتی کوردیدا بۆ دەدۆزرێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە دەسەڵاتی کوردی لەبەرئەوەی نەگەیشتۆتە ئاستی ڕەهای دەسەڵات واتە دەوڵەت بەردەوام لە مەترسی لەنێوچووندایە و بەوشێوە شلۆقەی ئێستای هیچ یاسایەکی مانەوەی دەسەڵاتی دەوڵەتی ناتوانێت دڵنیای بکات لە مانەوە، هەر بۆیە ترسی مردنی باوك لە چیرۆکەکەی هۆمەردا بریتییە لە ترسی دەسەڵاتی کوردی لە ڕووخاندن. هەر لێرەوەیە هەست دەکەین کە کۆمەڵگەی کوردەواری پێویستی بە باوکە، دەبێ باوکی ڕاستەقینەی تیا دروست ببێت، باوکێك کە ڕۆحی کۆمەڵگە لە خۆیدا کۆبکاتەوە و سیفەتی باوکی ڕۆحی هەبێت، هەتا بتوانێت وەکو تاکە بکەری نێو

ماڵی کوردی دەسەڵاتی ڕەهای هەبێت و بێ ترس و خۆحەشاردانیش پارێزگاری لە ماڵی کوردی بکات و مەترسی مردنیش ڕەت بکاتەوە. یەکێك لە ڕووە گەشەکانی چیرۆکەکەی هۆمەر ئەوەیە کە نەهاتووە لە شێوە تیۆرییەکەدا تاوانی کوشتنی (باوك)مان پێشکەش بکات، بەڵکو جۆرێکی دی لە جیهانبینی لە پشتی دەقەکەیەوە ڕاوەستاوە کە خوێندنەوەی ماهیەتی باوکی کوردی دەکات واتە دەسەڵاتی کوردی.

سەرهەڵدانی پرۆژەی کوشتن دەرئەنجامی ئەو پەیبردنەی پاڵەوانی چیرۆکەکەیە بە ماهیەتی باوکی. لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە پاڵەوانەکە سەرباری توندوتیژی باوکی بەرنامەی کوشتنی نەبووە ئەمەش دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت. یان پیشتر باوکی بە هێزێکی گەورە زانیوە و پرکێشی ئەوەی نەکردووە، یان لە بنەڕەتەوە وای زانیوە کە باوك بەو هێزە گەورەیەی کە هەیەتی لەم دەیپارێزێت، بەڵام ئێستا بۆی دەرکەوت کە باوکی هێزێکی هێندە لاوازە و ناتوانێت بیپارێزێت، هیچ بیانوویەك بۆ مانەوەی نامێنێت، چونکە ئەو هێزەی ئەم هەر لە منداڵییەوە تۆقیبوو لێی جگە لە پەیکەرێکی بۆش هیچی تر نییە. ئەو وێنە گەورە و ترسناکەشی لای ئەو سڕایەوە. ئیتر بۆچی بیر لە کوشتنی نەکاتەوە؟ لە کاتێکدا ئازادییەکانی ئەمی کوشتووە. مەدلولێکی ئاشکرای ئەم حاڵەتە لەنێو پانتایی سیۆسیۆلۆژی کوردیدا دەدۆزرێتەوە ئەوەیش ئەوەیە کە زۆرجار بەر بای گوێمان دەوکەوێت کە خەڵکی دەڵێن: جا ئەگەر ئەم حیزبانە نەتوانن پارێزگاری کوردستان بکەن بۆچی باشن؟ بۆ بن؟ ئەمەش ئەو مەدلولە هەڵدەگرێت کە لاوەعی کۆمەڵایەتی کوردی داوای دەسەڵاتێکی ڕەها، باوکێکی بەهێز دەکات هەتا بیپارێزێت و دڵنیایی بۆ دەستەبەر بکات، هەمان وێنەی دەسەڵاتی کوردی باوکیش لەم چیرۆکەدا لاوازە.

پاڵەوانی چیرۆکەکە سەرەتا وەکو هێزێکی زەبەلاح و پتەو لە باوکی و دەسەڵاتەکەی دەڕوانێت، بەڵام کاتێ بۆی ئاشکرابوو کە ئەو دیکتاتۆرەی لەمێژە ئەم دەچەوسێنێتەوە لاواز و بێ ماهیەتە، ڕاستەوخۆ بیری لەوە کردەوە کە

لەنێوبردنی ئاسانە، چاکتر وایە کۆتایی پێبهێنێت و لەنێوی ببات. لێرەوە پرۆژەی کوشتنەکە سەرهەڵدەدات. دیسان لێرەدا هاوشێوە بوونێك لە نێوان ماهیەتی باوك وەکو هێمای دەسەڵات و کوڕەکەی وەکو ڕووخێنەری سیستەمی باوك و دەسەڵاتی باوکسالاری پێکدێت، ئەویش ئەوەیە کە هەردووکیان ترسنۆکن. یەکەم (باوك) ئەو ترسنۆکەیە کە مەترسی مەرگ دایگرتووە و لە بنەڕەتیشەوە ئەو ترسە ڕێگای خۆنمایشکردنی بۆ دەرەوەی خۆی نادات و وەهای لێکردووە توانای دووانەدن و ئامادەبوونی لە بەرامبەر دەرەوەی خێزانەکەیدا نەبێت. لە هەمان کاتدا کوڕەکەی پێش ئەوەی کە ماهیەتی ترسنۆکانەی باوکی بۆ دەرکەوێت نەیدەوێرا بیر لە پلانی کوشتنی بکاتەوە، بەڵام کاتێ کە زانی باوکی پیاوێکی ترسنۆك و بێ شەخسیەتە، ئەوکات پرکێشی بیرکردنەوە لە پلانی کوشتن دەکات. ئەمەش سەرنج بۆ گواستنەوەی سیفەتەکانی بۆ ماوە لە باوکەوە بۆ کوڕ ڕادەکێشێت. لە لایەکی ترەوە کوڕ سبەینێ جێگرەوەی باوکیەتی، واتە دووای باوك ئەم ئاڵا هەڵگری دەسەڵاتە، ئەمەش ئەو مەدلولە هەڵدەگرێت گەرچی کوشتنی باوك لە بنەڕەتەوە وادیارە لە پێناوی کۆتایی هێنان بە دەسەڵاتی باوکسالاریدایە، بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە کە لە پێناوی وەرگرتنی دەسەڵاتدا کوڕ تاوانی کوشتنی باوك ئەنجام دەدات، ئەگەر لەم بۆچوونەشەوە بڕوانینە ئەو پرۆسەیە ئەوا پرۆسەیەکی ناڕەوایە. لە ڕووی گواستنەوەی دەسەڵات لە باوکەوە بۆ کوڕ کە لێرەدا لە باوکێکی ترسنۆکەوە بۆ کوڕێکی ترسنۆکە، ناشێت وای بۆ بچین کە کوڕ دەتوانێت وێنەی باڵای دەسەڵات پێکبهێنێت و لە قۆناغی بە باوك بوونیدا دیکتاتۆرێکی تەواو بێت، بەڵکو هەمان شێوەی باوکی دیکتاتۆرێکی ساویلکە و ئیفلیج دەبێت، ئەمەش شێوازی قۆناغەکانی دەسەڵاتی کوردییە، هەر لە دەسەڵاتی خێزان و خێڵەوە هەتا بە دەسەڵاتی حیزبی دەگات. ئەو لاوازییەش وەهای لێکردوون کە لە حاڵەتێکی شەڕەنگێزدا بن، چونکە مەترسی تێکشکان و لەناوچوون هەمیشە پاڵی ناون بۆ ئەو حاڵەتە کە ئەویش بۆتە هۆی لاوازبوونتری دەسەڵاتەکە و هەرچی هێزی بووە لە پانتایی ژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بەکاری هێناوە

و چیتر نەیتوانیووە تۆڕەکانی دەسەڵات هەڵدات بۆ دەرەوەی سنووریماڵۆچکەی کوردی، تا بەو هۆیەوە پارێزگاری لە مانەوەی خۆی بکات. بڕوانە باوك لە چیرۆکەکەدا چۆن لە سنووری ماڵەکەی خۆیدا توندوتیژە و لێبوردنی نییە، کەچی لە دەرەوەی ماڵەکەیدا توانای تەنانەت گفتوگۆ و وەڵامدانەوەشی نییە.

-5-

کوڕە لە جێبەجێکردنی پرۆژەکەیدا واتە کوشتنی باوکی سەرکەوتوو نابێت، چونە پلانی کوشتنی باوك ئەنجام نادرێت، گەرچی کوڕە ئەو نەخشەیەی کە دایناوە بە مەزەندەی خۆی جێبەجێی دەکات، بەڵام ئەنجام بۆی دەردەکەوێت باوکی پێش جێبەجێکردنی پلانەکە ماڵەکەی بەجێهێشتووە، بەڵام ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: داخۆ دەبێ لە کاتی ئەنجامدانی پلانەکەدا کوڕە هەستی نەکردبێت کە باوکی لەنێو نوێنەکەیدا نییە؟ لێرەدا ئەوە ئاشکرا دەبێت کە کوڕە بە هۆی ترس و پەشێوییەوە لە بەرامبەر کوشتنی باوکیدا نەیتوانیووە بە وردی لە هەموو لایەنەکانی پلانەکەی بڕوانێت. هەربۆیە گەیشتن بە ئامانج وەکو بەرزترین خاڵی گرێچنی چیرۆکەکە کە کوشتنی باوکە هەرەس دێنێ. بەڵام لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات: داخۆ ناشێ باوك لە پرۆسەی کوشتندا وەکو ڕۆحێکی پیرۆز بڵند بووبێت و جەستەی ون بووبێت بۆیە هیچ ئاسەوارێکی بەجێنەهێشتبێت؟ ئەم بۆچوونەش بەو لایەنەی لێکدانەوەدا ڕاماندەکێشێ کە باوك هێمای دەسەڵاتی ڕۆحییە و ڕۆحیش ناگیرێت و کوشتنیشی مەحاڵە.

دیسان دەشێ وای بۆ بچین کە دیارنەمانی باوك وەکو فێڵێکی هونەری سەیر بکرێت کە لە پێناوی ئامانجێکی تردا لە بنیادی چیرۆکەکەدا هاتووە کە ئەویش هێشتنەوەی باوکە تەنانەت دوای ئەنجامدانی پلانی تاوانی کوشتنیشی. لێرەدا جیاوازییەکی تری پلانی کوشتنی باوك لە نێوان (حەسار) و (باوکم)دا دەردەکەوێت، لە (حەسار)دا بە کوشتنی باوك پاشاگەردانییەك لە سنووری حەساردا دروست دەبێت و ئاژاوە دەکەوێتەوە، چونکە دەسەڵاتی باوك هەموو ڕۆحێکی یاخیبوونی خەساندووە، بەڵام لە چیرۆکی (باوکم)دا، باوك ناکوژرێت

بەڵکوماڵەکەی بەجێدەهێڵێت و وەکو تارمایی لە دەرەوە دەمێنێتەوە، کە لە ڕێگای نامەکانیەوە ڕۆحی پەشێویی و دڵەڕاوکێ لە کوڕدا زیاتر بەهێز دەکات و نایەڵێت ئۆقرە بگرێت.

کەواتە ڕۆیشتنی (باوك)یش لای هۆمەر دیسان جۆرێك لە سەرگەردانی دروست دەکات، بەڵام لێرە ئومێد یان ڕاستتر بڵێین مەترسی گەڕانەوەی باوك هەیە، بەڵام ئومێد و مەترسی گەڕانەوەی باوك هەردووکیان مایەی نیگەرانی و پەشێوی کوڕەن. لە بنەڕەتەوە پرۆسەی کوشتنەکە بۆ گەیشتن بە حاڵەتی دڵنیاییە. بۆیە کوڕە بەردەوام لە دوای دۆزینەوەی باوکی دەگەڕێت بە زیندوویی یان مردوویی، هەرکامیان بێت دڵنیایی پێ دەبەخشێت.

بە ئاشکرا کوڕە سەوداسەری دۆزینەوەی باوکیەتی، دەیەوێت بگەڕێتەوە، ئەمەش ئەو مەدلولە هەڵدەگرێت کە مرۆڤ لە سایەی دەسەڵاتدا هەست بە دڵنیایی دەکات و دەپارێزرێت، بەڵام لە هەرەسهێنان یان ڕوخاندنی دامودەزگای دەسەڵاتدا پەشێویی دروست دەبێت و دڵنیایی هەرەس دێنێت. کوڕە وەك ئینسان بە گشتی و تاکی ڕۆژهەڵاتی بە تایبەتی وا ڕاهاتووە دەسەڵاتێك لە سەرەوە بە توندی فەرمانڕەوایی بکات و ئێستەش لەژێر کاریگەری ئەم هۆکارەدا چاوەڕوانی گەڕانەوەی باوکی دەکات. دیسان لێرەدا مەدلولێکی تر بەرهەم دێت ئەویش ئەوەیە کە کوڕە وەکو تاکی کوردی دوور لە دەسەڵاتی باوك ئارام ناگرێت واتە پێویستی بە باوکە، ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو بۆچوونەی کە بڵێین گرفتی ئینسانی کورد لەبری ئەوەی هەوڵدان بێت بۆ کوشتنی باوك، هەستکردنە بە پێویستبوونی باوك، بە گەڕان لە دووای دۆزینەوەی وێنەی ڕاستەقینەی باوك کە دەشێ بە حیزب، یان دەوڵەت یان لە سەرووی ئەوانەوە بە باوکی ڕۆحی ناودێری بکەین. لەسەر ئەم بنەمایە دەتوانین بڵێین گرفتی ئینسانی کورد نەبوونی باوکە، نەبوونی دەسەڵاتێکی ڕەهایە، هەتا لە سایەیدا دڵنیایی ئەوەی بۆ فەراهەم بێت کە ئەو باوکە دەتوانێت پارێزی مانەوەی (کورد) بێت و ڕۆڵەکان سەرلێشێواو نەبن و گورگ نەیانخوات.

لـەم چـیرۆکەدا (بـاوك) دووای ئەنجامـدانی پلانـی کوشـتنەکەش هێشـتا هـەر دەربـاز دەبێـت، واتـە ئـەو دەسـەڵاتە لاوازەی کـە بـاوك هـەیبوو کۆتـایی نایـەت، ئەمەش ئەو مەدلولـە هەڵـدەگرێت کە باوکی کوردی سـەرباری لاوازییەکەشـی هـەر دەمێنێتـەوە و لەناوناچێت. ئەگـەر لـە پانتـایی سیۆسـیۆلۆژیدا هاوشـێوە بـۆ ئەمە بدۆزینـەوە و لـە دووای مـەدلولی ئـەو مانەوەیـە بگـەڕێین ئـەوە دەسـەڵاتی لاوازی کوردیمان دەستگیر دەبێت کە هـەر لـە سـەردەمی فـەرمانڕەوایی میرنیشینەکانەوە تـاکو ئێستە هـەر بـە لاوازی خـۆی کـێش دەکـات و لـە دووای هـەر ئەنجامـدانێکی پرۆسەی کوشتن ئیتر گرنگ نیـە ئـەو پرۆسـەیە کوڕ ئـەنجامی دابێـت، یـان لـە بـری کوڕ دەسەڵاتی باوکەکانی دەرەوەی ماڵی کوردی ئەنجامیان دابێت، هێشتا باوکی کوردی بە لاوازی هەر ماوەتەوە کە ئەویش هێمای حیزبی کوردی، شۆڕشی کورد یان دەسەڵاتی کوردییە.

بینینی پیاوێك لە لایەن کوڕەوە کاتی چاخواردنەوەی بەیانی کە لـە تەنیشت دایکیـدا دانیشـتووە ئـەو بۆچـوونە بـەهێزتر دەکـات، چـونکە دووای ئەنجامـدانی پلانی کوشتنی باوك و دووای ئاشکرابوونی ئەوەی کە باوك نەکوژراوە و ماڵـەوەی بەجێهێشــتووە ئــەم سەوداســەری دۆزینەوەیــەتی. ئــەوە ئاشــکرا دەبێــت کــە گەڕانــەوەی بــاوك لــە شــێوەی پیــاوێکی تــردا، دیســانەوە ســەرهەڵدانەوەی بزووتنـەوەی کوردییـە، زیندووبوونـەوەی دەسـەڵاتی لاوازی کوردییـە بـا شـێوە و ڕووکەشەکەشی وەکو شێوە و ڕووکەشی باوك گۆڕابێت بەڵام هەر هـەمان ماهیـەتی هەیە و ناتوانێت لە باوکێکی ترسنۆك و شەرمنەوە لـە بـەردەمی خەڵکیـدا بگۆڕێـت بۆ باوکێکی ئازا و لە بەردەمی خەڵکیدا خۆی بنوێنێ و ئامادەبوونی خـۆی نیشـان بدات.

چیرۆکی (باوکم) بەرجەستەی ئەو حاڵەتـە سیۆسـیۆلۆژییەی کورد دەکات کە گرێـی نـەبوونی بـاوکی هەیـە، باوکێك کـە خەسـڵەتەکانی بـاوکی ڕۆحـی هـەبێت و ڕۆحی کۆمەڵگە لە خۆیدا کۆبکاتەوە و بتوانێت کۆمەڵگە بگەیەنێتـە ڕۆحـی ڕەهـای واتە دەوڵەت کە ئەوەش بـەرزترین پلـەی دەسـەڵاتە. کورد هـەتا ئەوکاتـەی دەگـات

بەو ڕۆحی ڕەهایە لە بری کوشتنی باوك پێویستی بە هەوڵدانە بۆ دروستکردنی ئەو باوکە، هەتا دڵنیایی بۆ مسۆگەر بکات و لە نیگەرانی و پەشێویی و مەترسی لەناوچوون بیپارێزێت، لە لایەکی تریشەوە سەرنجمان بۆئەوە ڕادەکێشێت کە باوکی کوردی تاکو ئێستە باوکێکی ئیفلیج بووە و نەیتوانیووە وەکو دەسەڵاتێکی ڕەها ڕۆحی کۆمەڵگە لە خۆیدا کۆبکاتەوە و ڕۆڵەکانی لەو فەوزا و ئاژاوەی پێکدادانە لەنێو ماڵی خۆیدا دووربخاتەوە و فشارێکی دەسەڵاتی ئەوتۆی هەبێت هیچ کوڕێك لەنێو ئەو ماڵەیەدا پڕکێشی لادان نەکات و نەتوانێت ئاژاوە بنێتەوە. چیرۆکی (باوکم) هەوڵێکی جوانی ئیشکردنە لەنێو دەزگا کۆمەڵایەتییەکانی بەرهەمهێنانی دەسەڵاتی کوردیدا.

سلێمانی

سەرەتای مایسی 1997

*    *    *

# بەشی دوانزەیەم

## ڕۆمانی هێلانە لە نێوان

## نووسینەوەی واقیع و بە ئەدەب کردندا

کاتێ باسی هونەری نوێی چیرۆکنووسین بکرێت لە مێژووی چیرۆکی کوردیدا ڕاستەوخۆ ناوی حسێن عارف دێتە پێشەوە ئەویش لە ئەنجامی ئەو دەورەی کە لە هێنانی تەکنیکە نوێیەکانی چیرۆکدا بۆ نێو چیرۆکی کوردی بینیویەتی. ئەمە سەرباری ئەوەی کە ژمارەیەکی باش لە چیرۆکی هونەری پێشکەش بە نێوەندی ڕۆشنبیری کوردی کردووە.

حسێن عارف بە ڕابەری بەکارهێنانی شەپۆلی هۆش و فلاشباك و لایەنە نوێیەکانی تری تەکنیکی چیرۆك دادەنرێت لە ڕۆشنبیری کوردیدا و لە بواری چیرۆکدا هەم کاریگەری لەسەر نەوەکەی خۆی هەبووە، هەم لەسەر نەوەی دووای خۆی، ئەمە جگە لەوەی کە بە شێوەیەکی گشتی یەکێکە لەو چەند چیرۆکنووسە کەمەی کە لە بواری چیرۆکی کوردیدا توانای بنیادنانی گرێچن و بیناکردنی کەسێتی و بەکارهێنانی کات و شوێنی بە جۆرێکی سەرکەوتووانە هەیە و ئەو کەسێتانەی کە دروستی کردوون خاوەنی سیما و ڕوخساری دیاری خۆیانن و بە ئاسانی دەناسرێنەوە و لە یەکتر جیادەکرێنەوە.

لە بواری ڕۆماننووسیندا پێش ڕۆمانی (هێلانە) حسێن عارف دوو بەرهەمی تری لە ساڵانی هەشتاکاندا پێشکەش کردووە، کە یەکەمیان ڕۆمانی (شار) و دووەمیشیان ڕۆمانی (ئەندێشەی مرۆڤێك)ە. سەرباری ئەوەی کە هەریەکە لە دوو دوو ڕۆمانە جێگای خۆیان هەیە وەکو سەرەتایەك بۆ سەرهەڵدانی ڕۆمانی هونەری کوردی، بەڵام بەو ئەندازەی کە حسێن عارف لە بواری چیرۆکدا ئەزموونگەر و داهێنەر بووە، دەتوانین بڵێین ئەو دوو ڕۆمانە ئەگەر بەراورد بکرێن لەگەڵ چیرۆکەکانیدا لە ڕووی هونەرییەوە، ئەوا دەشێ بڵێین چیرۆکەکانی لە

ڕووی هونەرییـەوە بـاڵاتر و داهێنەرانـەترن. بـەڵام لەگـەڵ ئـەم قسـەیەدا نابێـت ئەوەشمان لـە یـاد بچێت کـە ڕۆمـان بـە گـوێرەی ئێمـە ڕەگـەزێکی ئـەدەبی هێجگـار نوێیە و بەرهەمی کۆمـەڵگای شارسـتانییە، دیـارە لـەم ڕوانگەیەشـەوە ناکرێت وای بۆ بچین لە کۆمەڵگایەکی دواکەتووی پـەراوێزیی وەکو کۆمـەڵگای کوردیـدا هـەمان جۆر ڕۆمان یان ڕۆمان بە هەمان ئاستی کۆمەڵگایەکی شارسـتانی بەرهـەم بێت، بە واتـا ناکرێـت وای بـۆ بچـین کـە لـە کۆمەڵگایـەکی وەکـو کۆمـەڵگای ئێمـەی دوواکـەوتوودا، هـەمان ڕۆمـان بەرهـەم بێـت کـە لـە کۆمەڵگایـەکی شارسـتانی و پێشکەوتووی وەکو کۆمەڵگای بەریتانی یان فەڕەنسیدا بەرهەم دێت، چونکە ئەوە ئاشکرایە کە ڕۆمان ئەو ڕەگەزە ئەدەبییەیە کە هاوتەریبە لەگەڵ واقیعی دەرەوەی دەقەکەدا.

گرفتێکی تر بە گوێرەی ڕەگەزەکانی ئەدەب لە کەلتوری کوردیـدا ئەوەیـە جگـە لـە شـیعر کـە قۆناغـەکانی خـۆیی بـە سروشـتی بڕیـووە هـەر لـە کلاسـیکەوە هـەتا ڕۆمانسی و ڕیالیزم و شیعری دەرەوەی هـەموو ڕێبازەکان. ڕەگـەزە ئەدەبییـەکانی تـری وەکـو چـیرۆک و ڕۆمـان و ڕەخنـەش لـە سـەروەختێکدا سـەریان هەڵـداوە کـە مێـژووی ئـەو قۆناغـە بەراورد بـە مێـژووی هـەر قۆناغێکی ئـەدەبی بەسـەر چووە و تێپـەڕیووە. بۆیـە کاتـێ باسـی چـیرۆکی کـوردی و ڕۆمـانی کـوردی دەکرێـت ڕاسـتەوخۆ باسـی قۆنـاغی ئـەدەبی ڕیـالیزم دەکرێـت، ئـەوەش ئاشـکرایە ئـەدەبی ڕیالیزم خاسێتی تایبەتی خـۆیی هەیـە و تـاکو هەنووکـەش واقیعـی کۆمەڵایـەتی و سیاسـی و مێـژوویی کـورد دەوری دیـار دەبینـێ لـە ئیشـکردنی نووسـەر و هونەرمەندی کورددا بە پێی بنەما و پرینسیپەکانی قۆناغی ڕیالیزم.

چـیرۆکی کـوردی تـاکو ئێسـتاش جگـە لـە چـیرۆکی تـاك و تـەرا کـە لـە نووسـینەوەی واقیـع وەکـو خـۆی دەربـازبوون و لـە پانتاییـەکی مـەودا فـراوانتری خەیاڵدا کاردەکەن و بنەمای فانتازی و ئەفسانە بۆتـە ڕەگـەزی سـەرەکی بنیادنـانی یۆتۆپیا تیایاندا، بەشی زۆری چیرۆکی کوردی واقیع کـۆپی دەکاتـەوە یـان مێـژوو وەکو خۆی دەنووسێتەوە، بـەبێ ئەوەی بتوانێت ئـەو واقیعـە بگۆڕێت بۆ ئـەدەب،

ئەمەش یەكێكە لە هۆیەكانی كەم تەمەنی زۆرێك لە دەقەكانی چیرۆكی كوردی. ڕۆمانی كوردیش لەسەر هەمان زەمینە لە دایك بووە بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی دووان لە ڕۆمانەكانی سەرەتای سالآنی هەشتاكان بدەین كە ئەوانیش ڕۆمانی (شار)ی حسێن عارف و ڕۆمانی (هەرەس)ی محەمەد موكرییە، دەبینین هەردووكیان دوو ڕۆمانن كە فۆتۆكۆپی دوو واقیع دەكەن لە مێژووی ئێمەدا كە زیاتر سیمای ڕۆمانی بەڵگەنامەیی یان ڕاپۆرتییان هەیە. مەبەستمان لەم قسەیەش ئەوە نییە كە ناكرێت لە واقیع ئەدەب دروست بكرێت، نەخێر ئەوەی مەبەستمانە ئەوەیە كە چۆن ئەو واقیعە دەگۆڕدرێت بۆ ئەدەب. ئەگەر بە پرسیارێكی سادەتر دەستپێبكەین: ئایا ئەوەی ڕۆمانی (شار) و (هەرەس) بەرجەستەیان كردووە چەندێ جیاوازە لەوەی لە واقیعدا ڕوویداوە و ئەو بەرجەستەكردنە تا چ ئاستێ جیاوازە لەوەی كە خەڵك بە چاوی ئاسایی و لە واقیعدا دەیبینن؟ یان چەندێ جیاواز پێشكەش كراون لەوەی كە خەڵكی ئاسایی خۆیان لە ڕووداوەكان دەدوێن؟ یان ئەم دەقانە چ جیهانبینییەكی نوێ و چ جیهانبینییەكی فەلسەفی هەڵدەگرن؟ یان چ بەهایەكی ئێتساتیكیان هەیە؟

بێگومان وەلآمدانەوەی ئەم پرسیارانە ئەركی ئەو نووسنیە نییە. مەبەستیشمان ئەوە نییە كە لە بەهای ئەم ڕۆمانانەو هیچ بەرهەمێكی تر بهێنینە خوارەوە، بەڵكو مەبەستمان ئەوەیە بڵێین كە ڕۆمانی كوردی لەسەر ئەم زەمینە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە سەریهەڵداوە. هەر بۆیە حەق وایە لە پێوانە و هەڵسەنگاندندا ئەو زەمینەیە حسابی بۆ بكرێت چونكە ناكرێت ئەوە لە نووسەرێكی كورد بخوازین كە بە عەقڵ و جیهانبینی نوسەرە دیارەكانی فەڕەنسا و بەریتانیا بنووسێت، بەلآم بە لایەنی كەمەوە دەبێ ڕۆماننووسی كورد شارەزایی سایكۆلۆژیای كۆمەلآیەتی كوردی و ڕووە ئاشكرا و نادیارەكانی كەسێتی كوردی بێت و بزانێت پرسیارەكانی مرۆڤی كورد چین و دەبێ بەرهەمەكەشی شاهید بێت لەسەر ئەو قۆناغەی كە تیایدا بەرهەم دێت.

سەرجەم ئەو هەوڵانەی ڕۆمان لە بواری ئەدەبی کوردیدا دراون یان وێنە گرتنەوەی واقیعن وەکو خۆی یان تێڕوانینێکی ڕۆمانسیانەی سادەن بۆ چەمکی نووسین و بۆ هونەری ڕۆمان و بۆ خودی ژیان و فیکر و عەقڵ و مێژوو و سیاسەت.

ئەوەی ڕۆمانی (هێلانە) تا ئەندازەیەك لە زۆربەی هەوڵەکانی تر جیادەکاتەوە ئەوەیە کە تا ئاستێك نووسەر هەوڵیداوە لە واقیعێکی مێژوویی ئەدەب دروست بکات. حەزدەکەم لێرەدا ئاماژە بۆ ئەوە بکەم کە لەو جێگایانەی کە بە شێوەیەکی گشتی ناوی ڕۆمان دەهێنین، هەردوو ڕۆمانی "مەرگی تاقانەی دووەم و ئێوارەی پەروانە"ی بەختیار عەلی جیابکەینەوە، چونکە ئەم دوو ڕۆمانە خاسێتە گشتییەکان هەوڵەکانی تری ڕۆمانی کوردییان بەسەردا ناچەسپێت و ئەم دوو ڕۆمانە ئەزموونی تایبەتترن و زیاتر سیمای جیاوازیان هەیە و هەڵگری پرسیاری فەلسەفی و مەعریفی مەودا قوڵترن، ئەمە سەرباری جیاوازی تەکنیك و بینای هونەری.

## ڕۆمانی هێلانە و مێژوو

هێلانە وەك ڕۆمانێك چ بیرۆکەکەی و چ گرێچنەکەی و چ ڕووداوەکانی سەرجەم لە ڕووداوەکانی نێو مێژووی ئێمە وەرگیراون و ڕاستەوخۆش لە ڕووداوی ئەنفالی پیادەکراو لە لایەن ڕژێمی بەعسی نوێنەری ناسیونالیزمی عەرەبەوە وەرگیراون. ئەنفال وەکو ڕووداوێکی مێژوویی تاڵ پانتاییەکی فراوانی لە کۆنەستی مرۆڤی کورددا داگیر کردووە و لەهەر چرکەیەکدا بگەڕێینەوە بۆ یادوەری خۆمان دیمەنەکانی ئەو کارەساتە ترسناکە تراژیدییە دێتە بەرچاومان.

هێلانە بەرجەستەی بەشێکی دیار لە ڕووداوی ئەنفال دەکات لە ساتەوەختێکەوە کە هێرشی دوژمن لەژێر ناوی (ئەنفال)دا کە سوورەتێکی قورئانە دەستپێدەکات و ئەو بەشەی ئەنفالیش کە ڕۆمانەکە خستوویەتییە سنووری خۆیەوە لە سنووری بازیان و قەرەداخ و گەرمیاندا ڕوودەدات. هێلانە ئەنفال لە تێڕوانینی چەند کەسێکەوە دەگێڕێتەوە کە بە ڕێکەوت بەر ئەو شاڵاوە

نەکەوتوون، ئەمەش لایەنێکی بەهێزی ڕۆمانەکەی دروستکردووە و وردی و بە سەلیقەیی ڕۆماننووس دەسەلمێنێت کە خۆی لە نهێنییەکانی ناوەوەی ئەنفال دوورخستۆتەوە، ئەو نهێنییانەی کە مەگەر بە خەیاڵ ئەگینا ئێمەی دەرەوەی ئەنفال هیچیان لە بارەوە نازانین.

دەشیا نووسەر بە خەیاڵ وێنەی ئەنفال و نهێنییەکانی ئەنفال بکێشێ و دنیایەکی سەیر و ئەفسانەیی لێ دروست بکات، بەڵام دیارە لەو ڕوانگەیەوە کە گوتمان ڕۆمانەکە بنەمایەکی واقیعیانەی هەیە، ڕەنگە ئاسان نەبێت بۆ نووسەر خۆی بە بنیادنانی ئەو دنیا ئەفسانەییەوە خەریك بکات و لە سنووری ئەو دنیایەشدا مێژووی تراژیدیاکان بگۆڕێت بۆ وێنەکێشانی تراژیدیاکان، وێنەکانیش بگۆڕێت بۆ ڕووداو، لە ڕووداوەکانیشدا خوێنە خاوێنەکان، ڕۆحە سەوزەکان، دەروونە پاکژ و بێگەردەکانی هەموو ئەوانەی کە ئەنفال بردنی ببووایەتە ڕۆحێکی ئەفسانەیی و هەڕەشەی لە بەردەوامبوونی ئەو دنیایە بکردایە کە نەك هەر لە ئاستی تاوانێکی وەهادا بێدەنگ دەبێت، بەڵکو پەسەندیشی دەکات، یان ببووایەتە ئاگرێکی ئەفسانەیی و هەموو بکەرەکانی ئەنفال و کەلتووری ئەنفال دروستکەریشیان بسووتاندایە، یان چەندین دنیای ئەفسانەیی تری لە ڕۆحی ئەنفالکراوەکاندا دروست بکردایە.

بەڵام کاتێ نووسەر خۆی نەداوە لە قەرەی دروستکردنی ئەو ئەفسانە و یۆتۆپیایانە خۆی لەوە دوورخستۆتەوە کە بچێتە نێو وردەکاری باسکردنی باری دەروونی و مەعنەوی ئەنفالکراوەکانەوە، مەگەر لە ڕێگای ئامادەکردنی چەند کەسێکی بەر ئەنفال کەوتووەوە لە زیهنی کەسە دیارەکانی ڕۆمانەکەدا شتێکی کەم دەربارەی (ناوەوەی) ئەنفال دووابێت، بە مانایەکی تر ئەوەی ڕۆمانی هێلانە لێی دەدوێت ڕووداوەکانی ئەنفالە لە تێڕوانینی دەرەوەی ئەنفال خۆیدا، یان تێڕوانینی کەسانێکە کە لەژێر کاریگەری لەدەستچوونی خۆشەویست و ئازیزەکانیاندا هەست و سۆزی پڕ لە کەسەری خۆیان بەرامبەر بەو ڕووداوە دەردەبڕن. بە مانایەکی تر ڕۆمانی هێلانە بەرجەستەی ژانەکانی کەسانێك دەکات

کە خەمی لەدەستچوونی هێلانەکانیان سەرچاوەی ئێش و ژانەکانیانە، نەك مەترسی لەنێوچوونیان و مەترسی لەدەستدانی ژیانی تایبەتی خۆیان.

هێلانە وێنەی ژیانی چەند کەسێك دەگرێت کە لە دوای ئەنفال و بە ئەنفال بردنی کەسوکاریان کەم تا زۆر پێکەوە دەبن یان نزیك دەبن لە یەکتر و بەردەوام سەوداسەری ئەوە دەبن کە چارەنووسی ئەنفالکراوەکانیان بۆ دەربکەوێت، ئەوەش تووشی چەندین کارەساتیان دەکات. هەتا ئەنجام دەگەن بە جۆرێك لە یەقین و یەقینیش ڕۆحی تۆڵە سەندنەوەیان لا بەهێز دەکات، هەتا لە ئاکامدا ئەم کەسانە کە سیانیان لە کەسێتییە دیارەکانی ڕۆمانەکەن و بەروودوا هەرسێکیان دەبن بە پێشمەرگە و لە ڕیزی پارتیزانەکانی دوای ئەنەفالدا خەبات دەکەن.

هەروەك لە پاڵ ئەم ڕووداوە واقیعییە مێژووییەدا حسێن عارف لە ڕۆمانی هێلانەدا بەشێك لە مێژووی خەباتی نهێنی ناو شارمان پێشکەش دەکات کە ئەویش مێژووی خەباتی کامەرانی پورزای و شوێنی ماڵی پوورە عەتاوە لەو خەباتەدا. لێرەدا ڕۆمانی هێلانە بەشێك لە دیمەنەکانی ڕۆمانی (شار)مان دێنێتەوە یاد.

مەملەتەکەی میمکە حەلیم و مەملەکەتەکەی پوورە عەتا و دوو جیهانی یەك شێوەن. ئەویان حەشارگە و بنکەی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعی و ئەمیان بنکە و حەشارگەی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانییە و هەردوو مەملەکەتەکەش لە شاری سلێمانیدان ئەو شارەی کە لە ڕوانینی حسێن عارفەوە سەرچاوەی شۆڕشگێڕی و زەمینەی خەباتی نهێنی و ئاشکرای ئێمە بووە چ خەباتی چەپ و چ خەباتی نەتەوەیی، کە ئەوەش بە ئاگایی نووسەر لە باری کۆمەڵایەتی و سیاسی و سایکۆلۆژیای کۆمەلایەتی کوردی دەخاتەڕوو.

هەر لێرەشەوە ئەوەمان لەلا ئاشکراتر دەبێت کە ڕۆمانی هێلانە بەرجەستەی چۆنێتی خەباتی نهێنی و ئیشی سیاسی ناو شار و پەیوەندی پارتیزانەکانی گەرمیان و قەرەداخ و ڕێکخستنەکانی ناو شار دەکات. واتە ئەم ڕۆمانە، دەشێ وەکو بالّگەنامەیەك لەسەر شێواز و چۆنێتی ڕووداوەکانی ئەو قۆناغە و

وێرانکردنـی لادێکـانی کوردسـتان و هەرەسـهێنانی ڕۆحـی بـەرگری لـە لایـەك و نەبـەردی و بـەرخوردانی بەشـێك لـە ڕۆڵـەکانی گـەلیش لـە لایـەکی تـرەوە سـەیر بکرێت.

بـە واتـا ڕۆمـانی هێلانـە ڕووداوە واقیعیـەیکانی قۆنـاغێکی دیاریکراومـان لـە مێژووی کورد بۆ دەگێڕێتەوە کە ئەویش لە ساتەوەختی دەستپێکردنی ئەنفالـەوە دەستپێدەکات هەتا ئەوکاتەی پارتیزانـەکان دەکەونـە تۆڵەسـەندنەوە. ڕۆماننووس لـەم گێڕانەوەیـەدا مێـژوومان وەکو ئـەوەی ڕوویـداوە بـۆ دەگێڕێتـەوە، واتـە ئەگـەر کەسێکی بێئاگا و بیّ زانیـاری لـە ئـەنفالی کوردسـتان ڕۆمـانی هێلانـە بخوێنێتـەوە ئــەوا بەشــێکی ســەرەکی ئــەو زانیارییانــەی دەســتدەکەوێت کــە دەشــێ لــە خوێندنەوەی کتێبێکی مێژووییدا لەسەر ئەنفال دەستی بکەوێت.

بەڵام شان بەشانی ئەوەی کە ڕۆماننووس ڕووداوە مێژووییەکانی وەکو خۆیـان پێشـکەش کـردووە، توانیویـەتی تـا ڕادەیـەك وەکو ئـەدەب ئـەو مێـژووە پێشـکەش بکـات نـەك تـەنیا وەك مێـژوو خـۆی، ئـەوەش لـە ڕێگـای تێکـەڵاوکردنی خـەیاڵ و زمـانی خـەیاڵ و کـارکردنی نەسـتەوە واتـە دەقەکـە سـەرباری ئـەوەی ڕوویـەکی مێژوویی هەیە خەیاڵ و نەستیش بەشدارییان کردووە لە بەرهەمهێنانیدا، ئـەویش یان خەیاڵ و نەستی کەسێتەکان یـان گێڕەرەوە، کـە دیـارە لـەو ئاستەشدا زمـانی کەسێتەکان و زمانی گێڕەرەوەش سیمای دیاری خۆیان دەبێت. یان لە بنەڕەتدا لە خــەیاڵی بــۆگێڕەرەوەدا واقیــع ســیمای ڕووتــی واقیعیانــەی خــۆی ون بکــات و تێکەڵاوی خەیاڵ ببێت و جۆرێك لە ئەفسانە یان یۆتۆپیای لا دروست بکات. ئەمـە سـەرباری ئـەوەی کـە خـودی ڕووداوی ئـەنفال ئەگـەر وەکـو ئێمـە لـەناو گەوهـەری ڕووداوەکەدا نەبین ئەوا وەکو جۆرێك لە ئەفسانە خۆی پێشکەش دەکات.

وەك گوتمـان ڕۆمـانی هێلانـە ڕووداوە واقیعییـەکانی ئـەنفال تۆماردەکـات بـەڵام لێرەدا ئـەو پرسیارە بەرزبکەینـەوە ئایـا حسێن عـارف بـە چ جۆرێك ڕووداوەکـانی پێشکەش کردووە؟ ڕووداوەکانی وەکو ئەوەی هەن یان وەکـو ئـەوەی ڕوویـان داوە پێشکەش کردووە؟ یان لە شێوازێکی بچووکتردا پێشکەشـی کـردوون و لـە ئاسـتی

کارەساتەکەی کەم کردۆتەوە؟ یان قەوارەی ڕووداوەکان و کارەساتەکانی لە ڕێگای بنیادی زمانی دەقەکەوە گەورەتر و ترسناکتر کردووە بە جۆرێك کە خوێنەر نەتوانێت کارەساتی ئەنفال و وێرانکردن و گرتنی (سوبحان)ی کەسێتی دیاری ڕۆمانەکەو و هەڵسوکەوتەکانی کامەران و بەسەرهاتی جافر و سیناریۆی سوبحان لە یاد بکات لەوکاتەوە پەیوەندی بە مەفرەزەی پارتیزانەکانەوە دەکات هەتا کۆتایی ڕۆمانەکە ئەمانە بە جۆرێك کاریگەرن کە هەمان شێوەی تراژیدیای ئەنفال خۆی نە لە یاد دەچنەوە نە دەتوانرێت پشتگوێ بخرێن واتە ئەو ڕووداوانە لە خوێندنەوەی ڕۆمانەکەدا دەبنە بەشێك لە ئێمە و لێمان نابنەوە، ئەمەش لایەنێکی بەهێزی ڕۆمانی هێلانەیە چونکە گێڕانەوە و فۆتۆکۆپی کردنی واقیع وەکو ئەوەی هەیە یان ڕوویداوە لە کارەساتی ئەنفالدا، هەروەکو هۆی نەگێڕراوەتەوە و ئەوەش بووبێە خۆی بێگیانی ڕۆمانەکە چونکە گێڕانەوەی واقیع وەکو خۆی ناشێت کاریکەرگەرییەکی ئەوتۆ دروست بکات یان سیحری مانەوەی خۆی لای خوێنەر بەدەست بهێنێت.

کەواتە لە ڕۆمانی هێلانەدا سەرباری ئەوەی کە نووسەر واقیعمان بۆ دەنووسێتەوە، بەڵام خەیاڵ و سیحرێك تێکەڵاوی خودی ئەو واقیعە دەکات کە دەبێتە بنەمای گۆڕینی واقیع بۆ ئەدەب یان بەرهەمهێنانی جۆرێك لە ئێستاتیکا کە تا ئەندازەیەك ڕووداوەکان دەگۆڕێت بۆ جۆرێك لە ئەفسانە، بە تایبەتی ئەگەر خوێنەر وەکو ئێمەی کورد خۆمان لەناو خودی ڕووداوەکان و کارەساتەکاندا نەژیابێت، ڕەنگە قەوارەی گەورە و ترسناکی ڕووداوەکانی وەکو جۆرە ئەفسانەیەکی ترسناك بێتە پێشچاو.

لەم ڕوانگەیەوە دەتوانین بڵێین ڕۆمانی هێلانە ڕاپۆرتێك نییە لەسەر ڕووداو و کارەساتەکانی ئەنفال و ئێمە لە ڕێگای ڕۆمانەکەوە هەواڵی ڕوودانی ئەنفال یان ڕووداو و کارەساتەکانی ئەنفال بزانین، بەڵکو هێلانە وامان لێدەکات بە چاوی خوێندنەوە و ناوەوە یان پشتی ڕووداوەکان ببینین، ئەویش لە میانەی گێڕانەوە و جوڵەی کەسێتەکانەوە و لە لێکدانەوەی زمانی ئەو کەسێتانەوە. ئەو زمانەی

ئەگەرچی زمانێکی ئاساییە، بەڵام توانای ئەوەی هەیە شۆڕمان بکاتەوە بۆ نێو دەهالیزەکانی دەقەکە، بۆ نێو قوڵایی بنیادی شاراوەی کەسێتەکان، بۆ ئاستی نادیاری پشتی زمانی ئاسایی دەقەکە و ڕامان دەکێشێت بۆ لای نەوتراوەکان، ئەوەی لە پشتی زمانی دەقەکەوە ئامادەیە و بە ئاسانی لە ڕووکەشدا نادۆزێتەوە، ئەمەش زیاتر ئەو بۆچوونە بەهێزدەکات کە دیسان لە پشتی ڕووداوە واقیعییەکانیشەوە گەلێك نهێنی و گەلێك مانای پەردە لەسەرنراو هەن کە دەشێ لە ڕۆمانی هێلانەدا خودی ئەنفال و عەقڵی ئەنفال دروستکەر و بکەری جێبەجێکەری ئەم پرۆسەیە و ناسنامەی ئینسانی بوونیان بخرێتە ژێر پرسیار و گومانەوە.

ئەگەرچی ڕۆمانی هێلانە لە پێناوی بەرجەستەکردنی ئەو کارەساتانەدا بەرهەم هێنراوە، لە پشتەوە گوتارێکی نەگوتراو هەیە کە ئەویش گوتاری نەتەوەی کورد و سیما و خەسڵەت و بنەماکانی ئەو گوتارەیە، واتە لێرەوە ڕۆمانی هێلانە دەچێتە سنووری ئەو بەشەی ئەدەبەوە کە لە دوو ئاراستەی ڕەخنەگرانەوە بەرامبەر بە ئێمە و ئەوانی تر واتە بەرامبەر ئەوانی دوژمن هەڵوێست وەردەگرێت، هەڵوێستی ڕەخنەگرتن لە دوو گوتاری دژ بە یەك، گوتاری نەتەوەیی ئێمە و گوتاری پانخوازی ئەوان، گوتاری بەرگری و گوتاری داگیرکردن، گوتاری نەتەوەیەکی خاوەن حەق و گوتاری داگیرکەرێکی حەق خۆر. ڕەخنە لە یەکەمیان واتە ئەوەی کە پەیوەندی بە خۆمانەوە هەیە دەگرێت لەبەر لاوازی و نەگەیشتنی بە ئاستێك کە خۆی بسەلمێنێت، ڕەخنە لە دووەمیشیان دەگرێت لەبەر گەوهەر و ماهیەتی دڕندانە و وێرانکارییانەی کە کوشتن و بڕین و وێرانکاری لە خاڵە ستراتیژییەکانی گوتاری ئەوی داگیرکەری ئەنفال دروستکەرە.

لێرەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کە حسێن عارف نەهاتووە فۆتۆکۆی واقیعی ئەنفالمان بۆ بکات لە پێناوی دەرخستنی خودی ئەنفال خۆیدا، بەڵکو بە پێچەوانەوە کارەساتی ئەنفالی کردووە بە هۆ و بنەما بۆ بنیادنانی گوتارێکی ڕەخنەگرانە لە گەوهەر و ماهیەتی ئێمەی لاواز و سادە و ناکردە و بوون بە بەشێك

لە بکەری وێرانکەر و بکوژی مێژووی خۆمان، هەروەك ڕەخنەش لە گەوهەر و ماهیەت و شوناسی دڕندانە و وەحشیگەرانەی ئەوانیش دەگرێت. ئەمە سەرباری ئەوەی کە لە ئاراستەیەکی ترەوە ڕەخنە ئاراستەی کەلتووری ئایینی دەکات کە چۆن گوتاری ئایینی ئەوەندە بە شمولی دەڕوانێت و تێکستەکانی ئەوەندە بە شمولی بەرجستەتەکراون کە دەشێ لە هەر سیاق و لەهەر بۆنەیەکدا هەرکەسە بە پێی ویست و بەرژەوەندی خۆی بیانخاتە کار و بیانکات بە بەڵگەی ڕەوابوونی ئەوەی کە دەیەوێت ئەنجامی بدات.. ناسیونالیزمی عەرەب لە عێراقدا بە چەکی ئیسلام و بە ئایەتی قورئان ڕەوایی دەداتە پرۆژەی لەنێوبردنی ناسنامەی ئەوانی تر کە مەبەست لەوانی تریش لێرەدا کورد و جینۆسایدی کوردە کە بە ئایەتی قورئان ڕەوایی بەو پرۆسە نامرۆیییە دەدات، بێگومان ئەو شمولییەتەی کە تێکستەکانی قورئان هەیانە و بۆ لێکدانەوەی جۆراوجۆر دەشێن بە پێی ویستی لێکدەرەوە.. یەکێکە لەو حاڵەتانەی کە هێلانە لە ئاستی نەگوتراودا ڕەخنەی لێدەگرێت.

کەواتە ئەو جیهانبینییەی کە هێلانە وەکو ڕۆمانێك هەڵیگرتووە بریتی نییە لەو شتە سادانەی کە لە ڕووی دیاری دەقەکەدا یان لەو قسە و هەڵوێست و هەڵسوکەوتانەی کەسێتەکان فەزای گشتی بەرهەمهێنانی ئەو جیهانبینییە ئامادە دەکەن، لە هەمان کاتدا سەرجەم ئەم توخمانە پێکەوە کاردەکەن بە مەبەستی بەرهەمهێنانی جیهانبینییەکی ڕەخنەگرانە لە واقیعی باو، لەو واقیعەی کە خۆی بۆتە هۆی کارەساتە تراژیدییەکانی ئێمە و ڕۆمانەکەیش لەسەر بنەمای ئەو کارەساتانە بەرهەمهێنراوە، واتە ڕۆمانی هێلانە ئەو واقیعە مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتییە دەخاتە بەردەم دادگای کردنەوە کە زەمینەی ئەو کارەساتە تراژیدیانەی ڕەخساندووە، ئەو واقیعەش دوو جەمسەری هەیە، جەمسەری ئێمەی قوربانی و جەمسەری ئەوانی جەلاد.

ئێمە شایانی ڕەخنەلێگرتنین لەبەرئەوەی بە درێژایی مێژوو قوربانی بووین. ئایا دەبێ ئێمە بە خۆڕسك بۆ قوربانی بوون دروست بووبین یان مەحکومی ئەوە

بین کە دەبێ هەمیشە قوربانی بین. هەروەها ئەوانیش شایانی ڕەخنەلێگرتنن، چونکە هەڵگری عەقڵ و کەلتووری ئەنفالکردنن، لە پشتی ئەو عەقڵیەتەشەوە ڕەتکردنەوەی هەموو ئەوانی تر و هەوڵدان بۆ سڕینەوە و لەنێوبردنیان ئامادەیە.

## ئەنفال لە ناوەوە، ئەنفال لە دەرەوە

ئەم ناونیشانە زاراوەیەکی ڕەخنەیی نییە، بەڵام دەشێ بمانگێڕێتەوە بۆ وەبیرهێنانەوەی ناوەوەی دەق و دەرەوەی دەق. ئێمە مەبەستمان لە (ئەنفال لە ناوەوە) وردەکاریی کارەساتەکانی ئەنفالە کە ئەویش لەو ڕووداو و کارەساتانەدا خۆی دەبینێتەوە کە بەسەر ئەنفالکراوەکان هێنراوە، هەر لە ئازاردان و برسێتی و تینوێتی و نەخۆشییەوە هەتا چارەنووسی ونیان کە زۆربەی بۆچوونەکان ئەوەن کە زیندەبەچاڵ کرابن.

بە واتایەکی تر مەبەستمان لە (ئەنفال لە ناوەوە) ئێش و ژان و خەم و تراژیدیاکانی ئەنفالکراوەکانە لەسەر زمانی خۆیانەوە، لە ڕوانگەی هەستپێکردن و ڕووبەڕووبوونەوەیانەوە بەرامبەر بەو کارەساتانە. ڕەنگە ئێمە لە تەسەورکردن بەولاوە شتێکی زیاتر لە بارەی ئێش و ژانەکانی ئەوانەوە نەزانین. دەشیا نووسەر بە خەیاڵ دنیایەکی ئامادە بکردایە و نەك واقیعی تراژیدییەکە وەکو خۆی بەڵکو بە خەیاڵ مەودای ئەو کارەساتانەی بەرجەستە بکردایە و هەر لە ڕێگای خەیاڵەوە بە وێناکردنی ئازار و ژانەکانی ئەنفالکراوەکانی لە قاڵبێکی ئەدەبی ئەوتۆدا دابڕشتایە کە سیمای شۆڕبوونەوەی بۆ ناخ و ماهیەتی خودی کارەساتەکان و خودی ئەنفالیش وەکو پرۆسەیەکی دژی مرۆیی بەرجەستە بکردایە و لە پشتی ئەوەشەوە ئەو دەلالەتە بەرهەم بهاتبایە کە مرۆڤ لە پێناوی بەدەستهێنانی دەسەڵات و پاراستنی دەسەڵاتدا ماهیەتی مرۆیی خۆیی بەلاوە دەنێت و دەبێتە درندەترین زیندەوەر کە بکەرەکانی ئەنفال نموونەی ئەو مرۆڤانەن کە لەژێر کاریگەری پاراستنی دەسەڵاتی خۆیاندا پرۆسەی بە درندەبوونیان بەسەردا هاتووە، یان وەکو دامەزراوێك کە پیادەی دەسەڵاتیان کردووە لە پێناوی

**پاراستنی ئەو دەسەڵاتەدا پیادەی پرۆژەیەکی ترسناکی نامرۆڤانەیان کردووە کە ئەویش پرۆسەی جینۆسایدە، بە واتا بکەرەکانی ئەنفال هەڵگری بەرنامە و پرۆژەی جینۆسایدن، جینۆسایدی ئێمەی قوربانی.**

**بەهەرحاڵ حسێن عارف وەکو نووسەرێکی وریا و شارەزا نەهاتووە خۆی لە سنوور و ڕووکەشی دەرەوەی ئەنفال دووربخاتەوە کە هەریەکە لە ئێمە تا ئەندازەیەك لێی ئاگادارین، بەڵام نەشهاتووە خودی کارەساتەکانمان وەکو خۆیان بۆ تۆمار بکات، بەڵکو لە دیوی دەرەوە لە ڕوانگەی تێڕوانین و بۆچوونی ئەوانەی کەسوکاریان بەر ئەنفال کەوتووە و خۆیان دەربازبوون لە لایەك لە ئەنفال دەدوێت، لە لایەکی ترەوە لە تێڕوانینی ئەوانەوە ئێش و ئازارەکانی ئێمە و خودی ئەو کەسە دەربازبووانەش لە ئەنفال ئاشکرا دەکات.**

**ئەو کەسانە و ئێمەش لە بەردەم نیگەرانی و دڵەڕاوکێ و چاوەڕوانی درێژخایەندا ڕادەگرێت. حاڵەتی چاوەڕوانی و دڵەڕاوکێی بەردەوام زەمینە بۆ ئەوە خۆش دەکات کە نووسەر شۆڕبێتەوە بۆ ناخی کەسێتەکانی و دنیای ناوەوەیان لە بەردەم ئەو مەترسی و نیگەرانییەدا دەربخات، واتە ئەم لە دەرەوە بەرەو ئاراستەی ناوەوە دەچێت و دەیەوێت لە ڕێگای ئێش و ئازار و گرفتەکانی کەسێتەکانی دەرەوەی ئەنفالدا لە ناوەوەی ئەنفال شارەزا بێت.**

**بە واتا دەیەوێت لە ڕێگای کردنەوە و ئاشکراکردنی دنیای شاراوەی ئەم کەسێتانەوە وێنەی کارەساتەکانی ئەنفال بکێشێت لە بری ئەوەی پاڵەوانەکانی ئەنفال (ئەنفال کراوەکان) وێنە بکات.**

**حسێن عارف لەبری ئەوەی ئەنفالکراوەکان بهێنێتەوە قسە (کە ئەوەش کارێکی ئاسان نییە) بە مەبەستی ئاشکراکردنی ماهیەتی پرۆسەی ئەنفال و دەرخستنی ناسنامەی ناسیونالیزمی عەرەبی کە بکەری ڕاستەقینەی ئەو پرۆسەیەیە و، دیسان ئاشکراکردنی ئەو بەشە لە کەتووری ئیسلامی کە ڕەوایەتی دەدات بە پرۆسەیەکی لەو جۆرە توندوتیژ بۆ سڕینەوەی ئەوانی تر.. لە بری ئەمانە دێت تراژیدیای ئەو کەسانەمان بۆ دەنووسێتەوە کە بە ڕێکەوت لە ئەنفال**

ڕزگار بوون، بەمەش لە لایەك خۆی لە نهێنی وردەکارییەکانی ئەنفال یان ناوەوەی ئەنفال دووردەخاتەوە کە ئێمە هیچیان لێ نازانین و مەگەر بە خەیاڵ پێیان بگەین. لە لایەکی ترەوە گوزارشت لە هەست و سۆز و ڕاستگۆیی کەسانی بە ڕێکەوت ڕزگاربوو دەکات بۆ کەسوکاریان و بۆ هێلانەکەیان کە هێلانە هێمایە بۆ زێد و نیشتمان.

لە لایەکی ترەوە لەبری (ئەنفال لە دەرەوە) دەتوانین زاراوەیەکی تر بۆ ئەم جۆرە ڕۆمانە بهێنێتە پێشەوە کە ئەویش زاراوەی "لە دەرەوەی ڕووداو"ە مەبەست لەوەش جۆرە شێوازێکە دوای ڕووداو بەسەرهاتەکانی چیرۆك یان ڕۆمان دەکەوێت و زیاتر لە بارەی هۆی ڕووداو و کارەساتەکان یان لە بارەی ئەنجام و جێکەوتەکانیانەوە دەدوێت، یان پێداچوونەوەی ڕووداو و بەسەرهاتەکان دەکاتەوە، بە مانایەکی تر ڕۆمانەکە لەبری ئەوەی لە ئەسڵی ڕووداو و کارەساتەکان بدوێت و خودی ڕووداو و کارەساتەکان بەرجەستەی بکەن ئەوا لەو شتانە دەدوێت کە پەیوەندییان بە ڕووداوەکانەوە هەیە نەك لە خودی ڕووداوەکان بدوێت، یان ئەو ڕووداوانە لە بنەڕەتدا ڕووداوی ڕۆمانەکە بن.

لە ڕۆمانی هێلانەدا ڕووداوی سەرەکی ڕووداوی ئەنفالە، بەڵام نووسەر نە لە ڕێگای جوڵە و چالاکی کەسێتەکانیەوە، نە لە ڕێگای ئاخاوتنی کەسێتەکانییەوە لە ئەنفال نادوێت بەڵکو لە ئەنجام و جێکەوتەکانی ئەنفال دەدوێت، لە کاریگەری و ئاسەواری ئەنفال دەدوێت، ئەو کاریگەری و ئاسەوارانە چ لەسەر ئەو کەسانەی بە ڕێکەوت لە ئەنفال ڕزگار بوون، یان سەرجەم ئێمە کە لە ڕووی مەعنەوییەوە، لە ڕووی هەست و هوشیاری نەتەوەیی و نیشتمانییەوە ئەنفال کاریگەری ترسناکی لەسەرمان هەیە، یان کاریگەری ئەنفال لەسەر بنیادی کۆمەڵایەتی و شارستانی و ئەخلاقی ئێمە ئاخاوتن دەکات، یان کاریگەری ڕووداو و کارەساتی ئەنفال لەسەر جوگرافیای کوردستان، بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕۆمانی هێلانە لەبری ڕووداوی ئەنفال لە کارەسات و ئاسەوارەکانی ئەو پرۆسەیە دەدوێت. لە ڕۆمانی هێلانەدا ئەوەندەی ئەنجامەکانی ئەنفال دەدوێنرێت ئەوەندە ڕووداوەکە خۆی

ناکرێتە بابەتی جوڵە دروستکردن لە پێکهاتە و بنیادی گشتی دەقەکەدا، ئەمەش لە ئاستەکانی زمانی دەقەکەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت، مەبەست لە ئاستەکانی زمانیش ئاستی گێڕانەوە و ئاستی دایەلۆگ و مۆنۆلۆگ و شەپۆلی هۆشە. کە حسێن عارف لەم بوارەدا هەرچۆن لە کورتە چیرۆکەکانیدا جێگادەستی دیارە، هەمان شێوە لە هێلانەشدا بە شارەزایی و بە ئاگایانەش هەریەکە لەو تەکنیکانە لە شوێنی خۆیدا بەکاردێنێت بە هەمان شێوەی چیرۆکەکانی ئەو ڕەگەزە هونەرنەرییانەی لە خزمەتی هێڵی سەرەکی ڕۆمانەکە و جیهانبینی ئەو دەقەدا بەکارهێناوە.

ئێستا ئەگەر لە دەروازەی دەقەکەوە بچینە ناوەوە ئەوا چەندین ڕووداومان بەرچاو دەکەوێت یان دەبینین ئەو ڕووداوانە تەنیا ناودەهێنرێن، بەڵام باسی خودی ڕووداوەکان ناکرێت. بۆ نموونە ڕووداوی کیمیابارانکردنی هەڵەبجە لە لایەن ڕژێمەوە تەنیا ئەوەندە باس دەکرێت کە (سوبحان) ئەوە دەبیستێ کە ڕووداوێکی تراژیدی لەوجۆرە ڕوویداوە کە ئەو ڕووداوەش بەرهەم و دەرئەنجامی ئەو دامەزراوەیە کە مۆدێرنیزم لە پشتییەوەیەتی کە ئەویش دامەزراوی دەوڵەتە بۆ جینۆسایدی کورد کە ئەو پرۆسەیەی ئەنجام داوە.

ڕووداوی ئەنفالکردنی گەرمیان و قەرەداخ و بازیان و سەنگاو.. تەنیا وەکو هەواڵ دەگات بە هەموو ئەو کەسانەی کە لە دەرەوەی پرۆسەی ئەنفالدان، یان لە دوورەوە دەڕواننە ئەو کارەساتە تراژیدییە، بەبێ ئەوەی لە گەوهەری ڕووداو و کارەساتەکان ئاگاداربن، بەڵکو دواتر چ ئەو کەسانە و چ ئێمە هەموومان لە ڕێگای ئەنجامەکانەوە تا ئەندازەیەك ئاسەوارەکانی ئەو پرۆسەیەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە هەموو ئەم بەڵگانە دەیسەلمێنن ڕۆمانی هێلانە لە دەرەوە لە ئەنفال دەدوێت.. ئەمەش لە لایەك پەیوەندی هەیە بە شوێنی نووسەر و دوور و نزیکی لەو ڕووداوەوە وەکو ئەزموونی تایبەتی خۆی کە ئاشکرایە ئەم لە ناوەوەی ڕووداوەکاندا نەبووە هەتا وێنەی بینراوی ئەو تراژیدیایە وێنا بکاتەوە کەواتە لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەم بابەتی ئەنفالی کردووە بە هێڵی سەرەکی بەرهەمهێنانی

ڕۆمانەکەی.. بۆیە جێگای خۆیەتی بپرسین ئایا توانیویەتی لەو واقیعە هونەر دروست بکات؟ ئەو پرسیارانەی کە دەشێ بەرامبەر بە خودی ئەنفال و بەرامبەر بەو کەلتوور و عەقڵەی ئەنفال بەرهەم دەهێنێت و بەرامبەر بە ناسنامە و ماهیەتی ئەنفالکراوەکان و بەرامبەر بەو بەشەی کورد کە خۆی بەشداری جێبەجێکردنی ئەو پرۆسەیەی کردووە بەرز بکرێنەوە دەشێ مەودایەکی قوڵتر بۆ لێکدانەوەی ڕۆمانەکە بهێنێتە ئاراوە؟

لە لایەکی ترەوە لە دەرەوە ئاخاوتن کردنی ئەنفال و هێنانەوە قسەی کەسانێك کە خۆیان لەناو ڕووداوەکەدا بوون، بەڵام هاتنە قسەیان درێژەی ئەو تراژیدییایە و چۆنێتی ڕوودانی و تا ئەندازەیەك ئەنجامە ترسناکەکانیشی ئاشکرا دەکات، بەڵام ڕۆماننووس ئەو کەسانە دەکات بە خاوەنی هەر زانیاریەیك کە لە بارەی ئەنفالەوە لە سنووری ئەم دەقەدا پێشکەش دەکرێت، لێرەشەوە هەم بوار بۆ جوڵە و چالاکی کەسێتەکانی خۆش دەکات هەم چارەسەری ئەو کێشەیە دەکات کە خۆی ناتوانێت بە وردی و هەمەلایەنیی لێی بدوێت، بەڵام کاتێ لە ڕێگای ئاخاوتنی ئەو کەسانەوە وردەکارییەکانی ئەنفال پێشکەش دەکات، هەر کەموکورتی یان زانیارییەکی درشتیش پێشکەش بکرێت، دەشێ بەهانە و پاساو بۆ درشتی و نادروستیشی بهێنرێتەوە چونکە دەشێ وای لێکبدەینەوە کە ئەو کەسانە لە گێڕانەوەدا پشتیان بە یادوەری خۆیان بەستووە کە دەشێ هەموو شتێکیش لە یادەوەریدا وەکو ئەوەی بووە یان ڕوویداوە نەمێنێتەوە. لە لایەکی تریشەوە دەشێ قورسی بارستەی کارەساتەکە و مەترسییەکانی ئەوەندە سەخت بووبن، جۆرێك لە کاریگەری نێگەتیڤی ئەوتۆیان لەسەر ڕووبەری یادەوەری ئەو کەسانە هەبووبێت کە تێکەڵ و پێکەڵ کردن ڕوویدابێت.

وەك گوتمان ڕۆمانی هێلانە لە دەرەوە لە ئەنفال دەدوێت کە ئەوەش یەکێکە لە شێوازەکانی تەکنیکی چیرۆك و ڕۆمانی نوێ و ڕۆماننووسانی نوێی فەرەنسی لە ئالان ڕۆب گریە و میشیل پیتورد.. تاد ئەم جۆرە شێوازەیان بەکارهێناوە کە بە (بۆشاییە شێوان) یان (شێوازی بۆشایی) لە نووسینی چیرۆك و ڕۆماندا باس

دەکرێت و ناودەبرێت، واتە نووسەر بە شێوەیەکی گشتی ئەو شتانەی کە پەیوەندییان بە ڕووداوە سەرەکییەکەوە هەیە، پێشکەش دەکات، بەڵام شوێنی ڕووداوە سەرەکییەکە وەکو بۆشاییەك یان پێکهاتەیەکی بێ جووڵە پێشکەش دەکات کە ئەو کاتەش جووڵە خاسێتی ڕووداو وەرناگرێت و تەنیا لە حاڵەتی وەسفیدا دەمێنێتەوە، یان دەشێ بگاتە ئاستی (کردار) و بەس.

ئەنفال لە سنووری جوگرافیای ڕۆمانی هێلانەدا وەکو کردارێکی تراژیدیی ماوەتەوە و نەبووە بە ڕووداو، ئەویش لەو ڕوانگەیە کە گەوهەر و ماهیەتی ئەو پرۆسەیە لە سنووری دەقەکەدا نەگوتراوە، یان لە سنووری نەگوتراودا ماوەتەوە. دەشێ ئێمە لە ڕێگای خەیاڵەوە یان لە ڕێگای شیکردنەوەی بنیادی زمان و ئاستەکانی گێڕانەوە و جوڵەی کەسێتەکانەوە ئەو نەگوتراوانە ئاشکرا بکەین کە لێرەدا مەبەست لە نەگوتراوەکان حەقیقەتی کارەساتی ئەنفالە لە ناوەوە لەگەڵ ئەو مانایانەی کە خودی ئەو پرۆسەیە چ وەکو پرۆسەکە و چ وەکو دەلالەتی زمانی هەڵیدەگرێت.

هاوکات لەگەڵ ئەو شوناسەی لە پشتی ئەنفالەوەیە یان شوناسی ئەو بکەرەی کە دروستکەری ئەنفالە، لەگەڵ شوناسی ئێمەدا، واتە ڕۆمانی هێلانە دەیەوێت پەنجە بخاتە سەر تراژیدیایەك کە هەر تراژیدیای لە نێوبردنی ژمارەیەکی دیاریکراو خەڵك نییە بەڵکو تراژیدیای ئەو ڕۆحە شەڕەنگێزەیە لە ناسیۆنالیزمی عەرەبدا بە پشتبەستن بە بنەماکانی پەیامی ئیسلام یان بەکارهێنانی ئایەتەکانی قورئان ڕەوایەتی دەدات بەو کارە دزێو و نامرۆڤانەیەی کە بە دژی ئێمەی قوربانی پیادەی دەکات. هەروەك ئەنفال ئاشکراکردنی گەوهەری ئەو تراژیدیایە کە مێژوویەکە ئێمەی کردووە بە قوربانی.. جیهانبینی گشتی ڕۆمانی هێلانە لەو سنوورەدایە، کە هاوکات جەلاد و قوربانی دەداتە بەر ڕەخنە بەڵام بەبێ ئەوەی ناسنامەکانیان تێکەڵاو بکرێت.

لە ڕووی بنیادی تەکنیکەوە هێلانە دەشێ وەکو چەند چیرۆکێکی سەربەخۆ سەیربکرێت کە پێکەوە مۆنتاژ کراون، بەڵام هێڵێکی سەرەکی هەیە کە هەموو

بەشەکان پێکەوە دەبەستێت، ئەو هێڵەش بریتییە لە گرێچنی سەرەکی ڕۆمانەکە، هەریەکە لەو بەشانەش کە شێوەی چیرۆکێکی سەربەخۆیان هەیە زیاتر لەسەر بنەمای کەسەکان دروست دەبن، ئەگینا لە ڕووی کات و شوێنی ڕووداوەوە ناکرێت بە جیا لە بەشەکانی تر سەیری هیچ بەشێکی بکرێت، ئەم جۆرە تەکنیکەش پێشتر بەکارهاتووە و ئاشکراترین نموونەی ئەم جۆرە تەکنیکە لای ولیەم فۆکنەر دەردەکەوێت بە تایبەتی لە ڕۆمانی (As I Lay)دا کە هەر کەسێتێك لە ڕۆمانەکەدا چیرۆکێکی سەربەخۆی هەیە و لەو چیرۆکە تایبەتییەشدا خۆی بە تەنیا قسەکەر و گێڕەرەوە و ڕووداو دروستکەرە و مۆنۆلۆگی ناوەوەش پانتایی دیاری دەقەکەی داگیر کردووە.

لە ڕۆمانی هێلانەدا سوبحان چیرۆکێکی سەربەخۆی خۆیی هەیە، جافر خاوەنی چیرۆکی سەربەخۆی خۆیەتی، کامەران و کارە نهێنییەکانی چیرۆکێکی سەربەخۆن، مەفرەزە پارتیزانەکان و چۆنێتی ژیان و چالاکییەکانیان چیرۆکێکی سەربەخۆیە، بەڵام سەرجەم ئەم چیرۆکانە لە خاڵێکی دیاریکراودا پێکەوە دەبەسترێت کە ئەویش شاڵاوی ئەنفالە، چونکە هەموو ئەم چیرۆکانە لە ئەنجامی ئەنفالدا دروستبوون.

لە پشتی ئەو بەشبەشبوونەی ڕۆمانی هێلانەوە بۆ کۆمەڵە چیرۆکێك دوو دەلالەتی ئاشکرا بەرهەم دێت، یەکەمیان لە دەرەوەی دەقی هێلانەدا واتە لەسەر زەمینەی واقیع کە واقیعی کوردییە، لەو ساتەوەختەدا کە شاڵاوی ئەنفال ڕووی داوە بزووتنەوەی کوردایەتی وەکو بنیادی پێکهاتنی ڕۆمانەکە بۆ چەندین بەش دابەش بووبوو، واتە بنیادی ڕۆمانی هێلانە هاوشێوەی بنیادی بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کوردە کە چۆن دابەش بووە و تەنیا هێڵێك کۆیان دەکاتەوە کە هێڵی پەیوەستبوونیایە بە کوردەوە، هەمان شێوەی کۆبوونەوەی بەشەکانی هێلانە بە هۆی گرێچنێکەوە کە ئەویش کۆبوونەوەیە لە دەوری هێلانەکە واتە نیشتمان کۆبوونەتەوە.

لـە ئاسـتی دووەمـدا یـان دەلالـەتی دووەمـی هێلانـە لـە خۆیـدا بەشـبوونی جوگرافی و سیاسـی و مێـژوویی کوردستانە کە چۆن لـە دەرەوەی ویسـتی کـورد خـۆی دابەشـکراوە و هەربەشـە تایبەتمەنـدی خـۆیی هەیـە و سـەرباری خـاڵێکی گەوهـەری هاوبـەش لـە نێـوان هـەموو بەشـەکاندا کـە ئـەویش کوردبوونیانـە بـەڵام هەریەکــە چــیرۆکی تایبــەتی خــۆیی هەیــە هــەمان شــێوەی چــیرۆکی تایبــەتی کەسێتەکانی نێو ڕۆمانەکە.

ئەم پێکهاتەی بنیادی ڕۆمانی هێلانە لە ئاستێکی قوڵدا نووسینەوەی واقیعی کۆمەڵایـەتی و مێـژوویی و سیاسـی ئێمەیـە، بەڵام بە جۆرێك کراوە بە ئـەدەب کە دەتوانین بڵێین ئیلهام وەرگرتنی ڕووداوەکـان لـە ڕووداوێکی وەکـو ئـەنفال ئاشـکرا ئەگەر شارەزاییەکی باشی لەگەڵدا نەبێت هەروا بـە ئاسـانی ئـەو سیما هونەرییـەی پێنابەخشـرێت. هـەر لێـرەوە هاوتـەریبی ئـەم دەقـە و واقیعـی دەرەوەی دەقەکـە دەردەکـەوێت، بـەڵام ئەمـەش بـەو مانایـە نییـە کـە ڕۆمـانی هێلانـە نووسـینەوە یـان فۆتۆکۆپی کردنی واقیعە. نەخێر بەڵکو ڕۆمانی هێلانە بـە تـەواوی شـاهیدە بەسـەر ئەو قۆناغەی ژیـانی مێژوویی و کۆمەڵایـەتی و سیاسـی کـوردەوە کـە دەقەکـە لێـی دەدوێت.

## تەکنیك و گرێچن لە هێلانەدا

حســێن عــارف کۆتــایی ڕۆمانەکــەیان دوا گــرنگترین ڕووداوی ڕۆمانەکــەی هێناوەتە سەرەتاوە کە ئەویش کوشتنی کەریمە کەللە و معاون نوعمانـە لـە لایـەن سـوبحان و جـافرەوە. ئـەم شـێوازەش لـە ڕۆمـانی نـوێی ئینگلیزیـدا زۆر گرنگـی پێدراوە و تەنانـەت (ژانـی گـەل)یـش وەکـو سـەرەتای ڕۆمـانی کـوردی لـەم ڕووەوە سەرەتایەکی باشە لە ئەدەبی کوردیدا.

مەبەست لەم شێوازەی کە نووسەر بەکاری هێنـاوە تێکدانی زنجیرەی بە دوای یەکداهاتنی ڕووداوەکانە بە پێی کات کە ئەمـەش لـە لایـەك خوێنـەر بـە ئـەنجامێك ئاشنا دەکات و وای لێدەکات کە بە دوایدا بڕوات، لـە لایـەکی تـرەوە (کـات) وەکـو

ڕەگەزێکی سەرەکی چیرۆك و ڕۆمان لە ئەنجامی جۆرە مامەڵەیەکی تایبەتی و گرنگی پێدان و پشت پێبەستندا لە بنیادی دەقدا ڕێگاخۆشکەر بووە بۆ دەرکەوتنی شەپۆلی هۆش، تێکشکاندنی شێوازی سروشتی زنجیرەی کات زیاتر بواری بۆ شەپۆلی هۆش و گەڕانەوە بەرەو دواوە یان پێشبینی کردن خۆشکردووە.

نووسەر لە ڕۆمانی هێلانەدا کاتێ زنجیرەی سروشتی بە دوای یەکدا هاتنی کات تێکدەشکێنێت و گرنگییەکی زۆریش بە چۆنێتی مامەڵەکردنی کات دەدات، دەیەوێت لەو دەروازەیەوە بوار بۆ شەپۆلی هۆش خۆش بکات، زەمینەیەك بۆ گەڕانەوە و پێشبینی کردن لە یەك کاتدا خۆش بکات. هەر ئەم زەمینەیەش بوار بۆ ڕەگەزەکانی تری تەکنیکی نوێ دەکاتەوە کە مەبەستمان لە تەکنیکی نوێش شێوازی ئێستای نووسین نیە کە بنەماکانی فانتازیا و خاسێتە سەرەکییەکانی تیایدا بالادەستن لەگەڵ جۆرێك لە مامەڵ'کردنی نوێی زمان و ڕەگەزەکانی تری بنیادی دەق، بەڵکو مەبەستمان لە تەکنیکی نوێ ئەو تەکنیکەیە کە لە شەپۆلی هۆش و مۆنتاژ و تەکنیکی میکانیکی و شێوازە جۆراوجۆرەکانی وەکو شێوازە بۆشایی و شێوازی ئەگەری و شێوازی بەنێو یەکداچوون و تێهەڵکێش و ئاوێزان بوون و دژکۆکردنەوە و وێنەدا.. خۆی دەبینێتەوە، کە لەم میانەشدا بنیادەکانی دایەلۆگ و مۆنۆلۆگ و مۆنۆلۆگی ناوەوەش بەرجەستە دەکرێن.

حسێن عارف لە میانەی مامەڵەکردنیدا لەگەڵ کاتدا ڕێگای بۆ کارکردنی ئەم ڕەگەزانەی تەکنیك و بۆ چەند بەشێك لەم شێوازانە خۆش کردووە، هەموو ئەمانەش بە مەبەستی بەرهەمهێنانی دەقێکی هونەری وەرگیراو لە واقیعەوە بەکارهێنراون.. بۆیە دەشێ بەردەوام ئەو پرسیارە بەرزبکرێتەوە ئایا تا چ ئاستێك "ئەنفال" لە هێلانەدا بووە بە هونەر؟ ئایا تا چ ئاستێك دەقی هێلانە دەقێکی هونەری هاوتەریبە بەو تراژیدیا واقیعییەی دەرەوەی خۆی؟ ئایا تا چ ئاستێ دەقی هێلانە لە دووبارە گێڕانەوەی واقیعەکە یان ڕووداوەکە

دوورکەوتۆتەوە و ئەو دوورکەوتنەوەیەش ئایا تا چەندێ خزمەتی لایەنی هونەری دەقەکەی کردووە؟

لە ڕاستیدا ڕۆمانی هێلانە لەسەر یەك هێڵ ناڕوات ناتوانین بڵێین ئەم ڕۆمانە نەیتوانیووە ئەو واقیعە بگۆڕێت بۆ ئەدەب، هەروەها ناشتوانین بڵێین ئەم واقیعەی بە جۆرێك گۆڕیوە بۆ ئەدەب کە هیچ ڕوویەکی واقیعەکە لە ڕۆمانەکە وەکو ئەوە نییە کە لە ڕاستیدا ڕووی داوە یان بووە. بەڵام لایەنی بەهێزی باڵادەستە، واتە تا ئەندازەیەکی باش هێلانە کارەساتی ئەنفالی وەکو ئەدەب پێشکەش کردووە، ئەگەرچی هەندێ جار کەسێتەکان دەچنەوە سەر ئەو چەندەها کەسێتە واقیعیەی کە بەسەرهاتی ئەنفال یان کاروچالاکییەکانی ڕێکخستن یان ژیانی پێشمەرگە پارتیزانەکانمان بۆ دەگێڕنەوە.

گرێچنی ڕۆمانی هێلانە هاوشێوەی تێکشکاندنی زنجیرەی کاتە واتە بەو ئەندازەی شەپۆلی هۆش لە ڕۆمانەکەدا کاردەکات، بەو ئەندازەیە شێوازی جوڵە و بەرەوپێشەوەچوونی میلملانێ و پرۆسە جوڵەی ڕووداو و گرێچن بە زنجیرە ناڕۆن واتە گرێچنی ڕۆمانی هێلانە بریتییە لە گرێچنی ڕۆمانی قۆناغی کلاسیك و نوێش پێکەوە کە ئەوەش خاسێتی ڕۆمانی جیهانی بووە لە مێژووی ئەدەبدا کە مەبەست لە گرێچنی کلاسیکی گرێچنی ئەرستۆییە کە سەرەتا و هەڵکشان و گەیشتن بە لوتکە و دابەزین و هاتنەخوارەوەی هەیە هەتا لەوێوە دەگات بە کۆتایی کە ئەم شێوازە گرێچنە سەرباری بوونی جوڵە و ڕووداو بوار بۆ گێڕانەوەش بە چاکی دەکاتەوە، کە شێوازی گێڕانەوە لە ڕۆمانی هێلانەدا خاسێتی گێڕانەوەی زنجیرەیی هەیە، هەم گێڕانەوەیە ڕووبەرێکی فراوان لە ڕۆمانەکە دەگرێتەوە، هەم گێڕەرەوە زۆربەی کات دوای هەر بەشێك لە گێڕانەوە زەمینە بۆ بەشێکی دواتر خۆش دەکات.

لە ڕۆمانی هێلانەدا سەرەتای گرێچن لە خاڵێکی دیاریکراوەوە دەست پێناکات، هەروەك لە خاڵێکی دیاریکراویشدا کۆتایی نایەت، ئەگەر سەرەتای ڕۆمانەکە لەوکاتەوە دەستپێدەکات کە سوبحان دوای کردەیەکی سێکسی لەگەڵ

**خێزانەکەیدا ڕێگای بەرە و شار دەگرێتە بەر، ئەوا لە پێش ئەو دەستپێکردنەوە مێژوویەکی نەوترا و هەیە کە دواتر لە ڕێگای فلاش باك و شەپۆلی هۆشەوە سوبحان بەشێکی ئەو مێژووە نەوتراوەمان پێشکەش دەکات، بەڵام دیسان مێژووی کەسێتەکان لە پێش دەستپێکی ڕۆمانەکەدا زۆر ئاشکرا نییە، ئەوەندە دەزانین سوبحان و جافر و مەمۆل و خەڵکی گوندن و ماوەیەك لە شار خوێندوویانە و دواتر کەوتوونەتە نێو ژیانی عەمەلییەوە. نازانین بۆچی وازیان لە خوێندن هێناوە و تا کوێیان خوێندووە و بۆچی هەرسێکیان دواتر گەڕاونەتەوە بۆ لادێ؟ هەمان شێوە مێژووی کامەرانیش زۆر ئاشکرا نییە. هەروەك مێژووی ئەو حاجی سوبحانەی باپیرەی سوبحانی پاڵەوانی ڕۆمانەکەش تەمومژاوییە و ئەوەندەی لێدەزانین خەڵکی گوندی (کانی وەلی) بووە و هاتووە ئەم جێگایەی ئاوەدان کردۆتەوە و بە ناوی خۆیەوە ناوی ناوە، هەموو ئەم مێژووە تەمومژاوییانە لە دەرەوەی دەقەکەدا، لە واقیعی مێژوویی ئێمەدا دەلالەتی خۆیان هەیە و ئەو دەلالەتە هەڵدەگرن کە مێژووی تەمومژاوی ئەو کەسێتانە بریتییە لە مێژوویی ئێمە وەکو نەتەوە.**

**ئەگەر گوندی سوبحان هێما بێت بۆ نیشتمان و زێدی ئێمە و ئاوەدانکەرەوەکەی کە حاجی سوبحانە، مێژوویەکی دیار و ئاشکرای نەبێت ئەوا ڕاستەوخۆ هاوشێوەییەك لە نێوان مێژووی ئەم گوندە و ئاوەدانکەرەوەکەی و نەوەکانی و خۆماندا وەکو نەتەوە دەدۆزینەوە، کە تاکو ئێستا مێژووی کۆنمان، مێژووی ئەسڵ و بنەچە و نیشتمان و شارستانێتیمان تەمومژاوییە، کەواتە سەرەتای گرێچنی ڕۆمانی هێلانە سەرەتای مێژووی تەمومژاوی ئێمەیە.**

**لە گرێچنی ڕۆمانی هێلانەدا لوتکەی ڕووداو یان جوڵە دیار نییە ئەگەرچی دەشێ خەیاڵمان بۆ ئەوە بچێت کە شالاّوی ئەنفال لوتکەی ڕووداو و جوڵەی گرێچنەکەیە بەڵام لەبەرئەوەی ئەنفال وەکو ڕووداوێك لە ڕوانگەی ڕوانینی کەسیتەکانی ڕۆمانەکەوە لە دیوی دەرەوە سەیر دەکرێت، ناکرێت ئەو ڕووداوە ببرێتە نێو پێکهاتەی گرێچنەکەوە.**

نەبوونی لوتکەی ڕووداویش لە دەرەوەی دەقەکەدا ئەوە دەسەلمێنێت کە مێژووی ئەو واقیعە کە ڕۆمانەکە لێی دەدوێ هێڵێکی درێژکراوەیە یان بازنەیەکی داخراوە کە ڕووداوی کاریگەر یان ڕووداوی بەرهەمهێن یان ڕووداوی گۆڕانکاری دروستکەری تێدا دروست نەبووە. بە واتا لە واقیعی دەرەوەی دەقەکەدا چۆن ناتوانرێت بڵندبوون بەرەو لوتکە بدۆزرێتەوە بە هەمان شێوە لە سنووری دەقەکەشدا بڵندبوون نییە، بڵندبوونێك کە وەکو لوتکەی ڕووداو دەربکەوێت بەڵکو بە پێچەوانەوە ڕووداوەکانی ڕۆمانی هێلانە هەریەکەیان بەشێکن لە ڕووداوێکی گەورە کە ئەویش ڕووداوی ئەنفالە و هەرکام لەو ڕووداوانە بگریت لە خۆیدا ڕووداوێکی گەورەیە کە وەکو تراژیدیایەك سەیر دەکرێت.

ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانی هێلانە وەکو ڕووداوەکانی درێژەی مێژووی کورد وایە، هەرچۆن مێژووی کورد چەندین ڕووداوی بچوکی تێدایە بەبێ ئەوەی هیچیان گەیشتبن بە لوتکە بە هەمان شێوە دەقی هێلانە وێناکردنەوەی ئەو ڕووداوە بچووکانە بەرجەستە دەکات بەبێ ئەوەی هیچ کام لەو ڕووداوانە لوتکەی دیاریکراو بێت لە گرێچنی ڕۆمانەکەدا.

کۆتایی ڕۆمانی هێلانە کۆتاییەکی کراوەیە، چونکە لوتکەی ڕووداو لەم ڕۆمانەدا بوونی نییە هەر لەبەرئەوە کۆتاییش بوونی نابێت، بە واتا لە دوای کۆتایی هاتنی ڕۆمانەکەوە مێژوویەك هەیە کە کەسێتەکان لە ساتەوەختی کۆتایی هاتنی ڕۆمانەکەدا بەو مێژووە دەسپێردرێن، ئەو مێژووەش سەرابستانێکە بێ ناسنامە، نە ئاراستەی جوڵە تیایدا ئاشکرایە، نە بکەر تیایدا ناسراوە، بەڵکو چارەنووسی کەسێتەکان بە هەڵواسراوی دەمێنێتەوە سوبحان و جافر و حەمۆل پێشمەرگەی پارتیزانن، چارەنووسیان ونە، کامەران چارەنووسی دیار نییە و تەنها ئەوەمان لەلا ڕوونە کە بە پێی هەواڵی بەدەستگەیشتوو گیراوە. ئیتر نازانین چارەنووسیان بە گوێ دەگات، چارەنووسی نادیاری ئەم کەسێتانە چارەنووسی ئێمەیە کە لە بەردەم ئەگەری لەناوچووندا بووین لە ساتەوەختی بەرهەمهێنانی ڕۆمانەکەدا وەکو دەقێکی ئەدەبی.

سەرجەم ڕووداوەکانی ڕۆمانی هێلانە یان لە جوڵەی کەسێتەکان و ئاخاوتنەکانیاندا دەردەکەون یان لە ڕێگای گێڕەرەوە لە سنووری زمانی دەقەکەدا ئاشکرا دەکرێن، بەڵام گرێچنی ئەم ڕۆمانە وەکو ڕۆمانی کلاسیك یان گێڕانەوەی ئاسایی ڕووداو بە دوای ڕووداودا پێشکەش ناکات، ڕەنگە ئەوەش هۆیەك بێت کە خوێنەری ئێمە لە خوێندنووەی ڕۆمانی هێلانەدا یان هەر چیرۆك و ڕۆمانێکی تردا کە پەیڕەوی ئەم جۆرە تەکنیکە بکات ماندوو یان بێزار ببێت، بە تایبەتی ئەو خوێنەرەی کە چاوەڕوانی تەنیا گێڕانەوە و ڕووداوی واقیعی دەکات.

**پانتایی گێڕانەوە لە ڕۆمانی هێلانەدا:**

گێڕانەوە پانتاییەکی فراوانی لە ڕۆمانی هێلانەدا داگیرکردووە کە ئەویش یان وەسفکردنی کەسێتەکانە لە دیوی دەرەوە و باسکردنی ڕووداوەکان یان پێشبینی کردنە کە لە ڕێگای گێڕانەوەوە (گێڕەرەوە) کە زیاتر وەکو (من)ی ڕۆماننووس دەردەکەوێت. هێڵی سەرەکی چیرۆکی ڕۆمانەکە و درێژەی ڕووداو و جوڵەی ڕووداو و کەسێتەکانیش پێشکەش دەکات، ڕاستە نووسەر تا ئەندازەیەك بوار بۆ کەسێتەکان دەکاتەوە کە بدوێن و بجوڵێن بۆئەوەی لە ڕێگای دواندنی ئەوانەوە ئێمەش لەگەڵ خۆیاندا پەیوەست بکەن و بەمەش کرداری پەیوەندیکردن لە نێوان ئەمی کەسێتی ڕۆمانەکە و ئەوانی (بۆگێڕەرەوەدا) واتە (ئەوانی تردا) دروست دەکات.

لێرەشەوە دەق لە ڕێگای دەسەڵاتێکەوە کە ئەو پەیوەندیکردنە بەرهەمی دێنێت کۆنترۆڵی خوێنەر دەکات و زۆر جاریش ئەو کۆنترۆڵکردنە سروشتێکی دیکتاتۆرانەی دەبێت و ئەوی خوێنەر ناتوانێت بە هیچ ئاراستەیەکی جیاواز دەقەکە لێکبداتەوە و لە مانای نوێ و دەلالەتی نوێ و دەنگی جیاواز و مانای جیاواز بگەڕێت لە میانەی کەوتنە ژێر یاسا و دیسپلینی دەسەڵاتی دەقەکەوە.

گێڕانەوە لە ڕۆمانی هێلانەدا لەبەرئەوەی چیرۆکی ڕۆمانەکە لە زۆر جاردا پەیڕەوی (هۆ) بۆ بەردەوامبوونی خۆی ناکات، بۆیە (بۆگێڕەرەوە) تەنانەت

خوێنەریش لەژێر کاریگەری واقیعییەتی بەسەرهاتی ڕۆمانەکە و گرێچنەکەیدا بە جێگیری نامێننەوە چونکە بەسەرهاتی ڕۆمانەکە و جوڵەی ڕووداو تیایدا کەمتر پابەندی جوڵە و ڕێکخستنە لەسەر بنەمای هۆ و ئەنجام، بەڵکو خوێنەر و بۆگێڕەرەوەش بە یەك هەڵوێست کە سەرچاوەکەی ڕەتکردنەوەی پرۆسەی ئەنفالە، دەبنە لایەنگری ئەنفالکراو و پێشمەرگە. ئەمەش شێوازێکی ڕۆتین ئاسا وەردەگرێت و خوێنەر و بۆگێڕەرەوە بە یەك ڕۆتینی هەڵوێست وەرگرتن لەگەڵ دەقەکەدا خۆیان نیشان دەدەن و ناتوانن لە دەرەوەی ئەو هێڵە سەرەکییە لە دوای هیچ حاڵەتێکی جیاواز بگەڕێن، هەر بۆیە دەشێ خوێنەری ئاسایی پێی وابێت کە چەندین بەشی ڕۆمانی هێلانە زیادە و دەشێ لابرێت..

ئەم تێڕوانینەش لەوێوە سەری هەڵداوە کە هەندێ لە ڕەخنەگرانی ئەدەب پێیان وایە کە دەبێ چیرۆك یان ڕۆمان لە بیرۆکەیەکی سەرەکی بدوێت و هەموو مانا و جیهانبینییەکی تر لە سنووری ئەو دەقەدا ڕەتدەکرێتەوە، بە واتا تاك ڕەهەندی دەقیان دەویست کە بۆ ئەو مەبەستەش دەیانگوت دەبێ بینای چیرۆك و دواتریش ڕۆمان هەمان شێوەی دیوارێکی ڕێك بێت، ئەگەر خشتێکی لێدەرهێنرا شوێنەکەی بۆش دەبێت، بەڵام ئەو بۆچوونە لە مێژووی نوێی ڕەخنەدا ڕەت دەکرێتەوە چونکە دەقی زیندوو ئەو دەقەیە کە لە جیهانبینییەك زیاتر و لە مانایەك و لە ڕێگایەکی شیکردنەوە و خوێندنەوە زیاتری هەیە، هەربۆیە دەشێ لە زنجیرە ڕووداوێکی پەیوەست بە گرێچنی کلاسیکی یان ئەرستۆیش زیاتر ڕووداو لە خۆی بگرێت، مەبەست لەمەش ئەوە نییە کە ڕووداو و کەسێت و ڕەگەزەکانی تریش بێ بنەما بخرێنە ناو پێکهاتەی دەقەکەوە.

گێڕەرەوە لە ڕۆمانی هێلانەدا لەبەرئەوەی شارەزای وردەکارییەکانی ناوەوەی ئەنفال نییە، نایەت ڕاستەوخۆ خۆی لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە بۆ (بۆگێڕەرەوە) بدات. بۆ گێڕەرەوەیەك کە ئێمەین و دوور و نزیك دەشێ بە ئەندازەی ئەوی گێڕەرەوە لەو بەسەرهاتانە شارەزا بین، هەر لەبەرئەوە گێڕەرەوە هاتووە لە سنووری گێڕانەوەدا و لە چەند ئاستێکی گێڕانەوەدا لە دەرەوەی پرۆسەی ئەنفال

لـە سـنووری جوڵـەی کەسـێتەکانیدا، لـە سـنووری ئـەو ڕووداوانـەی لـە دەرەوەی ئەنفالدا و لە سنووری دەقەکـەدا ڕوودەدەن کردەی گێڕانـەوە مسۆگەر دەکات یان ڕێکدەخات و ڕووبـەرێکی فراوانیشـی پێدەگرێتـەوە کە ئەوەش لـە لایـەك شـێوازی وەسفکردن لە ڕۆمانەکەدا باڵادەست دەکات کە شێوازێکی (تصـویری)یـە و لەسـەر بنـەمای شـوێن بەرجەسـتە دەبێـت. لـە لایـەکی تریشـەوە ئـەو مامەڵەکردنـە لەگـەڵ شـوێن و باڵادەسـت بـوونی شـێوازی وەسـفکردن لـە دەقـی هێلانـەدا لـە ئـەنجامی کەمی (ڕووداو)دا دروست بووە کە ئەمەش ئەو دەلالەتە لە پشتییەوە وەستاوە کـە ڕووداو مێـژوو دروسـت دەکـات، لـە واقیعـی کۆمەڵایـەتی دەرەوەی دەقەکەشـدا کـە واقیعی کۆمەوڵایەتی و مێژوویی و سیاسی کوردە، ڕووداو لە ئاستێکی لاوازدایە، بـە تایبـەتی ڕووداوێـك کـە بکەرەکـەی خـودی کـورد بێـت، هـەر لەبەرئـەوەش لـە درێژەی ژیانی کورددا مێژوو بەو شێوەیە دروسـت نـەبووە کـە ڕووداوەکان بکـەری کوردی دروستی کردبن.

ئێستا ئەگەر سەرنجی شێواز یان ئاستی گێڕانـەوە بدەین لە ڕۆمـانی هێلانـەدا ئـەوا سـەرباری ئـەوەی کـە گێـڕەرەوە لـە ڕێگـای ڕانـاوی لکـاوی (م)ەوە لـە کـاری گێڕانـەوەدا خـۆی نیشـان نـادات. بـەڵام لـە درێـژەی گێڕانەوەکـەدا دەردەکـەوێت کـە گێـڕەرەوە منـی ڕۆماننووسـە کـە ئاسـتی گێڕانـەوە لـە سـنووری گێڕانـەوەی (مـن) گێـڕەرەوەدا بـە تـەنیا ناهێڵێتـەوە بـەڵکو هەنـدێ جار وەکـو گێـڕەرەوەی مـەوزوعی (الـراوی الموضـوعی) دەردەکـەوێت بـە تایبـەتی لـەو کاتانـەدا کـە گێڕانـەوە نزیـك دەبێتەوە لە وێنەگرتنێکی (تصویری) واقیع بـە تایبـەتی لـە دیمەنـەکانی دەرەوەی کەسێتەکانی ڕۆمانەکـەدا کە ئـەو دیمانانـەش بـۆ خوێنـەر دەردەخـات، بـۆ نموونـە کاتــێ گێــڕەرەوە وەســفی ئــەو دیمەنــەی سروشــت دەکــات کــە ســوبحان بەســەر تراکتۆرەکەوە و دەیگێڕێتەوە کە چۆن سەرما پەلوپۆی لەکار دەخات، یان چەندین جــار کــە گێــڕەرەوە وێنــەی (تصــویری) ســوبحان و جــافر دەگرێــت لــە کــاتی دانیشتنیاندا لە ژوورەکەی ماڵێ پوورە عەتاودا لەگەڵ دەیـان وێنـە کێشـانی وردی

تر لە درێژەی ڕۆمانەکەدا کە گێڕەرەوە بۆ (بۆگێڕەرەوە)ی دەگێڕێتەوە کە زیاتر سیمای گێڕانەوەی مەوزوعییان هەیە.

بەڵام سەرباری ئەم ئاستانەی گێڕانەوە هەندێ جار حاڵەتی گێڕانەوەی سنوورداریش تێکەڵاوی ئاستەکانی گێڕانەوە دەبێت و ڕۆماننووس یەکێك لە کەسێتەکانی هەڵدەبژێرێت و ئەرکی گێڕانەوەی پێدەسپێرێت بۆ نموونە کاتێ جافر دیمەنی سووتاندنی گوندی حاجی سوبحان دەگێڕێتەوە دەبێتە گێڕەرەوە بەڵام ئەم جۆرە گێڕانەوەیە لە ڕۆمانەکەدا کەمە و لە ڕاستیشدا ئەم شێوازە کارێکی ئاسان نییە چونکە ئەگەر چیرۆکنووس یان ڕۆماننووس شارەزا نەبێت لەگەڵ مۆنۆلۆگدا تێکەڵاوی دەکات بەڵام کاك حسێن عارف وەکو نووسەرێکی شارەزا مامەڵەی لەگەڵ ئەو جۆرە گێڕانەوەیدا کردووە.

ئێستا ئەگەر سەرنجی شێوازەکانی گێڕانەوە بدەین لە ڕۆمانی هێلانەدا چەندین جۆر لە گێڕانەوە دەبینین، گێڕانەوەی مەوزوعی، گێڕانەوەی سنووردار، گێڕانەوەی (منی گێڕەرەوە) کە دەنگی ڕۆماننووس خۆیەتی، تەنانەت گێڕانەوەی (بێ سنوور) یان گێڕانەوەی بە ئاگایانە لە هەموو شتەکان لە نێوان کەسێتی و ڕووداو و گرێچن و هەموو بەشەکانی ڕۆمانەکەدا دەجوڵێت و قسە لەسەر ڕووداوەکان دەکات، سیما و هەڵسوکەوت و ڕەفتاری کەسێتەکان دەردەخات و توانای هەوڵدانی ئاشکراکردنیشی هەیە.

ئەگەر سەرنجی گێڕەرەوە بدەین لە ڕۆمانی هێلانەدا ئەم سیفاتانەی هەیە.

بێگومان هەریەکە لەم شێوازانەی گێڕانەوە تایبەتمەندی خۆیان هەیە و پەیوەندییان بە ئاستی هونەری و تەکنیکی نووسینەوە هەیە، بۆ نموونە ئەگەر گێڕانەوە لە ڕێگای (من)ی گێڕەرەوەوە نەبێت، شەپۆلی هۆش بە ئاسانی زەمینەی بۆ خۆش ناکرێت و دەشێ هەروا بە ئاسانی جێگای نەبێتەوە.

پێشتریش ئاماژەمان بۆ ئەوە کرد کە شەپۆلی هۆش پەیوەستە بە ئاستی لاوەعی کەسێتەکانەوە، واتە گەڕانەوە بۆ پابتایی نەست و عەقڵی نادیار (باطن) کە لەوێڕا شتە نهێنی و پەنهانەکان کۆبوونەتەوە و پەردەیان لەسەر نراوە لە

ڕێگای لابردنی ئەو حاڵەتی شاردنەوەیەوە ئەو نهێنییانە کە لە شێوەی ڕەمز و هێما و دەلالەتدان ئاشکرا دەکرێن. ئەم حاڵەتەش لە ڕۆمانی هێلانەدا بە ئاشکرا بەرچاو دەکەوێت.

کۆکردنەوەی چەند شێوازێکی گێڕانەوە لە ڕۆمانی هێلانەدا پەیوەندی بە تێکەڵاوبوون و کارپێکردنی ڕەگەزە جۆراوجۆرەکانی تەکنیك و هونەری چیرۆکنووسینەوە هەیە و لە لایەکی تریشەوە ئەم ئاستانەی گێڕانەوە پەیوەندی بەهێزیان هەیە بەو بنەما واقیعییەی کە ڕۆمانەکە هەیەتی، واتە شێوازە جۆراوجۆرەکانی گێڕانەوە پەیوەستە بە واقیعی ژیانی دەرەوەی دەقەکە کە دەقەکە لەوەوە واتە لەو واقیعەوە بەرجەستە کراوە و ئەویش واقیعێکی پێکداچوو ئاڵۆز و هەمەڕەنگ و ناجێگیرە.

واتە شێوازی گێڕانەوە لەم ڕۆمانەدا دەنگدانەوەی دەنگەکانی واقیعە و لە هەمان کاتیشدا پەشێویی و نەبوونی دیسپلین و ڕێکخستن و تەنانەت بەرنامەش لە واقیعی دەرەوەی دەقەکەدا دەردەخات، باڵادەستبوونی شێوازی گێڕانەوەی (منی) گێڕەرەوە کە کەسێتی ڕۆماننووس خۆی ئەو ئەرکە دەبینێت بێ ئەوەی خۆی وەکو کەسێك تێکەڵاوی کرداری جوڵە و ڕووداوی ڕۆمانەکە ببێت واتە بێ ئەوەی گێڕەرەوە خۆی بخاتە شوێنی بکەری گێڕەرەوە یان بە واتایەکی تر گێڕەرەوە لە شێوەی (هەواڵدەر)دا حاڵەتی وەسفکردن لە ڕۆمانەکەدا باڵادەست دەکات و ئاستی جوڵە و کردار کەم دەکاتەوە، بەمەش کردەی گێڕانەوە بەشداری دەکات لە بنیادنانی دەلالەتی گشتی دەقەکەدا کە دەقێکە کردار تیایدا لاوازە، ئەوەش لە مەودایەکی قوڵتردا دەگەڕێتەوە بۆ واقیعی مێژوویی و کۆمەڵایەتی ئێمە لە دەرەوەی دەقەکەدا کە توانای ڕووداو دروستکردنمان نییە، بەو مانایەی ڕووداوێك بێت کە بتوانێت گۆڕانکاری دروست بکات، یان مێژوو، شارستانێت بەرهەم بهێنێت.

## جوانی شوێن لە ڕۆمانی هێلانەدا

یەکێك لە ڕەگەزە سەرەکییەکانی چیرۆك و ڕۆمان شوێنە. هەروەك (کات)یش ڕەگەزێکی تری سەرەکییە و لەگەڵ شوێندا وەکو دوانەیەکی پێکەوە پەیوەست سەیر دەکرێن لە گرێچنی کلاسیکیدا. ناکرێت لە دەرەوەی شوێن و کات کردار بوونی هەبێت. هەروەك دەشێ یەکێك لەم دوو ڕەگەزە ڕووبەرێکی فراوانتر داگیر بکەن و لە ڕۆمانی نوێشدا دەشێ پانتاییەکی ئەوتۆ نەگرنەوە، بەڵام لەو دەقانەدا کە ڕاستەوخۆ لە واقیع و ڕووداوەکانی نێوان واقیعەوە وەرگیراون ناشێت کات و شوێن بەلاوە بنرێن، بەڵکو بە پێچەوانەوە بۆ ڕۆمانی هێلانە و تەنانەت ڕۆمانی (شار)یش دەشێ بە ڕۆمانی (شوێن) ناویان ببەین.

شوێن لە ڕۆمانی هێلانەدا ڕەگەزێکی سەرەکییە و حسێن عارف بە جۆرێك لە سنووری دەقەکەدا گرنگی پێداوە کە شوێن دەلالەتی قوڵتر لەوە هەڵبگرێت کە تەنیا خاسێتی شوێن یان جوگرافی هەبێت. بۆ نموونە سوبحان و جافر و حەمۆل دوای خوێندنیان لە شار هێشتا ئەوەندە پەیوەستی لادێکەی خۆیانن بۆی دەگەڕێنەوە و ناتوانن دەستبەرداری بن، بگرە سوبحان بە جۆرێك وەسفی پەیوەستبوونی ڕۆحی خۆی بە دێی حاجی سوبحانەوە دەکات وەکو ئەوەی ئەگەر لەو شوێنە جیابکرێتەوە ئیتر دەمرێت. هەروەك لە ڕێگای کرداری گێڕانەوەوە بە شێوەیەکی هێندە قەشەنگ وێنەی (تصویری) ئەو گوندە و چیاو قەدپاڵەکانی و دەربەند و شیو و ئەشکەوتەکانی دەگرێت کە لەوە جوانتر بن کە خۆیان لە واقیعدا هەن. دیمەنی جافر لەنێو دەربەند و قەدپاڵ و چیاو پاشان گەڕانەوەی بۆ بەردەم ئاوایی و وەسفکردنی دیمەنەکانی وەکو ئەوە وایە بە کامێرایەکی زۆر ورد وێنە گیرابن، یان دیمەنی هەڵشکانی سوبحان و جافر دوای ئەوەی کە جافر لە ئێوارەیەکدا دێت پەیوەندی بە پارتیزانەکانەوە بکات.

وەسفکردنی قەدپاڵی چیا و دۆڵ و گرد و باران و بەفر و ئەشکەوت و ململانێی جافر و سوبحان لەگەڵ سروشتدا بۆ گەیشتن بە شوێنی مەبەست بە جۆرێك وێنەکێشراوە تەنیا لە خەیاڵدا ئەو دیمەنانە ئەوەندە جوانن ئەوەش

دەلالەتی گەیشتن بە جوانی ڕەها لـە سنوری هەست و خـەیاڵی نووسـەردا نیشان دەدات.

وەسـفکردنی ئـەم شـوێنانە وەسـفی جـوگرافی نییـە بـەڵکو وەسـفکردنێکە بـە مەبەستی جوانترکردنی شوێن لە چاو خۆیدا کە لە پشتی ئەم جوانکردنەشەوە مەبەستێك ئاشکرا دەبێت ئەویش پەیوەستکردنەوەی ئێمەیە بە جوانی سروشت و بە زێد و نیشتمانی خۆمانەوە بە جۆرێك کـە لـە ڕووی ڕۆحییـەوە تێکـەڵاوەی ببینـــەوە و نـــەتوانین لێـــی پـــەرت بـــبین کـــە ئـــەوەش دەبێتـــە سەرچـــاوەیەکی پەیوەستبوون بە چەمکی نیشتمان و نیشتمانپەروەری بەرهـەم دێنێت، لـە هـەمان کاتـدا ئـەو جوانییـەی سروشـت بـە خـۆی و هـەموو توخمەکانییـەوە بەشـێکن لـە پێکهێنـانی گوتارێـك کـە لـە ڕۆشـنبیری کوردیـدا گوتـاری باڵادەسـتە و ئـەویش گوتـاری مانەوەیـە، واتـە نووسـەر بـە مەبەسـتی پەیوەسـتکردنەوەی ئێمـە و ڕاکێشـانمان بـۆ لای جوانییـەکانی سروشـتی شـوێنێك کـە بەشـێکە لـە نیشـتمانەکەمان ئـەو جوانییـە دەبەخشـێتە شـوێنە جۆراوجۆرەکـانی سـنووری دەقەکە کە بە گشتی ئەو شوێنانەش لە واقیعی دەرەوەی دەقەکەدا هەن و بەشێکن لە زێد و نیشتمانی ئێمە و لە ڕووی مەعنەوییەوە ئێمە بەو شوێنانەوە بەندین.

هەر لـە ڕێگـای وێنـاکردنی شـوێنەوە، ڕۆمـانی هێلانـە پەیوەستبوونی مرۆڤ بە شوێنەوە دەردەخـات کـە ئـەو پەیوەستبوونە بـۆ مرۆڤـی کـوردیش زۆر بـەهێزترە، چونکە ئـەم لـە بوارەکـانی شارسـتانی و فیکـر و تـەکنۆلۆژیادا ئامـادەبوونی نییـە، بـەڵکو هـەموو ئامـادەبوونێکی ئـەم لەسـەر بنـەمای بـوونی خاکەکەیـەتی واتـە هێلانەکـەی، ئەگـەر هێلانەکەشـی نغـرۆ بکرێـت، ئـەوا ئـەو بنەمایەشـی لەدەسـت دەدات کـە بـوونی لـە ڕووی بایۆلۆژییـەوە بپارێزێـت تێیـدا، بۆیـە ڕۆمـانی هێلانـە بەرامبەر بەو مەترسیە وریامـان دەکاتـەوە کـە ئەگـەر بێـت و هێلانەکـەمان لەدەسـت بچێت ئـەوا خۆیشـمان هـیچ مانایـەك بـۆ بوونمـان نامێنێتـەوە و بگـرە ناشـێت لـە ڕووی بایۆلۆژیشەوە بمێنینەوە.

## ڕۆمانی هێلانە و سەرچاوەی ئەنفال

ناشێت حسێن عارف هەر بە ڕێکەوت ڕووداوەکانی ئەنفالی کردبێتە سەرچاوە و بنەما بۆ نووسینی ڕۆمانەکەی، نەخێر بەڵکو بە پێچەوانەوە حسێن عارف وەکو نووسەرێکی خاوەن پەیام کە هەمیشە دەزانێت لە کوێوە ئیلهامی نووسین وەربگریت ئەو بابەتە دەکاتە بنەما بۆ بنیادنانی ڕۆمانەکەی، هەروەك ڕوانینێکی دوو ئاراستەیی خۆی لە بەرهەمهێنانی ئەم دەقەدا لەو ڕووداوە واقیعییەی نێو مێژووی نزیکی ئێمەوە نیشان دەدات. ئاراستەی یەکەم بریتییە لە ڕوانین بۆ ئایندەی ئێمە کە ئایندەیەکی ونە و بەرەو نادیار هەنگاو دەنێین هەمان شێوەی ئەنفالکراوەکان، یان تەنانەت هەمان شێوەی ئەو پارتیزانانەی کە عیشقی ئەبەدی خاك و نیشتمان مۆتیڤی خەباتیان بوو بێ ئەوەی تروسکەی ئاینده ببینن. واتە لێرەوە حسێن عارف لە مەودایەکی قوڵدا ڕەخنە لەو شێوزاەی خەباتی ئێمە دەگرێت چ لە ڕووی ڕێکخستنەوە چ لە ڕووی کاری چەکدارییەوە کە چۆن بەشێکی لە ئەنجامی کاردانەوەدا دروست بووە، کە سوبحان و جافر لە نموونە دیارەکانی ئەم کاردانەوەیەن، بە تایبەتی ئەو سوبحانەی کە ڕۆژێ لە ڕۆژان بڕوای بە سیاسەت نەبوو، تەنیا گیانی تۆڵە سەندنەوە کردی بە پێشمەرگەی پارتیزان. تەنانەت دواتریش تۆڵەسەندنەوەکەی لە کەریمە کەللە وەکو مەسەلەیەکی شەخسی دەردەکەوێت نەك پەیامێکی شۆڕشگێڕی یان نەتەوەیی لە پشتییەوە بێت. دیارە ئەمە سروشتی بەشێکی بزوتنەوەی کوردە کە لە بری بەرنامە و نەخشە و ستراتیژ لە ئەنجامی کاردانەوەدا دروست بووە.

ڕۆمانی هێلانە ئەم ڕەخنە (نەگوتراوە) لە نێو خۆیدا هەڵدەگرێت، واتە نووسەر بە ئاگاوە هۆکارێکی سەرەکی شکستی ئێمە و بزوتنەوەکانمان دەگێڕێتەوە بۆ هۆکاری کاردانەوە لە سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانماندا نەك سەرهەڵدانی بزوتنەوەکان لەسەر بنەمای هۆشیاری و پرۆژەی ڕۆشنبیری و فیکری. ئەمە سەرباری ئەوەی کە ئەو ڕەخنەیەی نووسەر لە شێوازی سەرهەڵدانی بزوتنەوەکانی ئێمە لە ئاستی نەگوتراودا ئێمە دەخاتە حاڵەتێکی

بەخۆداچوونەوەوە لەوەی کە تاکو ئێستا لە ماهیەت و گەوهەری ئەنفال و بکەری ئەنفال دروستکەر کە ناسیونالیستی عەرەبییە تێنەگەیشتووین ئەو ناسیونالیستەی کە بنەمای دروستبوونی خۆیی لەسەر فیکری عەرەبی و کەلتوری ئیسلامی دەستەبەر کردووە.

ئاراستەی دووەم ئەوەیە کە حسێن عارف ئەوەمان بە بیر دێنێتەوە کە چۆن پرۆسەی ئەنفال سەرچاوەکەی لە ئایینی ئیسلامەوە وەرگیراوە و ناسیونالیزمی عەرەبی بە پشتی سورەتێکی قورئان مافی کوشتن و برین و جینۆسایدکردنی ئێمە و وێرانکردنی وڵاتەکەمان بە خۆی دەدات، ئەوەش دوو مانا یان دوو لێکدانەوە هەڵدەگرێت، یەکەمیان ئەوەیە ئەو ناسیونالیزمەی عەرەب جگە لە خۆی ژیان و بوون بۆ کەس بە ڕەوا نابینێت، واتە گەوهەری گوتاری ئەو ناسیونالیزمە ئەوەیە کە نابێت (ئەوانی تر) بوونیان هەبێت.

مانای دووەم ئەوەیە ئایا گەوهەری پرۆژەی ئیسلام خۆی ئەنفالی پێ ڕەوایە و ئەمیش جگە لە ئیسلام خۆی ناتوانێت مافی بوون و ژیان بە کەسی تر یان بە ئەوانی تر بدات؟ یان ناسیونالیزمی عەرەبی لە پێناوی بەرژەوەندی خۆیدا ئەو سورەتەی قورئانی بەکارهێناوە؟ یان ئایا لە گەوهەردا ئەنفالکردنی ئێمە لە مێژووی نوێدا و لە لایەن دەوڵەتی ناسیونالیستی عەرەبی عێراقییەوە و فەتحکردنی ئێمە و نەتەوەکانی تریش لە سەردەمی فەتحی ئیسلامیدا هەمان پرۆسەن و ئەنفال درێژەپێدان و تەواوکردنی پرۆژەی ناتەواوی فەتحە؟

حسێن عارف لە ڕۆمانی هێلانەدا ئەم پرسیارانە بەرزدەکاتەوە کە ئەوەش بۆ خۆی هەڵوێستێکی ڕەخنەگرانەیە لە ئێمە و تێگەیشتنمان، لە ئەوان و ڕۆحی شۆڤێنیانەیان و پرۆژەی جینۆسایدی بەردەوامیان، هەروەك لە میانەی بەرزکردنەوەی ئەو پرسیارانەوە دەیەوێت ڕێگا بۆ ئەو لێکدانەوەیە خۆش بکات کە سورەتی ئەنفال کراوە بە بنەمای دانانی پرۆژەی جینۆسایدکردنی ئێمە.

ڕۆمانی هێلانە هەوڵێکی باشە بۆ بە ئەدەبکردنی واقیعی ئەنفال، کە تیایدا ئەنفال تەنیا لەو سنوورەدا دووبارە نەکراوەتەوە کە چۆن ڕوویداوە و چی تێدا

قەوماوە، ڕاستە حسێن عارف لە ڕێگای گێڕانەوە و مۆنۆلۆگ و دایەلۆگ و جوڵە و هەڵسوکەوتی کەسانی ڕۆمانەکەیەوە درێژەی پرۆسەی ئەنفالمان لە دیوی دەرەوە واتە لە ڕوانین و هەستکردنی کەسانی بە ڕێکەوت لە ئەنفال ڕزگاربوو پێشکەش دەکات، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە پشتی دەقەکەوە ئاماژەی کۆمەڵێك نەگوتراو هەیە کە ئەوانیش بریتین لە پرسیارکردن لە ماهیەتی ئەنفال، ئایا ئەنفال چییە و گەوهەری ئەنفال چییە؟ ئەنفال بە گوێرەی بکەرەکانی چی دەگەیەنێت؟ ئەی ئەنفال بە گوێرەی ئێمەی ئەنفال کراو چی دەگەیەنێت؟ پەیوەندی جەلاد و قوربانی لە ئەنفالدا چییە؟ ئەنفال چ پەیوەندییەکی بە بوون و ماهیەت و ئامادەبوون و هۆشیاری و شێوازی خەباتی ئێمەوە هەیە و چ هەڵویستێکمان لا دروست دەکات لە بەرامبەر ئەو ڕێگایانەدا کە تاکو ئێستا لە خەباتدا گرتوومانەتە بەر؟

بەهەرحاڵ سەرباری لایەنە بەهێزەکانی ڕۆمانی هێلانە دەشێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە لایەنی لاوازی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە کە دەکرا سیمای واقیعییەتی لەوەی ئێستای کەمتر بوایە و سەرباری ئەو ڕاستییەی کە ڕۆمان ئەو ڕەگەزە ئەدەبییەیە کە هاوشانە لەگەڵ واقیعی دەرەوەیدا بەڵام مەبەست لەم قسەیەش ئەوە نییە کە ڕۆمانی نووسینەوەی واقیع و ڕووداوەکانی واقیعە وەکو خۆی، دەشیا سەرباری ئەو تەکنیك و لایەنە هونەریانەی کە ئاماژەمان بۆ کردن مەودای خەیاڵ فراوانتر و ڕەگەزی فەنتازیا جوانتر و بەربڵاوتر فەزای دەقەکەی داگیر بکردایە.
هەروەك دەشێ ئاماژەش بۆ هاوشێوە بوونی چەند دیمەنێکی هێلانە و بەرهەمەکانی تری حسێن عارف بکەین. لەوانەش دیمەنە سێکسییەکەی سوبحان و ژنەکەی لەگەڵ دیمەنە سێکسییەکەی عەولا و ژنەکەی لە چیرۆکی شەفەقدا، هاوشێوەبوونی ماڵی پوورە عەتاو کە بنکەی ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانییە لەگەڵ ماڵی پوورە حەلیمدا یان مەملەکەتەکەی پوورە حەلیم لە ڕۆمانی شاردا کە بنکەی ڕێکخستنەکانی حیزبی شیوعییە هەروەها بە شێوەی لەبەرچاو ڕۆمانی هێلانە و شار و بەشێکی زۆریش لە چیرۆکەکانی حسێن عارف پەیوەستی شوێنن

واتــە لــە ڕووی مامەڵــەکردنی ڕەگــەزی شــوێنەوە تــا ئەندازەیــەك نزیکــی هەیــە لــە نێوانیاندا.

دیمەنی گەڕانەوەی سوبحان بۆ گوندەکەی خۆیان و منەکردنی کەمتیارەکە بۆ ئەوەی پەلاماری بدات، هاوشێوەی پەلاماردانی گورگەگانی چیرۆکی گەلە گورگە. هــەروەك دەشــێ هەنــدێ ڕەخنــەش لــە شــێوازی گــوتن و دەربڕینــی هەنــدێ ڕســتە و دەستەواژە و وشە بیگرێت سەرباری ئــەوەی کــە دەزانین حسێن عــارف یەکێکــە لــە کــوردی نووســە دیارەکــانی ئێمــە و مــن خــۆم چــەندین زاراوە لــە خوێندنــەوەی بەرهەمــەکانی ئــەوەوە فێــر بــووم.. ئــەم چــەند ئامــاژەی بــۆ لایــەنی لاوازی ڕۆمــانی هێلانە خستماننە بەرچاو لە چاو لایەنی بەهێزی ڕۆمانەکەدا زۆر کەمن.

ڕۆمـــانی هێلانـــە بەرجەســـتەکردنی تراژیـــدیاکانی ئـــەنفال و تراژیـــدیاکانی شکســتی فیزیکــی عــەقڵی و فیکــری ئێمەیــە لەبــەردەم عــەقڵ و فیکــر و کــەلتوری ئـــەوانی تـــردا، ئـــەوانی ناســـیونالیزمی عـــەرەبی کـــە لەگـــەڵ خۆیانـــدا، لەگـــەڵ ســـەرهەڵدانیاندا لەگـــەڵ دروســـتکردنی دەوڵەتیانـــدا، لەگـــەڵ بەدەســـتهێنانی تەکنـــەلۆژیادا لەگـــەڵ قـــەرزکردنی بنـــەما کـــەلتوری و مـــەعریفی و مادییـــەکانی مۆدێرنیتــەدا پــرۆژەی ســڕینەوەی ئــەوانی تــر و جینۆســایدکردنی ئــەوانی تــری هێنــاوە، هــەر لێــرەوە ئــەوە بــە تــەواوی ئاشــکرا دەبێــت کــە کــورد لــەم وڵاتــەدا لــە ڕوانگـــەی فیکـــری عـــەرەبی و لـــە تێڕوانینـــی دەوڵـــەتی ناســـیونالیزمی عـــەرەبی عێراقیەوە بریتییە لە (ئەوی تر) واتە (ئەوی تر) لە ڕوانینی دەســەڵاتی عێراقییــەوە ئێمەی کوردین، ئێمەیــەك کــە ئــەوان نــاتوانن دان بــە بوونمانــدا بنــێن و تەنانــەت بــە پشتبەســتن بــە ســورەتی ئــەنفال لــەنێوبردن و پاکتاوکردنمــان حــەڵاڵ دەکــەن.. ڕۆمانی هێلانە بەرجەستە واقیعی ئەنفالمان بۆ دەکات و لە ئاستی نەگوتراویشدا ڕوانینی ئەوی دەسەڵات بۆ ئێمەی قوربانی دەردەبڕێت.

# بەشی سیانزەیەم

## ئەژدیها

## ڕوانینی ڕۆمانسیانە بۆ مێژوو

ئـەژدیها ڕۆمـانێکی کـاك محەمـەد موکرییـە و ئەگەرچـی هێشـتا دەستنووسـە، بەڵام خستیە بەردەستم بۆئەوەی بیخوێنمەوە و ئەگەر هـەر تێبینییەکیشم هـەبێت لەسـەری ئـەوا بینووسـم بـەو هیوایـەی لەگـەڵ چـاپکردنیدا ئـەو تێبینانـەش بڵاوبکرێنەوە.

ئەژدیها بریتییە لە جۆرێك لە ئۆتۆبایۆگرافیا و ڕاستتریش وایە بڵێین ئەم دەقە سەربوردەی ژیانی کەریمی پاڵەوانی دەقەکە و قادرە فەنییە، کە دەتوانم بڵێم ئەم ڕۆمانەی موکری لە ڕووی گرێچن و زنجیرەی ڕووداو و جوڵە و بنیادی کەسێتەکان و فەزای گشتی دەقەکە و ئەو بابەتەشی لێی دەدوێت وەکو تەواوکەری ڕۆمانی هەرەس وایە.

ئەژدیها لەسەر بنیادی ئەفسانەیەك و هاوکات واقیعێکی ڕووت بنیادنراوە کە بە ئـەدەب کردنـی ئـەوا واقعـە کـارێکی هـەروا ئاسـان نییـە ئەمـە جگـە لـەوەی ئـەو پرسـیارانەی کـە ئـەم دەقـە هەڵیـدەگرێت پرسـیاری ئاشـکران و دەتـوانین بڵـێین خاسـێتی پرسـیاریان نییـە لـەو ڕوانگەیـەوە کـە دەربـارەی هـیچ نـەزانراوێك بـەرز ناکرێتەوە بەڵکو بە گشتی دەقەکە لە سنووری گێڕانـەوەی واقیع تێپـەڕ ناکات لـە کاتێکدا دەزانین ئەرکی هیچ دەقێکی ئەدەبی گواستنەوەی دەرەوەی دەق نییە بۆ ناو دەق و دواندنی شتە زانراو و مەئلوفەکان نییە.

ئەفسـانەی (زێـڕین– ئەسـەدوڵا) کـە هەوڵدانێکـە بـۆ دروسـتکردنی فەزایـەکی فانتازیانـە و لـە ڕاستیشـدا تـەنیا ئەو ئەفسـانەیە جـۆرە جوانییـەکی تێدایـە بـەڵام پەیوەسـت بـە هێڵـی سـەرەکی دەقەکـە خزمـەتێکی ئـەوتۆ ناکـات و بـە تـەواوەتی هەست بەوە دەکرێت کە بە زۆر پێکەوە کۆکراونەتەوە لەگەڵ جوڵـە و ئاراستەکانی

تری دەقەکەدا. ئەم ئەفسانەیە بە جۆرێك جڵەوی خەیاڵی تێدا بەرەڵا کراوە کە بە ئاشکرا سیمای جۆرێك لە زیادەڕۆیی پێوە دیارە. لە هەندێ شوێندا ئەم ئەفسانەیە و کەسێتی پور ئەسمەر و خدرە زلە دەکەونە دەرەوەی هەموو سنوورێکی تەسەور کراوەوە و دەبنە بەشێك لەو پێکهاتەی کە لە ڕەخنەی ئەدەبیدا بە میکانیزمی (Dux- Mechena) ناودەبرێت و دەشێ خوێنەر ڕاستەوخۆ گومان لە ڕووداوی لەو جۆرە بکات و تەنانەت بە خەیاڵیش مەزەندەی نەکات و بۆی نەسەلمێنرێت.

موکری ویستویەتی لە پشتی ئە ئەفسانەیەوە هەوڵی هاوشێوەکردنی خودی ئەفسانەکە و واقیعیەتە شۆڕشگێڕییەکەی کەریم و کەسێتی قادر ئەفەندی بدات کە بەلای ئەوەوە کەریم وێنەی پێشمەرگە و قادر ئەفەندیش وێنەی بەرجەستەکراوی سیاسییەکانی کوردە، تا ئەو ئەندازەی کە موکری دەیەوێت بڵێت قادر ئەفەندی کە نە ڕابردوویەکی ئاشکرای هەیە و نە ئێستا دەزانێت چی دەکات و نە ئایندەشی دیارە، هاوشێوەی کەسێتی کوردی و مێژووی کوردە کە ئەو واتە نووسەر پێی وایە ئەم کەسێتە نە ڕابردووی خۆی دەزانێت نە لە ئێستای تێدەگات و نە ئایندەشی ئاشکرایە. قادر ئەفەندی مێژوویەکی تەمومژاوی هەیە، لە زانکۆ دەردەکرێ و چەپێکی ڕۆمانسی بووە لەو کاتەدا و پاشان دەستگیر دەکرێت و واز لە سیاسەت دەهێنێ و دواتر لەگەڵ ئافرەتێکدا دەگیرێ و خۆیشی نازانێت لەسەر چی و بۆچی. قادر ئەفەندی ژن ناهێنێت، کەرکوك بەجێ دەهێڵێت و لە گوندێکی دووردا دەبێتە دوکاندار و ڕووداو و بەسەرهاتی وەها بە زمانی خۆی دەگێڕێتەوە کە لە سەردەمی ئەودا ڕوویان نەداوە، لە قسەکردندا کوردی و تورکمانی و عەرەبی و فارسی تێکەڵاو دەکات و ناوی خۆیشی لە فەرهادەوە گۆڕیوە بۆ قادر ئەفەندی.

ئەگەر سەرنجی ئەم کەسێتە بدەین بنیادێکی ئاشکرای کەسێتی هەیە و ڕاستەوخۆ وێنەیەکی بەرجەستەکراوی ئەم کەسێتەمان دێتە پێشچاو بەڵام ئایا ئەم کەسێتە لە ڕوانینی نووسەرەوە هەروا بێ ئامانج بینا کراوە یان دەیەوێت

بڵێت قادر ئەفەندی بریتییە لە کەسێتی کوردی لە مێژوودا. موکری دەیەوێت بڵێت هەرچۆن هیچ شتێك دەربارەی ژیان و مێژووی قادر ئەفەندی لە پێش دەرکردنی لە زانکۆ نازانین، کە دەشێ بە هاوشێوەکردن بگوترێت وەکو ڕابردووی کوردە کە دواتر لە ڕۆمانەکەدا هەموو ڕووداوەکان پەیوەست دەبن بەوەوە کە ڕابردوویەکی نائاشکرای هەیە. قادر ئەفەندی لە دوا پلەی خوێندندا دەردەکرێت کە ئەوەش جۆرێکە لە شکست، دەشێ ئەم شکستەی قادر ئەفەندی لە بەرزترین پلەی خوێندندا هاوشێوەی شکستی ڕاپەڕینەکانی کورد بێت لەو ساتەوەختانەدا کە بەرەو هەڵچوون و برەوسەندن چوون. قادر ئەفەندی لە لوتکەی لاوێتیدا ڕووبەڕووی ئەو شکستە دەبێتەوە، کە ئەو ڕووداوەش هەموو مێژووی ئەو دەگۆڕێت، نووسەر دەیەوێت پێمان بڵێت کۆمەڵگای کوردی و بزوتنەوەکانی کوردیش هەمیشە بە عەقڵی هەرزەکارێکی ڕۆمانسی لە ژیان دەڕوانێت و سەیری سیاسەت و شۆڕش و ژیان دەکات و هەرچۆن قادر ئەفەندی لە هەڕەتی هەرزەکاریدا هەردەمەی کارێك دەکات و ئایدیۆلۆژیایەك هەڵدەگرێت و زوویش لێیان پاشگەز دەبێتەوە و دەیانگۆڕێت و زۆربەی کات لە نیوەی ڕێگادا پاشگەز دەبێتەوە.. ئەوەی ئەم دەقە دەربارەی کەسێتی کورد دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە کە ئەمیش شۆڕش دەکات و تا قۆناغێك بەردەوام دەبێت، بەڵام لە نیوەی ڕێگادا واز دەهێنێت و ناگات بە ئامانج.

ژن نەهێنانی قادر ئەفەندی و نەبوونی هیچ نەوەیەك دەلالەتی کۆتایی هێنان بە مێژووی ئەو هەڵدەگرێت، واتە قادر ئەفەندی کەسێکی بێ ئایندەیە ئەوەش بە مەبەستی ئەوە هاتووە کە پێمان بڵێت کورد و قادر ئەفەندی هاوشێوەن و لێرەشەوە ئایندەی ئێمە دەخاتە بەردەم گومانێکی خنکێنەرەوە.

زمانە تێکەڵ و پێکەڵەکەی قادر ئەفەندی دەمانگێڕێتەوە بۆ کاریگەری زمانی نەتەوەکانی دەوروبەری کوردستان لەسەر کورد و جێکەوتی ئەو زمانانە لە پرۆسەی داگیرکردنی وڵاتی ئێمەدا، زمانەکەی قادر ئەفەندی ئەو زمانەیە کە لەژێر سایەی ئەو کاریگەریانەدا دروستبووە کە زمانێکی خاوێن نییە و لە هەمان کاتدا

زمانەکانی عەرەب و تورك و فارسی تێکەڵاوە کە ئەوەش دەرئەنجامی جێگیربوونی عەقڵی عەرەب و تورك و فارسە لە کۆنەستی کۆمەڵایەتی کورددا و قادر ئەفەندی کە لەم حاڵەتەدا وێنەی کەسێتی کوردە ناتوانێت لەژێر فشاری ئەو کاریگەرییانە دەرباز ببێت. هەر لێرەوە ئەگەر پەیوەندییەك لە نێوان ئەفسانەی (زێڕین-ئەسەدولا) قادر ئەفەندیدا بدۆزرێتەوە ئەوەیە کە ئەو ئەفسانەیە پەیوەست بە کەسێتی قادر ئەفەندی کە هاوشێوە و وێنەی کەسێتی کوردە بە ئەفسانە بوونی مەسەلەی کورد بەرجەستە دەکات و گەیشتن بە ئامانجی ئێمە فرێ دەداتە سنووری وەهمەوە، ئەمە ڕوویەکی ئەو جیهانبینییەیە کە موکری دەیەوێت لە ڕۆمانی ئەژدیهادا بەرهەمی بهێنێت، ئێمە ئەوەندەی مەبەستمانە پرسیارەکانی ئەم دەقەی موکری دیاری بکەین ئەگەر خاسێتی پرسیاریان هەبێت، ئەوەندە بە لامانەوە گرنگ نییە نووسەر لەسەر ئەو تێڕوانینە بخەینە بەردەم لێپرسینەوەوە، ئەگەرچی بە گشتی لەم ڕۆمانەدا ئاستی ڕەخنەگرتن و سروشتی شێوازی ڕەخنەگرتن بە مەبەستی ڕوخاندنی بەها کۆن و تەقلیدییەکان نییە، بە قەد ئەوەی مەبەست ڕەخنەگرتنە بەو هیوایەی زەمینە بڕەخسێنێت بۆ بیانووهێنانەوە بۆ هەڵوێست وەرگرتنی بەرامبەر بە شۆڕش دوای ئەوەی کە چووە شاخ.

کەریم ئەو پێشمەرگەیە کە ڕۆمانی ئەژدیها وێنەیەکی ئاشکرای ژیانی ئەوە لە هێڵە سەرەکییەکەیدا و بریتییە لە ئۆتۆبایۆگرافیای ژیانی کەریم کە دەشێ بڵێین کەریم بریتییە لە کەسێتی نووسەر. هەربۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا کەریم بە هوشیارییەوە ڕێگای پێشمەرگایەتی هەڵدەبژێرێت یان هەندێ هۆکاری دەرەکی و دوور لە ڕۆحی شۆڕشگێڕی و بیروباوەڕی کوردایەتی ناچاری لە بەرگرتنی ئەو ڕێگایەی دەکات؟

هەر لە سەرەتای چوونە دەرەوەیدا بۆ ناو شۆڕش کەریم خۆی پەردە لەسەر ئامانجی چوونەکەی لادەبات و نهێنی چوونە دەرەوەی ئاشکرا دەکات کاتێ دەڵێت: من بۆ شۆڕش نەهاتووم، شۆڕشگێڕیش نیم، بەڵام ترساندن لە زەبروزەنگی حکومەتەکەی حاجی ڕەزا ناچاری ئەم ڕێگایەی کردم، لێرەوە کەریم

لە جۆرە دانپێدانانێکدا ماهیەت و گەوهەری خۆی و پەیوەندیکردنی بە شۆڕشەوە دەردەخات، موکری دەیەوێت بڵێت کەریم نموونەی پێشمەرگەیە و بە جۆرێکی تر و لە ئاستێکی نەوتراودا دەیەوێت بڵێت هەموو پێشمەرگەیەك بەم جۆرەی کەریم هاتۆتە ڕیزی شۆڕشەوە، کە لە ڕاستیدا ئەم تێڕوانینە شایەنی ڕەتکردنەوەیە چونکە ناشێت ئەوە بسەلمێنرێت کە تەنیا پاڵنەرە تایبەتییەکان هۆکاری بە پێشمەرگەبوونی هەزاران ڕۆڵەی ئەم میللەتە بووبن.

لێرەدا موکری دەیەوێت ناسنامەیەك بە پێی ویست و ئارەزووی خۆی بۆ شۆڕش دروست بکات و بەوەش لە ڕەسەنایەتی و ڕەوایەتی شۆڕش کەم بکاتەوە بەو بیانووەی کە هەموو ئەوانەی بوون بە پێشمەرگە بە گشتی هۆکاری جۆراوجۆری لە چەشنی ئەوەی کەریم کردوونی بە پێشمەرگە. دەشێ لە ئاستێکی قوڵتردا بۆ ڕاڤەکردنی ئەو بۆچوونە بگەڕێین و وای لێك بدەینەوە کە کەریم خودی نووسەر خۆیەتی و لەبەرئەوەش لە بنەڕەتەوە خۆی دەشێ پاڵنەری چوونەدەرەوەی بڕوابوون نەبووبێت بە شۆڕش بۆیە ئەو حاڵەتە تایبەتییەی خۆی دەکات بە حاڵەتێکی گشتی و دەیەوێت هەمان جۆرە پاڵنەر بۆ هەموو بەشداربوانی شۆڕش بدۆزرێتەوە کە ناشێت هیچ ڕوویەکی ڕاستی بۆ ئەم بۆچوونە بدۆزینەوە. ئەکرێت جۆرە هاوکێشەیەکیش لە نێوان هۆکارەکانی چوونە دەرەوە و سروشتی بەردەوامبووندا بدۆزینەوە. واتە ئەو کەسانەی کە هۆکاری لە جۆری ئەوەی کەریم پاڵی ناون بچنە ڕیزی شۆڕشەوە زوو پاشگەز دەبنەوە و دەشێ ڕیزی شۆڕشیش بەجێ بهێڵن، بەڵام وەك دەیزانین سەرجەم پێشمەرگە ڕیزی شۆڕشیان بەجێ نەهێشتووە تەنانەت لە ساتە زۆر ترسناکەکانیشدا، کەواتە هەر لێرەوە دەردەکەوێت کە هۆکاری سەرەکی بە پێشمەرگەبوون مەترسی لە جۆری حکومەتەکەی حاجی ڕەزا نەبووە، بەڵکو پاڵنەری بیروباوەڕ و نیشتمانپەروەری بووە.

نووسەر بەرجەستەی ئەو حاڵەتە دەکات کە کەریم قوربانی دەستی ئارەزووەکانی موعەزەز و ئەمنە خانە و ئەوان وایان لێکرد کە بە ناچاری ببێت بە

پێشـمەرگە. مـوكری دەیـەوێت هـەموو بڕیارێـك لـە كـەریم بسـەنێتەوە و بیكاتـە مـەخلوقێكی پاشـكۆ و بـێ دەسـەڵات كـە كەسـانی تـر بـەڕێوەی دەبـەن. بەمـەش دەیەوێت پێمان بڵێت ئەم مرۆڤە بێ دەسەڵات و بێ بڕیارە دەبێتە پێشمەرگە واتە لێرەوە بە جۆرێك ماهیەتی پێشمەرگە دەخاتە بەردەم گومانەوە، كە بە ڕوانینی من ئـەو تێڕوانینـەی نووسـەر بـۆ دروسـتبوونی پێشـمەرگە و لـە بـارێكی تریشـدا بـۆ سەرهەڵدانی ڕاپەڕینەكانی كورد ڕەنگە جۆرێك لە ماف خواردنی تێدابێت، ئەمە جگە لەوەی دەیەوێت ناڕاستەوخۆ بیـانووش بـۆ ئـەوە بهێنێتـەوە كە هـەر كارێكی نادروست و بەدڕەفتاری لە لایەن پێشمەرگە و بەرپرسانەوە بە تایبـەتی لە لایـەنی سێكسـیەوە ڕوویـدابێت، تـاوانی خۆیـان نـەبووە بـەڵكو تـاوانی هـەموو موعـەزەز و ئەمنەخانـەكان بـووە. بەمـەش سـەرجەم پێشـمەرگە دەكاتـە مرۆڤـی بـێ ئـیرادە و كۆیلەی حەز و ئارەزووەكانیان.

ئەم پێی وایە هەر ئەو ئارەزووانە و ملكەچی كەسانێك بۆ ئارەزووە دنیاییەكان ناچاری كردوون كە ببن بە پێشمەرگە. یـان شـەڕی عێراق– ئێران ناچاری ئـەوەی كـردوون كـە ببنـە پێشـمەرگە. دەشـێ ئـەم قسـەیەی دواییـان گواسـتنەوەی ڕووداوێكی واقیعی بێت كە شەڕی نێوان ئەم دوو وڵاتـە گـەلێك كەسـی ناچـار كـرد بـۆ خۆپاراستن پـەنا ببەنـە لای شـۆڕش كـە دەشـێ كاریگـەری خراپیشـیان لەسـەر خودی شۆڕش و هەست و عەقڵی شۆڕشگێڕە ڕاستەقینەكانیش هەبووبێت.

هـەروەها نووسـەر ناسـنامەی شـۆڕش دابـەش دەكـات بـە پێـی هەڵوێسـت و تێڕوانینی پێشمەرگە، زۆرینە بە وانە ناودەبات كە كێشـەی تایبـەتی كردوونـی بـە پێشمەرگە و كەمینەش ئەو شۆڕشگێڕە ڕۆمانسیانەن كە بە خەیاڵ كورد دەكەن بە دەوڵەت، ئەمی نووسەر پێی وایە ئەو شۆڕشگێڕە ڕۆمانسیانەش ئێستا وازیـان لـە بیروبۆچـوونی خۆیـان هێنـاوە چـونكە ئـەو واقیعـە تاڵـە و سەركێشـی و ئاڵۆشـی ئافرەتـەكانی ئـەوێ ئەمانیشـی لـە بیروبـاوەڕە شۆڕشـگێڕییەكەیان ڕووت كـردەوە، ئەمەش دیسان سەندنەوەی ئیرادە و بڕیارە لـە پێشـمەرگە. بێگومـان پێشـمەرگەش وەكو هەموو كەسێكی دی مادەم مرۆڤە خاوەنی حەز و ئارەزوو و غەریزەیـە، بـەڵام

ئەوەی لە ڕۆمانی ئەژدیهادا دەخرێتە ڕوو هەموو سنوورەکانی ژیانی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی دەبەزێنێ و وەکو جۆرێك لە (مشاعە)یان ژیانی ئاژەڵی دەردەکەوێت، چونکە لە هیچ کۆمەڵگایەکی مرۆڤایەتیدا غەریزەی سێکسی ئەگەر لە ئاستە شاراوەکانیشدا بە توندی کاربکات، بەڵام بەو جۆرەی ڕۆمانی ئەژدیها ناگاتە حاڵەتی ئاشکرابوون و کردەی سێکسی ئەو شێوە ئاژەڵیە وەربگرێت.

لە دوای ئەنفال و ناچاربوونی پێشمەرگە بۆ چوونە سنوورەکان و مردنی قادر ئەفەندی لەو کاتەدا. نووسەر ویستوویەتی هاوشێوەبوونێك لە نێوان شکستی شۆڕش و مردنی قادر ئەفەندیدا دروست بکات، لە سەرەتاشەوە دەیەوێت بڵێت قادر ئەفەندی بریتییە لە کەسێتی مێژوویی کورد و هاوکات مردنی ئەم کەسێتە و شکستی شۆڕش ئەوەمان بۆ بەرجەستە دەکات کە مردنی قادر ئەفەندی مردنی شۆڕشە.

بەڵام زنجیرەی ڕووداوەکان لە دەرەوەی دەقەکەدا بەردەوام دەبێت و جار لە دوای جاریش بەرەو حاڵەتی دیارتر دەچێت و بزوێنەرەکانی ئەو ڕووداوانەش زیاتر زیندوو دەبنەوە و بزاڤێك بەرپا دەکەن و نەك لەگەڵ مەرگی قادر ئەفەندیدا مێژووییان کە مێژووی شۆڕشە کۆتایی پێ نایەت بەڵکو هەنگاوێکی تر دەنرێت بۆ بنیادنانەوە.

هەر بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین ئەو ئەنجامەی کە شۆڕشی پێدەگات لە دوای مەرگی قادر ئەفەندی هەموو ئەو فەزایە هەڵدەوەشێنێتەوە کە موکری ویستوویەتی ئامادەی بکات هەم بۆ بیانووهێنانەوە بۆئەوەی کە هیچ کەس لە بنەڕەتدا شۆڕشگێڕی ڕەسەن نەبووە و بە ناچاری بووە بە پێشمەرگە، هەم بۆئەوەی زەمینە بۆ ئەوە خۆش بکات کە مادەم شۆڕش بەو جۆرە دروستبووە ناشێت ئیلیتیزامی پێوە بکات ئەگەرچی لە دەرەوەش بووە و وەکو کەریمی پاڵەوانی دەقەکە ناچار بووە بچێتە دەرەوە، دەشێ سەرجەم ئەم فەزایەش بۆئەوە دروست بکات کە جۆرێك لە ڕەوایەتی بۆ گەڕانەوەی خۆی دروست بکات، ڕەنگە وەهایشی لێکبدەینەوە کە موکری دووچاری ئازارێکی ویژدانی بووبێت کاتێ

خـۆی لـە دەرەوە بـووە و ئامـادەبوونی هـەبووە لـەوێ لـە بەشـداری کردنـی بزوتنەوەکەدا لە کاتێکدا ئەو وای نیشان دەدات کە ئەو بزوتنەوەیە هیچ کام لەو دروشمانەی کە بەرزی کردبووەوە جێبەجێی نەکردووە یان کاری بۆ بەدیهێنانی نـەکردووە. بـەڵام هـەر لـە گەوهـەری ڕۆمانەکـە و لـە درێـژەی ڕووداوەکانـدا دەردەکەوێت کە نووسەر شان بە شانی دروستکردنی ئەفسانەی زێڕین هەوڵی داوە هۆکاری بڕوا نەبوونی خۆی بە شۆڕشەکە بخاتە سەر لاوازی بەرنامە و چۆنێتی هەڵسوکەوتکردن و شێوازی کارکردنی شۆڕش، کە هەر خۆی لە درێژەی دەقەکەدا پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنێت کاتێ باسی هۆی بوون بە پێشمەرگەی کـەریمی پاڵـەوانی ئـەژدیها دەکـات کـە چـۆن پاڵنـەری سێکسـی و دەسـت تێکـەڵاوکردنی لەگـەڵ موعـەزەز و ئەمنەخانـدا ناچـاری دەکـەن ڕێگـای پێشـمەرگایەتی لەبـەر بگرێـت. لێـرەدا دەشـێ مـوکری بمانگێڕێتـەوە بـۆ ئـەو بۆچوونەی کە گوایە پاڵنەری سێکسی دەوری هەیە لە دروستکردنی مێژوودا.

بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی سەیر بکەین ئەوا دەبێ بە ویژدانەوە حوکم بدەین کە هەزاران ڕۆڵەی ئەم میللەتە لەسەر بنەمای بیروباوەڕ و نیشتمانپەروەری ڕێگای پێشمەرگایەتیان لەبەرگرتووە و خوێنیان بەخشیوە بە گەل و نیشـتمان و بیروباوەڕەکـەیان. بۆیـە ئـەو تێڕوانینـەی کـە مـوکری دەیـەوێت بیکاتـە حاڵـەتێکی گشـتی بـۆ حوکمـدان بەسـەر هـەموو شۆڕشـدا کـارێکی ناڕەوایـە و دژی کۆمەڵێ بەهایە کە بەلای کوردەوە نەك هەر بەهای بەنرخن بەڵکو پیرۆزیشن، بێگومان ئەو بەهایانە لەو جۆرانەش نین کە ئەرکی ئەدەب ڕوخاندن یان ڕەخنەلێگرتنیان بێت.

ئەدەب لە ئاستێکی تردا دەشێ ڕەخنەگرتن لە بەها جێگیرەکان بکاتە بنەمای کـارکردنی خـۆی بـە مەبەسـتی گـۆڕینی ئـەو بـەها جـێگیر و ژەنـگ گرتووانـەو بنیادنـانی بـەها و ڕوانینـی نـوێ، بـەڵام مـوکری نـەهاتووە لـە ڕۆمـانی ئـەژدیهادا ڕەخنە بەو ئاراستەیە بگرێت، بەڵکو ئامانجی لە ڕەخنەگرتن بەو جۆرە شێوازە بیانووهێنانەوەیە بۆ ئەوەی کە بڵێت کاتێ کە بووە بە پێشمەرگە یان باشتر بڵێین چۆتە دەرەوە لەسەر بنەمای بڕوابوون بەو شۆڕشە نەچۆتە دەرەوە بەڵکو ناچار

بووە ئەو ڕێگایە لەبەر بگرێت، ڕەنگە پاڵنەرێکی تریش دەوری هەبووبێت لەو هەڵویستەدا ئەویش گەڕانەوەی موکری لە دوای شکستی شۆڕش کە ئەوەش هۆیەك بووبێت بۆ جۆرێك لە پاکانەکردن بۆ بەشداریکردنی لە شۆڕشدا.

ڕۆمانی ئەژدیها سەرباری ئۆتۆبایۆگرافیای ژیانی کەریمی پاڵەوان و قادرە فەندی کە وەکو نموونەیەك وەرگیراون بۆ ئەو بنەما و هۆکارانەی کە پاڵنەری بە پێشمەرگەبوون بوون، دیسان بەشی هەرە زۆری ڕووداوەکانی بارگەکراون بە کرداری سێکسی کە زیاتر ڕووکەشی فیلمە سێکسییەکان بە خۆی دەگرێت. بێگومان پاڵنەری سێکسی دەوری کاریگەری هەیە لە دروستکردنی ڕووداوەکاندا، لە دارشتنی پەیوەندی و ناکۆکیدا بەڵام دیسان جێگای گومانە کە بەو شێوەیە سێکس و کردەی سێکسی لە کۆمەڵگای کوردیدا بووبێتە حاڵەتێکی بەوجۆرە ئاشکرا و بەربڵاو، ڕاستە ئەدەب گێڕانەوەی واقیع نییە، بەڵام دەبێ بزانین ئەو هەموو کردارە سێکسیە چ مەدلولێکیان هەیە لەم دەقەدا؟ کە من وای دەبینم موکری ویستوویەتی لە ڕێگای بنیادنانی فەزایەکی وەها سێکسییەوە هەموو بەها ئەخلاقییەکان و لایەنە زاهیدییەکان کە گرنگرن بۆ شۆڕش، لە شۆڕشگێڕان وەربگرێتەوە و نەك هەر بیانکات بە مرۆڤی ئاسایی، بەڵکو بە پێی دابونەریتی باوی کوردەواری بیانهێنێتە خوار مرۆڤی ئاسایشەوە کە پێم وایە ئەمەش جۆرێك لە ماف خواردنی شۆڕش و پێشمەرگەشی تێدایە.

ئەژدیها بەرجەستەی تێڕوانینێکی ڕۆمانسیانە دەکات بۆ مێژوو، هەروەك بە جۆرێك لە وەهمەوە دەڕوانێە ژیان و گەوهەری مرۆڤ و پێی وایە هەموومان یان قوربانین یان جەلاد کە دەشێ ئەم بۆچوونەش بە ئاسانی نەسەلمێنرێت، هەروەك دەشیەوێت بڵێت هەموومان کۆیلەی غەریزە و ئارەزووە دنیاییەکانین و بۆ سەلماندنی ئەم تێڕوانینەش هەموو پێشمەرگە و بەرپرسان وا وێنە دەکات کە پاڵنەری سێکسی یان ئەخلاقی کردوونی بە پێشمەرگە و تەنیا بۆ خۆپاراستن چوونەتە ریزی شۆڕشەوە. هەر لە بنەڕەتیشەوە چەمکی شۆڕش دەخاتە بەردەم گومانەوە.

# بەشی چواردەیەم

## گەڕانەوە بۆ ڕەمزەکانی ڕابردوو

## لە کورتە ڕۆمانی (سۆناتای ڕۆح)ی عەبدوڵڵا سەراجدا

(سۆناتای ڕۆح) کورتە ڕۆمانێکی عەبدوڵڵا سەراجە کە لە ساڵی 1997دا بە چاپی گەیاندووە و لە خوێندنەوەی دەقەکەشدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕاستەوخۆ لە ماوەی پێش چاپکردنیدا نووسیویەتی، ڕەنگە خوێنەرانی چیرۆکی کوردی ئەوانەی کە چیرۆکەکانی عەبدوڵڵا سەراجیان خوێندۆتەوە گەیشتبنە ئەو بۆچوونەی کە عەبدوڵڵا لەو چیرۆکنووسانەی کوردە کە لە بواری نووسنیدا هەم خاوەنی جیهانبینین، هەم شارەزای تەکنیکی چیرۆکن، بۆیە ئەگەر وریایانە کاربکات ئەوە دەتوانێت بەرهەمی زیندوو پێشکەش بکات. ئەم بەرهەمەی کە ئێمە دەمانەوێت لێرەدا لێی بدوێین یەکێکە لە دەقە زیندووەکانی ئەم چیرۆکنووسە کە شایانی لەسەر ڕاوەستان و خوێندنەوەی جیدیە، ئەویش لەبەر دوو هۆ، یەکەم لەبەر هەوڵدانی بۆ بەرجەستەکردنی بەشێك لە مێژووی دێرین و تاکو ئێستاش نائاشکرای ئێمە لەم دەقەدا، دووەم لەبەر ئەو تەکنیکەی کە بەکاری هێناوە، شان بە شانی ئەفسانە و فانتازیای کوردی بە مەبەستی بەرهەمهێنانی دەقێکی هونەری لە مێژوو ئەفسانە و ئەوەش وەکو جۆرێك لە ڕەخنە لە دەسەڵاتی ئێستای کوردی و دووری لە ڕۆح و گەهەری گوتاری نەتەوەیی کورد پێشکەش دەکات.

سەرەتا پێم باشە بە چەند ڕستەیەك بەسەرهاتی یان هێڵی سەرەکی ئەم کورتە ڕۆمانە پێشکەش بکەم هەتا خوێنەر بزانێت باسی چی دەکەین کاتێ ئاخاوتنی زنجیرەی ڕووداوەکان بە پێی گرێچن و کات و شوێن و کەسێتەکان دەکەین.

سەرەتا گێڕەرەوە کە لە هەمان کاتدا کەسێتی چیرۆکنووسە کەسێتێك دەئافرێنێ بۆئەوەی ئەرکی پشکنینی ئەشکەوتێکی پێ بسپێرێت کە لە گەرماوێکی سەرقەڵای هەولێرەوە پێی دەگات، سەرەتا ناوی نانێت و وەسفی

ئەشکەوتەکە و مەترسی ئەو سەفەرەی بۆ دەکات بۆئەوەی تاقی بکاتەوە، کاتێ دەبینێ دەترسێ بێ ناونان بە جێی دەهێڵێ و ئەو ئەرکەی پێناسپێرێت، چونکە پێی وایە کەسی ترسنۆك بۆ ئەو کارە نابێت.

پاشان گێڕەرەوە خۆی دەوری بکەری ڕووداو دروستکەر دەبینێ و خۆی ئەو ئەرکە دەگرێتە ئەستۆ و دەچێتە قووڵایی ئەشکەوتەکەوە لە وێڕا بە دیداری ڕۆحی کیاکساری یەکخەری خێڵەکانی مید و پێکهێنەری فیدراسیۆنی مید و دەوڵەتی مید و سوپای بەهێزی مید دەگات و بە درێژی بەسەرهاتی مێژووی ئەو دەوڵەتە و دەوڵەتانی دەوروبەری و شەڕ و کوشتارەکانی بۆ دەگێڕێتەوە، ئەمە قۆناغی یەکەمی سەفەرەکەیەتی، لە قۆناغی دووەمدا دەگات بە ڕۆحی (لەشکری) شایەری خۆشخوانی سلێمان بەگی قولی بەگیان کە ژار بۆ بەگی خۆی دەکاتە چاوە و ئەویش بە دەسیسەی عوسمانیان و بەوە فریوی دەدەن کە خانزادی لێ مارە دەکەن و لەوێڕا واتە لەو ئەشکەوتەدا کراوەتە چینی دیوارەوە.

لە قۆناغی سێیەمی گەڕاندا بە ڕۆحی حاجی قادری کۆیی شاد دەبێت کە حاجی گلەیی ئەوەمان بۆ دەنێرێتەوە تاکو ئێستا چەك و ئەسبابی شەڕمان پەیدا نەکردووە و پەرش و بڵاوین.

یەکگرتن و دۆنا دۆن بوونی ڕۆحی کیکسار و حاجی لە ڕۆحی ئەمدا هێزی فرینی پێدەبەخشن و لەوێوە دەفڕێت بۆ قەڵای ئارانجای زێدی خۆی و دەچێتە قولایی قەڵاوە و لەوێڕ بە ڕۆحی زارا دەکات و ئەویش تیشکی نەمری تێدا دەچێنێ و پێکەوە دەفڕن بۆ نێو چیا و سروشت و لەوێڕا ئەو کەسێتەی کە لە سەرەتاوە دروستی کرد و ناوی نەنا لەگەڵ ئەهریمەندا لێی ڕادەپەڕن و ئەهریمەن پارە پارەی دەکات بەڵام ئەو گیانی نەمری پێ بەخشراوە لەبەرئەوە شایانی مردن نییە. ڕاستەوخۆ دەگەڕێتەوە ماڵی خۆی بەڵام دەبینێ ئەو جەستەی خۆی هێشتا کتێبی سۆناتای ڕۆحی بە دەستەوەیە، ئەمی ڕۆحیش دەچێتەوە ناو جەستەی خۆی.

بێگومـان زارا زۆر لـە ئامۆژگارییـەکانی خـۆیی پـێ دەڵـێ و ڕێنومـایی دەکـات ئەمی گێڕەرەوە هەر خولیای دۆزینەوەی زیاتری نهێنییەکانی ڕابردوویەتی بۆ ئەو مەبەستە پارە و شتی کۆنی ڕابردوو دەکڕێت، ئەنجام ڕێگای لە کڕینی ئەو پێستە نووسراوە دێرینەیە دەکەوێت کە یاداشتی (ڕۆژ بەهـ)ە، ڕۆژ بەهـ لە نەوەکانی میدە و هـەزار و چـوار سـەد سـاڵ بـەر لـە نووسـینی (سـۆناتای ڕۆح) ئـەو یاداشـتەی نووسـیووە و ئێسـتا کەوتـە دەسـتی یـەکێك لـە نـەوەکانی خـۆی ڕۆژ بـەهـ کەسـێکی سەوداسـەر و بڕوادار بووە عیشـقی گـەڕان و کەشـفکردن بـووە بـەڵام دوای هـەموو گەڕانەکان تێگەیشتووە کە مانای بوونی ئـەو بەنـدە بـە زێـد و نیشـتمانی ڕەسـەنی خۆیـەوە، بۆیـە لـە ئاکامـدا دەگەڕێتـەوە بـۆ ئارامگـای بـاپیران لـە ڕۆژهـەڵات، بـەو هیوایـــەی بگاتـــەوە بـــە جێگایـــەك کـــە مـــرۆڤ بـــرای مرۆڤـــی خـــۆیی تێـــدا نەچەوساندبێتەوە.

ئەمەی سـەرەوە کورتـەی بەسـەرهاتی ئـەم کورتـە ڕۆمانەیـە کـە گێڕەرەوەی ئـەم دەقەکە دەقێکە لەسەر بنەمای گێڕانەوە و مۆنۆلـۆگ و دایـەلۆگ بنیـادنراوە خـودی نووسـەرە. بـەڵام گێڕانـەوە بـۆ کەسـی دووەمـە کـە ئێمـەی خوێنـەرین ڕوبـەرێکی فراوانی دەقەکەی داگیرکردووە. لەم حاڵەتەشدا گێڕەرەوە دەوری کەسێك دەبینێ کە مێژوومان بۆ دەگێڕێتەوە یان ڕابردوومان بۆ ئامادە دەکاتەوە. بەڵام لـە شـێوەی گێڕەرەوەیەکی بێ لایەندا دەرناکـەوێت بـەڵکو گێڕەرەوە خـۆی لـە لایـەك کەسـێتی نووسەرە، لە لایەکی ترەوە لە ڕێگای دروستکردنی فەزایەکی فانتازییەوە خۆی بە فیعلـی دەگەڕێتـەوە بـۆ ڕابـردوو، ئـەوەمان بـۆ دەگێڕێتـەوە کـە بینیوویـەتی و بیستوویەتی.

گەڕانەوەی گێڕەرەوەی بەسەرهاتەکان بۆ ڕابردوو تەنیا لـە سـنووری تێڕامـان و خەیاڵدا نییە و لە بۆشاییدا باسی ڕابردوو ناکات بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ شـوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان بۆئەوەی لەوێڕا ڕەگ و ڕیشەی ڕەسەنایەتی مێـژووی ئێمـە بدۆزێتەوە و لەوێڕا ئامادەبوونی ڕابردوومان ئاشکرا بکات. بۆ ئەو مەبەسـتەش لـە پشکنینی قەڵای دێرینی هـەولێرەوە دەستپێدەکات، لەوێشدا لـە دوای ئاسـەوار و

پاشماوە دێرینەکان ناگەڕێت، بەڵکو پەرۆشی ئەوەیە بگاتەوە بە ڕۆحی ئەو ڕەمزانەی کە لە مێژووی کورددا نەمرییان بۆ خۆیان مسۆگەر کردووە. ئەگەر لە ڕوانگەی ئەم گەڕان و سەوداسەرییەوە بڕوانینە کەسێتی گێڕەرەوە لەم کورتە ڕۆمانەدا ئەوا دەتوانین بڵێین گێڕەرەوە نموونەی کەسێتێکە کە دەیەوێت لە پێناوی ئاشکراکردنی نهێنییەکانی ڕابردوو، پەردە لەسەر لابردنی ڕابردووی شاراوە و پەردە لەسەر نراودا ڕێگای ترسناك لەبەر بگرێت، کە دیارە ئەوەش خاسێتی بکەرێکە کە دەیەوێت ڕووداو دروست بکات، یان لە ڕێگای ئامادەکردنەوەی ڕابردووەوە لە ئێستادا ڕۆڵی بکەر ببینێ کە دیارە ئەو دەلالەتەی لە پشتی ئەم کارەیەوە وەستاوە ئەوەیە کە تەنیا جوڵە و کارکردن کە لە خاسێتەکانی بکەرن مانا بۆ بوون دروست دەکەن.

لە دەستپێکی دەقەکەدا نووسەر کەسێتێك پێشکەش دەکات کە دەیەوێت ئەرکی گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو لە ڕێگای چوونە ناو ئەو ئەشکەوتەوە پێ بسپێرێت کە لە گەرماوەکەی سەرقەڵای هەولێرەوە بۆی دەچێت، بەڵام ئەم کەسێتە ترس دایدەگرێت و توانای لە ئەستۆگرتنی ئەو کارەی نابێت، بۆیە ئەمی نووسەر وەکو ئەفرێنەری ئەو کەسێتە هەر زوو ئەفرێندراوەکەی خۆی دەسڕێتەوە و نایەڵێت بەو ترسنۆکییە بمێنێتەوە. چونکە پێی وایە کەسێك کە توانای ئەنجامدانی کاری گران و گرنگی نەبێت ناتوانێت ناسنامەی بوون بەدەست بهێنێت بۆیە باشتر وایە لە زووترین کاتدا بسڕرێتەوە.

نووسەر ئەم کەسێتە بە بێ ناو بەجێ دەهێڵێت، ئەمیش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە کەسێك توانای ئەنجامدانی ئەرکێکی لەو جۆرەی نەبێت شایەنی ئەوە نییە ناوبنرێت، بە مانایەکی تر کەسێك دەبێت بە خاوەنی ناو کە خاوەنی کار و چالاکی بێت، ئەمەش ناڕاستەوخۆ دەمانگێڕێتەوە بۆ ئەو چەمکە بۆچوونەی کە لای وایە کار و بەرهەمهێنان بوونی کۆمەڵایەتی دیاری دەکەن. یان بەرنامە و ستراتیژ دەبنە هۆی پێ بڕینی ناو و ناسنامە.

گێڕەرەوە هەر لە دەستپێکی دەقەکەدا و لەو بەشەدا کە ناوی ناوە (بێناو) شوێن و کات وەکو دوو ڕەگەزی سەرەکی لە گرێچنی تەقلیدیدا دیاری دەکات، ئەمە سەرباری بنیادنانی کەسێتی کارەکتەر لە دەقەکەدا کە یەکەم کەسێت کەسێتی (بێناو)ە و بە جۆرێك بینای ئەم کەسێتە دەکات کە هەر زوو دەوری تەواو دەبێت و بوار بۆئەوە خۆش دەکات کە خودی گێڕەرەوە ببێتە کەسێتی سەرەکی لە دەقەکەدا و سەرجەم جوڵە و هەڵچوون و دابەزینی ڕووداو پەیوەستی جوڵە و چالاکی ئەو بێت.

شوێن دەوروبەری چایخانەی مچکۆ و قەڵای هەولێر و گەرماوی سەرقەڵایە، لەوێشەوە ئەو ئەشکەوتەی کە لەوێوە دەستپێدەکات، کات ئێستای نووسینی دەقەکەیە، ئەگەرچی لە ڕووی دەرخستنی مێژوویەکی دیاریکراوەوە بە ڕۆژ یان بە مانگ و ساڵ دیاری نەکراوە، بەڵام لە ڕێگای فرێدانی چەند ڕستە و وشەیەکەوە سەبارەت بە ململانێی نێوان سەوز و زەرد لە کوردستاندا و قسەکردنی لە بارەی شەڕی ناوخۆوە لە نێوان ئەو دوو ڕەنگەدا کە شەڕی نێو خۆی دوای دروستبوونی دەسەڵاتی یەکگرتووی نێوان ئەو دوو ڕەنگەیە واتە ناوەڕاستی ساڵانی نەوەدەکان.. کاتی نووسینی دەقەکە ئاشکرا دەبێت. ڕەنگە خودی شەڕەکە و بێزاری نووسەر لە کارەساتی شەڕ و تینوویەتی بۆ ئاشتی و سەقامگیری لە زێد و نیشتمانەکەیدا هۆکاری سەرەکی بن کە مەیلی گەڕانەوەی بۆ ڕابردوو لەلا دروست بکەن، ئەویش لەوانەیە لەو ڕوانگەیەوە بێت کە بیرمان بخاتەوە ئێمە دەسەڵاتەکانی ڕابردوومان لە ئەنجامی ناکۆکی نێو خۆماندا هەرەسیان هێناوە، بۆیە ئەگەر لەو دەرسە تاڵانەی ڕابردوو پەند وەرنەگرین ئەوا ئێستاش لەبەردەم مەترسی هەرەس و شکستداین. یان دەشێ بێ ئومێدبوون لە واقیعی تفت و تاڵی شەڕی نێوخۆ وای لێ کردبێت بگەڕێتەوە بۆ ڕابردوویەك کە باب و باپیرانی ئێمە تیایدا ئامادەبوونیان هەبووە، واتە ڕابردوو لە ڕوانینی ئەوی گێڕەرەوەوە کە هەم کەسێتی نووسەرە و هەم دەبێتە پاڵەوانی کورتە ڕۆمانەکە مێژوویەکی پیرۆزە لەو ڕوانگەیەوە کە ئێمە جۆرێك لە ئامادەبوونمان تیایدا هەبووە.

گێڕەرەوە لە کاتێکدا ئەو کەسێتەی کە چیرۆکنوس واتە خودی گێڕەرەوە خۆی دەیئافرێنێ و پاشان لەبەر بێتوانایی لە ناوی دەبات و ناویشی لێنانێت، دەستبەرداری ئەو پرۆژەیە نابێت کە مەبەستی بوو جێبەجێی بکات واتە شۆڕبوونەوە بۆ ناو ئەو ئەشکەوتەی کە لە گەرماوەکەوە دەستپێدەکات، بەڵام ئەمجارە بڕیار دەدات خۆی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات، هەر لە سەرەتاشەوە بڕوای وایە ئەو ئەشکەوتە سەرجەم نهێنییەکانی ڕابردووی باپیرانی ئێمەی لە هەناوی شاراوە و تاکو ئێستا ئاشکرا نەکراوی خۆیدا حەشار داوە، ئەوەتا دەڵێت: لە قەڵادا سەربردەی ماد و کاردۆخی و گۆتی بوخچەی بکاتەوە، واتە لە ڕێگای گەڕانەوەوە بۆ ڕابردوو، بۆ نێو قەڵا و سەرجەم ئاسەوارە دێرینەکانی خۆمان ئەو نهێنیانە و لایەنە شاراوەکانی مێژووی خۆمان ئاشکرا بکەین و بە ئێستاشی بەراورد بکەین.

گێڕەرەوە لە گەشتی یەکەمیدا بۆ ناو ئەشکەوتەکە فەزایەکی پڕ لە ترس و لە هەمان کاتدا فانتازی پێشکەش دەکات کاتێ بەنێو ئەشکەوتی تاریکدا ڕێگا دەکات، هەر لە سەرەتاشەوە ئەمیش جۆرێك لە ترس دایدەگرێت، بەڵام زوو بە ئاگا دێتەوە و هەوڵدەدات کەسێتە ترسنۆکەکەی ناخی خۆی بکوژێت، هەر لێرەشەوە پێمان دەڵێت ئەگەر مرۆۋ بیەوێت ببێتە بکەرێکی ڕووداو دروستکەر دەبێ خۆی لە ترس و پاڵنەرەکانی پاشگەزبوونەوە ڕووت بکاتەوە.

هەر لە یەکەم گەشتیدا بۆ ناو ئەشکەوتەکە گێڕەرەوەی ڕووداوەکان دەگات بە کەسێتی (کیاکسار). کیاکسار کوڕە بچووکی کەیقوبادی دامەزرێنەری دەوڵەتی مادە، کە دووای شکانی فوئاتورەی برا گەورەی ئەم دەبێتە پاشای دەوڵەتی ماد و هەموو خێڵ و عەشیرەتەکان یەك دەخات و سوپای سەربازی پێکدێنێ و پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ بابل دەبەستێ و لە هێرشێکی هاوبەشدا دەتوانێت ئارابخا و پاشانیش نەینەوا لەژێر دەستی ئاشورییەکان دەربهێنێت و بەشێکی زۆری ئەو ناوچانە بخاتە ژێر سایەی دەسەڵاتی دەوڵەتی میدەوە.

دەشێ ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات بۆچی لەناو هەموو مێژووی ئێمەدا پاڵەوانی ئەم کورتە ڕۆمانە کە گێڕەرەوەشە لە ڕۆمانەکەدا دەگات بە کیاکسار؟ بێگومان ئەوەی ئاشکرایە ئەوەیە کە کیاکسار لە دیارترین و کراوەترین عەقڵی دیاری نێو مێژووی مادە. خاڵی هەرە گرنگیش لە کەسێتی ئەم سەرکردەدا ئەوەیە کە هەڵگری پەیامی یەکێتی و یەکبوون و یەکگرتنی هەموو بەشەکانی میللەتی مید بووە و تەنانەت هەوڵیشی داوە دۆستایەتی و هاریکاری لەگەڵ غەیری کوردەکانیشدا بکات، پاڵەوان دەگاتەوە بەم ڕەمزە زیندووە کە ڕەمزی یەکبوونە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات کە لە تێڕوانینی ئەمی چیرۆکنووسەوە. هەڵگری پەیامی یەکێتی و یەکبوون گەورەترین ڕەمزە و هەر ئەو شایەنی ئەوەیە بگەڕێینەوە بۆ لای، لە هەمان کاتدا نووسەر ناڕاستەوخۆ بە سەرکردەکانی ئێستای کورد دەڵێت ئەگەر دەتانەوێت نەمری و گەورەیی بۆ خۆتان دەستەبەر بکەن و ببن بە ڕەمز لە مێژوودا دەبێ لە بری بیرکردنەوەی تەسکی ئێستاتان کە بە عەقڵی سەرۆك خێڵ بیردەکەنەوە دووربکەونەوە و بەو عەقڵییەتە بیربکەنەوە و ڕەفتار بکەن کە هەڵگری پەیامی یەکێتی و یەکبوونی کوردە، بەڵام دیارە بەستنەوەی مێژووی پڕ لە ئاژاوەی شەڕی ناوخۆی نێوان زەردە و سەوز و ڕەنگەکانی تریش بە مێژووی هاریکاری و یەکێتی و یەکبوونی سەردەمی فەرمانڕەوایی کیاکسارەوە، بۆ ئەوەیە بە سەرکردەکانی ئێستا بڵێت ئەگەر دەتانەوێت وەکو کیاکسار ببن بە ڕەمز دەبێ پەیامی یەکبوون و یەکگرتن هەڵبگرن و بە فیعلیش وەکو ئەوەی مێژوو بۆ کیاکساری باس دەکات ئێوەش کار بۆ یەکبوون و یەکگرتن بکەن، نەك لە پێناوی بەرژەوەندییە کاتییەکانی خۆتاندا ببن بە بکوژی ڕۆحی یەکێتی و یەکبوون لە جەستەی ئەم میللەتەدا.

کیاکسار بە وردی کورتەی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی کە بە پێی سەرچاوە مێژووییەکان دەکەوێتە نێوان (620 بۆ 590)ی پێش زاینەوە بۆ پاڵەوانی ئەم کورتە ڕۆمانە دەگێڕێتەوە و لەو میانەشدا باسی ئەوە دەکات کە چۆن لەو سەروەختەدا مید وەکو دەوڵەتێکی کوردی بۆتە خاوەنی دەسەڵاتێکی هێجگار

فراوان و چۆن شارستانێتی خۆیی بنیادناوە و چۆن وڵاتی ئاوەدان کردۆتەوە و چۆنیش خودی کیاکسار گیانی هاریکاری و برایەتی و لێبوردنی لە نێوان خودی کورد خۆیی و نەتەوە و ڕەگەزەکانی تری ژێر سایەی ئەو دەوڵەتەدا برەو پێداوە و یەکێتییەکی باڵا و بەهێزی لە وڵاتدا دروستکردووە، کەچی پاش بیست و شەش سەدە دەسەڵاتی کورد ناتوانێت ئەو کەلتوورە سیاسی و ئیداری و عەقڵییەی سەردەمی کیاکسار زیندوو بکاتەوە. لە ئاستێکی قوڵتردا گێڕانەوەی ئەو مێژووە لە لایەن نووسەرەوە لە ئێستادا ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە ئێمە دەبێ پەند لە ڕابردووی خۆمان وەربگرین، بەڵام لە بەردەم ئەو پرسیارەداین ئایا کۆمەڵگای کوردی توانای پەندوەرگرتنی هەیە؟

کیاکسار دووای باسکردنی شەڕی نێوان مید و ئاشور و بەزینی ئاشور دێتە سەر باسی ئەوەی کە چۆن شەڕی (ئەسکیتەکان)ی کردووە لە پای ئەوەی کە ئەسکیتەکان لە ژێرەوە یارمەتی ئاشوریان داوە. دیارە ئەم گێڕانەوەیە هیچ بەهایەکی ئەوتۆی نییە ئەگەر نەبەسترێتەوە بەو ئاشتبوونەوەی کە لە نێوان مید و ئەسکیتەکاندا کراوە. چونکە لەو شەڕەدا خۆر دەگیرێ و کیاکسار ئەو خۆڕاگیرانە بە دەستی ئاهورمەزادا دەزانێ، بۆیە ترس لە توڕەبوونی ئاهوورمەزادا وایان لێ دەکات کە ئاشتبنەوە، لێرەدا پەیوەستبوونەوەی ماد بە سەرچاوەیەکی ئاینییەوە ئاشکرا دەبێت کە ئەویش پەیامی ئایینی زەردەشتییە، ئاهورمەزادا دەبێتە ڕەمزی ئاشتی لە شەڕی نێو مید و ئەسکیتەکاندا و بۆئەو و دووای ئەوە واز لە شەڕ دەهێنن.

لێرەوە ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە چیرۆکنووس وەکو پێکهاتەیەکی یەکگرتوو پرۆژەیەکی یەکگرتوو دەڕوانێتە پەیوەندی نێوان مید و ئایینی زەردەشتی و هەردووکیان بە مێژوو پەیامی ڕۆحی ڕابردووی ئێمە دەزانێت و لە گەڕانەوەیدا بۆ نێو ئەو دوو بووارە دەیەوێت پێمان بڵێت مادەم لە ئێستادا ناتوانین ئامادەبوونی خۆمان بسەلمێنین، ئەوا باشتر وایە بگەڕێینەوە بۆ نێو ئەو

ڕابردووە کە باپیرانمان ئامادەبوونیان تێدا دەستەبەر کردووە و مێژوویەکی دیار و خاوەن ناسنامەیان بۆ خۆیان تۆمار کردووە.

گێـڕەرەوە و پاڵـەوانی ڕۆمانەکـە دووای گەیشـتنی بـە کیاکسـار لـەناو ئەشکەوتەکەدا بە شێوەیەکی ئەفسوناوی دەگەڕێتەوە بۆ سەر زەمین و بە هەمان پەیـژەکانی قەڵادا دێتـە خـوارەوە بـۆ نـاو خـەڵکی، بـەڵام سـەودا سـەری بـە دووای دۆزینـەوە و ئاشـکراکردندا جـارێکی تـر دەیباتـەوە بـۆ نـاو ئەشـکەوتەکە،، ئەمجارەیان دەگات بە ڕۆحی ئەو (لەشکری)یەی کە ویستی ناپاکی لە سلێمان بـەگی قـوڵی بـەگیان بکـات و بـە دەسیسـەی عوسمانییـەکان سـلێمان ژەهرخـوارد بکـات، لـە تۆڵـەی ئـەوەدا خـانزادی سـۆران خستیە چینی دیـوارەوە، ئێستا بۆتـە چینێکی ئەو ئەشکەوتە. لە گێڕانەوەی ئەم ڕووداوەدا چیرۆکنووس پێمان دەڵێت ئەوەی ناپاکی لە مێژووی میللەتی خۆی بکات بەو دەردەی لەشکری دەچێت و بۆ هەتاهەتایە دەمی پیێ دادەخرێ و دەخرێتە چینی دیـوارەوە بۆئەوەی لـە ئازاری هەمیشەییدا بێت.

لەشـکری ئێسـتا دەزانـێ سـوڵتانی عوسمـانی ئـەو تاوانـەی پێکـردووە بـەڵام ناوێرێ هیچ لـە ڕووی سوڵتاندا بڵـێ چـونکە پێـی وایـە سـوڵتان نوێنـەری خوایـە لەسەر زەوی. یان نیشتەجێ تەختی ئەوە ئەمەش دەرخستنی واقیعێکی جێگیرە لـە مێـژووی گـەلانی ژێـر سـایەی دەسـەڵاتی دەوڵـەتی ئیسـلامیدا کـە سـوڵتان بـە جێنیشـنی خـوا لەسـەر زەوی سـەیر کـراوە و هەمیشـە بـە پـیرۆز زانـراوە. ئـەم تێڕوانینـە لـە ئاسـتێکی قـوڵتردا ئـەو دەلالەتـە هەڵـدەگرێت کـە ئێمـە لـە ئـەنجامی نـەزانی و بێئاگاییمانـدا نـەمانتوانیووە لـە ماهیـەتی دەسـەڵاتی ئـەو دەوڵەتانـە تێبگەین کە بە ناوی ئیسلامەوە فەرمانڕەوایی ئێمەیان کردووە، یان لـە بنەڕەتـەوە نـەمان توانیـوە لـەو چـەمکە دزێـوە کۆنـە تێبگـەین کـە بـۆ بـە کۆیلـەکردنی ئێمـە دروست کراوە.

پاڵـەوانی کورتـە ڕۆمانەکـە کاتـێ گـوێی لـەو بەیتـە خـۆش و پـڕ لـە مانایانـەی لەشـکری دەگرێـت، دەکەوێتـە گومانـەوە چـونکە پێـی وایـە کەسـێك کـە بتوانێـت

ناپاکی لە دۆستی خۆی بکات ناشێ بەیتی لەو جۆرە خۆش و پڕمانا بڵێت، بۆیە پێی وایە دەشێ ئەو بەیتانە لە بنەڕەتدا هی لەشکری نەبن و بۆی دروستکرابن. دیارە ئەم تێڕوانینەش بۆ ئێستاش لێکدانەوەی بۆ دەکرێت و زۆر کەسی ترسنۆك و ناپاك و دژمن بە گەل مێژووی ئازایەتی و نیشتمان پەروەری و ژیان دۆستیان بۆ دروستکراوە و کراونەتە پاڵەوان، ئەمەش بە مەبەستی ڕەخنەگرتنە لە واقیعی کوردستان کە چۆن مێژووی درۆ بۆ حیزب و سەرکردە و سیاسییەکان دروست دەکرێت و واقیعی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری لاوازی کوردیش ڕەوابوونی ئەو مێژووە درۆیە دەسەلمێنێ.

گەشتی سێیەمی پاڵەوانی دەقەکە دیسانەوە بۆ هەمان ئەشکەوتە ئەمجارەیان هەر کە دەگاتە ناو گەرماوەکەوە کەمێ دەڕوات مامزی کیاکسار دێت بە پیریەوە و دەیخاتە سەرپشتی و داوای لێدەکات کە چاوی بنوقێنێ کاتێ بە ئاگا دێتەوە لە قووڵایی ئەشکەوتەکەدایە و مامزەکەش نەماوە، ئافرەتێکی شۆخ دەبینێ و چاوی بەدوادا دەگێڕێ، ئافرەتەکە دەڵی گوایە کەنیزەکی ئەوە، بەڵام هەمان شێوەی مامزەکە ئەویش غەیب دەبێت. پاش ماوەیەك جوڵاندن و گەڕان پاڵەوان دەگات بە ڕۆحی حاجی قادر، حاجی باسی ئەوەی بۆ دەکات کە ئەو سەدە و چارەکێکە داوای لە ئێمە کردووە "ئەسبابی شەڕ و دەوڵەت پەیدا کەن" بەڵام تاکو ئێستا بە گوێی ئەومان نەکردووە بۆیە نەمانتوانیووە بوونی خۆمان بسەلمێنین.

دۆزینەوەی یان گەیشتن بە ڕۆحی حاجی لەو ئەشکەوتەی ناو قەڵادا و شان بە شانی کیاکسار ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەوانەی کە بە جدی بەتەنگ مەسەلەی نەتەوەکەیانەوە بوون ناویان لەو مێژووە نادیارەی ئێمەدا بە زیندوویی تۆمار کراوە، ئەمی پاڵەوان پێی وایە ئەم دۆنای دۆن دەکات لەگەڵ ڕۆحی کیاکسار و حاجی قادردا و لە یەك کاتدا دەبێتە هەردووکیان، واتە دوو ڕەمزی زیندووی نێو مێژووی ئێمە لە کەسێتی خۆیدا کۆدەکاتەوە، ئەویش دەبێتە هۆی بەدەستهێنانی نەمری، دیارە گەڕان بە دوای نەمریدا ئارەزوویەکی بەهێزە لای مرۆڤ، گەلگامیش سەوداسەری نەمری بوو، بەڵام نەمری بەدەست نەهێنا، چونکە دەیویست ڕۆح و

جەستەی پێکەوە نەمر بن، بەڵام کیاکسار و حاجی نەمریان بەدەست هێناوە چونکە ئەوان جەستەیان بەجێهێشتووە تەساميان کردووە و بوون بە ڕۆح، ڕۆحە گەش و بەرزەکانیش بە ئاسانی نەمری بەدەست دێنن، ئێستا ڕۆحی پاڵەوان کە ڕۆحی نووسەرە لە ڕوانینی خۆیەوە ڕۆحێکە نەمری فەراهەم کردووە و هەرچۆن کیاکسار و حاجی و زارا شایانی مردن نین، ئەمیش شایانی مردن نییە، یان لە بارێکی تردا ئەمی پاڵەوان لەگەڵ ڕۆحی کیاکسار و حاجی و زارادا دۆنادۆن دەکات، واتە ڕۆحە نەمرەکان دەڕژێنە ڕۆحی ئەمەوە و نەمری پێدەبەخشن، توانای فڕینی پێ دەبەخشن. واتە ئەم دەبێتە ڕۆحێکی باڵا، دەشێ ئەو پایەیەش لە ئەنجامی ئەو ئازایەتی و سەرکێشییەیدا بەدەست بهێنێت کە نواندی بۆ شۆڕبوونەوە بە ناخی قەڵا و ئەشکەوتێکی پڕ لە نهێنیدا، ئەمەش ئەو دەلالەتە هەڵدەگرێت کە دروستکردنەوەی مێژووی ئێمە و بوونی ئێمە پێویستی بە ئازایەتی و سەرکێشی لە جۆری ئەوەی پاڵەوانی ئەم دەقە هەیە. ئەگەر ئێمە بمانەوێت ببینە خاوەنی ڕۆحێکی باڵا و، نەمری بەدەست بهێنین دەبێ کاری بوێرانە و سەرکێشانە ئەنجام بدەین، ئەمەش لە ئاستێکی تردا ڕەخنە گرتنە لە دەسەلات و بزوتنەوەی کورد کە بەردەوام پاکانە بۆ داگیرکەرانی کوردستان دەکات و لە ئاستی ئەواندا هەست بە بچووکی خۆی دەکات.

پاڵەوان لە فەزایەکی فانتازیانەدا باسی ئەوە دەکات دوای ئەوەی کە ڕۆحی کیاکسار و حاجی قادر لە جەستەیدا دۆنادۆنیان کرد، ئەم خاسیێتی فریشتەیەکی وەرگرتەوە و توانای فڕین و سەرکەوتنی هەیە بەرەو ئاسمان واتە بووەتە ڕۆحێکی بێ جەستە دەشێ بفڕێ و کەس نەیبینێ، کە دواتریش خۆی ئەوە ئاشکرا دەکات کاتێ دەڵی دوای فڕین گەڕامەوە بۆ ژوورەکەی خۆم بینیم جەستەم بە تەنیا لەوێ دانیشتووە و پەڕتووکێکی بەدەستەوەیە، هەر زوو چوومەوە ناو جەستەم و دەستم کرد بە هەڵدانەوەی پەڕەکانی پەڕتوکەکە، ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە پاڵەوان لە حاڵەتی کەسێکی ئاسایی دەرچووە و گەیشتۆتە ئاستی ئەو ڕۆحە باڵایانەی کە بە پێچەوانەی ڕۆحی گەلگامێشەوە نەمریان بەدەست هێناوە،

هەر لە ڕوانگەی ئەم بڵندبوونەشەوەیە پاڵەوان کە خودی نووسەر و گێڕەرەوەشە لە دەقەکەدا بەو کەسێتەی کە لە سەرەتاوە دروستی دەکات و بۆ ئەو ئەرکە مەزنە کە دەیخاتە ئەستۆی ناشێت، دەڵێت من ئەفرێنەدەری تۆ و ئەم چیرۆکە و ڕووداوەکانیشیم، لەبەرئەوە هەرچۆن خواوەند دەتوانێت مەخلوقاتەکانی خۆی بکوژێت و لە ناویان ببات منیش دەتوانم دروستکراوەکانی خۆم لەناو ببەم، ئەمەش دەلالەتی جۆرێك لە خۆ بەرزکردنەوە بۆ ئاستی ڕۆحی بالآی یەزدان و توانا و دەسەلآتی لە پشتییەوە وەستاوە. بە مانایەکی تر دەتوانین بڵێین پاڵەوانی ئەم دەقەش وێنەیەکی تری شێوە گەلگامیشییە، بەلآم ئەم نەمری لە پێناوی مانەوەی خودی خۆیدا ناوێت بەڵکو پێی وایە ئەگەر کەسێك ئازارەکانی کۆمەڵی گرتبێتە کۆڵ و لە پێناوی ئاسوودەیی ئەواندا هەوڵبدات و دروشمی ئاسوودەبوونی گشتی هەڵگرتبێت ئەوا هەمان شێوەی زاراو کیاکسار و حاجی نەمری بەدەست دێنێت.

دووای ئەوەی کە کیاکسار و حاجی لە گیانی پاڵەواندا دۆناودۆنیان کرد، دەنگێك لە نادیارەوە فەرمانی پێکرد بفڕێت، وشەی کرد بە باڵی و فڕی، دووای گەشتێکی کورت بەسەر قەلآ و دەوروبەریدا، ڕۆحی بالآبووی ئەمیش تینوو پەرۆشی زێدی خۆیەتی، ئەو جێگایەی کە تیایدا لە ئامێزی دایکییەوە هاتۆتە سەر ئامێزی زەوی، ئێستا لە سەر زەوییەوە دەگەڕێتەوە بۆ منداڵدانی دایکی، دەفڕێ بۆ سەر (ئارابخا)، لە کاتی فڕیندا (بازە)کەی زەردەشتی بیردەکەوێتەوە، تا دەگاتە سەرقەلآی ئارابخا لەوێ شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو قوولآیی قەلآکە، دڵئاسوودە و بەختەوەر هەست بە حەوانەوە و هێمنی دەکات، هەمان شێوەی هێمنی ناو ڕەحمی دایکی. پاڵەوان لێرەدا پێمان دەڵێت ئەم قەلآیە دایکمە و منیش بێزار لە خراپی و ناشیرینی و دزێوی دەرەوە، لە دەرەوەی پڕ لە ئاژاوە و شەڕەوە دەگەڕێمەوە بۆ ناو ڕەحمی دایکم، بۆ یەکەم نیشتمانی هێمنی و بۆ یەکەم جێگای حەوانەوە مادەم زەرد و سەوز بە شەڕ هەموو هێمنی و جوانییەکیان ڕوخاند.

لە ناخی ئارابخادا پاڵەوان دەگات بە ڕۆحی (زارا) کە باڵاترین ڕۆحی نێو مێژووی ئێمەیە، ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە ئایا زارا بۆ لە ناخی قەڵای ئارابخادا دەبینرێت؟ ئێمە لێرەدا لە دووای وەڵامی ئەو پرسیارە ئەوەندە ناڕۆین بەڵکو تەنیا وای لێك دەدەینەوە کە بوونی زارا لە ناو قەڵای ئارابخادا ڕەسەنایەتی کوردی بوونی ئەو قەڵایە و ناوچەکەی دەردەخات، نووسەر گەڕاوەتەوە بۆ ئەو مێژووە دێرینە و لەوێدا کوردی بوونی ئەو ناوچە گرنگە دەردەخات ئەو ناوچەی کە ئێستا ناسیونالیزمی ڕەگەزپەرستی عەرەبی لە ڕێگای دەرکردنی دانیشتووانە کوردەکەیەوە کە لە سەردەمی کیاکسارەوە باوباپیرانیان لەم ناوچەیەدا ژیاون دەیەوێت مۆرکی کوردایەتی لێ بسڕێتەوە.

زارا لە ناو قەڵای ئارابخادا بە پاڵەوانی کورتە ڕۆمانەکە دەڵێت کە دەست بکات بە بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی ئەو و بە ناوی ئەوەوە بیرکردنەوەی باش و گوتەی باش و کرداری باش بڵاو بکاتەوە. ئەم سیانەیە پایە سەرەکییەکانی پەیامی زەردەشتین، لێرەوە پاڵەوان ئەرکی جێبەجێکردنی بنەماکانی ئەو پەیامەی لە لایەن خودی زەردەشتەوە پێ دەسپێردرێت، واتە ئەم دەبێتە نوێنەری زەردەشت بۆ بڵاوکردنەوەی پەیامەکەی.

زەردەشت ئامۆژگاری دەکات و پێی دەڵێ ئەگەر دەتەوێت بگەیتە پایەی مرۆڤی باڵا ئەوا دەبێ غەریزە نزمەکان و حەزە چڵێسەکان تووڕ هەڵدەیت. بە مانایەکی تر دەتوانین لە گەوهەری ئەو ئامۆژگارییەی زەردەشتەوە بڵێین تەنیا ئەو کەسانە پایە بەرز و نەمر دەبن کە غەریزە ئاژەڵییەکان و ئارەزووە دنیاییەکان بەلاوە بنێن و بگەنە ئاستی زاهیدانە، چونکە تەنیا مرۆڤی زاهید پلەی باڵایی بەدەست دەهێنێت. دوای گەیشتن بە ڕۆحی زاراو وەرگرتنی کۆمەڵێ ئامۆژگاری پاڵەوانی کورتە ڕۆمانەکە لەبەر ئەوەی گیانی ئەفسانەیی لەبەرکراوە یان ئەوەی کە دەجوڵێت تەنیا ڕۆحییەتی لە شەقەی باڵ دەدات و بەرەو ماڵی خۆی دەگەڕێتەوە. لەوێدا دەبینێ جەستەی هەمان کتێبی سۆناتەی ڕۆحی بەدەستەوەیە، ئەم دەچێتەوە ناو جەستەکەو پەڕەکان هەڵدەداتەوە.

"سۆناتەی ڕۆح" کە ناونیشانی ئەم کورتە ڕۆمانەیە بریتییە لە نووسینەوەی مێژووی ڕۆحی سەرکەش و باڵای زەردەشت و کیاکسار و حاجی قادر و ئەمی پاڵەوانی دەقەکە. کە ئەو ڕۆحە بە توندی پەیوەستە بەرەگ و ڕیشەی کورد و مێژووی بوونیەوە. بەرزبوونەوەی ئەمی پاڵەوانی دەقەکە بۆ ئاستی ئەو ڕۆحە بڵندانە لەبەرئەوەیە کە بوێرانە گەڕاوەتەوە بۆ ناو ئەو ڕابردووە پەردە لەسەر نراوە و هەوڵیداوە زیندوی بکاتەوە، لە پاداشتی ئەوەدا ڕۆحی زەردەشت و کیاکسار و حاجی قادر لەمدا دۆناودۆن دەکەن و بڵندی و شکۆمەندیش بەم دەبەخشن، هەڵبەت سەرباری گەیشتن بەو پایەبەرزە، پاڵەوانی دەقەکە دەمانباتەوە بۆ ڕابردوویەك کە بوونی ئێمەی تێدا تۆمارکراوە، بەرزترین لوتکەی ڕووداو لەم دەقەدا گەیشتنە بە ڕۆحی زەردەشت، چونکە ئەو نموونەی یەکەمە لە مێژووی ئێمەدا، بۆیە دوای گەیشتنی پاڵەوان بە ڕۆحی زەردەشت زنجیرەی ڕووداوەکان بە ئاراستەی دابەزین دەکشێن، کە دووای گەڕانەوەی پاڵەوانەکە بۆ ماڵی خۆی و دیسانەوە چوونەوە ناو جەستەی، هەست بەوە دەکات نەمری بەدەست هێناوە و چیتر کات پەیوەندی بەوەوە نەماوە، دەگەڕێتەوە بۆ نێو سروشت، دیارە ڕۆحە باڵاکان هەمیشە مەیلداری هێمنی و بێدەنگی و جوانی و ئاسایشن، سروشتیش سەرچاوەی خاوێنی هەموو هێمنی و جوانییەکە، پاڵەوان لەنێو سروشتدا دووچاری هێزی شەڕانی دەبێت کە هێزی ئەهریمەنە و چۆتە جەستەی ئەو کەسێتەوە کە لە سەرەتای دەقەکەدا نووسەر دروستی کرد، بەڵام لەبەرئەوەی ترسنۆك بوو کوشتی و سڕیەوە. ئەو هێزە شەڕەنگێزە هەوڵدەدات ڕۆحی پاڵەوان بکوژێت، بەڵام ڕۆحی ئەم ڕۆحێکی نەمرە لەبەرئەوە ناکوژرێت، یان چەند جار بکوژرێت هەر زیندوو دەبێتەوە. ڕۆحی ئەهریمەن ڕۆحی کەسێتە بێ ناوەکەیە و دەشێ مەبەست بەشێکی ئەو ئاراستە باڵادەستەی دەسەڵاتی کوردی بێت کە ڕۆحی کوردایەتی کە پاڵەوان نوێنەرێتی دەکوژێ.

لێرەدا ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە ڕۆحە، بچووك و ترسنۆکەکان کە هەڵگری غەریزە و ئارەزووە چڵێسەکانن وابەستەی ئەهریمەنن و هەمیشە ڕۆحی شەڕانی و

وێرانکەری ئەهریمەن لە جەستەیاندا دەژی وەکو ئەو کەسێتەی کە پێش ئەوەی نووسەر لەبەرئەوەی ترسنۆك و خۆپەرست بوو ناوی بنێت کوشتی، بەڵام کەسێتە ئازا و خۆنەویست و تینووەکانی فێربوون لەبەرئەوەی ئەو غەریزە ئاژەڵی و چڵێسیانەیان بەجێهێشتووە ڕۆحی ئاهورمەزادا دەچێتە جەستەیانەوە و دەبنە هەڵگری پەیامی خێر و بەختەوەری و ئاوەدان کردنەوە. ئەم دووانەیە لە ئایینی زەردەشتیدا کە دووانەی (خێر/ شەڕ)ە پەیوەستە بە لە بەرامبەر یەکدا وەستانی ئاهورمەزادا و ئەهریمەنەوە. کە ئەمەش هاوشێوەی دووانەی (ئیرۆس/ تاناتۆس)ە. لە میتۆلۆژیای گریکیدا. کە سەرچاوەی ئەم تێڕوانینانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە سەرچاوەی هەموو ئایینەکان هاوشێوەن و سەرجەم لەسەر پەیوەندی و ناکۆکی نێوان خێر و شەڕ بنیات نراون.

پاڵەوانی ئەم دەقە کە گەیشتۆتە ئاستی ڕۆحە باڵاکان و هەڵگری پەیامی زەردەشتییە و بە پیرۆز سەیری کەسێتی کیاکسارد و حاجی قادر و خودی زەردەشت دەکات، کەسێکی بڕوادارە بەو مێژووەی کە ئەمان و کۆمەڵەکەیان دروستیان کردووە، ئەوەی نووسەر لە پشتی ئەم دێڕانەوە دەیەوێت بیڵێت ئەوەیە کە ئێمە مێژوویەکی دێرین و شارستانێتییەکی ڕەگ و ڕیشەدار و پەیامێکی ڕۆحی دەوڵەمەندمان هەبووە، بەڵام ئێستا لەبەر بێئاگاییمان لەو ڕابردووە دووچاری جۆرێك لە هەستکردن بە نامۆیی و ون بوون. لە کاتێکدا دەتوانین ئەو ڕابردووە بکەینە پایەی بەهێز بۆ خۆدروستکردنەوە لە ئێستادا.

لە ئاراستە دابەزینی جوڵەی ڕووداوەکاندا پاڵەوان کە سەوداسەری کۆکردنەوەی پاشماوە و ئاسەواری دێرینەیە، پێستەیەکی لەسەر نووسراو دەکڕێت و دوای خوێندنەوە و ساغ کردنەوەی ئەوەی لەسەری نووسراوە، بۆی دەردەکەوێت ئەوە ئەو پێیستەیە کە یاداشتنامەی زەردەشتی لەسەر نووسراوەتەوە ئەویش لەو دێڕەدا دەردەکەوێت: هەرکە لە دایك بووم مامانەکە سەرسامی خۆی لای دایك و باوکم دەربڕی.. بەهـ.. بەهـ.. چەند سپی و پاك و نورانیە، مامەندی ئەو ڕۆژەیە کە دەیپەرستین". دیارە ئەمەش ئەو ئەفسانەمان بۆ

دەگێڕێتەوە کە زەردەشتی هەڵگری پەیامی ڕووناکی وەکو کوڕی ڕۆژ وایە ئەو تیشکە مەزنەش ئیشراقی خواوەندە، زەردەشت ئەو ئیشراقەی لە خۆیدا هەڵگرتووە کە ڕێگای تاریکی ژیان ڕووناك دەکاتەوە.. ئەم پەیامەش بە پەیامی کورد ناسراوە، گەڕانەوەی پاڵەوانی کورتە ڕۆمانەکە بۆ بەدەستهێنان و ساغکردنەوەی پێستەیەکی نووسراوی دێرین بەڵگەی گەڕانە بە دوای زیندووکردنەوەی بەشێك لە ڕابردووی ئەم میللەتەدا.

پاڵەوانی کورتە ڕۆمانەکە دووای ساغکردنەوەی پێستە نووسراوەکە، دەکەوێتە گەشتی بەردەوامەوە، هەتا دووا مەنزڵ دەگات بە دورگەی واقواق، بەڵام ئەنجام هەموو دەسەڵاتەکانی ئەملا و ئەولا ڕەت دەکاتەوە چونکە پێی وایە بە ڕۆحی ئەم نامۆن، بۆیە هێدی هێدی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژهەڵات و زێدی باوباپیرانی و لەوێ ئارام دەگرێ. بێگومان ئەم گەڕانەوەی دواجاری پاڵەوانەکە بۆ زێدی باپیرانی مەبەست گەڕانەوەیە بۆ ناو مێژوو ڕابردووی نەتەوەکەی. لە پشتی جوڵەی بەردەوامی پاڵەوانی ئەم کورتە ڕۆمانەوە بەرنامەی پرۆژەیەکی هەمەلایەنە بۆ گەڕانەوە بۆ ئاشنابوونەوە بە ڕابردووی کورد هەیە، سەرجەم ئەو ڕەمزانەی کە پاڵەوان لە گەشتە ئەفسانەییەکەیدا پێیان گەیشتووە و لە ئاکامدا دۆنای دۆنی لەگەڵ کردوون، ڕەمزە هەرە زیندووەکانی نێو ڕابردووی ئێمەن، نووسەر دەیەوێت ئێمە ئاشنا بکاتەوە بە هەڵوێستی ئەو ڕەمزە زیندووانە لە زەردەشت و کیاکسار و حاجی قادر کە سەرجەم ڕۆحی یەکگرتن و یەکبوونی کوردیان لە ڕابردوودا هەڵگرتووە و یەکەم و دووەم واتە زەردەشت و کیاکسار پیادەی ئەو بەرنامەشیان کردووە، بەڵام حاجی بەرنامەکەی لە سنووری داواکاریدا ماوەتەوە و ئێمە گوێڕایەڵی نەبووین، بەڵکو لە مێژووی نوێشدا بە پێچەوانەی بەرنامە و پەیامی ئەو ڕۆحە نەمرانەوە کاردەکەین. هەر بۆیە بەم جۆرە هەڵسوکەوتەوە ناتوانین بوون بەدەست بهێنین.

عەبدوڵا سەراج لەم دەقەدا لەگەڵ ڕەمزە زیندووەکانی ڕابردووی خۆمان ئاشتمان دەکاتەوە، کە دیارە مەبەست لەو ئاشتبوونەوەیەش پەیوەستکردنەوەی

ڕۆحی ئێمەیە بە ڕابردوومانەوە بەو هیوایەی بتوانین لە مێژووی پەردە لەسەر نراوی ڕابردوومان ئیلهامی بەخۆداچوونەوە و خۆبنیادنانەوە وەربگرین و بتوانین بینای کەسێتی نەتەوەیی خۆمان بکەینەوە.

دیسان لە ئاستێکی قوڵی دەقەکەدا پاڵەوان نوێنەری ڕاستەقینەی ڕۆحی کوردایەتییە و دەگەڕێتەوە بۆ لای زەردەشت و کیاکسار و حاجی قادر واتە بۆ ڕابەرە نەمرەکانی یەکێتی و یەکبوونی کورد و پەیامی ڕۆحی کورد کە لەوێشدا ناسنامەی پاڵەوان و ناسنامەی ئەو ڕەمزە نەمرانە تێکەڵاو دەبن.

ئەو کەسێتەی کە نووسەر دروستی دەکات بە مەبەستی گێڕانەوەی بۆ ناو مێژووی ڕابردووی ئێمە، کاتێ توانای ئەو گەڕانەوەی نابێت، ئەوی نووسەر لای خۆیەوە لە ڕێگای لێسەندنەوەی ئەرکەکەیەوە دەیسڕێتەوە. ئەو کەسێتە بریتییە لە کەسێتی بزوتنەوەی کوردی کە لەبەر بێ بەرنامەیی و لەبەر نەتوانینی لە ئەستۆگرتنی پرۆژەی زیندووکردنەوەی کەسێتی کوردی ناشێت بە هەڵگری پەیامی کوردایەتی دابنرێت.. هەر لەبەر ئەوەشە بەبێ ناو ماوەتەوە چونکە نەیتوانیوە بە جۆرێك کاربکات شوناسنامەی کوردایەتی لە ئاستی داواکانی نەتەوەدا بەدەست بهێنێت.

ئەو دەلالەتەی لە پشتی سزاکەی لەشکرییەوە ڕاوەستاوە لە پای ئەو ناپاکییەی کە کردوویەتی دەشێ لەناو واقیعی سیاسی و حیزبایەتی کوردیدا چەندین وێنە و هاوشێوەی هەبێت، بەڵام ئەنجامدەرەکانی لەناو واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی کوردیدا بێ لێپرسینەوە ماونەتەوە و تاکو ئێستاش نەك باسی خیانەت و ناپاکیان ناکرێت بەڵکو مێژووی نیشتمانپەروەری و کوردایەتیان بۆ دروست دەکرێت و نەك وەك (لەشکری) ناخرێتە چینی دیوارەوە، بەڵکو لە پێناوی بەرژەوەندییە تەسکە حیزبایەتی و خێڵایەتییەکانیاندا جەماوەر و کۆمەڵ دەکەن بە چینی دیوار و بۆ کۆشکەکانی خۆیان، کە دیارە ئەم کارەش لە پێناوی بەرژەوەندی گشتی نەتەوەکەیاندا ناکەن، بەڵکو بۆ خۆیان و دەسەڵاتە سنووردارەکەی خۆیانی ئەنجام دەدەن، کە ئەوەش پێچەوانەی ئەو ڕۆحی یەکێتی

و یەکبوونەیە کە پاڵەوانی چیرۆکەکە لە دووای وێڵە و بۆ ئەو مەبەستە لەگەڵ ڕۆحی زەردەشت و کیاکسار و حاجی قادردا دۆنای دۆن دەکات.

کاتێ لەنێو سروشتدا بێناوی کەسێتی دروستکراوی سەرەتای دەقەکە مەچەکی پاڵەوانی دەقە دەگرێت و دەیەوێت لە ناوی ببات دەشێ وای لێك بدەینەوە کە پاڵەوانی دەقەکە هەڵگری پەیامی ڕاستەقینەی کوردایەتییە و بێناویش نوێنەری بزووتنەوەی کوردایەتی ئێستایە کە دەیەوێت وەهای نیشان بدات و بیسەپێنێ کە خۆی هەڵگری ڕاستەقینەی پەیامی کوردایەتییە و بۆ ئەو مەبەستەش شەرعیەت دەدات بە خۆی بۆ لەنێوبردنی هەر جوڵەیەك لە کۆمەڵگای ئێمەدا کە ڕۆحی ڕاستەقینەی کوردایەتی هەڵگرتبێت، بە واتایەکی تر هەرچۆن بزوتنەوەی ئێستای کورد کە چاوەڕوانی گەڕانەوەیە بۆ ئامێزی داگیرکەرانی کوردستان بەو پێودانگەش وێنەی کوردایەتی و گوتاری نەتەوەیی دەشێوێنێ و دەیەوێت هەموومان بەو چاویلکە تەڵخە بڕوانینە ئەسڵی پرۆژەی نەتەوایەتی کوردی کە ئەو پێی دەڕوانێ و بە گوتارە عاتیفەییەکانیشی دەیەوێت کۆمەڵگا بە گشتی و پاڵەوانی کورتە ڕۆمانەکەش بکاتە پاشکۆی بۆچوونەکانی خۆی.

## بەشی پانزەیەم

### پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان!

### پرسیارەکانی ئێستا یان وێنەکانی ڕابردوو؟

-1-

دەقی زیندو ئەو دەقەیە کە شاهیدێکی ڕاستگۆی ئەو قۆناغە بێت کە تیایدا بەرهەم دێت. بە مانایەکی تر دەبێ دەقی زیندو هەڵگری پرسیارە وەڵام نەدراوەکانی قۆناغی لەدایکبوونی بێت.. شان بە شانی پرسیارە وەڵام نەزانراو و نادیارەکانی مەسەلەی ژیان و بوون، هەڵبەت کاتێ ئەم قسەیەش دەکەین دەبێ دەق ئامادەبوونی هەبێت، دەقێك کە بنەما هونەری و ئیستاتیکییەکان تیایدا سەلمێنەری ئەوە بن ناوی دەقی لێ بنرێت. هەڵبەت مەبەستمان لەم قسانەش ئەوە نییە کە دەق بە پێی ڕوانین و تێگەیشتنی ئێمە بەرجەستە بکرێت، بەڵام هەندێ بنەمای گشتی هەن کە ناشێت لە دەرەوەی ئەوانە دەقی زیندو بەرهەم بێت، بۆ نموونە دەقی چیرۆك یان ڕۆمان یان شیعر یان دراما، یان تەنانەت دەقێکی ڕەخنەی هەریەکەیان بە هۆی کۆمەڵی خاسیێتەوە دەناسرێنەوە و پێناسە دەکرێن، ئەو خاسیێتانەش لە قۆناغ و سەردەمێکی مێژووییەوە بۆ قۆناغ و سەردەمێکی تر دەشێ گۆڕانکارییان بەسەردا بێت.

دەشێ بە ئاشکرا ئەوە ببینین کە ڕۆمانی سەدەی هەژدە جیاوازییەکی ئاشکرای هەبووە لەگەڵ ڕۆمانی سەدەی بیستدا، چ لە ڕووی فۆرم و تەکنیکی نووسینەوە، چ لە ڕووی پرسیارەکانی دەق و ئەو جیهانبینییەی کە هەڵی گرتووە. لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستدا گۆڕانی زیاتر بەسەر تەکنیکی ڕۆماندا هات و ناونیشانی ڕۆمانی نوێی چووە پاڵ و لە سی ساڵی ڕابردووشدا زیاتر تەکنیکە تەقلیدییەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدە و هەندێ لە خاسیێتەکانی ڕۆمانی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستیش ئەو شوێنە دیارەیان نەما و باسی واقیعی سیحری و

فانتازیا هاتنە کایەوە بە تایبەتی لەلای ڕۆماننووسانی ئەمەریکای لاتین کە دوا چارەکی سەدەی بیست ڕۆمانی ئەمەریکای لاتین لەسەر ئاستی جیهان شوێنی دیاری هەبوو، دەشێ بگوترێت نموونەی یەکەمی ڕۆمان بووە لەسەر ئاستی ئەدەبی جیهان، هەم لە ڕووی گەڕانەوە بۆ ئەفسانە و فانتازیای دێرینی ئەو ناوچەیەوە، هەم لە ڕووانگەی بەکارهێنانی تەکنیك و جیهانبینییەوە. بۆیە جێگای خۆیەتی بپرسین ئایا ئەوەی لە پانتایی ڕۆشنبیری و ئەدەبی کوردیدا لەژێر ناونیشانی ڕۆماندا بەرهەم هاتووە، ناسنامەی ڕۆمانی هەیە چ لە ڕووی فۆرم و تەکنیکەوە چ لە ڕووی جیهانبینیشەوە؟ هەڵبەت من لێرەدا لە دووای وەڵامی ئەم پرسیارە ناگەڕێم، بەڵام هەوڵدەدەم ئاخاوتنی یەکێك لەو دەقانە بکەم کە لەم دووایییەدا کەوت بازاڕەوە و بەرهەمی یەکێك لە نووسەرە دیارەکانی ئێمەیە کە ئەویش مامۆستا شێرزاد حەسەنە. ئەو دەقەش دەقی "پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان"ە. کە وەکو خۆی نووسیویەتی لە نێوان ساڵی 1983 بۆ ساڵی 1996 نووسیویەتی و ئەمساڵ بە چاپی گەیاندووە. پێش وەختەش دەمەوێت بڵێم هەوڵ دەدەم کە وەکو دەقێکی سەربەخۆ سەیری "پێدەیشتی کارمامزە کوژراوەکان" بکەم و دۆستایەتی خۆم و نووسەر لەو ئاقارەدا بخەمە لاوە و ئەوەش ڕابگەیەنم کە کاك شێرزاد وەکو چیرۆکنووسێك کە جێگایەکی دیاری هەیە لەسەر پانتایی چیرۆکی کوردی، ناشێت دڵنەوایی بکەین و ڕەنگە لە قازانجی ئەویش نەبێت بە بێ بنەما ئافەرینی بکەین، بە مانایەکی تر دەمەوێت بڵێم لەم نووسینەدا من هەڵسەنگاندنی لایەنە جۆراوجۆرەکانی ئەم دەقە دەکەم و هەر ڕادەربڕین و حوکمدانێکیش لە سنووری ئەم نووسینەدا دەرئەنجامی تێگەیشتنی منە لە ڕۆمان و ئەو کارەی کە نووسەر کردوویەتی تا چ ئاستێ سەرکەوتنی بەدەست هێناوە.

سەرەتا پێم باشە بە چەند دێڕێك ڕووداو و هێڵی سەرەکی جوڵەی ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بگێڕمەوە هەتا قسەکردنمان بنەمایەکی مادی هەبێت و لە بۆشاییدا نەخولێتەوە.

"کوڕ و کچێکی گوندنشین، کوڕە شاێر و حەیران بێژە، کچەش شۆخێکی نەرم و نیان و کچی سەرکاری ئاغایە، حەز لە یەك دەکەن و کوڕە کچە هەڵدەگرێ و بەرەو هەولێر دەکشێ، لەوێ لە خانوویەکی گڵی داڕماودا جێگیر دەبن، کوڕە گەلێك کاردەکات و پاشان لەسەر کارێك جێگیر دەبێت کە ئەویش کارێکی وەرزییە و بریتییە لە ڕاوی ڕیشۆڵە، ڕیشۆڵەکان دێنێتەوە شار و دەیانفرۆشێ بە سڵێوەی دوکاندار ئەویش دەیانکاتە مەزە و بە عەرەق خۆرەکانی شاریان دەفرۆشێ، هەمین کە ژنەکەی بایزە و هەڵیگرتووە ئەویش دەست دەداتە کارکردن لە ماڵی ئاغا و بەگ و شێخ و چەلەبی و دەوڵەمەندانی شار، کاری جلشۆری و نانکردن بۆیان و هەروەها ماست و هێلکە فرۆشیش دەکات. ئەم ژن و مێردە ناشەرعیە وەجاخیان کوێر دەبێ، لە کەلاوەکەیاندا مریشك و مانگایەك و کەرێکیش بۆ ڕاوکردنەکەی بایز ڕادەگرن.

ڕۆژێك بایز دەچێت بۆ ڕاو و بەخت یاری دەبێت، ڕیشۆڵەی زۆر دەگرێت، لە ڕێگای دەیکات بە هەوروهەلا، هەرچۆن دەبێت بە سەلامەتی دەگاتە ماڵەوە، بەلام ئەو ڕۆژە بە پێچەوانەی ڕۆژانی تر هەمین دیار نابێت بگەڕێتەوە و شەو دەبێتە باران و لێزمە بەلام هەمین هەر ناگەڕێتەوە، بایز ناچار بەو تۆفانە دەچێت بە دوایدا، ماڵی بەگلەر و ئاغا و شێخ و چەلەبی دەگەڕێت نایدۆزێتەوە، باران و لافاو بە جۆرێك کەنەفتی دەکەن کە وەکو شێتی لێدێت، هەر هاوار دەکات و هەمین دیار نییە، دواجار بایز دەخرێتە ڕیزی شێتەکانی شارەوە و لە شالاوێکی دەستگیرکردنی شێتەکاندا ئەویش دەستگیر دەکەن و بەرەو بەغدا ڕاپێچی دەکەن و جارێکی تر چاوی بە هەمین ناکەوێتەوە و هەردووکیان نەك گۆڕ غەریبی گوندەکەی خۆیان دەبن، بەڵکو لە یەکتریش گۆڕ غەریب دەبن..).

ئەمە هێڵی سەرەکی ڕووداوەکانی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)ە. ئێستا با لە ڕووانگەی ڕووداوەکان و ئەو قۆناغە مێژووییەوە سەرنجی ئەم دەقە بدەین کە تیایدا لەدایك بووە.

قۆنـاغی مێـژووی نووسـینی دەقەکـە دووا بیسـت سـاڵی سـەدەی بیسـتی کۆمەڵگای کوردییە لە هەولێر و دەوروبەری. ڕووداوی سەرەکی هـەڵگرتنی کچێکە لە لایەن دڵدارەکەیـەوە.. لای هـەمووان ئاشکرایە دیاردەی هـەڵگرتن و ڕەدوکـەوتن دیاردەیەکی لەبەرچاو بووە لە قۆناغی شوانکاری و فیودیالی کۆمەڵگای کوردیـدا و لە بەشێکی دیاری ناوچەکانی کوردستان زۆربەی ئەو دڵدارانەی کە ڕێگای بە یـەك گەیشـتنیان نـەدراوە پـەنایان بردۆتـە بـەر ڕاکـردن، بـەڵام ڕاکـردنیش چارەسـەری خۆیی هەبووە، ئەگەر ئەو کوڕ و کچە خۆیان گەیانـدە دیوەخـانی ئاغا یـان شێخ و بـەگێکی تـر ئـەوا ئـەو ئاغـا و بـەگ و شـێخە سـوڵحیان بـۆ دەکـردن و بـەوەش بـەر لێبوردن دەکەوتن. مەگەر بە دەگمەن دوو کـەس بـەم جـۆرەی بـایز و هـەمین سـەری خۆیان هەڵگرتبێت، ئەگەرچی نووسەر لەناو دەقەکەدا بیانووی ئەوەی هێناوەتەوە کە بایز باسی ئەوە بۆ هەمین دەکات بـرا و کەسوکاری ئامـادە نـەبوون لەگـەڵ بـایز ئاشـت ببنـەوە.. واتـە جۆرێـك لـە هـەوڵی ئاشـتبوونەوە هـەبووە بـەڵام لێـرەدا ئـەو پرسـیارە سـەرهەڵدەدات ئایـا دیـاردەی ڕەدوکـەوتن لـە دووا بیسـت سـاڵی سـەدەی بیستدا لـە چ شـوێنێکی ئـەم بەشـەی کوردسـتان بـەو جـۆرە مـاوە؟ ئایـا لـەم قۆنـاغـە مێژووییەدا دەسەڵات و نفوزی ئاغا و شێخ و بەگ لـە چ ئاستێکدا بـووە؟ بێگومـان ئەوە ئاشکرایە کە لە دووای شۆڕشی چواردەی تەموز لـە عێراقدا زۆرۆێـك لـە ئاغـا و بەگ و شـێخەکان بـە هـۆی هەنـدێ چاکسـازی لـە یاساکانی کشـتوکاڵ و زەوی و زاردا هاوکاتیش بە هۆی نفوزی دیاری حیزبی شیوعییەوە ئەو نفوزەیـان نـەما، بە تایبـەتیش لـە دووای شکسـتی شۆڕشـی ئـەیلول و چـۆڵکردنی بەشـێکی زۆر لـە گوندەکانی کوردستان، سیستەمی دەرەبەگایـەتی کە لـە ڕاستیدا لـە کوردسـتاندا وەکو سیستەمێکی ئابووری پێکنەهاتووە.. ئەوەنـدەی تـر لاواز بـوو، سـەرهەڵدانی شۆڕشی نوێش بە ئاشکرا دەوری کاریگەری بینیووە لـە زیاتر لاوازکردنی نفـوزی ئاغـا و بـەگ و شـێخایەتیدا لـە کـاتی شـاخدا ئـەوەی لـە دووای سـاڵی 1977 لادێکـانی کوردسـتانی بینیبـێ بـە تایبـەتی ئـەو ناوچـانەی کـە کۆمەڵـە تیایـدا باڵادەست بووە، ئاغا و بەگ و شێخ زۆر لاواز و بێ نفووز بوون تیایـدا و جوتیـار و

زەحمەتکێشـان کـە کۆمەڵـە بـە ڕاسـتی خـۆی بەوانـەوە گرێـدابوو لەگـەڵ ویسـت و ژانــەکانی ئەوانــدا دەژیــا دەوری کاریگــەری هــەبوو لــە هوشــیارکردنەوەیاندا و تەنانـەت مەسـەلەی ئـازادی شـوکردن و خێـزان پێکهێنـان و یەکسـانی ژن و پیـاو ئەوەندەی قسە لێکرابوو کە ئاسان بوو کێشەی دوو دڵدار چارەسەر بکرێت لەبری ئەوەی ناچار بن پەنا ببەنە بەر هەڵاتن.

کەواتە بۆمان دەردەکەوێت کە ڕووداوی لە جۆری ڕاکردنەکەی بایز و هەمین و دەسـەڵات و نفـوزی لـە جـۆری دەسـەڵات و نفـوزی ئاغـای گوندەکـەیان و پێگـە و نفوزی لە جۆری پێگە و نفوزی ئاغا و بەگلەر و چەلەبییەکانی هەولێر.. هیچیان هی قۆناغی نووسینی ئەم دەقە نین، کەواتە با بپرسین ئایا گەڕانەوە بۆ قۆناغێکی پێشتری ڕووداوەکانی نێو کۆمەڵگای ئێمە و کردنیان بە بنەمای دەقێکی ئەدەبی یان هونەری لە پێناوی ئامانجێکی ساتەوەختی ئێستا و ئایندەدایە یاخود بە پیرۆزکردنی ئەو ڕابدرووەیە؟

با لێرەدا خۆمان بە وەڵامی ئەو پرسیارەوە خەریك نەکەین و وای دابنێین کاك شــێرزاد ڕاکردنــی بــایز و هــەمینی وەکــو بابــەتێك وەرگرتــووە لــە پێنــاوی بەرزکردنــەوەی کۆمــەڵی پرســیاری ئێســتادا، یــان ئــەو ڕووداوەی لــە شــێوەی ڕۆمانێکـدا بەرجەسـتە کردۆتـەوە بـە مەبەسـتی ڕسـواکردنی ئـەو ڕووداوە لـە ئێستادا؟ یان بۆ وەرگرتنی پەند و وانەیەك؟ یان بە مەبەستی لێکدانەوەی باری ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە لە ڕابردوودا؟

ئایا ئەو پرسیارانە چین کە ڕاکردنی کچ و کوڕێك پێکەوە لە ئێستادا بەرزی دەکەنـەوە.. کـە ئـەو ڕووداوە ئێسـتا بەسەرچـووە و هـیچ ئامـادەبوونێکی نـەماوە مەگەر بە دەگمەن و لە بنەڕەتیشدا ئەوە ڕووداوێکی کۆمەڵایەتی یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی ئەوەندە گەورە نییە و ناشێت بکرێت بە بنەما بۆ ئاخاوتن لەسەر هیچ کایەیــەکی فراوانــی ژیــانی کۆمەڵایــەتی ئێمــە، چـونکە ئـەو دیاردەیـە لـە هـیچ قۆناغێکی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمەدا نەگەیشتۆتە ئاستێك کە بە ڕێژە دابنرێت و هـیچ مانایـەکیش هـەڵناگرێت جگـە لـە مانـای پـەنابردن بـۆ ڕێگایـەکی دەرەوەی

دابونەریتی باو بۆ بە یەکگەیشتنی دوو دڵدار، ئەگەرچی لە ڕاستیدا ڕەدوکەوتن لە هەندێ شوێنی کوردستان وەکو جۆرێك لە دابونەریتیش وابووە لە ڕابردوودا.

ئەگەر مەبەستی نووسەر لە ڕەدوکەوتن ئەوە بێت کە جۆرێك لە خێزانی ناشەرعی دروست بێت یان سێکس لەو دیووی شەرعەوە، ئەوە ڕەدوکەوتن هیچ کام لەو دووانە نییە چونکە بە پێی بنەما باوەکانی شەریعەتی ئیسلامی ئەو پێکەوەبوونە حەڵاڵ دەکرێت و بەو پێیەش جێگایەك بۆ سێکسی حەرام نامێنێتەوە، بە پێچەوانەوە دەشێ لە ئاستێکی بەرفراوانتردا و لە کاتێکدا دوو دڵدار ڕادەکەن، چەندین کاری سێکسی ناشەرعی بە نهێنی لە هەر شوێنێکی تری نێو ئەم کۆمەڵگایەدا ئەنجام بدرێت.

ئەگەر مەبەستی نووسەر لە دیسانەوە بەرجەستەکردنەوەی ئەو ڕووداوە بۆ ڕەخنەگرتن لە خودی ڕووداوەکە و ڕیسوا کردنیشی بێت، ئەوا لە ئێستادا ئەو ڕووداوە هیچ ئامادەبوونێکی نەماوە و مەگەر بە دەگمەن ئەگینا ئێستا ئازادی شووکردن و ژنهێنان لە کۆمەڵگای ئێمەدا بۆ هەموو کەس هەیە. خۆ ئەگەر بە ئاراستەیەکی دژی ئەم بۆچوونەش نووسەر پێمان بڵێت ڕەدوکەوتن بەرهەمی عیشقی ڕاسەقینەیە و جۆرێکە لە بوێری و ئازایەتی و پشت کردن لە دابونەریتی باو لە پێناوی گەیشتن بە ئامانجە ڕاستەقینەکاندا.. ئەمە دەشێ بۆ مێژووی پێش نیو سەدەی ئێمە لێکدانەوەیەکی بۆ بکرێت، بەڵام بۆ ئێستا مەگەر بە دەگمەن ئەگینا نابینیت ڕێگا لە دوو دڵدار بیگرێت و نەهێڵرێت خێزان پێکبهێنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە ئێستا باسی ئازادی سێکسی و فرە موومارەسەکردنی سێکس دەکرێت لە کۆمەڵگای ئێمەدا.

ئەگەر مەبەستی نووسەر وەرگرتنی پەند و وانەیە لە دیسانەوە بەرجەستەکردنەوەی ڕووداوی ڕەدوکەوتن، دەبێ بپرسین ئەو پەند و وانانە چین کە لەو ڕووداوەی وەردەگرین؟ بێگومان هیچ پەند و وانەیەك نییە کە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوە پێمان ببەخشێت. هەروەها ناکرێت لە ڕوانین بۆ دیاردەی ڕەدوکەوتن لێکدانەوەی کۆمەڵگای کوردی لە ڕابردوودا بکرێت چونکە ئەو دیاردەیە تەنیا

تایبەت نییە بە کورد. بۆ نموونە لە شانۆگەری "بازرگانی ڤینسیا"ی شکسپیردا، کاتێ شایلۆك ڕازی نابێت جێسیکای کچی بداتە لۆرینزۆ، بە بیانووی ئەوەی کە لۆرینزۆ مەسیحیەکی هەژارە و کچەکەی شایلۆك جولەکەیەکی دەوڵەمەندە، جێسیکا و لۆرینزۆ لە شەوێکی تاریکدا هەڵدێن. کەواتە گەوهەری ڕاستەقینەی ڕاکردنەکەی هەمین و بایز هیچ جیاوازییەکی نییە لە ڕاکردنەکەی جێسیکا و لۆرینزۆ، مەبەستمان لەم قسەیە ئەوە نییە کە کاك شێرزاد ئەو ڕووداوەی نێو شانۆگەرییەکەی شکسپیری وەرگرتبێ، نەخێر، بەڵام ئەو مەبەستەی کە شکسپیر ئەو ڕووداوەی لە پێناودا هێناوەتە سنووری دەقەکەیەوە دیارە و زیاتر بۆ ڕیسواکردنی کەسێتی شایلۆك و ئایینی جولەکەیە، بەڵام هێنانی ڕووداوی ڕەدوکەوتنی هەمین بۆ چ مەبەستێکە و چ خزمەتێکی جیهانبینی دەقەکە دەکات و چ پرسیارێك هەڵدەگرێت؟ لە کاتێکدا ڕووداوی هەڵگرتنەکە لای شکسپیر پانتاییەکی زۆر کەمی لە دەقەکە داگیرکردووە، بەڵام لای کاك شێرزاد سەرجەمی دەقەکە بەو ڕەدوکەوتنەوە بەندە و ئەگەر ئەو ڕووداوە لە دەقەکە بسڕینەوە هیچ ڕووداوێکی تر نامێنێتەوە کە شایانی باس بێت، ئەوکاتە ڕۆمانەکە زیاتر وەکو پەخشانێك دەردەکەوێت کە بە زمانێکی شیعری، یان باشتر بڵێین بە زمانێکی زۆر ڕۆمانسیانە نووسراوە و دەشتوانم بڵێم ئەم زمانە زمانی پەخشانی ڕۆمانسییە کە هەم زمانێکی دەوڵەمەندە هەم لە خوێندنەوەیدا چێژێکی تایبەتی دەبەخشێت، ئەگەرچی زمانەکەش زۆربەی کات ئەوەندە دووبارەبوونەوەی تێدەکەوێت کە بەشێك لە جوانییەکەی لەدەست دەدات و دیسان زمانی کۆمەڵگای کشتوکاڵییەو زمانی ئێستا نییە.

لێرەدا بۆمان دەردەکەوێت کە ڕەدوکەوتنی هەمین وەکو ڕووداوی سەرەکی ئەم دەقە نە ڕاستەوخۆ بۆ قۆناغی مێژوویی نووسینی دەقەکە گرنگییەکی ئەوتۆی هەیە، نە دەتوانێت ببێتە شاهید بەسەر ئەو قۆناغەوە، نەوەکو هێنانی ڕووداوێکی ڕابردوو بۆ ساتەوەختی نووسینی دەقەکە هیچ خزمەتێکی پرسیارەکانی مرۆڤی کورد لەو قۆناغە و ئێستاشدا دەکات و نە دەشتوانێت ببێتە هەڵگری

پرسیارەکانی ئێمە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و مێژوویی و سیاسی و فیکری و ئەخلاقی و تەنانەت ئیستاتیکی ئێمەدا.

ئەگەر لە ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانیشەوە لێکی بدەینەوە ئەوە ڕەدوکەوتن دیاردەی قۆناغی شوانکاری و دەرەبەگایەتی یان قۆناغی شوانکاری و قۆناغی کشتوکاڵی کۆمەڵگای کوردییە.. کەواتە دەبێ کردنی ئەم دیاردەیە بە بێ گۆڕان و وەکو ئەوەی چۆن لە واقیعدا ڕوویداوە یان دەشێ ڕوویدابێت بە گرێچنی ڕۆمانێك و بەرجەستەکردنەوەی ژیانی کۆمەڵایەتی لادێ نشین و جەور و ستەمی بەگ و ئاغا و شێخ بۆ ئێستا جگە لە نووسینەوەی ئەدەبی کۆمەڵگای کشتوکاڵی و دەرەبەگایەتی چی تر دەگەیەنێت؟ یان چیمان پێ دەڵێت؟ یان بەچی ئاشنامان دەکات؟

ڕەنگە وەرگرتنی مۆتیڤێك یان ئاماژەیەك لە دیاردەی ڕەدووکەوتن و مامەڵە لەگەڵداکردنی لە ئاستێکی هونەریدا تیشکێ بخاتە سەر ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتییەی کە لە ڕابردوودا و لە سایەیدا ئەو دیاردەیە سەری هەڵداوە. بەڵام هێنانی ڕووداوێکی لەو جۆرە و نووسینەوەی وەکو خۆی ناشێت ببێتە دەقێکی زیندوو، دەزانم ئەم قسەیە بەرامبەر بە ئەزموونی چیرۆکنووسێکی وەکو کاك شێرزاد قورسە و ڕەنگە چەندین خوێنەری بەرهەمەکانی کە تەنها لە تیشکە نیگایەکەوە دەڕوانن و هەرچی بەرهەمی قەڵەمی ئەم نووسەرە بێت بە داهێنانی گەورەی دەزانن، ئەم قسەیەی ئێمەیان زۆر بەلاوە قورس بێت، بەڵام ڕاستییەك هەیە پێویستە ئێمە فێری وتنی ببین، ئەویش ئەوەیە مەرج نییە کە نووسەرێك هەمیشە داهێنان بکات و هەرچییەکی نووسی لە لوتکەدا بێت، بە تایبەتی ئەزموونی ڕۆماننووسین کە بە ئاشکرا ئێمەی کورد لەو بوارەدا لاوازین و دەبێ دان بەوەدا بنێین کە ئەم بەرهەمەی کاك شێرزادیش یەکێکە لەو هەوڵانەی لەو بوارەدا دراون، بەڵام تا چەندێ بۆتە دەقێکی زیندوو ئەوەیان مەسەلەیەکی ترە..

لە ڕووداوی ڕاکردنەکەی هەمین و بایزەوە بە تایبەتی لە کاتی باسکردنی زەماوەندەکەدا و لە وەسفکردنی جلوبەرگ و قاپ و قاچاخ و ئەو شتانەی

بەكارهاتوون دەردەكەوێت ئەو مێژووە هێندە كۆن نییە، لە وەسفكردنی هەولێر و بوونی ژمارەیەكی هێندە زۆر لە عەرەق خۆران لەو شارەدا دەردەكەوێت دیسان ئەو مێژووە هێندە كۆن نییە، كەواتە جێگای خۆیەتی بپرسین چۆن بایز و هەمین بە جۆرێكی ئەوتۆ شاردراونەتەوە كە كەس نەیانناسێت و نەدۆزرێنەوە، لە كاتێكدا لە لادێكانی دەوروبەری ئەو شارەوە هاتبن بۆ شارێكی وەكو هەولێریش كە هەتا چەند دەیەیەك پێش ئێستاش، هەموو لادێییەك كە بە كرمانج ناودەبرا بە ئاسانی ون نەدەبوو لەناو ئەو شارەدا. كاتێ لە ڕوانگەی قۆناغە مێژووییەكەوە سەرنج بدەین كە چۆن هەمین و بایز لەو شارەدا ون دەبن، هەولێرمان وا دێتە پێشچاو كە یەكێك لە شارە گەورەكانی جیهان بێت، بەڵام دیسان هەر نووسەر خۆی باسی هەندێ لە سیماكانی ئەو شارەمان بۆ دەكات كە هێندە كۆن نین، بۆ نموونە هێڵی ئاسن و هاتووچۆی شەمەندەفەر، لۆرییە گەورەكانی شارەوانی لە كاتی دەستگیركردنی شێتەكاندا.. بۆیە لە پێكەوە كۆكردنەوەی سەرجەم ئەم دیاردانە و دیاردەی ڕەدووكەوتن و پەیوەندییەوكانی دەرەبەگایەتی لە لادێدا و باڵادەستبوونی ئاغا و بەگلەر و چەلەبی لە شاردا.. ئەوەمان بۆ ئاشكرا دەبێت نووسەر هەموو شتەكانی پێكەوە كۆكردۆتەوە و تێكەڵی كردوون چ پەویەندییە كۆمەڵایەتییەكان، چ قۆناغە مێژووییەكان، چ ژیانی دەرەبەگایەتی و كشتوكاڵی لادێ و چ ژیانی شار.. ئەو ئامانجەش كە ئەوەی لە پێناودا كراوە دیارنییە چونكە دەقەكە نەیتوانیوە لەسەر هیچ كام لەو بوارانە شاهید بێت، واتە دەقەكە لە ڕووی شیكردنەوەی سایكۆلۆژیای كۆمەڵایەتی ئەو قۆناغە و شۆڕبوونەوە بە ناخی ژیانی كۆمەڵایەتیدا لە ڕێگای كەسێتەكانییەوە نەیتوانیوە وێنەیەكی دیاری ژیانی كۆمەڵایەتی قۆناغی كشتوكاڵی كۆمەڵگای كوردی پێشكەش بكات و لە كێشە سەرەكییەكانی ئەو قۆناغە خۆی دوورەپەرێز گرتووە و لەو پانتاییەدا كاری نەكردووە، بەڵكو لە ڕێگای ستەمكردن لە بایز و هەمینەوە چ لە لایەن ئاغا و خەڵكی گوندەوە و چ لە لایەن سلێوە و دانیشتووانی شارەوە لەوە دەچێت وێنەی ڕووكەشی ڕووداوەكان بگیرێت، كە بێگومان قسەكردن لە بارەی ئەو دیاردە

کۆمەڵایەتییانـەوە لەهـەر قۆنـاغێکی مێژووییـدا بـەبێ تێگەیشـتنێکی تـەواو لـە بنیـادی کۆمەڵایـەتی ئـەو قۆناغـە و ململانـێ سـەرەکییەکان و پەیوەندییـە کۆمەڵایەتییەکان و لە پاڵ ئەوانەشدا بەبێ شارەزابوونێکی تەواوی سایکۆلۆژیای کۆمەڵایەتی ناشێت شتێکی ئەوتۆ بدات بەدەستەوە.

یـەکێك لـە خاسـێتە دیارەکـانی ئـەزموونی چیرۆکنووسـینی کـاك شـێرزاد ئـەوە بووە لـە بینـاکردنی کەسێتەکانیدا لـە ڕووی سـایکۆلۆژییەوە شـارەزایانە مامەڵـەی کـردووە، ڕاسـتە بەشـێکی کەسـێتەکانی کەسـێتی کۆمـەڵگای کشـتوکاڵی و دەربەگایـەتی بـوون، بـەڵام شـان بـە شـانی ئـەوەش کەسـێتی کۆمـەڵگای شـار ئامـادەبوونی هـەبووە لـە چـیرۆکەکانیدا، بـەڵام لـەم دەقـەدا نووسـەر بنیـادی کەسێتەکانی لە کۆمەڵگای کشتوکاڵیدا دەنێت، بە پێچەوانەی ئەو ڕاستییەوە کە ڕۆمان هونەری کۆمەڵگای شارە و تەنانەت وەکو بەرهـەمی کۆمـەڵگای پیشەسازی و تەکنۆلۆژیا دەرکەوتووە، لە لایەکی تریشەوە بۆمان هەیە بپرسین ڕاستە زۆرێك لە ڕەگەزەکانی ژیانی ڕابردوو دەبنە بنەمای بنیادنانی دەق، بەڵام دەبێ ئەو دەقە ئامادەبوونێکی ئێستایی و ئاراستە جوڵەیەکی بەرەو ئایندەی هەبێت لـە ڕوانگـەی بنیادنانی جۆرێك لە یۆتۆپیاوە، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم بۆچوونەوە ئاراستەی ئیشکردن لە پێدەیشتی کارامزە کوژراوەکاندا لـە ئێستاوە بـۆ ڕابـردووە، ئـەویش ڕابردوویەکی نائامادە و پەراوێزیی.. ئەمەش دەمانخاتـە بـەردەم دوو بۆچوونەوە یان ئەوەتا نووسەر دەبێ ئەو ڕابردووەی پێ پیرۆز بێت و بیەوێت لە ئیستاشدا لـە ڕێگـای دروسـتکردنی یۆتۆپیـاوە ئـەو ڕابـردووە دروسـت بکاتـەوە، یـان ئـەو ڕابردووەی پێ دزێو بووە و ئێستا بە مەبەستی ئامادەکردنەوەی بۆ ڕەخنـەلێگرتن ئامادەی بکاتەوە.. کە بە ئاشکرا هیچ کام لەم دوو ئاراستەیە لە دەقەکەدا بەرچاو ناکـەوێت، بـەڵکو نووسـەر لـە ڕێگـای گێڕانـەوەی ئـەو ڕابـردووەوە لـە شـێوەی گێڕانـەوەی ئاسـاییدا ڕووداوەکـان دەخاتـەوە ڕوو، ڕاسـتە هەنـدێ بەشـی ئـەو گێڕانەوەیە لە ڕێگای فلاش باکەوە دەخرێتە ڕوو، بەڵام بە ئاسانی گێڕانـەوەکانی گێـڕەرەوە و گەڕانـەوەکانی بـایز و هـەمین تێکـەڵ دەبـن و لـە شـێوەی گێڕانـەوەی

ڕووداوەکاندا لەسەر زمانی مێژوونووسێکەوە دەردەکەون و هەر لە چرکەساتی گەڕانەوەی بایز بە تۆڕی ڕیشۆڵەوە لە ئێوارەیەکی درەنگی باراناویدا کە دەگاتەماڵەوە و هەمین نەهاتۆتەوە ئیتر دەقەکە کۆتایی پێدێت و پێم وایە لەو جێگایە بەدواوە بوونی بەشەکانی دواتر هیچ ناخاتە سەر دەقەکە، بە تایبەتی دیارنەبوونی هەمین ڕاستەوخۆ کۆتایی هاتنی هەمین نیشان دەدات و چوونە دەرەوەی بایز و بەدواداگەڕانی و ململانێی لەگەڵ لافاو و باراندا کە شێوە خەباتێکی (سانتیاگۆ) ئاسای پیرەی ڕاوچی "پیرە و زەریا"ی هەمەنگوایە، چیرۆکێکی سەربەخۆیە و دەتوانم بڵێم گێڕانەوەی ڕووداوەکانیش، بە کەوتن و هەستانەوە و لە دەرگادانی ماڵە دەوڵەمەندەکان و دواجاریش دەرکەوتنی وەکو شێتێك هێندە سادەیە، هیچ جیاواز نییە لە گێڕانەوەی ڕووداوە ئاساییەکانی ژیانی ڕۆژانە، بە مانایەکی تر دەتوانین بڵێین لاوازی گێڕانەوە لەم دەقەدا ئەوەیە ناتوانرێت لە خودی ڕووداوەکان لە واقیعدا جیابکرێنەوە، کە ئەوەش سادەترین پێناسەی داهێنانە، واتە لە واقیع هونەر دروستکردن، بەڵام ئەو مامەڵەی کە نووسەر لەگەڵ ڕووداوی ڕەدووکەوتن کردوویەتی مامەڵەیەکە نەیتوانیووە لەو واقیعە هونەر دروست بکات، ئەگەرچی زمانێکی شیعری بەکارهێناوە و زۆرێکی درێژەی ڕووداوەکان لە ڕێگای فلاش باکەوە نیشان دەدات و لە هەندێ حاڵەتیشدا پێش ڕووداوەکان لە ڕێگای شەپۆلی هۆشەوە هەردوو کەسێتە سەرەکییەکەی پێش زەمەنی واقیعی ڕووداوەکان دەکەون و لە ڕێگای خەیاڵەوە جۆرێ لە پێشبینی دەکەن کە ئەویش دەرئەنجامی ئەو بارە دەروونی و کۆمەڵایەتییە ناهەموارەیە کە تیایدا دەژین.

-3-

نووسەر لەو ڕۆژەی ڕاوکردنەکەی بایزەوە لە ڕێگای گێڕانەوەوە دێتە ناوەوە و لەو ئێوارەدا کە بایز ڕاوێکی باشی کردووە و دڵی خۆشە و دەکەوێتە سەر هەوای حەیران گوتن و تێدەچریکێنێ، هەر زوو لە ڕێگای هێنانی هەورێکی توندەوە کە دەیکاتە گرمە و نرکە شریتی خەیاڵە ڕۆمانسییەکانی بایز دەپچڕێنێ و بێدەنگی

دەکات، لەوێوە ئاماژە بۆ جۆرێك لە کارەسات دەردەکەوێت، سەرەتا بایز ترس دایدەگرێت، ترس لە چارەنووسی خۆی لە بەردەمی گریمانی باران بارینێکی سەختدا، لە چرکەساتی ئەو ترسەدا، بایز دەگەڕێتەوە بۆ ڕابردووی خۆی لە گوند و چۆنێتی حەزکردنی لە هەمین و هەڵسوکەوتی ئاغا و خەڵکی گوند لەگەڵیدا و ترس لە تۆڵەی باپیر ئاغا و پیاوەکانی و باوك و براکانی هەمین دووای هەڵگرتنی هەمین.

نووسەر کە خۆی دەبێتە گێڕەرەوە لە دەقەکەدا و گێڕانەوەکانی ئەو پانتاییەکی فراوانی دەقەکە داگیر دەکات و کەمتر ڕێگا دەدات کەسێتەکان خۆیان بجوڵێن و بدوێن، ئەوەش وا دەکات کە سیمای کەسێتەکان لێکتر نزیك بن و زیاتریش وێنەیەکی تری کەسێتی گێڕەرەوە بن یان جیاوازییەکی ئەوتۆ نەبێت لە شێوەی جوڵە و ئاخاوتنی کەسێتەکان لەگەڵ گێڕانەوەکانی گێڕەرەوەدا، لە کاتێکدا گێڕەرەوەش بۆ کەسی دووەم دەدوێت، گێڕانەوەکانی وەکو ڕێنیشاندان و نەخشەدانان و ئامۆژگاری لێدێت و بەو ئەندازەی ئاستی گێڕانەوە بالادەست دەبێت، کەسێتەکان لە ڕووی ئامادەبوونیانەوە لە دەقەکەدا پاشەکشەی لێ دەکەن.

هەر لە سنووری گەڕانەوەی بایز بۆ ڕابردوو، لە میانەی گێڕانەوەکانی گێڕەرەوەدا دەردەکەوێت کە بایز دەروێشی تەکیەی شێخ قادرە. ئەوە ئاشکرایە کە بایز لە دووای هەڵگرتنی هەمین هاتۆتە شار و هەر بەو پێیەش پەیوەندیکردنی بە شێخ قادرەوە لە دووای ئەوە دەستی پێکردووە، بەڵام بۆمان هەیە بپرسین زیادکردنی ئەم خاسێتە بۆ بایز چ دەورێك دەبینێ پەیوەست بە کەسێتی ئەو لە دەقەکەدا؟ ئەگەر مەسەلەی بە دەروێشی بوونەکەی بۆئەوە بێت کە بایز هەست بە گوناهێك بکات و بیەوێت خۆی خاوێن بکاتەوە، ئەوە ڕێی تێناچێت چونکە بایز پێشتر ناڕەزایی خۆیی لەخراپی و ناعەدالەتی ژیانی سایەی ئاغا دەردەبڕێت، بەو پێیە بایز جۆرێك لە یاخیبوونی هەیە، کەواتە ڕەنگە ئاسان بێت خۆی لە دەستی باپیر ئاغا دەرباز بکات، بەڵام لە لایەکی ترەوە بۆ خۆی بخاتە ژێر سایەی شێخ

قادرەوە؟ چونکە ئەگەر نووسەر مەبەستی لە خستنەڕووی خراپی ئەو سیستەمە کۆمەڵایەتییە بێت کە باپیر ئاغا دەکاتە خاوەنی هەموو بڕیارێك لە سنووری گوندەکەیدا. ئەوا دەبێ بزانێت سیستەمی شێخایەتییەکەی شێخ قادریش هەر ڕوویەکی تری ئەو عەقڵییەتیە. خۆ ئەگەر مەبەستی نووسەر ئەوەش بێت با بایز لە دەستی باپیر ئاغاش دەرباز بێت، بەڵام دەربازبوونی شتێکی مەحاڵە چونکە لەولا دەکەوێتەوە بەردەستی شێخ قادر.. ئەمەیان لێکدانەوەیەکی ترە و دەشێ بەڵگەی سەلماندنی هەبێت.

بەڵام دیسان کە سەیری هەڵسوکەوتی دەروێش دەکەیت، ئاشکرا دیارە کەسێکی هوشیار و یاخی و ڕکێف نەکراوە و زۆرجار بە گاڵتەجارییەوە دەڕوانێتە یاساکانی سروشتی ژیان و ئەو هێزەشی لە پشتی ڕێکخستنیانەوەیە هەر لێرەوە دووفاقییەکی سەیر لە کەسێتی بایز یان دەروێشدا دەردەکەوێت، کەسێتێك لە لایەکەوە زۆر بێدەسەڵاتە و بە ئاسانی بژێویی خۆیی و ژنێکی پێ دابین ناکرێت. لە لایەکی ترەوە بووەتە دەروێش، بەڵام دەروێشێکی یاخی، تەنانەت لە شێخەکەشی، دەروێشی و بە دەروێش بوون خۆدانە دەستی کەسێکی ترە بە ناوی شێخەوە و وازهێنانە لە خۆ، هەروەك دەروێشی وەلائێکی بەهێزە بۆ شێخ و پابەندبوونێکی کوێرانەیە.. ڕەنگە ئەو هێزەی لە پشتی توانای تەقسەکانی دەروێشییەوە بێت ئەو پابەندبوونە ڕۆحییە بەهێزەی دەروێش بێت کە لە ڕووی ڕۆحییەوە دەیخاتە سەرووی مرۆڤی ئاساییەوە، بایز دەبێتە دەروێش، بەڵام دەروێشێکی یاخی لە شێخ و لە دابونەریتەکانی. ئەوەتا شێخ ڕوودەکاتە دەروێش بایز و پێی دەڵێت، بایز ئەتوو دەروێشی تەکیەی منی.. تەکیە ئەوەندەی هەیە نانی خۆت و ژنەکەت بدات)، بەڵام بایز وەڵامی دەداتەوە (یا شێخ خودا لۆ ئەوەی دروستی نەکردیمە دەست لە گونان درێژتر لێی دانیشم.. شۆربای تەکیە بخۆم).

لێرەوە بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە بایز دەروێشی و بنەماکانی دەروێشی ڕەت دەکاتەوە.. کەواتە بۆچی بۆتە دەروێش، خۆ دەروێشی ناتوانێت لە هەڕەشەی باوك و براکانی هەمین بیپارێزێت، مەبەستیشی ئەوە نییە بە شۆربای تەکیە بژی،

لە ڕووی ڕۆحیشەوە لەوە ناچێت بڕوایەکی هێندە بەهێزی بە دەروێشی هەبێت کاتێ گاڵتە بە قسەکانی شێخەکەی دەکات.. کەواتە بۆچی بووەتە دەروێش؟! وەك گوتمان ناشێت مەبەست شاردنەوەی گوناهی هەڵگرتنی هەمیشنیش بێت.

دەروێش لە وەڵامی شێخ قادردا کە ئەو ئامۆژگاری دەکات ڕێگا نەدات چیتر هەمین بچێتە ناو کۆشکی ئاغا و بەگ و چەلەبیان دەڵێت: گەر وابێ.. ئەوە شەیتان لێرەش هەیە.. لەناو ڕۆحی من و تۆ و دەروێشەکانی دیکەشدا هەیە).

کە سەیری کەسێتی بایزی شایەر و حەیران بێژی گوند دەکەین نە لە پێش هەڵگرتنی هەمین و نە لە دووای هەڵگرتنی ناشێت ئاستی هوشیاری ئەوەندە بەرز بێت کە قسەی لەو جۆرە بکات، ڕاستتر وایە بڵێین ئەوە قسەی نووسەر خۆیەتی کە خۆی سەرباری ئەوەی دەوری گێڕەرەوە دەبینێت، لە هەمان کاتدا کەسێتی خۆی گواستۆتەوە بۆ نێو کەسێتی پاڵەوانەکانیو ئەوانیش دەبن بە بەشێك لەم، لەو ئاقارەشدا هەموو ناسنامەیەکی تایبەتی لە کەسێتەکانی دەسەنێتەوە و کەسێتی خۆی لە هەموویاندا جێگیر دەکات، ئەوەش کوشتنی یەکێك لە بنەما سەرەکییەکانی ڕۆمانە، چونکە ڕۆمان ئەو ژانرە ئەدەبییە کە هاوشانە بە دنیای دەرەوەی دەقەکە خۆی.

دنیای دەرەوەی دەقەکانیش دنیای فرە دەنگی و فرە بیرکردنەوە و فرە ڕەفتاری و فرە.. کەسێتییە. کۆکردنەوەی کەسێتەکان لە سنووری جۆرێك بیرکردنەوە و جۆرێك ڕەفتار و جۆرێك مامەڵەکردندا هەوڵدانە بۆ بەخشینی یەك مانا بە وشەکان و بەرجەستەکردنی یەك ڕوانین لای هەمووان کە ئەوەش دەرەنجامی ئەو تێڕوانینە دەسەڵات خوازەیە کە تەنیا خۆی دەبینێ و خۆی دەناسێت و ناتوانێت دان بەوانی تردا بنێت، ئەمەش لە دەقی پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکاندا" دەرئەنجامی ئەو دەسەڵاتخوازییەیە کە گێڕەرەوە هەوڵی بەدەستهێنانی دەدات بە کوشتنی کەسێتی پاڵەوانەکانی دەقەکە و سڕینەوەی ناسنامەی تایبەتی ئەوان.

-4-

بایز دووای گەڕانێکی زۆر لەو شەوە بارانەدا کە فەزای ئەو شەوە باران و لافاوەش بۆ نیشاندانی ترس و بارێکی نائاسایی ئامادەکراوە، کاتێ لە بارێکی دەروونی نائاساییدا دەبێت لە ڕێگای جۆرێک لە زیندەخەوەنەوە دەگات بە تارمایی هەمین، بەڵام ئەو تارماییە لەبەرچاوی دەگۆڕێت بۆ (کار ئاسکێك.. نا.. مامزێك)، ئەم گۆڕانە کە لە گەوهەردا پرۆسەی بە ئاژەڵبوونەوەی مرۆڤ دەنوێنێ و ئەو جوڵە پێچەوانەیەی ئاراستەی پەرەسەندن ئەگەر ڕووش بدات تەنیا لە واقیعدا لە سنووری هەرەسهێنانی ئەو ڕەگەزە سەرەکیانەوە دەبێت کە مرۆڤ لە زیندەوەرانی تر جیادەکاتەوە، واتە هەرەسهێنانی عەقڵ و هۆش و هەستە مرۆییەکان، بەڵام هەمین لە کاتێکدا دەگۆڕێت بۆ مامزێك کە بایز لە بارێکی دەروونی و جەستەیی شەکەتدایە و ئەو بارە دەروونیەش پەیوەست بە ڕوانینی ئەم دەشێ ئەو جوڵەیەی تێدا ڕووبدات چونکە زیاتر لە بارێکی ناهوشیاری دەچێت، ئەگەرچی ئەو گۆڕانکارییە ئەگەر گرێچنی دەقەکەی لەسەر دابنرایە ڕەنگە دەقەکە بە ئاراستەیەکی تردا بڕۆیشتایە. بێگومان پرۆسەی گۆڕانی مرۆڤ لەلای کاك شێرزاد بۆ مامز و ئاسك نوێ نییە و یەکەمجاریش نییە بەکاربێت، بەڵکو هەمان پرۆسە کە جۆرێکە لە میتامۆرفیس لە چیرۆکی ئاسکە کچان و کەڵەکوڕاندا بە شێوەیەکی بەربڵاو تر ڕوویداوە کە لەو چیرۆکەدا کچەکان دەبنە ئاسك و کوڕەکانیش دەبنە کەڵە. فەزای ئەم بەشەی دەقەکە جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە لە فەزای چیرۆکی ئاسکە کچان و کەڵە کوڕان کە کاك شێرزاد خۆی نووسیویەتی، ئەمە سەرباری ئەوەی خودی ئەم فەزایە لە ڕۆمانی "خەونەکانی دێڵە گورکی" جەنگیز ئیمتاتۆفدا باڵادەستە لە بەشی یەکەم و دووەم و سێیەمدا واتە لە (36) لاپەڕەی یەکەمدا. بە تایبەتی شێوەی پەلاماردانی مامزەکان لە لایەن هیلیکۆپتەرەوە و ڕاوکردنیان هەمان دیمەنی ڕاوکردنی ژن و کچە بە

مامزبووەکانی ڕۆمانەکەی کاك شێرزادە لە لایەن باپیر ئاغا و هەرچی ڕاوچی ناو چاڵەکان و پشت تەپۆڵکە و تەلان و سەرپشتی ئەسپەکانەوەیە.

دیمەنی بە مامزبوونی ژن و کچەکان کە کردەیەکی میتامۆرفیسییە لە خۆیدا دیمەنێکی جوانە ئەگەر لە پشتییەوە ئەو بۆچوونە هەبێت کە مرۆڤ لە جۆرێك لە دڕندەییەوە بگێڕێتەوە بۆ ئەو بارە سادەیی و بێ لایەنییەی جۆرێك لە ئاژەڵ کە ئەویش مامزە، کە هێمای جوانی و بێگوناهییە. بە واتا ئەم کردەیە جۆرێکە لە ڕووتکردنەوەی مرۆڤ لە ڕووە دزێوەکانی، بەڵام دیسان مامزەکانیش هەمان شێوەی ئافرەت بە جۆرێك لە جۆرەکان قوربانین و دەربازبوونیان نییە، کە لە بەرگی ئافرەتدان گورگە پیاوەکان ڕاویان دەکەن، گورگەکانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەیانخۆن، کە دەشگۆڕێن بۆ مامز گورگی ڕاستەقینە خوێنیان دەڕێژن و دەیانکوژن، بە واتا ڕزگاربوون مەحاڵە.

-5-

دەشێ ئەو پرسیارە سەرهەڵبدات: ئایا شوێنی حەیران لە بنیادی ئەم دەقەدا چ ئەرك و وەزیفەیەکی هەیە؟ ئایا بوونی پێداویستی هێناویەتییە سنووری دەقەکەوە یان کارێکی عەفەوییە؟ بێگومان لە یەکەم ناسینی بایزدا گێڕەرەوە وا پێشکەشی دەکات کە شایەرە و حەیران بێژێکی لێهاتووە، کەواتە نووسەر زەمینەیەکی گونجاوی ڕەخساندووە بۆ گوتنی حەیران لە سنووری دەقەکەدا، مادەم یەکێك لە خاسێتە سەرەکییەکانی ئەم کەسێتە حەیران بێژییە، کەواتە بە سروشتی دەبێ جارجار حەیران بڵێت، بەڵام خودی (حەیرانەکان) چ پەیوەندییەکی دیاریان بە دەقەکەوە هەیە؟

لە شانۆی برێختدا سروود یان گۆرانی لە نێوان دیمەنێك و دیمەنێکی تردا یان لە کۆتایی ڕووداوێکدا بە مەبەستی ئامادەکردنی زەمینەی چاوەڕوانکردنە بۆ ڕووداوی داهاتوو، ئایا حەیران لەم دەقەی کاك شێرزاددا دەوری سروود یان گۆرانی لە شانۆی برێختیدا دەبینێ یان نا؟

حەیران لە دەقی "پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکاندا" دەوری خستنەڕوو یان نمایش کردنی حەز و ئارەزوو، ئێش و ژانەکانی بایز دەبینێ و لە پشتی ئەم نمایشکردنەشەوە ئەو ئامانجە ڕاوەستاوە کە بە جۆرێك لە جۆرەکان بایز دەیەوێت خۆشەویستی خۆی و هەمین بۆ ئەوانی تر ئاشکرا بکات، دەشێ ئەوەش یان لەژێر کاریگەری نەتوانینی شاردنەوەی ئەو هەستە سروشتییە بێگەردەدا بێت کە ئەو و هەمین پێکەوە دەبەستێت، یان بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی ئەوانی تر بێت لە خۆشەویستییەکەیان بەو هیوایەی یارمەتیدەر و پشتگیریکەریان بۆ پەیدا ببێت، یان جۆرە خۆنمایشکردنێك بێت لە بەردەمی ئەوانی تردا و بیەوێت پیاوەتی و لێهاتووی خۆی لە بەردەم کوڕانی سەرکوتکراوی مەیدانی عیشق و دڵداریدا بخاتەڕوو. کەواتە حەیران گوتنی بایز، زمانێکی ترە بۆ دەربڕینی ئامانجێك کە ڕەنگە بە زمانی ڕاستەوخۆ دەربڕینی قورستر بێت، چونکە "حەیرانگوتن" لێرەدا وەکو دەربڕینی لایەنی نەستی یان ناهوشیاری پاڵەوان خۆی دەردەخات و بەوپێیەش "گوتن" لە حاڵەتی بێئاگاییدا ڕەنگە ئەو باجەی لەسەر نەبێت.

-6-

ئەو ئێوارەی بایز ڕاوێکی باش دەکات و دەگەڕێتەوە کە ئێوارەیەکی باران و لێزمەیە و هەمین نەهاتۆتەوە و پاش چاوەڕوانی و گەڕانیش بە دوایدا جارێکی تر بایز و هەمین یەکتر نابیننەوە، هەمین بە یەکجاری ون دەبێت و هیچ لە دووای خۆی بە جێ ناهێڵێت جگە لەو وێنانەی کە لە خەیاڵ و هەست و مێشکی بایزدا بەجێی هێشتوون، کەواتە لێرەوە ئەوا ئاشکرا دەبێت مێژووی هەمین کۆتایی پێ دێت و لە دوایەوە هیچ بەجێ ناهێڵێت.

هەروەها دەستگیرکردنی بایز لە ڕیزی شێتەکانی شاردا و ڕاپێچکردنی بەرەو شوێنێکی نادیار ئەویش کۆتایی هێنانە بە مێژووی بایز، لێرەوە سەیردەکەین بایز و هەمین هەردووکیان ون دەبن.

لە هەمان کاتدا سەرباری ئەوەی کە لە ژیانی خێزانیدا، بایز و هەمین دوو منداڵیان دەبێت، بەڵام هەردووکیان دەمرن و بە وەجاخ کوێری دەمێننەوە، بە واتا ئەم ژن و مێردە هەر لە ساتەوەختی ژیانی خۆیاندا ئایندەیان سڕاوەتەوە و لەگەڵ نەمانی خۆیاندا ئیتر مێژوویان تەواو دەبێت.

دەشێ وای لێکبدەینەوە ئەو دەلالەتەی لە پشتی ونبوونی هەریەکە لە بایز و هەمین و یەکتر نەبینینەوەیان و وەجاخ کوێرییانەوەیە ئەوەبێت کە مادەم بە پێی دابونەریتی باو ئەمان خێزانیان پێکنەهێناوە و بنەمای خێزان دروستکردنەکەیان جۆرێک لە ناشەرعی بوون بە خۆی دەگرێت لە ڕوانگەی کەلتوور و ئاینی باڵادەستەوە لە کۆمەڵگای ئێمەدا کەواتە ناتوانن لە ئێستاوە بپەڕینەوە بۆ ئایندە و داهاتووی خۆیان مسۆگەر بکەن و مێژووی بەردەوامبوونی خۆیان دەستەبەر بکەن.. بە مانایەکی دی ناشێت مێژوو بەبێ بنەمایەکی شەرعی و ڕەوای بەهێز بنیادبنرێت، یان ناشێت لەسەر بنەمای ناپەسەند بە پێی دابونەریتی باو ئامادەبوون دەستەبەر بکرێت.

دەشێ وەهایشی لێک بدەینەوە کە یەکتر نەبینینەوەی بایز و هەمین لە ئاستێکی تردا هەڵوەشاندنەوەی ژن و مێردایەتی ناشەرعی یان دەرەوەی دابونەریتە باوەکانە، لەم ڕوانگەیەشەوەی ئەوە ئاشکرا دەبێت کە دەربازبوون لە واقیعی باو کارێکی مەحاڵە، چونکە لە ڕاستیدا ڕاکردنەکەی بایز و هەمین ڕووداوێکە ئەگەرچی مێژوویەکی هەیە لە کۆمەڵگای ئێمەدا بەڵام هێشتا وەکو کارێکی دزێو و ناشرین سەیر دەکرێت و بە جۆرێك لە یاخیبوون لە یاسا باوەکان لێك دەدرێتەوە، کاتێ ئەنجامی بایز و هەمین بە لێکتر ونبوون و دەرکەوتنی بایز لە شێوەی شێتدا کۆتایی دێت.. ئەو دەلالەتە بەرهەم دێت کە یاخیبوون و پێنان لە یاسا باوەکان مل شکاندن و چارەنووسی نادیاری پێوەیە، بە واتایەکی تر ئەم ڕووداوی ونبوون و لێکتر جیابوونەوەی بایز و هەمین بە جۆرێك لە جۆرەکان لە مەترسی هەر سەرکێشییەك ئاگادارمان دەکاتەوە و دەیەوێت پێمان بڵێت ملکەچی و ڕازیبوون بەوەی هەیە باشترە لە یاخیبوون و شکاندنی یاسا و نەریتە باوەکان

کە ئەمەش لەگەڵ ئامانجی سەرەکی و جوڵەی سەرەکی گرێچنەکەدا ناکۆکە کە ئەو پێ دەچێت بۆ لایەنگری و پاڵپشت کردنی یاخیبوون بنیاد نرابێت.

-7-

ئەو ئەنجامانەی لە خوێندنەوەی دەقی (پێدەشتی کارمامزە کوژراوەکان)دا پێی دەگەین بریتین لە:

1-ئەم دەقە ناتوانێت شاهیدی ئەو سەردەمە بێت کە تیایدا بەرهەم هاتووە چونکە ڕووداوێکی زۆر کۆنتری پەراوێزی دەکاتە بنەمای خۆی و لە میانەی ئەو ڕووداوەوە نووسەر ناتوانێت پرسیارەکانی مرۆڤی کورد لە ساتەوەختی بەرهەمهێنانی دەقەکەدا بەرزبکاتەوە. بە مانایەکی تر ئەم دەقە وەکو دەقێکی ڕۆمان لەگەڵ واقیعی دەرەوەی دەقەکەدا هاوشان و هاوتەریب نییە.

2-لە ڕووی هونەرییەوە کە مەبەستمان بنیادی دەقەکەیە سەرباری جۆرێك لە فلاش باك، بەڵام دەقەکە بە شێوەیەکی گشتی گێڕانەوە بۆ کەسی دووەم تیایدا باڵادەستە و تەنانەت فلاش باك و شەپۆلی هۆشیش کەبەکارهاتوون لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی گێڕەرەوەدا ونبوون و لەبەرئەوەی نووسەر ڕێگای نەداوە بە کەسێتەکانی وەکو خۆیان هەبن و بجووڵێن و بدوێن و خۆی کە گێڕەوەیە چۆتە ڕۆحی کەسێتەکانەوە و ئەوەی دەدوێت و دەجوڵێت خودی نووسەرە نەك کەسێتەکان، ئەوەش بۆتە هۆی کوشتنی فرە دەنگی و فرە ڕەنگی لە دەقەکەدا و تارمایی کەسێتی نووسەر و بیرو لێکدانەوە و ئاخاوتنی نووسەر لە کەسێتەکانیدا ئامادەیە و ئەوان خاوەنی ناسنامەی خۆیان نین.

3-ڕاستە ئەم دەقە بە زمانێکی پاراوی دەوڵەمەند نووسراوە، بەڵام ڕۆمانسیەتی ئەو زمانە لە ڕۆماندا و بۆ ئەم سەردەمەی ئێستا ڕەنگە توانای هەڵگرتنی مانا و دەلالاتەکانی ئێستای بە باشی نەبێت، چونکە ئاشکرایە کە هەر قۆناغێکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری زمانی تایبەتی خۆیی هەیە، ئەو

زمانەی ئەم دەقەی پێ نووسراوە زمانی کۆمەڵگای کشتوکاڵییە، دیارە خودی ڕووداوەکان و بابەتە سەرەکییەکە ئەو زمانەی سەپاندووە، بە واتا هەرچۆن بابەتی دەقەکە ناتوانێت هەڵگری مانا و پرسیارەکانی ئەم سەردەمە بێت بە هەمان شێوە زمانی دەربڕینەکەشی زمانی ئەم سەردەمە نییە.

4–ئەم دەقە لە ڕووی فەزا و ڕۆحی هەندێ لە ڕووداوەکانییەوە پەیوەندی هەیە بە هەندێ دەقی ترەوە بۆ نموونە دیمەنی ڕاوە مامز کە هاوشێوەی ڕاوە مامزە لە ڕۆمانی خەونەکانی دێڵە گورگی جەنگیز ئیماتۆفدا، هەروەها دیمەنی ململانێی بایز لەگەڵ لافاو و بارانی شەوی گەڕانەکەیدا، پەیوەندی هەیە بە دیمەن و فەزای ململانێی "پیرەمێردەکە"ی هەمەنگوای لەگەڵ قرشەکاندا، هەڵبەت مەبەستمان لەم قسەیە ئەوە نییە کە ئەم دیمانانە لەو ڕۆمانانەی پێشتر وەرگیراون، بەڵام جۆرێك لە نزیکی و هاوشێوەیی هەیە لە نێوانیاندا.

5–لە ڕووی هەندێ دەربڕینی زمانەوە کاك شێرزاد تووشی هەڵە بووە بۆ نموونە:

1–شێخ قادریش لێت هەستایە سەرپاشووان، ل 14، دیارە پاشوو بۆ مرۆڤ بەکارناهێنرێت.

2–لە کادینەکە پێنج شەش جام (کا)ت هانی و لە بەردەم مانگاکەت ڕۆکرد. (ل 28).

وەك دەزانین (کا) بە جام ناپێورێت یان ناهێنرێت، کورد دەڵێت (چنگێ کا، سەبەتەیەك کا، گونیەیەك کا، ڕەشکەیەك کا..).

3–لەوە دەترسێتی ئەم نێرەکەرەی تۆ جارێك بپەڕێ و دەم بە یەك دادا و بمرێ.. ل 42.

بۆ هەر جۆرە زیندەوەرێك بۆ کرداری لەناوچوون زاراوەی دیاریکراو هەیە، کورد دەڵێ کەر دەتۆپێ، بەرخ مردار دەبێتەوە، پیاو دەمرێت.

بەهەرحاڵ کۆمەڵێ دەربڕینی لەم جۆرە لە دەقەکەدا بەرچاو دەکەون کە ئەوەیان بەلای منەوە بایەخی نەدەبوو، ئەگەر دەقەکە لە ئاستی هونەری و جیهانبینیدا بیتوانیایە بیسەلمێنێت کە دەقێکی زیندووە و شاهیدی سەردەمی بەرهەمهێنانیەتی، دوا وتەم ئەوەیە دەزانم دۆستی بەڕێزم کاك شێرزاد ئەم بۆچوونانەی لە سەرەتاوە پێ

ناخۆشە، بەڵا، دڵنیام ئەگەر بە وردی محاسەبەی خۆی بکات ئەوا ئەم شیکردنەوەیە بەهێند وەردەگرێ، چونکە بۆ کاك شێرزاد ڕەوا نییە دووای ئەزموونێکی جوانی چیرۆکنووسین دەقێکی بەم جۆرەمام بخاتە بەردەست.

2001/9/4

## بەرهەمە چاپکراوەکانی نووسەر

1-فۆرمەلە نەبوونی گوتاری نەتەوەیی کورد- هێلسنکی 1995
2-ستراتیژ و کەسێتی نەتەوەیی کورد- سلێمانی 1998
3-چەمکی دەوڵەت و بزوێنەری مێژوو لە کۆمەڵگەی کوردیدا- سلێمانی 1999
4-کاریگەری کەلتوری ئەوان لەسەر کورد- سلێمانی- 2000
5-پەرەسەندنی ناسروشتی کۆمەڵگای کوردی- سلێمانی- 2001
6-سلێمانی- زەمینەی پەرەسەندن و ململانێی تەسەوف- 2003
7-پەرەسەندنی دانیشتوانی سلێمانی- وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە- 2000
8-ئیتنۆنەتەوایەتی کوردی- وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە- سلێمانی 2002
9-ڕێبازەکانی ڕەخنەی ئەدەبی- وەرگێڕان لە ئینگلیزییەوە- 2002
10-گۆران و گەڕان بە دوای یەقیندا- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی سلێمانی- 1999
11-گەڕان لە دوای ناسنامەدا- لێکۆڵینەوەی ئەدەبی- سلێمانی 2001
12-گەڕان بە دوای بووندا-لێکۆڵینەوەی ئەدەبی- سلێمانی 2002